# خەونەکانی بلوژستان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکە شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

PDF4Kurd

# خەونەکانی بلوژستان

رۆمان

**ئەحمەدی مەلا**



ناوی کتێب: خەونەکانی بلوژستان – ڕۆمان
نووسینی: ئەحمەدی مەلا
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٣٠٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: کارزان ئاوڕەحمان + عەزیز عەبدولخالیق
هەڵەگری: دڵشاد مستەفا + هەندرێن شێرزاد
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: عەزیز عەبدولخالیق
سەرپەرشتیاری کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣١٧)ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

# I

وەکو زۆر شەممەی دیکە، من و هاوسەرەکەم -پالۆما - بڕیارمان دا بچینە «ئەلمەدێن»: شارۆچکەیەکە هەر سەد کیلۆمەترێک لە «میگێلتوورا»وە دوورە، مەبەست لەو گوندەیە کە تەنها هەر سالێکە لێی دەژین. دەوروبەری سەعات یانزە و نیوی بەیانی سواری ئۆتۆمبێل بووین و لەسەرخۆ جادەی «ئەلمەدێن»مان وەرگرت، جادەیەکی چۆڵ و هۆڵ هەر لە جادەکانی «فارویست» دەکات. دەورووبەری سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ گەیشتینە جێ و لەبەر دەرگاکە باوکی چاوەڕێی دەکردین؛ خۆی گۆڕی بوو، چاکەت و پانتۆڵێکی بەهارانەی لەبەرکردبوو، بەکەیف دیاربوو. جانتاکانمان داگرت و ئۆتۆمبێلەکەمان لە پشتی ماڵیانەوە ڕاگرت.

بڕینی ئەو سەد کیلۆمەترە بەسەعات و چارەکێ تەواو دەبێت، بەناو دار زەیتوون و کێڵگەکانا تێدەپەڕین، لە هەندێ شوێن گڵێکی سوور و چەند داربەڕوویەک سروشتی لای خۆمانی لەلا دەبووژاندمەوە، کاسێتێکمان خستە سەر تەسجیلەکە و هەندەی نەبرد گەیشتینە ئەوپەڕ دەڤەری «لا مانچا»: واتە شارۆچکەی «ئەلمەدێن»، ڕەچەڵەکی ئەم ناوەش عارەبییە، واتە «ئەلمعادن»، کاتی خۆی جیوەیان لە ژێر خاک دەرهێناوە. کاتێکیش سەیری کلێسا و کۆشکە قووتە عارەبییەکەی دەکەین، هەست بەوە دەکەین کە ئەم شارۆچکەیە تەمەنی زێڕینی خۆی هەبووە، لە سەردەمێکدا، پاچکەی گالێسکەکانی ڤینیقی و ڕۆمان و پاشانیش عارەبی ئەندەلووس ئەم خاکەیان پێشێل کردووە. سەرەڕای ئەوەی گوندێکی لاتەریک و دووردەستە، وەکو هەموو ئیسپانییەکان، دانیشتوانی ئەلمەدێن زۆر شانازی بەگوندەکەی خۆیانەوە دەکەن و سروودی نیشتیمانی تایبەتیشیان داڕشتووە و لە موناسەبات و بۆنە ئایینی و نیشتیمانییەکان گرووپی کۆراڵەکەیان چاکەت و پانتۆڵە قاوەییەکانیان دەردەهێنن کە لەبەر ئوتووکردنی زۆر بریقە دەدەنەوە و بەدەنگی بەرز ئەم سروودە و گۆرانی دیکەش دووپات و دەپات دەکەنەوە.

«ئەلمەدێن» کەوتۆتە سەر سێکوچکەی سێ هەرێم: «ئێکسترامەدوورا»، «کاستییا لامانچا» و «وڵاتی ئەندەلووس». سەرەڕای سەردەمی زێڕینی، ئەم شارۆچکەیە وردە وردە



دەبێتە گوند و لاتەریک بەرامبەر بەپێشکەوتنەکانی ئیسپانیا هەنگاوی پیرەمێردانە دەهاوێژێ. بەشارستانییەتێک دەکات کەلی تەمەن، هەتاوە پڕ وزەکەی وردە وردە قووت دات. خەڵکەکەی ناڕازین لەم ئاوابوونە، بەڵام بێ دەسەڵاتانەش سەیری ئاوابوونی خۆیان دەکەن.

من و پالۆما دابەزین و بەگەرمی تەوقەم لەگەڵ خەزوورم کرد و پاشان سندووقەکەم کردەوە و جانتاکانم داگرت و پالۆمام لەگەڵ باوکی جێ هێشت و چووم ئۆتۆمبێلەکە پارک کەم. کاتێک گەڕامەوە، هەردووکیان چاوەڕوانیان دەکردم و پێکەوەش قسەیان دەکرد، باوکی سەیرێکی پالۆمای کرد و بەزەوقەوە وتی:

– دەتەوێ سەر لە نەنکت بدەین، ئەگەر حەز دەکەی بابڕۆین، ئۆتۆمبێلەکەشم لە جادەی مایۆر ڕاگرتووە.

ئەویش یەکسەر وەڵامی دایەوە:

– باشە، زۆر باشە، با سەر لە نەنە بدەین و سەیرێکی منیشی کرد.

– بۆ نا! منیش حەز دەکەم بێم لەگەڵتان.

«نەنە»، واتە دایکی خەزوورم، تەمەنی **٩٣** ساڵ بوو، یەک دوو ساڵ دەبوو لە پێ کەوتبوو و لەسەر کورسییەکی پێچکدار دایاننابوو و لە «خانەی پیران» دەژیا. سەرەڕای تەمەنی، چاوەکانی هێشتا زیت بوون و زاکیرەشی تەواو لە کارا بوو.

سواری ئۆتۆمبێلەکە بووین و دوای دە دەقە گەیشتینە شوێنێک بەئاستەم لە دەرەوەی ئەلمەدێن بوو، کەوتبووە بەشی سەرەوە و لە قەدپاڵی تەپۆلکەیەک خانوویەکی سێ نهۆم بەرزببووەوە. لە سیمای دەرەکیدا شوێنێکی پاک و تەمیز بوو. لە دەرگای حەوشە نزیک بووینەوە، چاومان بەدوو ڕاهیبە کەوت، جلوبەرگی سپییان لەبەر بوو، کاتێک خەزوورمیان بینی و زەردەخەنەیان بۆ کردین و یەکسەریش زانیان بۆچی هاتووین.

هەندێک لە ساڵۆنەکە ڕاوەستاین و پاشان وردە وردە بەرەو قاوشەکە بەئاسپایی هەنگاومان دەنا. شوێنێکی سەغڵەتکەر و منیش لە شوێنی وا دڵم دەگووشرێ و فزوولییانەش سەیری ڕاست و چەپم دەکرد؛ هەموو دەرگاکان داخراوبوون. پیرەمێرد و پیرەژن، تاک تاک، یا دوو دوو، بەئاسپایی مەرگەوە بەتەنیشتمانا هەنگاویان دەنا. وەکو ئەوەی سێبەری بەرجەستەی مەرگ ببینم.

ئێمەش وەکو ئەوان، هێدی هێدی هەنگاومان دەنا، وەکو ئەوەی نەبادا هێمنییان لێ تێک بدەین. دوای چەند هەنگاوێک دەرگایەکم بینی تۆزێک کرابووەوە، هەڵوێستەیەکم کرد و ئەوانیش بەهەنگاوی تەنک بەرەو قوولایی قاوشەکە دەڕۆیشتن. لە شەقی دەرگاکەوە سەیری ژوورەوەم کرد، کەللەی پیرەمێردێکم بینی، قژ بژ و ڕیشێکی درێژیش تا سەر سینگی شۆڕبووەوە و لەسەر کورسییەک دانیشتبوو و خەریکی نووسین بوو. لەبەردەم دەرگاکە هەڵوێستەیەکم کرد و پالۆما و باوکیشی لەسەرخۆ بەرەو ژووری «نەنە» دەڕۆیشتن. کەمێک لە دەرگاکە نزیک بوومەوە و بەئاستەم دەرگاکەم کردەوە و پیرەمێردەکە سەرێکی هەڵبڕی و دوو چاوی سەوز، وەکو دوو بەردی ژێر کانیاوێکی فێنک و سازگار تێم ڕوانین.

لەخۆم پرسی «خودایە دەبێ لە کوێ ئەم ڕوخسارەم بینیبێ؟» وەکو ئەوەی ئەم ڕوخسارە لە قوولایی زاکیرەمەوە چەقەرە بکات، ئاشنا، لە هەمان کاتیشدا نامۆ. بەبێ ئەوەی فەرمووم لێ بکات لە دەرگاکەی نزیک بوومەوە و پاشان بەئاماژەیەکی دەستی فەرمووی لێ کردم و زەردەخەنەیەکیش لەسەر لێوەکانی ترووکا.

– ڕۆژ باش.

– ڕۆژ باش.

– نامەوێ کاتت لێ بگرم، دەبینم خەریکی نووسینی.

– دەمێکە خەریکم یاداشتەکانم دەنووسمەوە. تا ئێستا حەوت سەد لاپەڕەم نووسیوە، گەیشتوومەتە ئەو شوێنەی کە سەرەتای حەفتاکان بوو چوومە سویسرا.

لە دڵی خۆم وتم «سویسرا» و ئەم پیرەمێردە و ئەم خانەی پیرانە! هەندەی دیکە فزوولی کردم.

– جەنابت لە سویسرا بوویتە.

– سەرەتا لە فەرەنسا بووم، سەرەتا... مەبەستم دوای شەڕی ناوخۆی ئیسپانییە، دوای ئەوەی جەنەرال فرانکۆ شەڕەکەی بردەوە و ئێمەی «کۆمارییەکان» زۆربەمان تووشی ڕاونان و هەندێکمان بەرەو تاراوگە هەڵاتین و هەندێکمان وەکو دەسبەسەر لە ئیسپانیا ماینەوە. فرانکۆ... واتە چل ساڵی بەدبەختی و کوێرەوەری و... چی بڵێم... مەگەر ڕۆژێک ئەم یاداشتانە بخوێنیتەوە.



بڕیارم دا بگەڕێمەوە تا مەرگی خۆم ئامادە کەم. هیوادارم پێش ئەوەی بشمرم ئەم یاداشتانەم تەواو کردبێ. ئەگەریش نا، ئەوە بەلایەنی کەم لەسەر خاکی خۆم دەمرم، ئەمەش تەنها نیازمە و دەمێکیشە بەم خەیاڵەوە دەژیم. مەبەست لە گەڕانەوەم تەنها ئەوە بوو، حەزم نەکرد گۆڕەکەم لە بەستەڵەکە بێت، لێرە هەر نەبێت هەتاو گۆڕەکەم گەرم دەکاتەوە. من بەڕەچەڵەک خەڵکی ئەلمەدێن نیم، خەڵکی «چیوۆن»م، خۆ دەزانی «چیوۆن» تەنها هەر پێنج کیلۆمەتر لێرەوە دوورە، بەڵام کاتێ لە «چیوۆن» لەدایک دەبین، هەڵبەتە خەڵکی «چیوۆن» نین. لەم ناوە کەسم نەماوە، خوشکێکم هەیە لە مەدرید و ئەویش هاوتەمەنمە، بەهەقیقەت تەنها هەر ساڵێ دوو ساڵ لەمن بچووکترە و ساڵی دووجار سەرم لێ دەدات. بەڵام... ئەو کورسییە ڕاکێشن و فەرموون دانیشن.

کورسییەکی قاوەیی لە تەنیشت پەنجەرەکە دانرابوو، ڕامکێشا و لە تەنیشتی دانیشتم، حەزی دەکرد بڕێک لەو بەسەرهاتانەی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە.

– کە شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد جەنابتان تەمەنتان چەند دەبوو؟

زۆر بیری نەکردەوە و یەکسەر وەڵامی دامەوە:

– تەمەنم حەڤدە هەژدە ساڵان دەبوو، وەکو زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە، ئێمە سەر بەکۆمارییەکان بووین...

***

هاوتەریب لەگەڵ ئەو پیرەمێردە بیرم بۆ ئەو ڕۆژە باراناوییە دەچوو کە هەستم دەکرد وەک فیرارێکی بێ ئامانج تەواو بێزار بووبووم؛ بەسستی بیرم دەکردەوە و نەمدەزانی چی بکەم. ئیشتیهام بۆ شت نەدەچوو، حەزم دەکرد کات سەربەرەوژێر غل بێتەوە، بەڵام نەمدەزانی لە کوێ پێویست دەکات میلەکەی ڕاوەستێ، یا لە کوێ بمەیێ! هێشتا دەستم بۆ کتێبێک نەبردبوو، فیکرەیەکی دیکە داگیری دەکردم و نە کتێبەکەم دەخوێندەوە نە فیکرەکەش شتێکی لێوە دەسگیر دەبوو بۆ ئەوەی ببێتە پرۆژەیەک، هەر نەبێ ببێتە شتێک و خۆمی پێوە خەریک کەم. چ شتێک لەم بیست ساڵە ڕووی نەدا! لەشم جێی گشت ئەو توێژانەی تیا نەدەبووەوە، توێژی کات و شوێن بوون، یەک لەسەر ئەوی تر کەڵەکەی دەبەست، بارستاییان زیادی دەکرد و سەغڵەتی دەکردم. حەزم دەکرد لەش سووک بم، ئەم بێکارییە و دەسبەتاڵییە نەمکرۆژێ. حەزم دەکرد پیاسە بکەم هەموو شتەکان فەرامۆش

کەم، بیر لە شینایی ئاسمان بکەمەوە، سەیری سادەیی خاک بکەم، سەیری خۆڵ بکەم، هەستم دەکرد لە سەیرکردنی قەد تێر نابم و بەتەواویش قەدنایبینم. سەیری ئاسۆم دەکرد، سەیری دوورم دەکرد، سەیری پێشی خۆمم دەکرد، سەیری چەند بستێکی پێش خۆمم دەکرد، هەنگاوەکانم، یا ڕاستر نووکی پێڵاوەکەم دەبینی و خرمەی دەهات و دەکەوتە سەر خۆڵەکە، سەیری ئاسمانم دەکردەوە، سەیری ئاسۆم دەکرد. حەزم دەکرد زۆر شت ببینم، بەڵام هیچی نوێم نەدەبینی.

نەمدەوێرا بڕیار بدەم، زۆر شت هەبوون ژیانمی دەحەجماند. بیرم لە جاران دەکردەوە، ئەو کاتەی تەنها جانتایەکی بچووکم هەبوو، جانتایەک بوو هیچی تیا نەبوو، بەڵام قورس بوو؛ هەستم دەکرد هەموو بوونمی تیایە، نیشتیمانەکەمی تیایە، خاک و زاکیرەمی تیایە، خێرا دەمپێچییەوە و سەفەرێکی چەند ڕۆژەم دەکرد. ئێستا وا نییە، شتەکان زۆر گۆڕانکارییان بەسەرا هاتوون. ڕەنگبێ کاریگەریی تەمەن بێت، تاساڵ، وەکو گەڵای قورسی خەزان بەدرەختی لەشمانەوە زیاد دەکات، هەندەی دیکە تەمەڵ و لەش قورس و گەلحۆ دەبین. قەد بەسادەیی بیر لە شتێک ناکەینەوە، هەمیشە لە دەوری پنتێک دەیان لق و چڵ و پۆپی لێ جودا دەبێتەوە، یەک ئەوی دیکەیان نوێترالیزە دەکات، یەک ئەوی تر دەسڕێتەوە، دژوارەکان بەرەو ڕووی یەکتر دێن. توانای ئەوەم نییە، درەختێک بەڕووتی ببینم، درەختێک و بەس، هەمیشە بانگەشەی سیاقی خۆی دەکات، واتە بانگەشەی تەونە ئاڵۆزکاوەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و ئیتر درەخت دەبێتە شتێکی دیکە و بێزارم دەکات. بیرم دێت کاتێک کە مناڵ بووم، تازە چووبوومە قوتابخانە، دەستم دەدایە کاغەزێکی سپی و پارچە پەڕۆیەکیشم لە نەوت دەساوی و دەمساوییە سەر کاغەزەکە و شەفافی دەکرد و لەسەر وێنەی درەختێک دامدەنا و بەقەڵەمێکی ڕەشیش وێنەکەی پشتەوەم دەقوازتەوە سەر کاغەزە نەوتاوییەکە. فووم لێ دەکرد و نەوتەکە دەبووە هەڵم و درەختێکم دەبینی. درەختێک و بەس. چەندیش دڵخۆشی دەکردم!

ئیمڕۆ زوو لە خەو هەڵسام، هەندێک سەیری تەلەفزیۆنم کرد، هیچ شتێکی وا نەبوو. بۆنی قاوە هات بەبەر لووتما؛ قاوەیەکم بەشیرەوە خواردەوە، هەرچەندە ئەمە خووی من نەبوو، چونکە هەمیشە بەیانیان دوو قاوەی ڕەش و کەمێک تاڵ دەخۆمەوە. زۆرم حەز لەو بەیانییانەیە، بەتەنها، قاوەیەک لێ دەنێم و نانی بەیانی بۆخۆم ئامادە دەکەم. بەتەنها لەززەت لەو قاوە خواردنەوانە دەبینم. ماوەی قاوەڵتی کردن کورتە، ڕەنگە هەر لەبەر



ئەمەش بێت، چێژ و لەززەتی زۆرە. نە لەوە کورتتریش دەبێت، نە دەشکرێ درێژەی پێ بدرێ، هەر وەکو ئێوارانی هاوین، هەر نەختێک دوای ئەوەی هەتاو ئاوا دەبێت، شینایی ئاسمان و تاریکیی ئێوارە لە یەک دەئاڵێن و بۆنی فێنکیی و ڕەنگێکی زۆر تایبەت، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئاسمان داگیر دەکات؛ باڵندەی ڕۆژ بەپەلەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە هێلانەکانیان و باڵندەی شەوانیش وردە وردە پەیدا دەبن. لە ڕاستیدا من حەزم لەو چرکەساتانەیە کە دەڕژێنە یەکترەوە، جۆرە عەشقێکی ئیرۆتیکە، دەڵێی جووتبوونی شتەکانی وجوودە. سیحرئامێزە، گەر بەوریایی سەیری بێدەنگیی ئەو چرکەساتانە بکەیت، هەست دەکەیت دەتسێنە سەریەکتر. هەر ئەو شتە کورتخایەنانەن کە لەززەتی تەواومان دەدەنێ؛ وەکو هەورە تریشقەیەکە لەناکاو بگرمێنێ و دنیا بۆ چرکەیەک داگیرسێنێ و جۆرە پزیسکێکی کارەبا بەخشە و ڕۆ دەچێتە هەناوی زەمینەوە و ئاوسی دەکات، جۆرە جەنگێکی پێویستە، بۆ ئەوەی هەمیشە زاکیرەی زەمین ببووژێنێتەوە و زەمەنی خەڵقی تیا وریا کاتەوە. کاتێک ئاسمان دەگرمێنێ، زۆرجار هەست دەکەین ئەوە زەمینی ژێر پێمانە خەریکە دەگرمێنێ و ئافراندنەوەیەکی ترە.

بەڵام ئەو لەحزە کورتانە زۆر دەگمەنن، ناتوانن لۆچەکانی ژیانم پڕ بکەنەوە. بۆیە هەمیشە دەمەوێ لە دەستی ئەو کاتانە هەڵبێم و ئەو ڕۆژگارە درێژانە لەسەر پێستەکەم کۆنەبنەوە. بۆیە دەمەوێ لەم بێزارییە هەڵبێم، بەڵام چۆن هەڵبێم؟

بەتەبیعەت، من کابرایەکی ڕاسیۆنالم، بەڵام ئەم تەبیعەتە قەد ئەوەی لێ قەدەغە نەکردووم کە گوێ بۆ هەستی شەشەم قولاغ نەکەم و لە ڕێککەوتنەکانیش ورد نەبمەوە. حەزم کردووە گوێ لە بێ دەنگی لاسکە گیایەک شل بکەم و بزانم چۆن لە نشوونماکردنی خۆی ورد دەبێتەوە، لە خوڕەی جۆگەلەش ڕاماوم و حەزم کردووە زمانە ئاوییەکەی ڕاڤە بکەم و کاتێک مناڵێ لەژێر مانگی چواردەش دێتەوە دنیا، ئایا ئەمە جۆرە نهێنییەکە بەلایەن ئەستێرەکانەوە؟ حەزیشم کردووە بزانم سبەی لە چ مەتریالێک دروست دەبێت. ئایا بەقلْپ و دیو کردنی فینجانی قاوەکەم، هیچ شتێکم بۆ ناخوێنێتەوە؟ بەهەردوو ناولەپم سەری قورسمم ڕاگرت و سەیری فینجانەکەم دەکرد. لە دڵی خۆم دەمگوت، بەڵکو سەرتاپای چارەنووس و قەدەرم تووشی گۆڕانکاری بێن و لە جیهانی پەناهەندەیی بۆ یەکجارەکی ڕزگارم بێت.

جارێکی دیکە، سەرلەنوێ بەشوێنەوە ببەستریمەوە و سبەینان سڵاو لە بەرجەستەکانی

دەوروبەری خۆم بکەم و بمناسنەوە و بیانناسمەوە. ئەم ڕۆژگارانە هەر بەبێهودە، بەبێ حیکمەت وەکو گلۆڵە بەنێکی ئاڵۆزکاو بەرەو نشێوییەکانی ژیان غل دەبنەوە. وەختە بەباشی ئەو ڕۆژەم نەیەتەوە یاد کە وڵاتەکەم تیایا جێهێشت، نازانم چەند شەممە بوو، نازانم چەندی مانگ بوو و لە چ وەرزێکیش بوو. تەنها هەر هەندە دەزانم خەڵکی کوێم. خەڵکی ئاسیام، ئاسیای پانوپۆڕ!!

کوێی ئاسیا ؟ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ئاسیای ناوەڕاست، یا ئەگەر ڕاستتر بوترێت، دەبێ بوترێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتووم. بەڵام نازانم مەبەست لە ناوەڕاستی چییە ؟ نەخێر ناوەڕاستی هیچ شتێک نییە، بەڵکو لە قەراغەکانی دنیاوە هاتووم. بەکورتی نازانم چۆن وەسفی جوگرافیای ناوچەکەم بکەم، باشووری وڵاتە یا باکووری وڵاتە. شتێکی سەیرە، باشوور هەمیشە باکوری شوینێکی دیکەیە. ئا ئەمەیە نیسبەتی شوێن. ئەوەی پەیوەندی بەکاتیشەوە هەبێت: واتە پەیوەندی بەمێژووەوە هەبێت؛ ئەوەندە دەزانم من بەچکەی شەوم. ئەوەی لە ڕەحمی شەویشەوە بکەوێتە خوارەوە عەودالی دنیا دەبێت. زۆر بەپێچەوانەی زاهیدەکان، ئەوان لە دنیا دەترسن و تەرکی دەکەن، من هەمیشە بەرەو ڕووی دەچم و دەمەوێ بیخوازم. دنیا تەڵاقی من دەدا، نەک من، من هەمیشە وەکو بووکێک سەیرم کردووە. دنیا بۆمن هەمیشە لە بەرگی سپێدەدایە، ڕۆژهەڵاتیش وەکو شەدە سەرپۆشە بۆی. ڕۆژهەڵات هەموومانی فێرە شیعر کردووە، حیکمەتەکانی ڕۆژهەڵات زۆر ناسکن، وەک تەڵەموو وان، بۆیان هەیە، لا تەرازووی کەون تێک بدەن یا هەتاو لە دوای هەتاو لە ئەنگوستەچاوەکانی مێژوودا هەڵبێنن. حیکمەتی ڕۆژهەڵات وەکو مۆمێک وایە لەسەر گوڵێکی نیلۆفەر لە ناوەندی حەوزە ئاوێک داگیرسابێت.

منیش کاتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساندم بەدیار ئەو حیکمەتەوە ئێشک بگرم، هەندێ وەختی خۆمی بۆ خەرج بکەم و بزانم حەوز لە کوێیەوە سەرچاوەی گرتووە و لە چ کونێکیشەوە باهۆز هەمیشە لە گەڕدایە. چونکە زەنگ لێی دا. مەبەست لە زەنگی سەفەرە. دوای قافڵەکە کەوتم. خەونی زۆر سادەم هەبوو. شەرمم دەکرد باسی خەونەکانم بکەم. خەونی سادە بوون. بەڵام ئەگەر بوارم بۆ بڕەخسێ دەتوانم باس لە هەندێکیان بکەم. کاتێک تەمەنم شازدەساڵان بوو، حەزم دەکرد لە هەرێمی دۆک، لە باشووری وڵاتی فەرەنگدا، شایەرێکی تر و بەدوور بوومایە، ئەوانەی بەشانوباڵی «مەدام»دا هەڵدەدەن. کاتێک تەمەنم بوو بەهەژدە، حەزم دەکرد لە ساڵۆنەکانی پاریس، لە ناوەندی سەدەی



هەژدەم، قاوە فڕ بکەم، نامە فەیلەسووفییەکانم بخوێنمەوە. هێشتا بەتەواوی تەمەنم نەبوو بووە بیست، دنیای جوان و خنجیلانە تا دەهات لێم دوور دەکەوتەوە. دەستم بەخوێندنی هونەر کرد، چونکە دەست و پێ سپی بووم، لەم ژیانە پانوپۆڕە شتێکی ئەوتۆ فێر نەبووم، خەونە هەرزەکارییەکانم بەڕووما دەتەقینەوە و ڕۆژگار بوو بەو گلۆڵەی کە منی بەخۆیەوە پێچیوەتەوە و هەردووک بێ مەبەست بەرەو خەرەند شۆڕ دەبینەوە.

لە حەوت وڵات نیشتەجێ بووم. نازانم بۆ دەبوایە حەوت وڵات بکەم، ژمارەی حەوت، چەندین سیحر و چەندین ڕێسای ماتماتیکی لە دەورخۆ کۆ کردۆتەوە. بەڵام بۆ من ئەم ژمارە حەوتە بێ مەبەست بوو. حەوت وڵاتی جیاواز، حەوت دنیای جیاواز. لە هەندێکیان بەبێ شناسنامە، بەبێ کارتی ئیقامەت ژیانم تیایا بردۆتە سەر، لە هەندێکیشیانا تەنها هەر لە کامپ بوومە، زەمینێکی شێدار و پڕ لە قوڕ و چڵپاو لە ژێرەوەم و لە سەرەوە ئاسمانێکی قووڵ. شەوان ڕووم لە دیوار دەکرد و دەخەوتم. ئەوانەی شەوان ڕوویان لە دیوار دەکەن و دەخەون، مێردەزمەی سێبەر سوار ئەستۆیان دەبێ، کابووس تیایانا دەخەوێت، بەماندوویی دەنوون و بەماندوویی لە خەو هەڵدەستن. لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش ڕێم کەوتە شاری ژنێڤ. چەند ساڵێک لەو شارە سارد و سڕە ژیام. کاتێکیش هەر وڵاتێکم جێ هێشتووە، بۆ ئەوەشی بەم کارە بڵێم ماڵ گوازتنەوە چەند نامەیەک و چەند کتێبێکم لەگەڵ خۆم پێچاوەتەوە، ئەگینا هیچ شتێکی ئەوتۆم نەبووە. ئەوا وا بۆ بیست ساڵ زیاتر دەچێت کە فایل و کاغەزی هەڵگەچرا و دەفتەری زەرد هەڵگەڕاو و کتێبی جوراوجۆرم لەم خانووەوە بۆ ئەو خانووە، لەم شارەوە بۆ ئەو شارە، لەم وڵاتەوە بۆ ئەو وڵاتە لەگەڵ خۆ گوازتۆتەوە. هەر جارێکیش کە جەردم کردبێتن، ئەوە هەندێکم لێ فڕێ داون، ئەوەی کە دوێنێش بەسوودبەخشم زانیوە، ئیمڕۆ بێ سوودن و فڕێم داون. بەڵام نازانم هۆی چییە، هێشتا هەندێ کاغەزی بێ سوودم هەڵگرتووە و بەسوودبەخشی دەزانم. ڕەنگبێ تەنها هەر بەمەبەستی کات پێچینەوە بێت و بەس. بۆیە زۆرجاریش کە شتێکی ئەوتۆ سەرنجی ڕانەکێشاوم و بێزاریی داگیری کردووم چوومە بەنەکانی دەوریانم لێ کردۆتەوە و تۆزەکانی قەدیانم تەکاندووە و ناولەپم پێیانا هێناوە و دەمێک بەدەستم نەوازشم لەگەڵیانا کردووە. هەر وەک کوێرێک، سەرەتا ویستوومە بەپەنجە و بەناولەپ بیانخوێنمەوە، پاشان کردوومنەتەوە و لاپەڕەکانیانم هەڵداونەتەوە، کاتێکیش بەم کارە هەڵساوم نیازێکی زۆر دیاریکراوم نەبووە، بەڵکو تەنها بۆ نوێکردنەوەی گشت ئەو یادگارییانە بووە کە لەگەڵ ئەو شتانە، ڕۆژێک لە ڕۆژان

هەم بوونە، هەر جارە و توێژێ یادگاریشم بەسەریانا جێ هێشتووە. ڕەنگە مێژووی شەخسی خۆم تەنها هەر ئەم جۆرە پەیوەندییانە بێت.

هەڵسامە سەرپێ، کەمێک بەژوورەکەیا هاتوچۆم کرد. یەکێ لە زەنگی دا، چووم دەرگام کردەوە بینیم، پۆستەچی بوو، باوەشێ زەرف و نامەی پێ بوو، خۆی لە قەمسەڵەیەکی موشەما پێچیبووەوە. ڕۆژباشی لێ کردم و دەستی بردە ناو جانتا چەرمەکەی و زەرفێکی تیا دەرهێنا و لەگەڵ پێنووسێک دایە دەستم و وتی: «بێ زەحمەت، ئیمزایەک لێرە و یەکێکی دیکەش ئا لێرانە، لێرە لەناو ئەو لاکێشەیە». هەرچەندە هێشتا دنیا زۆر ساردی نەکردبوو، بەڵام بارانێکی نەرم دەباری. پۆستەچییەکە خوا حافیزیی لێ کردم و سواری ماتۆڕە زەردەکەی بووەوە. سەیری پشتەوەی زەرفەکەم کرد، سالار ناوێک، لە پاریسەوە ئەم نامەیەی بۆ ناردووم. سالار، سالار... نەدەهاتەوە یادم کە سالار ناوێکم لە پاریس ناسیبێت.

هاتمەوە ژوورەوە، زەرفەکەم لەسەر مێزەکە دانا و دالغەیەک بردمییەوە، زۆر ئۆتۆماتیکیانە هەگبە کاغەزەکانم هەڵگرت و وەکو منالێک نووساندبوومە خۆمەوە. سەیری کتێبخانە بچووکەکەشم دەکرد، هەندێ وێنە و دوو ئەکوارێل کە هیچ چێژێکم لێ نەدەبینی، لە قەراغ کتێبەکان بەلاری دامنابوون، بەرچاوم کەوتن. هەمیشەش بیری ئەوەی لەلا دروست دەکردم کە ڕۆژێک دادێ هەردووکیان تووڕ هەڵدەم، چونکە لە ڕاستیدا ئاماژەیان بۆ دەستڕەنگینی من نەدەکرد، زیاتر ئاماژەیەک بوون بۆ گەمژەیم. دواتریش وردە وردە نیگام کەوتە سەر دەسکی چەکمەجەی بیرۆکەم، دەستم بۆی برد و کردمەوە، چاوم بەدەفتەرێکی تەلەفۆن و ئەدرێسە کۆنەکەم کەوت، دەڵێم کۆن چونکە لە دەفتەرە نوێیەکەم هیچ شتێ ئەوتۆی سوودمەندی تیا نییە: تەنها ژمارەی تەلەفۆنی دەزگای ئاو و غاز و کارەبا و ژمارەی تەلەفۆنی تەکسی و ئەدرێسی وێستگەی شەمەندەفەر و هەروەها تەلەفۆنی ژن و مێردێک کە لە کۆڵانەکەی پشتمانەوە دەژین، هەندێ جار تەلەفۆنمان بۆ دەکەن، جا یا ئێمە دەچین ئێوارە لەلایان دەبین، یا ئەوان دێن و پێکرا شتێک دەخۆین و شتێک دەخۆینەوە و دەنگوباس و هەواڵی هەفتە، ئەوەی کە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن گوێمان لێی بووبێت، بەبێ ئەوەی کەسمان سەغڵەت کات، دووبارەی دەکەینەوە. هەستیش دەکەم ئەوان دڵیان لە ئێمە خۆشترە، بەڵام لەوەش بێگومانم کە ئەوانیش ئێمە لە خۆیان بەدڵخۆشتر دەبینن. هەر ئەمەشە تۆزقاڵێ دڵخۆشیمان دەداتێ. هەمیشە وا هەست دەکرێت



کە ژیانی ئەوانی دی، لە هی ئێمە پڕ ماناتر و خۆشترە. چونکە سەیرکردنی دنیا لە دەرەوە، واتە لە دیدەنیگای سیاحەتمەدارانەوە سەیری ڕواڵەت و دیاردەکان بکرێت، هەمیشە جۆرە تامەزرۆیەکی درۆزنانەی پێویستمان پێ دەبەخشێ؛ چونکە بەبینینی قاوغ و قەپێلکی ژیان ڕازی بوونیش هێز و توانای خۆی دەوێ!

لاپەڕەی دەفتەرە بەرگ قاوەییەکەم هەڵدایەوە. لە هەر لاپەڕەیەک چەندین ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی جۆراوجۆری لەسەر نووسرابوو، هەندێکی بەکۆڕێکتۆری سپی کوژابوونەوە و شتی دیکەی لەسەر نووسرابوو، زۆربەشی بەدەست و خەتی خۆم نووسرابوون و هەندێکی نەبێت کە بەدەستوخەتی ئەو کەسانە نووسرابوون کە ژمارەکەی خۆیانیان تیا نووسیبوو. ئەدرێسی نووسەرە رووسەکەم بینی، کە هەر بەخەتی پشیلە دەچوو، نەدەخوێنرایەوە. دوو برای رووس بوون، هەمیشە بەیەکەوە دەیانبینی. برا گەورەکەم لە پەیمانگای زمانی بێگانە ناسی. دەمێک بوو لە یەک پۆل بووین، بەڵام نەم دەزانی نووسەرە، تا ئەو ڕۆژەی کە دەبوایە هەر کەسە و باسی وڵاتی خۆی بکات، ئەو وێنەی پەیکەرێکی پووشکینی پێ نیشان داین، پەیکەرێک بوو کە تیایا پووشکین بەپێوە ڕاوەستاوە و بەدەست ئاماژە بۆ شتێک دەکات؛ ئەو ڕۆژە بوو باسی ئەوەشی کرد کە خۆشی نووسەرە. جا ئەو پەناهەندە رووسە بەزمانێکی زۆر قۆشمانە باسی ئەو شاعیرەی بۆ کردین. لە سەرەتای ساڵانی هەشتاوە لە ژنێڤ بوو، لە دەستی برجنێڤ ڕای کردبوو. ئەدرێسی ئەو نووسەرە پەناهەندە رووسەم قەد بەکار نەهێنا؛ بەڵام هەمیشە دەمبینی لەگەڵ براکەی بەناو شارا پیاسە دەکەن. تا ڕۆژێکیان بینیم لە «بازاڕی کێچ» کتێبە تازە چاپووەکەی لەسەر مێزێک داناوە و ئیمزای بۆ ئەو کەسانە دەکرد کە کتێبەکەیان لێ دەکڕی. کتێبێک بوو باسی تەجرەبەی خۆی لە ڕووسیای کۆمۆنیست دەکرد، سێ سەد، بەڵکو چوار سەد لاپەڕە دەبوو، لە بەرگێکی زۆر نایابیشدا چاپ کرابوو. ئەو سەردەمە باوی کتێبی وا زۆر بوو!

لاپەڕەی دەفتەری تەلەفۆنەکانم هەڵدایەوە، هەر ناوێک، هەر ژمارەی تەلەفۆنێک بەسەرهاتێک بوو، هەر خەتێک چیرۆکێک بوو و هەندێ جاریش لە نێوان دوو ناونیشان، بەسەرهاتێکی تایبەت خۆی مەڵاس دابوو.

هەر با بۆ نموونە باسی «ئان» بکەم. ئەوە ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکەیەتی: کچێکی خرپنی گۆشتن بوو، لایەنگیریی ترۆتسکییەکانی دەکرد. باوکی ستۆدیۆیەکی وێنەی هەبوو

و هەروەها لە پەیمانگای دیکۆر سازی شاری ژنێڤیش دەرسی دەوتەوە، کابرایەکی گۆشەگیر و تەنها بوو. دایکیشی فەرەنسی بوو، ئەو تاقە ژن بوو بەبەژن و باڵای کچەکەیا هەڵیدەدا و پێی وتبوو «بەژن و باڵات هەر لە ژنەکانی تابلۆی ڕۆنیسانس دەکات» بەنموونەش ناوی تابلۆکانی بیرتۆلۆچی دەبرد. ئانیش ئەمە تاقە پیاهەڵدان بوو کە دڵی پێی خۆش بوو و بڕواشی پێی دەکرد. یەک دوو ژمارەی دیکەش کە هی پەناهەندە عێراقییەکان بوو. ئەمەش ژمارە کۆنەکەی حازمە، حازم خەڵکی بەغدا بوو، بارۆکەی دەکردە سەر، دانەکانی پێشەوەی گۆڕی، کوڕێکی کەللە خڕی سوور و سپی بوو، هەمیشەش هەر پێدەکەنی. لەگەڵ ئەنسارەکانا، ماوەیەک لە پشت ئاشان ژیابوو. ئەمەش هی ئەبوو نیزالە، پیاوێکی گیر و گەواڵ و زل، خەڵکی ناسرییە بوو، ئەویش لە ڕێگای کوردستانەوە دەرچووبوو، بەیرووت و دیمەشق و عەقەبەی وەکو گیرفانی دەناسی. ئەمە نەک تەنها ناوی ڕاستەقینەیان نەبوو، بەڵکو لە نێوان ناسرییە و ژنێڤ چەندین ناویان گۆڕیبوو، تا خۆشیان بەزەحمەت ناوە ڕاستەقینەکەی خۆیانیان دەهاتەوە یاد. هەر لاپەڕەیەکم هەڵدەدایەوە، ناوێک و شوێنێک و یادگارییەک بوو، بەرەو ڕووما دەتەقییەوە.

ئەو دەفتەرە وا بۆ پازدە ساڵ دەچێ لەلامە. لە کۆتایی دەفتەرەکەش، دەفتەرێکی دیکە هەبوو، ئەمیانم بەئەویترەوە لکاندبوو، کەمێ لەوەی پێشوو پانتر بوو، بۆیە بەمەقەس قەراغەکانیم بڕیبوو و لە هەندێ شوێنیش چەند پیتی ناونیشانەکان قرتابوون؛ بەڵام ئەمە گرینگ نەبوو، چونکە هەر بەبینینیان یەکسەر ناوی ئەو کەسانەم دەهاتەوە یاد. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە لێرە ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنیان هەیە، هەندێکیان هەرگیز تەلەفۆنم بۆ نەکردوون، هەندێکیشیان دوای ئەوەی ژنێڤم جێهێشتووە، ئیتر هەواڵیان نازانم؛ ئەوانیش هیچیان بۆ نەنووسیووم، گومان دەکەم کە زۆربەی زۆریانیش ناونیشانی منیان هەبێت. چونکە لەم پازدە ساڵە، پازدە جار زیاتر ماڵم گۆڕیوە. هەندێ ژمارە هەن هەر نازانم هی کێن، ڕەنگبێ شەوانی درەنگ کاتێ لە بارەکان بیرە و شەڕابم خواردبێتەوە، تەعاروفم لەگەڵ خەڵکگەلێک کردبێ بۆ ڕۆژی دواییش هەموو شتەکانم لەبیر چووبێتەوە، هەر بەنەمانی کاریگەریی مەستیی، ئیتر یاداشتەکانیشی لەگەڵ خۆی سڕیبێتەوە.

لاپەڕەیەکیان زۆر سەرنجی ڕاکێشام. کاتی خۆی ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی ناتالیم لەسەری نووسیبوو. لە دوو شوێن نووسیومنەتەوە و هەر دوو جارەکەشی سڕیومنەتەوە.



جارێکیان بەماددەیەکی چڕی سپی کوژاونەتەوە و پاشان بەقەڵەمێکی مەرەکەبی ڕەش، ناونیشانێکی دیکەیان لەسەر نووسراوە، جارێکی دیش، بەتوڕەییەوە ناونیشانێکی دیکەیان لەسەر نووسراوە؛ بەهەر حاڵ، هیچ شوێنەوارێکی ئەو ناونیشانە ناخوێندرێتەوە. دەفتەرەکەم هەڵگرت و ئەو لاپەڕەیەم خستە بەر ڕۆشنایی پەنجەرەکە، بەڵام هیچ شتێک نەدەخوێندرایەوە، نە ناوەکەی دیار بوو، تەنانەت حەرفێکی ناوەکەشی دیار نەبوو. دەبێ چ بڕیارێکی نا ئاشنا ئەو ناونیشانەی وا پێ سڕیبێتمەوە.

دوو ناونیشان: یەکێکیان ناونیشانی گەڕەکی کارووژ، لە شاری ژنێڤ، دووەمیشیان ناونیشانی شاری ڤێڤێ بوو. ماڵی ناتالی بۆ ماوەی ساڵێک چوونە ڤێڤێ، باوکی بەڕێوەبەری دەزگایەک بوو و نەقڵی ئەوێ کرا، پاشان جارێکی دیکەش گەڕانەوە ژنێڤ و ئیتر ناتالی کارێکی دۆزییەوە و لەگەڵ کچێکی دیکە خانووەکیان بەکرێ گرت و بەیەکەوە دەژیان.

بۆ دواجار ناتالیم لە شاری ژنێڤ بینی. وا بزانم زستانی ساڵی ١٩٩٢ بوو. بەڵام، ئەوکات من ژنێڤم بەیەکجارەکی جێ هێشتبوو و لە بیزەنسۆن دەژیام، بیزەنسۆنیش شارێک بوو دەکەوتە سەر سنووری سویسرا، ئەگەر شەمەندەفەرێکی ڕاستەوخۆ هەبوایە، ئەو ماوەیە تەنها هەر سەعات و نیوێک دەبوو، بەڵام دووجار شەمەندەفەر گۆڕین، وای دەکرد هەندێ جار بەسێ سەعاتیش ئەو ماوەیە نەبڕدرێت.

باشە دەبێ کەی بووبێت بڕیاری ئەوەم دابێت کە بەیەکجارەکی ئەم ناونیشانە بسڕمەوە. هەڵبەتە دەبێ دوای سەفەرەکەی ١٩٩٢ بێت. ئەو سەفەرەش، دوا تەقەڵلا بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکەمان ڕچەیەکی سروشتی وەرگرێت. پەیوەندییەک بوو هەشت ساڵی خایاند، بەبێ ئەوەی ببێتە پەیوەندییەکی سروشتی. ئەم پەیوەندییە وەکو ژیلەمۆیەک وابوو، زۆربەی شەوان لەسەری دەنووستم.

لە پڕێکدا فیکرەیەکی بودەڵەی دیکە مێشکی داگیر کردم. دەڵێم بودەڵە چونکە لە سەرچاوەی هاجیسێکی ڤالاوە هەمیشە فیکرەی وا یەخەی گرتووم. چۆن بتوانم ژمارەی تەلەفۆنی ناتالیم چنگ کەوێتەوە! ئەوەی جێی گومان نییە، ئەویش ئەوەیە هەر دەبێ لە شاری ژنێڤ بێت، خۆ ناوی خانەوادەشی دەزانم، ناوی «ناتالی ڕووت» بوو. ناویش بەسە بۆ ئەوەی لە ئەنفۆرماسیۆنی نێودەوڵەتی داوای ژمارەکەی بکەم. ئەمە بەمەرجێ ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنەکە بەناوی خۆیەوە بێت، کێ ناڵێ ئێستا لەگەڵ کوڕێکی برادەری ناژێت،

یا ڕەنگە هەر شووی کردبێت و ژمارەی تەلەفۆنەکەش بەناوی مێردەکەیەوە بێت. یا هەر تەلەفۆنی نەبێت، ئەمەیان کەمێ زەحمەتە و ڕێی تێ ناچێ.

باشە ئەوە ژمارەی تەلەفۆنەکەشیم دۆزییەوە، چی پێ بڵێم. ئەوە وا بۆ دوازدە ساڵ دەچێت یەکترمان نەبینیووە. چۆن بتوانم ئەم پەیوەندییەی کە هەرگیز دروست نەبوو، ئێستا جارێکی دیکە هەوڵی دروستکردنەوەی بدەمەوە! سەرەڕای ئەوەی هەستم بەپووچیی ئەم فیکرەیە دەکرد، نەمیشدەتوانی دەسبەرداری بم. وەکو ئەوەی چزووە ئاگرێک بێت کە خۆی خۆی پەروەردە بکات و خۆی خۆی داگیرسێنێ! یا ئەوەتا لەگەڵ گرێ کوێرەکانی دەروونی قووڵ و ناقۆڵادا جار ناجارێ کاژ داکەنێ و سەر ئاو کەوێتەوە. سەر ئاوی زاکیرە. دەبێ ئەمەش چ چزووە ئاگرێک بێت کەوا بتوانێ لەسەر پانتایی ئاودا هەڵبکات و نەکوژێتەوە!

دەستم بۆ مایکرۆفۆنی تەلەفۆنەکەم درێژ کرد و ژمارەی ١٣٠م لێدا، کیژێک بە ئیسپانی وەڵامی دامەوە و ناوی خۆی پێ وتم و وتی:

– فەرموو.

– ژمارەی تەلەفۆنی «ناتالی ڕووت»م دەوێ، لە شاری ژنێڤ لە سویسرا.

دوای چەند چرکەیەک پێی وتم:

– ناوی ناتالی ڕووتێکی زۆر لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەم دایە، نازانم ئێوە مەبەستتان کامیانە! ئایا ناونیشانەکەی دەزانن؟ بۆ ئەوەی دۆزینەوەکەی ئاسانتر بێت! منیش پێیم وت:

– نەخێر.

ئەو نەیدەزانی من خەریکی چیم. ڕەنگبێ بیری لە هیچیش نەکردبێتەوە.

جارێکی دیکە هاتمەوە زمان:

– باشە چەند ناتالی ڕووت هەیە؟

ئەویش لە وەڵام دا:

– لەسەر شاشەکەی بەردەمم حەوت جاران ناتالی ڕووت دووپات بۆتەوە.

هەستم دەکرد کەوتوومەتەوە نێو یارییەکی بێ کۆتایی ئاوێنەوە: شتەکان بەرامبەر بەیەک و لەناو قاوشی ئاوێنە داندراون و هەر بەرجەستە و بەرامبەر بەخۆی تا بێ کۆتایی



خۆی دووپات دەکاتەوە. ئایا سەرەتای گێژبوون ناگەیەنێ؟

– دە قەیناکە ژمارەکانم بدەرێ، بەڵکو تەلەفۆن بۆ هەر هەموویان بکەم، بەڵکو یەکێکیان خۆی بێت! خۆ دەبێ لەنێو ئەو ناوانە، ناوێک هی ئەو کەسە بێت کە بەدوویدا دەگەڕێم!

– چۆنتان دەوێ وا بکەن.

فەرمانبەری کۆمینکاسیۆن دەستی کرد بەخوێندنەوەی ژمارەکان. حەوت ژمارەی دامێ و لەسەر پارچە کاغەزێک نووسیمنەوە. حەوت ئافرەت، هەر حەوتیان هەمان ناویان هەیە. لەسەر پارچە کاغەزە چوارگۆشەکەی بەردەستم، جارێک ناوی ناتالیم نووسی و لە خوارەوەش حەوت ژمارەم نووسی و سەیری ژمارەی تەلەفۆنەکانم دەکرد و هەموویان هەر وەکو یەک وابوون، مەبەستم لەوەیە هەر هەموویان هەر ژمارە بوون و بەس. لە ئاست ئەم کێشەیەی من، یەک و دوو چ جیاوازییەکی هەیە! چ شتێک چوار لە پێنج جودا دەکاتەوە؟ چونکە نە چوار ئاماژە بۆ ناتالیکەی من دەکات، نە پێنج. تەنها هەر شەش ژمارەکانی سەرەتا وەکوو یەک بوون. بەرامبەر چواردە سفر و حەوت چوار و حەوت یەک و چواردە دوو خۆم دەبینییەوە.

دەمێک لە ژمارەکان ورد بوومەوە و ئەو ڕۆژ و شەوانەم دەهاتنەوە یاد کە لەگەڵ ناتالیادا دەبووم، شەوانی کورت و تەزیو، ئێوارانی خەمۆکی و تەماوی. باشە ئەی ئەگەر وایە بۆچی دەمەوێ جاریکی دیکە، پەیوەندی لەگەڵ ئەو کیژەی کە ئێستا ڕەنگە ژنێک بێت، چێ بکەمەوە. کاتێ کە ناتالیم ناسی تەمەنی تەنها هەر شازدە حەڤدەساڵ دەبوو، لە دوا ساڵی ئامادەیی دەیخوێند و خۆی بۆ تاقیکردنەوەی بەکەلۆریا ئامادە دەکرد. بۆ یەکەم جار لە گۆڕەپانی پلانپالێ چاوم پێی کەوت، لە «بازاڕی کیێچ» ، (ئەم ناوی گشت ئەو بازاڕانە دەگرێتەوە کە لە دەڤەرە فەرەنسیزمانەکان بۆ فرۆشتنی شتومەکی کۆن تەرخان دەکرێت). ناتالی بەتەنها ڕێی دەکرد و سەیری شتومەکەکانی دەکرد و لە پڕێکدا سووکە ساتمەیەکی کرد و منیش پێیم وت: «ئاگاداری ڕەوتت بە». سەری هەڵبڕی و سەیرێکی کردم؛ زەردەخەنەیەکی کاڵ لەسەر لێوە باریکەکانی دروست بوون و چاوە سەوزە گەورەکانی، کەمێ خەواڵوویيان پێوە دیاربوو، برژانگەکان کلڕێژ کرابوون و مکیاجێکی مەیلەو سپیش دەموچاوی داپۆشیبوو، کەمۆکەیەک حەیرانی کردم. بەکیژە ئەکتەرە یابانییەکان دەچوو. سیحرێکی سارد لە چاوەکانییەوە دادەچۆڕی. قژی خاو بوو، زۆر درێژ

نەبوو، بەژێل ڕایگرتبوو، ڕەنگی کەستانەی هەبوو، بەئاستەم گوارە زیوینەکانی داپۆشیبوو. لە هەندێ شوێن ئەگەر بەر تیشکی هەتاوی ئەو بەهارە بکەوتایە، وەکو زمانە ئاگر چرووسکەی دەهات و لەگەڵ سیحرە بەستەڵەکەکەی چاویشی جۆرە تەلیسمێکی دروست کردبوون. لاواز و کەمێ کورتە بالآش بوو، هەمیشە جلوبەرگی ڕەشی لەبەر دەکرد و خاشخاشی زیوینی دەکردە پێی ڕاستی، لە ڕۆیشتندا ڕیتمی دەدایە هەنگاوەکانی. بەتایبەت لە وەرزی خەزاندا، کاتێکی گەڵا ژەنگنەکانی گەڕەکی کارووژ و گەڕەکی ئاکاسیا، لە سەرەتای مانگی خەزەڵوەردا هەڵدەوەران، زرەی پەڵپەڵە و هەڵوەرینی گەڵا مەعدەنییەکان، بانگەشەی سروشتیان دەکرد.

ئێستا ناتالی تەمەنی سی و پێنج ساڵە. ژنێکی کامڵ. بێگومان ڕەنگی چۆتەوە سەر دایکی. بۆ یەکەم جاریش دایکیم بینی، داهاتووی ناتالیم لە چاوانی دەخوێندەوە. بەتایبەت لە سیمای دەرەکی وەکو یەک وابوون؛ تەنها تەمەن لە یەکتر جودایانی دەکردەوە. دایکی قژی بەبۆیاغێکی مەیلەو سوور بۆیاغ دەکرد، هەڵبەتە بۆ شاردنەوەی ئەو تاڵە سپییانە بوو، کە وردە وردە دەردەکەوتن. کاتێ دایکیم بینی، تازە بەتازە پێشانگایەکی هاوبەشم کردبووەوە، دیارە هەواڵەکەی لە ناتالییەوە بیستبوو، بۆیە پێی وتم: «پێشانگایەکە باش بوو، سەرفیاتی هەبوو؟». منیش وتم: «بەڵێ باش بوو». نەموت سەرفیات نەبوو، چونکە ئەمە شکستی منی دەگەیاند، ئەویش زیاتر لەسەری نەڕۆیشت. سەیری چاوی دایکیم کرد، بەختیاریم نەدەخوێندەوە. ئەوێک لە ناوچەی ئەڵمانیزمانی سویسرادا، لە ناوچەی لووسێرن گەورە بووبێت و دوای مێردە بەڕێوەبەرەکەی کەوتبێ، ڕەنگبێ شاری ژنێڤیشی زۆر بەدڵ نەبووبێت و کەمێکیش هەست بەتەنهایی بکات، سەرەڕای ئەوەی مەمکی چەپی تووشی شێرپەنجە بووبوو و بۆ بنبڕکردنی ئەم ئافەتە، ناچار بووبوون مەمکێکی لێ بکەنەوە، ئەمەش بەنیسبەت ژنێکەوە زۆرە، نەک تەنها لەبەر ئەوەی شێرپەنجە نەخۆشییەکی کوشندەیە، بەڵکو نەخۆشییەکە لە چەقی ژنایەتی و دایکایەتی داوە. لەسەر هەمووشییەوە، خەمی کوڕە گەورەکەی دەخوارد کە تووشی نەخۆشییەکی دەروونی هاتبوو و جارناجارێ بەمست دەیکێشایە دیواری ژوورەکەی خۆیا. ئەمانە خەم بوون، لە چاوی ناتالیش دەخوێندرانەوە، بەڵام خەمێک بوون، لەلای ناتالی لەگەڵ جوانیدا ئاوێزان بوون. ڕەنگبێ منیش تەنها هەر شەیدای ئەم جۆرە جوانییە بووبێتم، ڕەنگیشە ئەم سەوداسەرییە لەمەش زیاتر هەڵبگرێت.



کاتێک ناتالی دایکی پێشکەش کردم، لەوەوە پێش تابلۆیەکم بەماددەی گواش کردبوو، پۆرترێتێکی ناتالی بوو، ئیمزا و ناو و مێژووی لەسەر نەبوو، لە ١٩٨٦ کردبووم؛ ئەو ساڵە، بێ حەسانەوە هەر خەریکی تابلۆکێشان بووم، بەبۆیاغی ئاوی، بەڕۆنی، بەگواش، بەقەڵەمی خەڵووز، لەسەر پەڕۆ و دار و دیواری ماڵەکەم تابلۆم دەکێشا و ئەو تابلۆیەم پێشکەشی ناتالی کردبوو، بۆیە دایکی دەیزانی هونەرمەندم. زۆر بەڕێز و دڵخۆشییەوە تەوقەی لەگەڵ کردم. کراسێکی سوور و پانتۆڵێکی ڕەشی لەپێ بوو، بەگۆرەوییەکی گوڵدارەوە لە ساڵۆنەکە دەسووڕایەوە. پاشان چوو لەسەر قەنەفەیەک دانیشت، کەوتە قسەکردن لەگەڵم. باسی ئەوەی دەکرد کە سویسرا وڵاتێکی بچکۆڵەیە و خەڵکێکی زۆریشی دێنێ بۆ ئەوەی ڕوخسەتی ئیقامەیان بدرێتێ و ئیشیش بۆ هەمووان نییە. بەناسکی قسەی دەکرد، هەر بەکچۆڵەیەکی دەکرد، سووک سووک دەجوڵایەوە و داوای لێ کردم ئایا دەمەوێ شتێک بخۆمەوە. منیش لە وەڵامدا وتم پەلەمە و نامەوێ زۆر دانیشم.

زەنگی تەلەفۆن لێیدا، دایکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بەئەڵمانی دووجار ئەوەی دووبارە کردەوە کە دەبێ کێ بێت لەسەر خەت، سەیری ناتالیی کرد و ئاوڕێکیشی لەمن دایەوە و سەری لەقاند. ناتالی وتی:

– دایە ئەوە کێیە لەسەر تەلەفۆن؟

– نازانم یەکێکە بەئەڵمانییەکی شڕ قسە دەکات وابزانم دەڵێ دەمەوێ لەگەڵ ناتالی قسە بکەم!

ناتالیش سەیرێکی منی کرد و لێوی داچەقاند. دەیویست بڵێ کەسێکی وا ناناسم کە بەئەڵمانییەکی شڕ قسە بکات. ئەو بێگانانەی کە لە ژنێڤ دەیانناسم، بەفەرەنسی قسە دەکەن. تەلەفۆنەکەی گرتە دەست و بەفەرەنسی قسەی کرد.

– ئەوە تۆی؟ لە کوێی؟

–...

ناتالی بەدایکی وت کە قەڵەمێکی بداتێ، بۆ ئەوەی شتێکی پێ بنووسێ. دایکی چووە چێشتخانەکە، لەسەر مێزە بچووکەکە قەڵەمێک داندرابوو و هەڵیگرت و بردی و دایە دەست ناتالییەوە؛ ئەویش لەسەر ئەسکەمبیلە بچووکەکەی کە لە تەنیشت تەلەفۆنەکە داندرابوو دانیشت و شتێکی نووسی. نازانم ناونیشان بوو یا دیارکردنی ڕۆژێکی ژوان!

تەلەفۆنەکەی دانایەوە و پارچە کازەکەی نووشتاندەوە و خستییە گیرفانی پانتۆڵەکەی و چووە ژوورێکی دیکە. دایکی کە لەسەر قەنەفەکەی بەرامبەر دانیشتبوو، هات و لە تەنیشتم دانیشت، زۆریش لێم نزیک نەبووەوە، لە نێوانمان جێی یەکێکی دیکە دەبووەوە. پڕ چاوانی قەتیسی خەم بوون. وتی:

– دەزانی ناتالی ژیانێکی هەرزەکاریی سەخت ژیاوە.

ئەمە نهێنی درکاندنە، بەتایبەتی سەبارەت بەعەقڵییەتی ئەڵمانەکان، هەر وا بەهەوانتە دروست نابێت. کاتێک نهێنییەک لای یەکێک دەدرکێنین، تەنها مانای ئەوە نییە، کە ئیتر ئەوی دیکە شتێکی دەزانێ کە بایەخدارە، بەڵکو جۆرە نزیکبوونەوەیەکیشە، جۆرە پەیامێکە مانا و مەبەستی تری لە پشتەوەیە. ئایا ئەوەی پێ لێک نادرێتەوە کە بڵێ «من تۆم وەکو هاوڕێ بۆ کچەکەم قبووڵە!» یا ڕەنگبێ ماوەیەکی گەلێ زۆر بێت کە کەسێکی دیکەی، بێجگە لە کچەکەی و کوڕە نەخۆشەکەی و مێردە بەڕێوەبەرەکەی نەبینیبێ کە شتێکی لا درکاندبێت کە بەنیسبەت خۆیەوە تەنها دووبارە کردنەوە بێت و بەنیسبەت ئەوی تریشەوە پەیامێکی نوێ بێت؟ گرینگ، بەم هاتنە تەنیشتەشەوە، قسەکەی پێشووی خۆی سەبارەت بەمن هەڵدەوەشێنێتەوە: «ڕاستە سویسرا بچووکە بەڵام جێی یەکێکی وەکو تۆی تیا دەبێتەوە».

سەیری چاوە غەمبارەکانیم کرد.

ئێستاش بەرامبەر بەحەوت ژمارەی تەلەفۆنی حەوت ژنم کە ناویان ناتالی ڕووتە. ڕووت پاشناوێکی ئەڵمانییە، ناتالیش واتە «لەدایکبوون». بەڵام نازناوی ناتالی باربارایە، ڕەچەڵەکی ئەم ناوەش یۆنانییە و «بەربەری»یش کە بەواتای بێگانە دێت، یەکێکە لە ئیشتیقاقەکانی.

ناتالی ڕووت

ناتالی ڕووت

ناتالی ڕووت

ناتالی ڕووت

ناتالی ڕووت

ناتالی ڕووت

ناتالی ڕووت



دەستم بۆ سەماعەی تەلەفۆنەکە برد و بۆ چەند چرکەیەک خستمە سەر گوێمەوە. هاژەیەکی کپ دەهات و خەت کرایەوە. هەستم کرد لە چاوچووقانێکدا لە نێوان ژوورەکەی من و شاری ژنێڤ توونێلێک کرایەوە. ئیمڕۆ حەڤدەی خەزەڵوەرە، درەختەکانی ئاکاسیا وا خەریکن خۆیان ڕووت دەکەنەوە. شەقامی مادلێن غەمگین دادێت. قیرەی نەورەسەکانی ئێوارەش بۆنی دەریاچەیان پێیە. زۆر بەنەورەسی خوێری دەکەن، ئەو نەورەسانەن کە نەورەسایەتی خۆیان لەدەست داوە، لە جیاتی ئەوەی لە قەراغ گەمیی و پاپۆڕەکانی دەریاچەی لێمان بنیشنەوە، دەهاتن لەسەر ئاریەل و ستارەکانی خانووبەرەکان دەنیشتنەوە. ناشرین و نابووت خۆیان دەنواند. ئیتر هەر لەو ڕۆژانەوە قینم لەو باڵندانەیە: باڵندەن ڕەچەڵەکی سەگیان هەیە. منیش حەزم لە تەلیسم و نهێنییەکانی چاوی پشیلەیە. شازادەی شەوان و تا تخووبی شەیداییش موچڕک بەخشن.

دوو جوانیی هەن پێک دەکەن: پزیشکی پڕ تەلیسمی چاوی پشیلە و چاوە مەڕمەڕییەکانی ناتالی. پشیلە ئاژەڵێکە لەسەر سنووری کێوێتی وماڵێتی دەژێت. هەر بۆیەشە شازادەی شازادانە. لە سالۆنەکان، لەسەر فەرشی شاهانە دەنوێت و بەبێ ئارەزووی خاوەنەکەشی دەچێت لە هەیوانەکە، بەرامبەر بەدوا تیشکی خۆرنشین پاڵ دەکەوێت، دوا تیشکی چەماوەی خۆرنشین دەخواتەوە کاتێکیش برسیی دەبێت دەمیاوێنێ و خۆی بەلاقی خاوەنەکەی دەخشێنێ، دەڵێی شەهرەزادە و توندڕەی دڵی شەهرەیار هێور دەکاتەوە. هەندێ جاریش ون دەبێت، بەسەر ستارەکانا ئاودیو دەبێت و کەس نازانێ ئەو پشیلە ونانە لەچی دەگەڕێن! شەوانی پایزیش، وەکو منداڵی ورکن دەنووزێنەوە و دەگرین و لە زاکیرە هەرە قووڵەکانیشییانەوە مڕەی پڵنگ دەبووژێتەوە، هەمیشە و هەمیشە کات و وەختی خۆیان دەشێوێنن، بۆ ئەوەی خاوەنەکەیان سەر لە کەین و بەینی ڕەگەزی پشیلە دەرنەکەن. پشیلە دژ بەڕاهاتن ئیش دەکات. ئاژەڵێکە قەد وەکو پێویست ماڵی نابێت بۆیە جوانە!

چی بکەم؟

ژمارەیەک لێدەم و بزانم کێ هەڵی دەگرێت؟ چ ناتالییەک بەزمانی فەڕنسییەک کە لەهەجەی ئەڵمانی پێوەیە، وەڵامم دەداتەوە دەبێ دوای دە ساڵ چی بەیەکتر بڵێین؟ کاتێک دێمەوە یادی، دەبێ بیر لە چ ڕووداوێک، بیری بۆ چ ڕۆژێک، بۆ چ لەحزەیەک بچێت. ئایا لەحزە خۆشەکان یەکسەر داگیری دەکەن، یا لەحزە سامناک و ترسناکەکان؟

ئایا سەرسام دەبێت، یا پەیوەندییە ئینسانییەکان هەندە سواندۆتی، هەستەکانی لەو ڕووەوە نابزوێن؟ یا شکستییەکانی پەیوەندی تەڕایی لەناو ڕۆحە ساردەکەی نەهێشتۆتەوە، یا بەپێچەوانەوە، هەتاوێکی دەگمەن جەستە باریک و لاوازەکەی گەرم کردۆتەوە و پڕی لە سۆز و خۆشەویستی کردووە و شیریی دایکایەتیش مەمکە تورتەکانی نەرمونۆڵ کردووە؟ دەیان پرسیاری وام لە خۆ دەکرد و بیرم لە بێهوودەیی ئەم فیکرەیەش دەکردەوە. بۆ دەرگایەکی تەواو لەسەر ئەو ڕابردووە دانەخەم و لە نێو لۆچەکانی ڕابردوو، لە سوچێکی تاریکی زاکیرە، گڵکۆیەکی گەرمی بۆ هەڵنەکەنم و زیندەچاڵی نەکەم!

بەڵام ئەفسووس! دوو سفرم لێدا، پاشان چل و یەک، دوایی بیست و دوو، پاشان ژمارەی (ئەوێک) زەنگ لێیدا هەر بەو زەنگانە دەچوو کە کاتی خۆی، کاتێک بەتەنها، لە ماڵە سارد و سڕەکەم، بەدیار تەنهاییەوە دادەنیشتم، بۆنی وەحەشتناکی دەهات، بۆنی پەناهەندەیی ژوورەکەمی هەند دەتەنی، چووبوونە نێو پانتایی ئەو ڕەنگانەی کە دەیویست گەرمایی ڕۆژهەلاتم بۆ بگوازنەوە و بێ هوودەش دەمویست تەلەفۆنی بۆ بکەم، تەلەفۆنم دەکرد، هاتنی و نەهاتنی هەر دەیسووتاندم مەخابن! بۆنی بەستەڵەک لە بۆنی ڕەنگ زۆر بەهێزتر و بەگوڕتر و گەورەتر بوو. ئەو ئێوارانەی کە بێ دەسەڵات چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە پشیلەکەم بەئاسپایی دەرگاکە بکاتەوە و بێتە ژوورەوە پێش ئەوەشی بێتە ژوورەوە هەر لە چێشتخانەکەوە بمیاوێنێ و خۆی ڕابکێشی و بێت نازم لەلا بکات.

ئەو زەنگانە تەنها زەنگی سامناکی بوون، نەک زەنگی سامناک بوون، سامناکییە و قەوارەی وەرگرتووە. ژوورەکەی دەکردمە چوارچێوە و منیش دەبوومە بەشێک لەو سامناکییە. ئیتر خۆم لە شتەکانی دیکە جودا نەدەکردەوە. من و شت یەک شت بووین.

زەنگ لێ دەدات و لێ دەدات... کەس تەلەفۆنەکە هەڵناگرێت. «ئەو» لە ماڵ نییە، نەهاتۆتەوە، لە سەفەرە، ئەمجارەشیان چۆتەوە بۆ نیپال، بۆ سەرزەمینی هێمنیی. کێ دەڵێ ئەمە زەنگی ماڵی ئەوە، یا ماڵی ئەوانە؟ زەنگ لێی دەدا و هەر لێی دەدا.

ئەمجارە نۆرەی ژمارەی دووەمە. دوو سفر و چل و یەک و بیست و دوو ژمارەکەی «ئەو». وەڵامی دەزگای تەلەکۆمینیکاسیۆن: «ئەمە ژمارەیە وەرنەگیراوە». (واتە هی کەس نییە) ژمارەی سێیەمم لێدا: پیرەژنێک وەڵامی دامەوە، بەفەرەنسییەکی زۆر ڕەوان قسەی کرد و وتی: (من بیست و حەوت ساڵە لەم ماڵە دەژیم و مێردەکەشم ئەوا بۆ شەش ساڵ دەچێ کۆچی دوایی کردووە و نە کچیشمان هەیە ناوی ناتالی بێت، نە کوڕیش شک



دەبەین). ژمارەی چوارەم کەس لە ماڵ نییە. ژمارەی پێنجەم: منالێک هەڵیگرت و وتی: «دایە دایە»... پێ دەچوو منداڵەکە بۆ لای دایکی ڕابکات، دەنگەکە وردە وردە دوور دەکەوتەوە هەرچەندە بێ ئەدەبیشە، بەڵام چاوەڕێی وەڵامم نەکرد و سەماعەکەم لە شوێن خۆی دانایەوە، ژمارەی شەشەم: مەشغوول بوو. ژمارەی حەوتەم: پیاوێک هەڵیگرت. چی بڵێم؟ بێ سێ و دوو وتم: (من... ئەرێ بێ زەحمەت ناتالی لە ماڵە)؟ ئەویش هاواری کرد: (ناتالی، ناتالی، یەکێک دەیەوێ قسەت لە گەڵ بکات). پاشان زۆر بەڕێزەوە پێی وتم: (ئەرێ جەنابتان کێن؟) منیش وتم: (من هاوڕێیەکی کۆنی ناتالیم، ماوەیەکی زۆرە لە یەکتر دابڕاوین، ئیمڕۆ حەزم کرد قسەی لەگەڵ بکەم. (هێشتا بەتەواوی ڕستەکەم تەواو نەکردبوو، (ناتالی) سەماعەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرتبوو وتی:

– ئەلوو.

– ناتالی، منم.

– تۆ کێی.

– کچێ من! نامناسیتەوە؟

– نەخێر، نازانم کێی؟

پێکەنیم و پێم وت:

– هاهاهاها.... پێت ناڵێم! کەمێ چاوەڕێ کە، با هەندێ گوێت لە دەنگم بێت، هەر ئێستا دەنگ و پێکەنینەکەم دەناسیتەوە، هاهاهاهاها...

– داوای لێبوردنت لێ دەکەم، نازانم کێی، ناتناسم، ناوت چییە؟

– کچێ چۆن؟... ناوی چی حاڵی چی!... تۆ ناتالی نیت؟

– بەڵێ... بەڵێ من ناتالیم. بەڵام ئەی تۆ کێی؟

– هاهاهاهاها... چۆن کێم. من! ئەی نامناسیتەوە. ئەی ئارمۆنیکاکەت نایەتەوە یاد. ئەی ڕیستۆرانی هیندییەکە. ئەی کۆنسێرتی مۆسیقا، ئەی بەیەکەوە نەچووین گوێ لە مۆسیقای ڕۆک ئاندرۆل بگرین. ئەی نایەتەوە یادت سەرەتا وتم نایەم، پاشان لەبەر خاتری تۆ پەشیمان بوومەوە و دوا بەدوای تۆ خۆم گەیاندە ئەوێ! ئەی بیرت نایەت چۆن سەمام دەکرد! ئەی خۆ پۆرتریتەکەت دێتەوە یاد. ئەو تابلۆیەی کە ئیمزام نەکرد. دەزانی

بۆچی ئیمزام نەکرد؟ چونکە ئەو تابلۆیە من نەمکردبوو، دەستی ئیلهامێکی تایبەت کێشابووی. باشە چیت لەو تابلۆیە کرد؟ خۆ ماوە؟ ئەی توخوا دایکت چۆنە؟ خۆ نەگەڕاوەتەوە ڤیڤێ؟ ئەی براکەت، چاک بووەوە؟ گەڕەکی کارووژ چی بەسەرهات؟ ئەرێ بەشەقامی مادلێنا تێدەپەڕی؟ کچێ ناتالی، توخوا هێشتا نامناسیتەوە؟

تەلەفۆنەکەی قەپات کرد.

دەرگای تونێلەکە داخرایەوە: دددددددرررررررننننننننگگگگگگگگگگگ.



## II

بێدەنگییەک فەزای قووتدا. بێدەنگییەکی قوڕس. لەو بێدەنگییانەی دەکرد تا دێت بارستاییبان زیاد دەکات و بێ مانایی هەڵدەمژن.

بەڵام، ئەم بێدەنگییە لە چییەوە دەهات؟ هیچ شتێک ئەوە ناسەپێنێ کە ئەوەی من بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵی کرد، ناتالی خۆی بوو‌بێت، چونکە لەو هەموو ئەو تەلەفۆنانەی کردم سێ ئیحتیمالی دیکە ماون، دووانیان کەس هەڵی نەگرت، ڕەنگە یەکێکیان تەلەفۆنی ناتالی بێت، ئیحتیمالی سێیەمیش ئەوەیە، هەرچەندە زۆریش جێی بڕوا نییە: ئەو منداڵەی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بانگی دایکی کرد، ئەرێ نابێت ئەوە کوڕی ناتالی بێت! دەنگی کوڕێکی هەراشی شەش ساڵانەی هەبوو. بۆ نا!! کێ ناڵی!! کاتێک بۆ دواجار لە ئەپارتمانەکەی شەقامی لۆزان یەکترمان بینی، بەجۆرێ لە جۆرەکان ناتالی باسی یەکێکی بۆ کردم کە پێی دەچوو، هاوڕێیەکی تازەی بێت، پێشی دەچوو کەمێکیش دڵی بۆی لێبدا. خاوەن ئۆتۆمبێلێکی پۆرشە بوو. یەک دوو جاران باسی ئەو کوڕەی بۆ کردم. وەکو بیەوێ هەوڵەکەم بڕەوێنێتەوە، بەڵام خۆ هەر بۆ هەمان ئێوارە بوو کە وێنەیەکی خۆی پێشکەش کردم، ئەو وێنەیەی کە پشیلەیەکی لە باوەش بوو؛ لەو وێنەیە چاوی پشیلەکە و چاوی ناتالی هەر بەهی یەک کەس دەکەن، وەکو منداڵێکیش گرتبوویە باوەشی. ناتالی هەندێ تاڵە پرچی ڕەنگ ئاڵتوونی بۆیاغ کردبوو، وەکو داوە زێڕ شۆڕبووبوونەوە و لەگەڵ فەرووی پشیلە پڵنگییەکە هاوجووت وەستاو بوون.

زۆر حەواوە دیاربوو، تەماشای بنمیچی دەکرد و ناتالی خۆشی، خەواڵووانە و کەمێک لار سەیری عەدەسەکەی دەکرد. پەنجە باریکەکانی ختم کردبووە نێو فەروو نەرمونۆڵەکانی پشیلەکە و مووروە شینەکەی ئەمووستیلەکەشی چرووسکەی دەهات، مینا قووببەیەکی زومەڕەد.

تۆزقاڵێ بریقەی فلاشەکەش لە زیوەکەی داوە و ڕۆشنایشیی لەسەر گومبەزی نقێمەکە هەڵسـاندبوو خۆ لە چاوانی ناتالیشەوە سۆزی دایکانە نەدەخوێندرایەوە، بەڵکو شەهوەتێکی زاهیدانە تێکەڵی خەمۆکییەکی زکماک بووبوو. جلەوبەرگە ڕەشەکەی بەهی

ڕاهیبەکانی دەکرد، چاوەکانیشی دوو هەڵماتی گڕبوون، حەزێکی نهێنی پەپکەی تیا خواردبوو پەنجەکانی ناسک بوون، لە بن سکی پشیلەکە لە هێلانەیەکی گەرم دەگەڕان: دۆزیبوویانەوە. هەر بۆیە ئەو سیما خەواڵووەیان دابووە چاوە برژانگ درێژە کلرێژەکانی. کراسێکی کەتانی ڕەشی لەبەر بووە، دوو قۆپچەش ترازاون و بەشێکی سینە ڕووتە سپییەکەشی دەرکەوتوون، بەبێ ئەوەی خەسڵەتێکی ئیرۆتیکی پێ ببەخشن، نیگا داوەتی سەفایەکی فەیلەسووفانەی دەکرد. جۆرە ڕووتییەک بوو لەسەر سنووری ئاشکرا و نهێنیدا بوو، ڕووتییەکی ئیرۆتیک بوو.

ئەو ئێوارەیە، شیومان پێکەوە خوارد، هەندێک گوێمان لە مۆسیقا گرت. کچەکەی دیکە لە ماڵ نەبوو. ناتالی چوو ئەلبۆمی وێنەکانی دەرهێنا و ئەمەش شێوەیەک بوو بۆ ئەوەی باسی ئەو ماوەیەم بۆ بکات کە یەکترمان تیا نەبینی بوو، خۆی لە چوار ساڵ دەدا. لەسەر قەنەفە چەرمەکە دانیشتین و جارناجارێکیش سەیریم دەکرد. حەزم دەکرد دەسێک بەقژە خاوەکەیا بهێنم. دەستی نایە سەر وێنەیەک و وتی:

– ئەمەش کچەکەی هاوڕێمە. دەزانی تووشی غیرە هاتووە، حەز ناکات لەگەڵ کەسی دیکە دەرچم.

– باشە بۆ لەوانەیە!

– نا نا. بڕواناکەم، بەڵام گیرۆدەم بووە. منیش دواجار بەئاشکرا و بەبێ پێچوپەنا پێم وت کە من ئازادم هەر کەسێک بەبرادەر هەڵدەبژێرم. ئەویش هیچی بۆ نەمایەوە تەنها بێدەنگیی نەبێت، بەڵام پێی ناچێ کار لە غیرەکەی کردبێت.

ئەو شەوە زۆر باسی ئەو کچە هاوڕێیەی بۆ کردم هەستم کرد ناتالی کچە هەرزەکارەکەی جاران نییە، دەچووە بنجوبناوانی شتەکانەوە و لێکیانی دەدایەوە و ئەنجەتی لۆژێکی بۆ دەهێنانەوە جاران زۆر گوێی بۆ شل دەکردم، ئەمجارەیان دەکەوتە گفتوگۆ لەگەڵم.

چونکە ئەو کاتەی ناسیم، زۆربەی ئەو ئێوارانەی کە یەکترمان دەبینی، باسی ڕاکردنی خۆمم بۆی دەکرد. هەروەها باسی هونەرمان دەکرد و تابلۆ نوێیەکانم پێی نیشان دەدا.

ئێوارەیەکیان پێکرا چووینە (شانوار)، واتە (پشیلەی ڕەش)، بارێک بوو، بەتایبەت ئێواران، هونەرمەند و ئەلتەرنەتیڤەکانی ژنێڤ و خەڵکی چەپی داهاتنێ؛ منیش زۆر دەچوومە ئەوێ. ئەو ئێوارەیە زۆر ماینەوە، بیرەی زۆرمان خواردەوە، مۆسیقاش بەدەنگی



بەرز لێ دەدرا. کەمێ مەست بووبووین، تاکو دەرگایان دانەخست هەر دانیشتین. پاشان وتی: (ئەگەر حەز دەکەی وەرە بۆ ماڵمان). چۆن ناتالی داوەتی ماڵی خۆیانم دەکات! بڕوام نەدەکرد؛ کەمێ بێدەنگ بووم، لە هەققەتدا کەمێ تاسام، پاشان لە وەڵامدا وتم:

– بۆ کەس لە ماڵ نییە؟

– نا، باوکم لە سەفەرە و دایکیشم چووە بۆ لوسێرن.

دەستم نوقم کردە ناو دەستی و بەرەو ماڵیان شۆڕبووینەوە. نێوان (شانوار) و ماڵیان تەنها هەر سەد دوو سەد مەترێک دەبوو لە ڕاستیدا ئێوارانی وا زۆرکەم ڕوویدا پەیوەندی من و ئەو لە نێو بگرەو بەردە دەژیا. هەمیشە تووشی ئاڵۆزکان دەهات ئەو حەزی دەکرد ببینێ، بەڵام تەنها ئەو کاتانەی کە ئارەزووی لێببێت. بەڵام من زۆر جار ئارەزووی ئەوەم دەکرد، پێکرا بەشەقامەکانا پیاسە بکەین و بچینە چێشتخانە و یا لە ماڵەکەم پێکرا دانیشین. بەکورتی حەزم دەکرد هەمیشە لەگەڵما بێت، با هیچیش نەکەین. خۆ ناتالی تەنها هێمنی و ئەڤین و حەوانەی نەدەدامێ، بەڵکو ئیحساسێکی نوێی تیا دروست دەکردم. وەکو ئەوەی کە هەمیشە بەرەو ڕووی خۆم ببمەوە و بەرەو خودی خۆم بڕۆم. هەمیشە هەستی نوێ، لە ناوەوەم چەکەرەی دەکرد. لە سەرووی هەمووشییەوە، هەستم دەکرد ناتالی سێبەری خۆمە و بەرامبەر بەخۆرنشینم و هەر هەندە نابات سێبەرەکەم کاڵ دەبێتەوە لەگەڵ تاریکیی ئێوارەدا ئاوێتە دەبێت و دەتووێتەوە. دەتووت گوڵێکی تەمەن کورتە و هەرهەندە نابات دەژاکێ و بەدیار پەڕە زەرد هەڵگەڕاوەکانییەوە دەبێ دۆش دابمێنم. زۆر کەم ڕووی دەدا پڕاوپڕم هێمنی و خۆشەویستی بێت. عەسرانی وا زۆر کەم ڕووی دەدا، بەتایبەت وەک ئەو عەسرەی کە بۆ یەکەم جار، لە تەنیشتم دانیشتبوو و ئەو دانیشتنە هەردووکی خاو کردبووینە و دەستم بۆ قۆپچەی سەرووی کراسە لە خم هەڵکێشراوەکەی برد و بەدوو پەنجە ترازاندم، پاشان قۆپچەی دووەم و دوا بەدوای ئەوەش زۆر لەسەرخۆ قۆپچەکانی دیکەم دەترازاند. ئەمە یەکەم جار بوو دەستم بەر قۆپچەی کراسە ڕەشەکەی بکەوێت، دەتووت لاسکی ڕووەکێکی ڕەشی زل هەڵدەدەمەوە و لە گوڵێکی ئەفسانەیی دەگەڕێم، بەترازاندنی هەر قۆپچەیەکیش شەپۆلۆکۆیەک لە بۆنی ئەو لەشە فێنکە هورووژمی نهێنی بۆ دەهێنام. ئا لەو کاتە حەزم دەکرد کاتیش وەکو لەشمان خاو بێتەوە، خاو بێتەوە تا سنووری وەستان. بۆ یەکەم جار سینەیم بینی ئەمە یەکەمین سینە بوو لە هەر هەموو ژیانما بیبینم.

سینەیەک بوو سپێدە تیایا چاوی دەکردەوە، حەوزاو بوو ماسی تیایا حۆل دەبوون. بەڵێ! بینینی سینەی کیژێک هەمیشە هەر بەیەکەم و هەوەڵین بینین دەژمێردرێت. هەموو ئەزموونێک لە ژیاندا، تێکهەڵکێش و تەفاعول و کاریگەریی لەگەڵ ئەزموونەکانی پێش خۆی دەکات، تەنها ئەزموونی عیشق نەبێت، لەسەر یەکتر کەڵەکە نابەستن و توێژ لەسەر یەکتر ناگرن و لەسەر یەکتریش کۆنابنەوە و تێکهەڵکێشی یەکدیش نابن. ئەم ئەزموونانە هەرگیز نابنە کۆ ئەزموون، بەڵکو هەمیشە هەر دەگمەن و تاک و هەتیوون. عیشق هەمیشە تاقانە و بەتەنهایی دەمێنێتەوە. عیشق درەختی زۆرە، بەڵکو دارستانی عیشقیش هەیە، بەڵام هیچ درەختێکی بەیەک ناکات و هیچ مێوەیەکیشی هاوچەشن و هاوشێوەی نییە، بۆیە هەمیشە لە دەشتاییەکانی عیشقدا هەمیشە هەر غەریبین، هەمیشە بێکەس و بێ مەئواین، هەمیشە هەر لە کونجی تاریکی داین، هەمیشەش ژوانمان لەگەڵ ئەسریندا هەیە. عیشق مەملەکەتێکی تاکە، هەست دەکەین تاقانە و فڕێ دراوین و هەنسک لەشمان دەپیوێ و لە مەنزڵی ڕاستەقینە دەگەڕێن.

پەنجەکانم لە مێوانی سینەی بوون، پەنجەی شایەتمانم بەرەو لووتم برد، بۆنێکی ماددی لە هەردوو کوونە لووتمەوە سینەی بۆندار کردم، لەززەتێک بوو تا تخووبی پژمین، حەزێک بوو لە پاڵ حەسرەتێ، دەتووت ئیتر ئەم دەستە هی خۆم نییە، دەستی ڕووناکییە و لە هەرێمەکانی خەیاڵەوە پیرۆزبایی لێ کراوە، سپی هەڵگەڕا بوو، دەمبینی چۆن زەنگوڵ زەنگوڵ عەتری لێوە دەتکێ، ئای کە سەرخۆشی دەکردم! هەروەها ترسێکی جەهەننەمیش مێشکی داگیر دەکردم، هەمیشە لە پاڵ ئەم لەززەتە مەزنانە، ترسێک دەچۆڕییە نێو کەلێنەکانی وجوودم و بێ بایەخی بوونمی لە لا دەبووژاندەوە هەتاوێک بوو لەودیو گەلا کەسکە وردەکانەوە ئاوا دەبوو، گومانی لە لا دروست دەکردم کە جارێکی دیکە هەڵدێتەوە. بەرامبەر بەسروشت منداڵێک بووم تەنها بڕوام بەو شتانە دەکرد کە وجوودیان هەبوو.

بڕوام بەو شتانە دەکرد کە لە پێش هەستەکانم هەڵدەتووتان. دەروازەی نەستم کڵۆم داخرابوو. سەرەتای ژوانەکانم هەمیشە ڕچەیەک تاریک بوو، ڕچەیەکی باریک بوو هەمیشە بەرەو کۆتایی دەیبردم. چ عەشقێکی دەم داخراو بوو؛ چەندیش فراوان بوو. چەندێ دژواریی و دژایەتی لە دەورم کۆدەکردەوە!! عیشق بوو وەکو فوارەیەک دژایەتییەکانی وجوودمی تووڕ هەڵدەدا.



هەمیشە و هەمیشە، ئای کە وشەیەکی قوڕس و لەش بلحە. ئەم وشەیە باگراوە، ئاوسە، توێژبەندە و هاوسەنگیی غەمی عیشقی دروست دەکرد. بۆیە هەمیشە کە ناتالی دەهات، موچڕکێک لەشی هیشک هەڵدەگەڕاندم تەزوویەک بوو لە بڕبڕەی پشتمەوە دەهاتە خوارێ و لە نووکی پێمدا پەنگی دەخواردەوە، بۆیە هەمیشە خۆم دەبینییەوە بەتەنها، لە ژوورەکەم دام. بێزار و سەرسام، سەرسام و سەودا چێژم لە هیچ شتێک نەدەبینی، تەنها هەر ئاوم دەخواردەوە، یا ئەوەتا شەرابی (کۆت دوو ڕۆن)، مەگەر تەنها هەر ئەو هەتوانە خومارییە بووبێت، گەرمای هەتاوی ڕەزەکانی بۆ نێو هەناوم گوازتبێتەوە و گەرمایی گشت ئەو بنارانەی بۆ گوازتبێتمەوە کە بەرامبەر بەهەتاوی گەلاوێژ و خەرمانان، ڕەشاییەکی باینجانی دەبەخشییە گشت ئەو بۆڵە ترێیانەی کە لەژێر گەڵامێوەکانن و وردە وردە پێدەگەن و شیلەیەکی شیرینیشیان تیا دەزا؛ هەر ئەو شیرینییەشە کە دەبێتە دایکی تامێکی کەمۆکەیەک تاڵ و تێکەڵ بەبۆنی تەختەی بەرمیلە زلەکان دەبێت و لە هەمووشییەوە بۆنی هەڵووژەیەک کە زۆر بەئاستەم تا کونە کەپوو بەرز دەبێتەوە. ڕۆحێکی زیندوو دەیبزوێنێ. ڕۆحی هەتاوە و دژ بەشیرینی دەجەنگێ. ئەنیشکم لەسەر مێزی باڕی (لیۆن دۆر) دادەنا و دوو دیسی دوو دیسیم دەخواردەوە دەروازەیەک بوو دەکرایەوە...

هەر بەدوو پەنجە لایەکی کراسەکەیم لادا، دوو مەمکی تورت دەرکەوتن. لە هەققەت جووتێ مەمکۆڵە بوون، وەکو دوو قومری کێوی، وەکو دوو هەرمێی بنارەکان، گۆپکەکانی کەمۆکەیەک بەرەو سەرەوە بەئاستەم بەرزبووبووەوە، بەدوو دەنووکی پەمەیی ڕەنگی قومرییەکانیان دەکرد، حەزم دەکرد هەر بەلێوان ماچی بکەم، هەر بەلێوان گازی لێ بگرم، گەرمییەکەی بخۆمەوە. دەوری گۆپکەکەش بەئاستەم ڕەنگی پەمەیی هەبوو، بەئاستەم خاڵی تۆختر، وەکو دڵۆپە ڕەنگی فڵچەی لێزانێکی بلیمەت، بەجۆرێ ئەو ڕەنگانە لە نێو عەففەوییەت و لێزانییەوە بپرژێنێتە سەر تابلۆکەی، ئا ئاوها دەوری گۆپکەی مەمکۆڵە تورتەکانی دابوون بەیارێکی نمەکی بوو بۆ شەیدایەکی تەنها. هەر بەو گردانە دەچوو کە گلکۆ و مەزاری شەخسێکی لە دووتۆ حەشار درابێت، بەسڕ و نهێنی و ئەفسانە دەور درابێت، بەو گردانە دەچوو کە خەیاڵی میللی ئافراندبێتی و خەیاڵئامێز، بەخشڵ و گەنجینەی شاراوەی ناو گۆزە و جەڕەی بەڕەشمار دەوردراو. چ پانتاییەک بوو بەرامبەر بەبینینم دەکرایەوە، ڕۆشنبینی دەکردم، ئەمە ئیشراقی حەقیقی لەش بوو، بەرامبەر بەگومڕایی من هەڵدەهات چ لەززەتێک بوو لە نێو تاریکستانی ئەشکەوتە لەبن نەهاتووەکانی جەستە دەدرەوشایەوە، چ ئاقیقێکی ڕاستەقینە بوو، ئاماژەی بۆ ئافەتیش

دەکرد. چ سەرچاوەی خەیاڵێک بوو، چ تەڕاییەک بوو هەموو تەمەنی هەرزەکاریی دەکردە یەک دوو تنۆک و لە قووڵایی بوونمدا فیچقەی دەکرد و وەکو فوارە و تەوژمی هەستی ناوەکی دەورووژاندم.

ناو لەپی دەستی ڕاستم خستە ژێر مەمکی چەپی، بەهێواشی بەرزم کردەوە، تەزوویەک وەکو بروسکە جەستەی هەژاندم، لەززەتێکی تاریک بوو، جەستەی سیخناخ کردم. قەد بڕوام نەدەکرد، عەسرانێکی هەندە هێمن، ئەم تیشکە هەندە بەرێژنە ببارێتە سەرم. ئەو ڕۆژە هەستم کرد کە ئاسۆی لەش هەڵدێت و شکۆفە دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەو هەژانە، ناتالی دەستی بۆ کراسەکەی برد و دەستی کرد بەپێوەدانی قۆپچەکان، لە خوارەوە بەرەو سەرەوە پێدا هات. منیش سەیرێکیم کرد و وتم:

– دەزانی دوو مەمکۆڵەی زۆ شەنگت هەن؟

لەسەر ڕوخساری هەستم بەهیچ ئاماژەیەک نەکرد. وام هەست کرد کە بڕوام پێ ناکات، هەڵسایە سەر پێ و وتی:

– دەبێ بڕۆم. دەرزم هەیە دەبێ بگەڕێمەوە ماڵ.

ئەو تەزووە ئۆخژن بەخشە یەکسەر کوژایەوە و وەکو مۆمێکی داگیرساو وابوو بکەوێتە زەلکاوێکەوە. هەستم کرد کە ساردییەک جەستەی داگیر کردم. دەمار گرژییەک بوو تا تەوقی سەرم بەرزبووەوە. ئەمە دوا سنووری بگرە و بەردە بوو. هەستم کرد لەشم لەژێر دەستم دەترازێ و خۆی ڕادەپسکێنێ. توڕەییەک بوو نەمدەوێرا دەریخەم، حەقیقەتێکی ناوەکی خۆم بوو نەمدەویست ئاشکرای کەم، پەنگی دەخواردەوە.

گومانم لە گشت ئەو لەحزانە کرد کە ڕوویان دا، ئاگرێکی لەززەت لە نێوان هەڵایسان و کوژانەوەدا بوو، وەکو لە پڕێکدا ئەسپێکی چەمووش لغاوبکرێتەوە، بەتووڕەییەوە:

– بۆ دەڕۆیتەوە؟

ناتالی زۆر لەسەرخۆ بەرەو دەرگاکە دەڕۆیشت و دەستی بەدەسکی دەرگاکە کەوت و سەیرێکی کردم. چ سەیرکردنێکی سارد بوو، چ کوژانەوەیەکی لێوە دەتکا! پڕی لە قسە بوو، قسەی بێ وشە، بێ پیت قسەی پشتی قسە بوون. باشە بۆچی ناتالی وام لێدەکات؟

– نا نا، ئاخر دەبێ بڕۆم.

دەرگای لە دوای خۆی داخست و منیش بەتەنها، لە دووریی چەند مەترێک



ڕاوەستابووم. قەدەرێک بەڕاوەستاوی مامەوە. سەیری ژوورەکەم کرد. تیشکی هەتاوی دەمەو ئێوارە لایەکی ڕۆشن کردبووەوە. تا هەتاویش نەیتوانی ئەو ژوورەم بۆ فراوان بکات.

گەیشتبووینە بەر دەرگای ماڵیان. دەستی بۆ جانتا ڕەشە بچووکەکەی برد و کلیلێکی لێ دەرهێنا. دەرگاکەی کردەوە. ئەمە یەکەمین جار بوو بچمە ماڵیان . سەرەتا چووینە ساڵۆنەکە، لە سووچی ساڵۆنەکەش بارێک هەبوو، دەیەها شووشەی ئەلکۆلی تیا داندرابوو: جین، مارتینی سوور و سپی، فرێر ئەنجەلیکا، پاستیسی مەحەلی و ئەوەی لە باشووری فەرەنسا دەگیرێتەوە، سی و چوار جۆرە ویسکی، کۆنیاک، شەرابی بۆردۆ و ریۆخای ئیسپانی... کەمۆکەیەک سەرنجی شووشەکانم دا. وتی:

– ئەم شووشانە باوکم کڕیوێتنی، هەرچەند زۆربەیان زۆر کۆنن و وەختیان بەسەر چووە، بەڵام دەی... شتێک ناخۆیتەوە؟

– با، ئەگەر جین هەبێت.

لە بارەکە نزیک بووەوە و ملی شووشەیەکی گرت و هێنای. لەسەر ڕەفەکانیش دوو بادەی هێنا و دوو بادەمان خواردەوە. نیوەی شەو تێپەڕیبوو. هەردووک لەسەر تەختە یەک نەفەرییەکەی ئەو خەوتین. ئەو قاتێ بیجامەی تەخت سپی خاڵخاڵی کردە بەر. حەزم دەکرد ئەو شەوە تەنها هەر بۆنی بکەم. بۆنی قژیم دەکرد، بۆنی پێستەکەیم دەکرد، بۆنی لەشیم دەکرد. دەستیم دەگووشی، دەستە بچووکەکەی وەکو باڵندەی ئاویی وابوو، هەندێ جار خۆی لێم ڕادەپسکان. منیش هەر بەبۆن دەمناسییەوە و دەمدۆزییەوە و دەمویست دەستەمۆی بکەم. کاتێک دوو دەست لە یەکتر دەئاڵێن، لەگەڵ یەکتر دەدوێن، دەچنە دیالۆگی بێ بنی زمانەکانی لەشەوە، تووڕە دەبن، لە یەک دەتۆرێن، ئاشت دەبنەوە، شێدار دەبن، خاو دەبنەوە، درژ دەبن، جارێکی دیکە خاو دەبنەوە، دەنوون؛ نووکی پەنجەکان لە خۆشیدا تووشی شاگەشکە دەبن. هەر پەنجە و شەخسییەتی تایبەتی خۆی دەدۆزێتەوە. ناو لەپیش دەبێتە گۆڕەپانی پەنجەکان، شتی لەناو تۆمار دەکرێت، شتی تیا تەفسیر دەکرێت، لەو بەیارە خەونیش مەزنترین شاژنە لێی ڕادەکشێ، خەتەکانی ناو لەپ بەرەو ئیحتیمالی جۆراوجۆر دەچن، خەتێکە تا لێوارەکان دەڕوات و ئینجا بەرەو خەرەند شۆڕ دەبێتەوە، خەتێکی دی، ئەمەیان هی تەمەن درێژییە و لە پڕێکدا لە ناوقەدا دەپچڕێت و کەرت دەبێت، ئەوەیان هی ئەڤین و عیشقە، لە تەنگەڕێیەکان تووشی هەلاکەت دەبێت و لەگەڵ

تەختایی ناولەپ دێتە یەک ئاست و ئیتر ناخوێندرێتەوە، هێڵی خەونیش لە حاشییەی ئیبن سیرین گیر دەبێت، یەکێکی دیکە یەکبڕ دەڕژێتە ئەوی دیکەوە. ناولەپ کارەکتەر و شەخسییەتی ئینسانە. نازانم ئایا ئەو شەوە بەنووکی پەنجە گشت خەتە نهێنییەکانی ناولەپی ناتالیم کەشف کرد یا نەء، بەڵام سیاحەتێکی ئەفسووناوی بوو! چ دنیایەک بوو، چ دنیایەکی ئاڵۆزکاو! ناو لەپی بەدارستانەکانی ئەمازۆنی دەکرد، زوو شێدار دەبوون، کەسک دەچوونەوە، خەتەکان وەکو جۆگەلەی زیوین وابوون، جریوەیان دەهات، باڵندەی سیحر و جادوو دەهاتن ئاویان تیا دەخواردەوە، پەڕەکانیان لەو قەراغانە بەجێ دەمان. ئۆتۆکتۆنەکان، واتە دانیشتوانە ئەسڵییەکان دەهاتن و بەرامبەر بەو پەڕە سیحراوییانە ڕادەمان و هەڵیاندەگرت و لێی ڕادەمان و لەگەڵ یەکتر دەکەوتنە گفتوگۆ، لە تیلی کڵاوەکانییان دەیانچەقاند. مێژووی ئینسان و پەڕی باڵندە دوورودرێژە، ڕەچەڵەکێکی میتافیزیکی هەیە، هەر بۆیە ئەوانیش دەستی سیحر و جادوویان لێ دەوەشێنرا، حەزیان دەکرد فڕین نغرۆ بێتە خەونەکانییانەوە. بەناو ڕچە و کۆڵانە کەسکەکانی دارستانەکانا ڕەوتیان دەکرد و هەندە سووک دەبوون، ئەوانیش پڕ ئێسقانەکانیان با دەبوو، ئاگریان دەکردەوە و تەنها هەر بۆ ئەوەی لەو بڵێسەیە ڕابمێنن و بەس. مەبەستیان نەپەرستن بوو، نە خۆ گەرمکردنەوە، ئاگریان بۆ دڵخۆشی ئاگر دەکردەوە ئێوارەیەکی سەنگینە کۆڵانەکانی ئەمازۆن، نە ڕۆژ تیایا ئاوا دەبیت، نە ڕۆژ تیایا هەڵدێت، لە کڵاوڕۆژنە بڵندەکانیشەوە، هەناسە دەدەنە زەمین.

باش دێتەوە یادم، ئەو شەوە تۆزقاڵێ خەو نەچووە چاوم، چونکە خەونم دەبینی... هەموو لەشم بووبوونە دوو دەست و هەردوو دەستیشم بووبوونە هەستێ. دەستی خۆم و دەستی ئەو هەر هەموو ئەو ڕۆژە لە دەستی خۆم ڕادەمام، هەندە لێی ڕامام، نەست چەکەرەی تیا دەکردم، ئیتر بەدەستی من نەدەچوو، دەستی یەکێکی دیکە بوو، دەتوت موبارەک بووە، دەستم سەوز هەڵگەڕابوو. ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو ڕووەکێک لە ماڵەکەم زۆر بەئاسانی شین دەبوون، نابووتترین ڕووەک سەوز دەبوو، لقە (میزێز)ەکە تەنها هەر لە ماوەی یەک هەفتەدا، لەسەر ڕەفەی مەتبەغەکەمەوە تا سەر مێزی نانخواردن شۆڕبووەوە، گوڵی سپی دەگرت، ناچار بووم لقە چەمووشەکانی ببڕم، ئەگینا لەسەر مێزی نانخواردن جێگای کاسە و کەوچک نەدەبووەوە. هەندێ لق هەبوون، بەبێ ئاگای من لە پشت دەرگاکەوە دەکەوتنە سەر فەرشەکە، یەکەمجار چاوم بەو گوڵە سپییە وردانەی سەر مافوورەکە کەوت وامزانی هەر هی فەرشەکە خۆیەتی، پاشان زیاتر دیقەتم دا، نیگام بەرەو ژوور هەڵگڕا، لەگەڵ



لقەکەیان بەرز دەبووەوە و تا ئینجانەکەی سەر ڕەفەکە؛ دەستم کرد بەپێکەنین. لە ڕاستیدا بەهیچ جۆرێ بەڕووەکی نەدەکرد، هەر کتومت بەئاژەڵێکی سەوزی ڕەوکین دەچوو. بێ بۆن بوو، بەڵام سەوزێکی هەندە تێری هەبوو لەززەتی دەبەخشییە بینین.

بەیانی زوو لە خەو هەڵسام. ناتالی تا بەر دەرگا لەگەڵما هات و خواحافیزی لێ کردم.

ئەو ڕۆژە زۆر دڵم خۆش بوو. هەستم کرد بەشێکی جەستەم نوێ بۆتەوە، نەخێر ڕۆحم بوو لە ڕووباری ئەردەن هەڵکێشرا. نەمزانی ئەو ڕۆژە کات چۆن تێپەڕی، هەستم بەبوونی کەس نەدەکرد، هەستیشم دەکرد هەندە شەفاف بوومە، کەسیش هەست بەبوونی من ناکات.

دەتوت لە تیشک دروست کراوم. کاتێک لە ئیش گەڕامەوە، بەسووکی و بەخێرایی، تا نهۆمی دووەم هەر بەغاردان سەرکەوتم.

پیرەژنە هاوسێیەکەم بینیمی، بڕوای نەکرد ئەوە منم، پیرەژنێکی کلۆڵی ناوچەی ئەڵمانیزمان بوو، هەندە نەبوو پیرەمێردەکەی کۆچی دوایی کردبوو، دەموچاویان، دەیەها چرچولۆچی جۆراوجۆرە ڕوخساریان خواردبوو. ڕۆژێک پێی وتم (چۆن دەتوانی هەمیشە وا دەم بەخەندە بیت). چوومە ژوورەوە و پەرداخێ ئاوم خواردەوە، هەستم دەکرد ماڵەکەم دیواری نییە، هاوسێیەکانی خۆم دەبینی. خانووەکانی ئەو بەر جادەکەم دەبینی، خەڵکم دەبینی لە مەتبەغەکانیان دانیشتوون و خەریکی چێشت لێنانن، خەریکی قسەکردنن، هەندێکیان سەیری تەلەفزیۆن دەکەن و هەندێکیان خەریکی ڕاموسانن... ئەرێ ئەوەی کە من دەیبینم دەبێ ڕاست بووبێت؟

بەڵام هەر بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ تەلەفۆنم بۆی کرد و پێشنیاری ئەوەم کرد کە بەیەکەوە بچینە دەرەوە، بەڵام ناتالی لە تەلەفۆن، بەدەنگێکی زۆر نوێترال وتی:

– نا نا، ناتوانم، سەعیم زۆرە.

ئەم ( نا نا)یەم زۆر لەلا سەیر بوو. زۆر (نا نا)یەکی قەتعی بوو. باشە دوێنێ ئێوارە، دوێنێ شەو هیچ شتێکی ناهەموار ڕووی نەدا!

نەخێر، هەست ناکەم هیچ شتێک ڕووی دابێت. باشە بۆچی لە پڕێکدا ئەو (نا نا) سەیرانەی لێوە پەیدا بوو. وەڵامم چنگ نەدەکەوت.

بیرکردنەوەی سەیر مێشکی داگیرکردم. ئەو ئێوارەیە نەچوومە دەرەوە. دەستم کردە

تابلۆکێشان. ئەو ئێوارەیە بوو، دەستم کردە کێشانی پۆرترێتەکە. زۆر بەخێرایی دروستم کرد، فڵچەکانم زۆر بەتوندی و بەتوڕەییەوە ڕادەوەشاند. سەرەتا دوو چاوم کرد، دوو چاوی بادەمییانە، برژانگەکان گەیشتبوونە ئەو لاو ئەولای تابلۆکە. ئەمە یەکێ بوو لەو بزاوتانەی کە وزەیەکی تایبەتی بەخشیبووە تابلۆکە، چونکە هەر سەیری ئەو تابلۆیەت بکردبایە، خەیاڵی شتی دیکەت دەکرد کە من نەمکردبوو، چونکە ئەو تابلۆیە دژ بەچوارچێوەی خۆی شەڕی دەکرد. ئەمەم بەدەستی ئەنقەست نەکردبوو، بەڵکو هەستێک بوو کە جوانیی چاوەکانی پێی بەخشی بووم.

جوانییەک بوو، سنووری نەبوو، تەجاوزی من و تابلۆکەی دەکرد. شتێک بوو سەرم لێی دەرنەدەکرد. وا بزانم لە کێشانی ئەو تابلۆیە، هەوڵێک خۆی بەیان دەکرد، ئەویش ڕەنگە ئەوە بوبێت کە دەست بەسەر ئەو جوانییە بگرم و سنوورێ بۆ دژایەتییەکانی دانێم. پاشان لە ناوەند، لووتێکی باریک شۆڕ دەبووەوە و سەر دوو لێوی باریک، کە هاوتەریبییان لەگەڵ برژانگ و هەردوو ئەبرۆکە دروست کردبوو. بەهیچ تەرزێ لەو تابلۆیە نەرمونیانی و نەرمونۆڵی هەستی پێ نەدەکرا و مومکینیش نەبوو ئەو تابلۆیە بەو جۆرە بخوێندرێتەوە. قژەکەی وەک بڵێسە وابوو، قووڵیی و ترسی دەدایە نیگا. ڕوومەتیش وەکو نەبێت وابوو. لە هەقیقەتیشدا، ڕوخساری ناتالی زۆر ورد و باریک بوو، ڕوومەتی قوپاو نەبوو، بەڵکو ڕوومەتی نەبوو. پاشان گەردنێکی تەنک، ئەگەر مێوژی ڕەشی قووت دایە، هەستی پێ دەکرا؛ جووتێ گوارەی زیوینی ناسک بەملا و ئەولادا شۆڕ بووبوونەوە. پشتەوەش لە نێو ڕەشایی و هەندێ جاریش سەوزێکی زۆر تێر، ڕووناکی دەبەخشییە ڕوخسارەکەی. جلوبەرگ: هیچ. تەنها هەر شەڕە ئاگری فڵچە بوو. شەڕێک بوو لە نێو ڕووتایەتی و ڕەنگ.

تابلۆکە زۆر گەورە نەبوو، بەڵام هەر بەسەیرکردنی هەستت دەکرد بارستایی هەیە، قورسییەکی قەستیلانەی هەبوو. بێگومان ئەم ئیتیباعە سەرئەنجامی ڕەنگی تێر و تێکشکانی ئاراستە ڕەنگییەکان و جۆرە توندڕەوییەک لە نێوان پانتایی و شوێنی پڕ بووەوە.

بەتاڵی، بەمانای (زەن)ەکەی موتلەقەن وجوودی نەبوو. ئەو بەتاڵییە پێویستانەی کە لە تابلۆ ڕۆژهەڵاتییەکاندا هەن. لە ڕوویەکیشەوە ئەگەر سەیرت بکردبایە دەتوت بارسەنگایی تێکچووە.



کاتێک تابلۆکەم تەواو کرد، لەشم سووک داهات. دڵم زۆر خۆش بوو، بەڵام خەمێک بەسەر نووکی دڵم قەتیس مابوو. لەسەر قەراغی پەنجەرەکە دامنا و گەڕامەوە دواوە و سەیریم دەکرد. بەلاچاو و بەتیلی چاو لە تەنیشتەوە سەیریم دەکرد. پشتم تێی کرد و ئینجا ئاوڕم لێی دایەوە. دەمویست لە گشت سووچەکانەوە بیبینم بۆ ئەوەی بزانم چۆن و چیم پێ دەڵێ! ئیمزام نەکرد و مێژووەکەیم تۆمار نەکرد. عەسرانێک، لە کاغەزێکی ڕەنگاوڕەنگ پێچیمەوە و خستمە ژێر باڵم و چووم و لەپێش دەرگاکەیان دامنا. بەبێ ئەوەی لە دەرگا بدەم، بەبێ ئەوەی تەلەفۆنی بۆ بکەم، ئەم ڕێگایەم بەباشترین ڕێگا زانی بۆ ئەوەی خۆشەویستی خۆمی بۆ ڕوون کەمەوە.

ئاخر چ بڵێم! زمانم لە گۆ دەچوو، هێزی ئەوتۆشم شک نەدەبرد کە بەقسە، بەقسەی ئاسایی تەعبیر لەو خۆشەویستییە بکەم. چی بڵێم ئاخر! (خۆشتم دەوێ، هەتا ماوم وەفاداری عیشقت دەبم، تۆ بتی منیت و لە پەرستگای ئەڤینی من دای؛ ڕۆحەکەم... گیانەکەم... چاوەکانم، خۆشتم دەوێ، کچێ تۆ نازانی چەنێ عاشقی جوانیی تۆم؟) هتد. ئای کە هەستم دەکرد کە زمان کەساسە و چوارچێوە ئادەمیزادییەکەی بەرتەسک و کەم مەودایە. عیشق دژ بەزمان ئیش دەکات، بەبێهێزترین عیشق زمان بەرامبەر تەنها هەر کەچەیەکی نابووتە. بۆ ئەوەی باسی عیشق بکرێت، دوو ڕێگا هەیە. یا ئەوەتە بەفڵچەی دەستێکی نامۆ، تابلۆیەک دەکەی کە بوار فراوان بکا و بینین داوەت بکا، یا ئەوەتە بێ دەنگ دەبیت. بێدەنگیش مەزنترین زمانی عیشقە کە خاوەنەکەی هەمیشە بەرەو فەتارەت و هەلاکەت دەبات.

ئەو ئێوارەیە نایابترین ئێوارە بوو، بەڵکو هەموارترین کات بوو بۆ ئەوەی ئەو تابلۆیەی تیا بکەم، چونکە تازە بەتازە دەستم لە ئاهەنگی سیحر گەڕابووەوە، ئەو هێزەی کە ئەو شکی دەبرد، من نەمبوو، دەسەڵاتی دەستم لە دەسەڵاتی عەقڵ و شعوورم زیاتر بوو.

دوای چەند ڕۆژێکی دیکە، تەلەفۆنی بۆ کردم. هەستم کرد لە خۆشیدا شاگەشکە دەبێت. بەڵام سوپاسی کردم و هیچی دیکە دەزانم بۆچی زۆری بەدڵ نەبوو، چونکە تابلۆیەکی جوان نەبوو بەمانا باوەکەی، پۆرتریتێکی ئاسایی نەبوو، بۆ ئەوەی خاوەنەکەی دڵخۆش کات. ئامانجی ئەم تابلۆیە بەهیچ جۆرێک بۆ خەنی کردنی چاو نەبوو، بۆ ئەوەش نەبوو وەکو دیکۆر لە سالۆن هەڵبواسرێت. ئەمە لە ڕاستی نامەیەک بوو، دەبوایە، دوای بینین و خوێندنەوەی لە شوێنێکی تاریک و دوور لە چاوان دابنرێت. چونکە دەماری

بینەری گرژ دەکرد، توندڕەوییەکی تیایا دروست دەکرد، کەمێ خەمۆکی دەکرد و وجوودیش لە پێش چاوی ئەو کەسەی کە سەیری بکردبایە، قوڕس دەبوو، هەندە قوڕس دەبوو، وای دەزانی بوون بارستاییەکە و لەسەر ئەستۆی دایە.

دیارە ناتالیش قەدەرێک لە ژوورە بچووکەکەی بەدیارییەوە ڕاوەستاوە و پاشان کێ نالێ ڕەنگبێ، لە شوێنێکی وا شاردبێتییەوە بەمەبەستی ئەوەی کە جارێکی دیکە نەیەتەوە یادی و بۆ هەتاهەتاش نەیبینێتەوە.

زۆر جار بیرم لەو تابلۆیە دەکردەوە. دەبێ مابێ دەبێ فەوتابێ؟ بۆیە لە دوا دیتنی ناتالی. مەبەست لە دوا ئێوارەکەیە، هەردووک لە سالۆنەکەی ئەو، لە ئەپارتمانەکەی شەقامی لۆزان، لەسەر قەنەفە چەرمەکە دانیشتبووین، کاتێ کە هەڵسا بۆ ئەوەی ئەلبوومەکەی سەفەری نیپال بهێنێ، نازانم چۆن بوو. تابلۆکەم هاتەوە یاد و لێم پرسی:

– ئەرێ ناتالی، تابلۆکەت دێتەوە یاد، ها ئەوەی کە لە شەقامی مادلێن کێشابووم، مەبەست لە پۆرترێتەکە، خۆ دەزانی کام تابلۆ؟

– ئاآآآآ..... هێشتا هەر ماوە.

بەڵام هەر لەو ئانەوە ئیتر کەوتمە گومانەوە؛ هەستێکی مەیلەو سارد توزقاڵێک تەبیعەتی شێواندم ڕەنگیشە هەر زۆر زوو، ڕەنگبێ هەر دەمەودەست، هەر دوای ئەوەی سەرنجی داوەتێ و کلێپەیەک لە عیشقی سیا بەرەو ڕووی بۆ چرکە ساتێکی ڕەش داگیرساوە و چاوەکانی داخستووە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاوە و حەزی نەکردووە جارێکی دیکە چاوی بەو تابلۆیە بکەوێتەوە. چۆتە بەر پەنجەرەکە و لە پشتەوەش، تابلۆکەی بەدوو دەست گرتووە و پاشانیش بەبێ ئەوەی جارێکی دیکە سەیری کاتەوە، فڕێی داوە. بەڵێ فڕێی داوە، نەخێر بەڵکو تورِی هەڵداوە. بەڵام ئایا بەوردی سەیری ئەو تابلۆیەی کردووە؟ ئەمە پرسیاری ڕاستەقینەی هونەرمەندانە، هەست دەکەن کەسیان دەس ناکەوێ بۆ ئەوەی بەتەواوی سەیری تابلۆکانیان بکەن! یا ئەوەتا تابلۆکانیان ببینن. چ پرسیارێکی پڕ لە عەنتەریاتە: ئایا لە چاوی منەوە تەماشای خۆی کردووە؟ ڕەنگبێ! ڕەنگبێ! لەسەر مێزی سالۆنەکە دایتابێ و لە دوورەوە تێی ڕوانیبێ و لە دڵی خۆشی وتوویێتی: (ئا ئەمە منم؟ خۆ ئەگەر بێت و ئەمە بیچمی من بێت، بۆچی دەبێ ئەوم هەندە سەوداسەر کردبێت؟ نازانم، بەڵام زۆرجار دەنگێک، نازانم لە کوێوە دێت و دەخزێتە دەروونمەوە و پێم دەڵێ ئەو کوڕە تۆی خۆش ناوێ؛ تەنها هەر گراوی لەشم بووە. ئەوانەشی



تەنها هەر گراوی لەش دەبن، تەنها هەر بەتام کردن و خواردنەوەی شیلە و چۆڕاوکەی ئەو لەشە، ئاگرەکەی ناخیان دەکوژێتەوە و لەشە گڕگرتووەکەی منیش سارد هەڵدەگەڕێ و وەکو خۆڵەمێشی ساردبووەی لێ دێت) بەڵام کێ دەڵێ ئەم شتانەی بەخەیاڵا هاتووە. کێ نالێ... ڕەنگبێ هەر بەلاچاوێک تەماشای تابلۆکەی کردبێت و بەس. بەکورتیش بەدڵی نەبووبێت و نەیتوانیبێت بچێتە ناواخنی ئارەزووەکانی منەوە. ڕەنگبێ و ڕەنگبێ... لە هەققەتدا بۆ یەکێکی وەکو من زۆر زەحمەت بوو بزانم لە کاتی تەماشاکردنی ئەو پۆرترێتە چی لە ناخی ئەودا دروست بووبێت! ناتالیی خاوەن هەزار ڕوخسار، هەزاران خەتەرە بەلێواری دڵە بچکۆڵەکەی دەکەوت و ڕادەبورد، هەزاران گومان لە دەوری چاوانی شەوان خەوی لێ دەتۆران.

چوار ساڵ تێپەڕیبوو و منیش هیچ هەواڵێکی ناتالیم پێ نەگەیشتبوو، نەمدەزانی چ بەسەر هات و سۆراغێکم پێ نەدەگەیشت. خۆ هەر دوای ئەوەی لە نیپاڵ گەڕایەوە، بەتەلەفۆن پێکەوە هەندێ قسەمان کرد و وتی (وێنەیەکی زۆرم گرتووە، وێنەی ڕەنگ و ئاو و هەوای ئەو خاکە پیرۆزە و پاکیزەیەم بۆ هەندەران هێناوەتەوە. دەزانی تەنها نیپال تاقە خاکی بێ گەرد و دەست لێ نەدراوە، هێشتا نە بەتوریست و سیاحەتکەران پیس بووە، نە بەبازرگانی... (پێ دەچوو ئەو سەفەرەی زۆر بەدڵ بووبێت، بۆیە دەیوت، دەمەوێ جارێکی دیکەش بگەڕێمەوە ئەو هەوارە. دەیوت مناڵ و هەرزەکانی نیپاڵ بیبەری تیژیان داومەتێ، ئەو بیژبیانە پێیان وتم (ئەمە شکۆلاتەی وڵاتی ئێمەیە، منیش کاتێک نامە سەر زمانم، ئاگری لە دەمم کردەوە).

بەڵام من تاکو ئێستا نە ناتالی خۆیم بینییەوە، نە وێنەکانیشی. حەزیشیم دەکرد، لە نزیکەوە و باسی ئەو سەفەرە ئەفسووناویەم بۆ بکات. ڕێک نەکەوت و یەکترمان نەبینییەوە. پێی دەچوو دنیای پەیوەندییەکەمان لە کاغەز و کارتۆن دروست کرابێت، هەر خێرا، دەڕمانە سەر یەک. زۆ خێرا، شتەکان بەسەر یەکترا دەڕوخان و لە ناوەوە هەپڕوون بەهەپڕوون دەبن. زۆر بەبەرجەستەیی دەمبینی چۆن ئەو دنیایە دەڕمێتە سەرم و هەرەسی زاتیی خۆم بوو و وەکو کەرتە شاخێک بەسەر خۆما غل دەبوومەوە. ئەمە ویست و ئارەزوویەک نەبوو لە ئاگاییەوە دروست بووبێت، لە ڕاستی دا نا– هۆشیاری بوو دەهاتە زمان، منێکی جلەوترازاو بوو کەوتە قسەکردن و دنیا تاریک و تنووکەکانی خۆمی بۆ هەڵدەڕشت. لە ڕاستیشدا، بۆ ئەوەشی نەبێتە بەرگری لە خۆکردن و پاکانە بۆ خۆکردن،

دنیایەکی بودەڵە بوو، کۆبووەوەی پۆخڵەواتی کۆ ناهۆشیاریی بوو. ئا لەو کاتەدا، نا-مێژوو دەهاتە زمان و هەر ئەویش بوو، لە هەققەتدا کۆتایی بەهەموو شتێک هێنا. بەمیوەیەکی کرچم دەکرد و قەدەر بەهێز قەپاڵێکی لێ دابێ. لە گۆڕەپانی ئەو ئەزموونەدا، جێی دوو (من) دەبووەوە. منێک ئارەزوو پاڵی پێوە دەنا و هانی دەدا، بانگەشەی دەکرد، منێکی دیکە دەیویست هەموو ئەو شتانەی کە دروست بوونە بڕوخێنێتە سەر یەک و خاپووری کات. منی دووەم زاڵ بوو، ئەو جڵەوی گرتە دەست و ویستی بەتەواوی فەرامۆشی کات. ئەو فەرامۆشییەش تەنها هەر چوار ساڵی خایاند. چوار ساڵ گەلێ زۆرە، بەڵام ئەگەر بەئازار بپێورێت تەمەنی چاوچووقانێکی هەیە و بەس.

ئەم فەرامۆش کردنە، تەنها هەر بەسەفەرێکی هەتاهەتایی دەبوایە چارەسەر بکرێت. هەتوانێک بوو دەبوایە بدرێتە دەم بای سەفەر.

ویستم بەبێ ماڵئاوایی سەرما و سۆڵەی شاری ژنێڤ و ئەم عیشقە بێ مانایەش بۆ هەتا هەتایێ زیندەچاڵ کەم. مەزنترین سەفەری گۆڕبەگۆڕ بوو، ئەزمون ئامێزترین کۆچ بوو کە لە ژیانم پێی هەڵسابێتم. دواتریش لە هیچ لەحزەیەکی ژیانمدا لێی پەشیمان نەبوومەوە.

ئەزموونێک بوو تەنها لەسەر لاپەڕەکانی ڕابردوودا، بەبەشێک لە ژیان حسێبی بۆ دەکرا، ئەگینا بەتەواوی فەرامۆشم کردبوو.

ژیانی نوێم لە پاریسەوە دەستی پێکرد. شاری ڕووناکیی و ئیلهام. شاری فریشتە و جنۆکە. هەر خێرا پاریسم خۆشویست. شارێکی کۆن، لە قەد دیوار و لە هەندێ بنمیچ، مێژووی کۆناهۆشیاری خۆمم دەخوێندەوە. قەدەرێک لە پەنجەرەیەک ڕادەمام و بەخۆمم دەوت: (دەبێ پێشتر ئەم پەنجەرەیەم لە جێگایەکی دیکە نەبینیبێ). لە دەروازەیەک ورد دەبوومەوە و دەمووت: (ئایا ئەم دەروازەیەم لە کووچەی عارەبان لە تاران نەبینیبێ، یا لە کووچەکانی شێخ عومەر لە بەغدای پایتەخت؟) زۆر جار چمکی خەون و واقیع دەڕژانە هەناوی یەکترەوە و دەئاڵۆزکانە نێو یەکترییەوە. منیش عاشقی و شەیدای ئەم گەمە سیحراوییانە بووم. زۆجار بەتاقی تەنها لە باخچەی لۆکسومبۆرگ، بەرامبەر بەفەوارەکان دادەنیشتم، پیرەژنێکم دەبینی توتکە سەگێکی پێبوو دەیخستە باوەشی تەنهایی خۆی پێ دەڕواندەوە، یا شاعیرێکی فارس دەهات و لەسەر تەختەیەک دادەنیشت و لەسەر پارچە کاغەزێک شیعری بۆ غوربەتی دەهۆنییەوە، یا ئەوەتا پۆڵۆنییەکی قژ زەرد، بەتەماحەوە



دەیڕوانییەوە هێمنی و هاوئاهەنگی ئەم باخچەیە. منیش هەر زۆر زوو ئاشنای ئەو شارە بووم، دەچوومە گەڕەکی باربێس و بەپێ بەپێپلیکانەکانا سەردەکەوتم و دەچوومە بەردەم کلێسای (سەکرێ کوێر) واتە (دڵی پیرۆز) و لەوێیەوە وەکو ڕاسنیاک سەیری پاریسم دەکرد و بەخۆمم دەوت (کێ کێ دەبەزێنێ؟) عاشقی ئەو سەربەستییە درۆزنانەی پاریس بووم، چ کەشخەییەک بوو، دوور لە چاوان و ئازادانە ئێواران بەنووکی قۆندەرەکەم شەقم لە بەرد دەدا و نە کەسم دەناسی و نە کەسێکیش هەبوو بمناسێ. ئا لەو شارەدا، دەمتوانی ئەنۆنیمای خۆم بپارێزم و ئازاد بم. دەسبەتاڵ بەکۆڵانەکانا بەبێ ئامانج پیاسەم دەکرد. منداڵیی خۆمم لە گەڕەکەکانی کەرکووک دەهاتەوە یاد. مەبەستم لەو شارەیە کە تێر عاشقی نەبووم و تێریش تەماشایم نەکرد. بەتەنیشت دوکانە ڕیز بووەکانی سەر ڕووباری (سێن) تێدەپەڕیم وەک بلێیی بەسەر پردی تەبەقچەلیدا تێبپەڕیبێتم. دەچوومە گەڕەکی گەلەرییەکان، زۆرجار نەدەچوومە ژوورەوە، هەر لە پەنجەرەکانەوە سەیری تابلۆکانم دەکرد، تەنها ئەگەر شتێک سەرنجی ڕاکێشامایە، ئینجا دەچوومە ژوورەوە.

هەر تەنها پیاسەکردن بەشاری پاریسدا، ئینسان هەست بەوە دەکات کە بەناو پێشانگایەکدا دەگەڕێ، هەمیشە شتی سەیر و نوێ و سەرنجڕاکێش دەبینرێت.

بەڵام شەش مانگ تێنەپەڕی بوو، جارێکی دیش هەستم بەبێزاریی کرد. وەکو لیمۆیەکی گوشراو خۆم دەبینییەوە، هەستم بەبەتاڵیی زات دەکرد؛ لە گەڕەکە کۆنەکان بەسەر وێنەی جۆراوجۆرا ساتمەم دەکرد و تووشی هێڵنج دەهاتم و بیرم لە شارۆچکەیەکی هێمن و هەوا سازگار دەکردەوە. هەستم دەکرد لە پاریسی شەنگدا کاتەکانم تێدەپەڕن و شتێک بەشتێک ناکەم. شارێک بوو خەریک بوو قووتی دەدام و نغرۆی دەکردم. هەندێ لەحزە هەموو شتە بەهادار و بەنرخەکان بایەخ و نرخیان پووچ دەبووەوە. لە نێو فەزایەکی فراوان، هەستم دەکرد بوومەتە پووشێکی دەم باهۆز.

کۆتایی خەزەڵوەر بوو گەیشتمە بیزەنسۆن. بیزەنسۆن واتە دەفتەرێکی سپی هیچ لێ نەنووسراو؛ ناوی خۆم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان نووسی. کەسم نەدەناسی و کەسیش نەیدەناسیم. لە دڵی خۆم دەمووت، کەواتە دەرفەتی ئەوەم دەبێ بەشێنەیی ئەم دەفتەرە نوێیە لە سەرخۆ پڕ کەمەوە، بەهێمنی و ڕاشکاوییەوە خوێندنەکەم تەواو دەکەم، تا دەروازەی وڵات واڵا دەبێت و دەگەڕێمەوە کاولەکەی خۆمان.

سەرەتا شتەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان بەهێمنی تێدەپەڕین، هەندێ جاریش سەرم لە

پاریس دەدا و لەو ماوەیەشدا، ژاکلینم ناسی، ئەویش قوتابییەکی بەشی تەشکیلی بوو، یەک دوو جاریش بەیەکەوە چووینە پاریس و چەند جارێکیش داوەتی ماڵی خۆیانی کردم؛ لە شارۆچکەیەکی نزیکی بیزەنسۆن بوو. کچێکی میهرەبان بوو، بەڵام جوانییەکی تایبەتی نەبوو، زۆر چالاکانە ئیشی دەکرد و گورجوگۆڵ بوو.

تا پۆلی سێیەم ڕۆژگارەکانم سروشتیانە تێدەپەڕین. وەکو زاهیدێکی هاوچەرخ دەژیام، ئیشی هونەریم دەکرد و چاوەڕوانی زۆر شتیشم نەدەکرد. لە بەشی ناوخۆ دەژیام. بەشی ناوخۆش کەوتبووە گەڕەکی پلانواز؛ بیست سی ئەپارتمانی چوار نهۆمی دەبوون، هەر ئەپارتمانیش لە چوار یا پێنج ژوور پێکهاتبوو، کردبوویانە خانوو بۆ قوتابییان.

ئێوارەیەکی زستان بوو، باهۆزی زاکیرە جارێکی دیکەش هەژاندمی، زستانی تووشی بیزەنسۆنی هەندەی دیکە بلّحاند. ئەو ئێوارەیە لەگەڵ جۆن دانیشتبووم؛ جۆن خەڵکی لیبریا بوو، کابرایەکی کەتە و زل بوو. زۆر شتی لەمەڕ لیبریاوە بۆ باس کردبووم. لە کاتی قسەکردن هەندێ جار تێرمی دیبلۆماسی بەکاردەهێنا. پێی دەچوو کەسێکی نزیک نێوەندە دیبلۆماسییەکان بێت. باسی هەندێ سەفەرەکانی خۆی بۆ دەکردم پێی دەچوو یا ئەوەتە سکرتێری باڵێوزێک بووبێت، یا بۆ ماوەیەک حیمایەی پیاوێکی سیاسی کردبێت. لە پێش شەڕی ناوخۆی لیبریاوە لە فەرەنسا بوو،کاتێکیش شەڕی پاشاگەردانی دەستی پێکرد، ئیتر بڕیاریدا لە فەرەنسا بمێنێتەوە و هەوڵی ئەوەی دەدا کە مافی پەناهەندێتی بدرێتێ و هاوسەر و منداڵەکانی بهێنێ.

پێکەوە لە مەتبەغەکە دانیشتبووین، شەرابی بۆردومان دەخواردەوە. جۆن مەنجەڵێکی گەورەی نابووە سەر ئاگرەکە و مریشکێکی ساغی تێ کردبوو. جار ناجاری قەپاغەکەی سەری هەڵدەدایەوە و بەکەوچکێکی مس، فڕوجاوەکەی فڕ دەکرد و سەری با دەدا و سەیری منی دەکرد: (oh la la que delicieux! = پیییاح کە بەتام و لەززەتە!) کەمێک ڕادەما و فڕێکی دیکەی دەکرد. قەپاغی قووتووەکەی تەنیشتی دەکردەوە و لەناو کیسەیەکی نایلۆن بەهاراتی ئەفریقایی دەردەهێنا و دەیکردە سەر مریشکەکە، بەکەوچکەکەش، فڕوجاوەکەی دەکردە سەر؛ هالاو و بۆن و بەرامەی ئەفریقایی بەرز دەبووەوە، بۆ کەپووی من بۆن و بەرامەیەکی ئێگزۆتیک بوو.

جۆن کەللەیەکی زلی هەبوو، قژی زوو زوو دەتاشی و هەر جارێکیش بیتاشییایە، واتە بەگوێزان سفری دەکرد. بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستا و یەکەم شت ئەوە بوو، گسکەکەی



دەگرتە دەست و ژوورەکەی دەماڵی و هەر بەو بەیانییەش تەلەفزیۆنی دادەگیرساند و زۆر جار بۆ قاوەڵتیش برنج و شلەیەکی ئەفریقایی لێ دەنا و منیش چاو بەخەوەوە بەرەو حەمامەکە دەچووم، دەیزانی بەیانیان تەماحی قاوەڵتی وا ناکەم، بەپێکەنینەوە فەرمووی لێ دەکردم. منیش زۆر جار لە وەڵامدا دەموت: (چۆن، ئەگەر بێت و بەم بەیانییە ئەمە بخۆیت، من بۆ ئێوارێ ناگەڕێمەوە!). ئەویش دەیدایە قاقای پێکەنین.

ئەو ئێوارەیە باسی خێزان و منداڵەکانی خۆی بۆ کردم. باسی ئەوەی دەکرد چۆن بتوانێ دەریانکات و بیانهێنێتە فەرەنسا. منیش باسی ژنێڤم بۆی دەکرد، باسی هەڵاتنەکەی خۆمم بۆی کرد و پێم دەوت: (چۆن، لە شاری ژنێڤ ڕزگارم بوو!!) هەندێ بەسەرهاتی خۆمم بۆ دەگێڕایەوە و باس هاتە سەر ئەم چیرۆکەی کە ئێستا خەریکم دەیگێڕمەوە: حەکایەتێکی بێ مانا و هەستیشم دەکرد شتێکی بێ کەڵک بەڵام پێویست ڕووی دا. بەنەبرەیەکی زۆر درامیی چیرۆکەکەم دەگێڕایەوە، لە هەقیقەت چیرۆک نەبوو، بەڵکو بەشێک بوو لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆم، ئەویش بەژێر چاوەوە هەندێ جار سەیری دەکردم و جارناجارێکیش دەیدایە قاقای پێکەنین و دەیوت: (کوڕە عیشقی چی و تەڕەماشی چی! تۆ شەیدای.) لە گەرمەی گێڕانەوە بووم، هەڵسایە سەرپێ و چوو کەوچکەکەی هەڵگرتەوە و سەرقاپی مەنجەڵەکەی هەڵدایەوە، شالاوێ لە هەڵمی بۆندار بەرزبووەوە و کەوچکەکەی ڕۆکردە مەنجەڵەکە و کەوچکێکی پڕ کرد و فووی لێ دەکرد و دەستی کردەوە بەپێکەنین و سەیرێکی منی کردەوە و فڕوجاوەکەی فڕ کرد و وتی:

– (مممم، ئای کە چەور و بەلەززەتە! هەر ئەمەیە کیمیای ژیان! بۆ تەلەفۆنێکی بۆ ناکەی؟ هەر شتە و تامی خۆی. کێ نالێ، ڕەنگە ئێستا بەجۆرێکی دیکە بیر بکاتەوە. بەڕاستمە، بڕۆ تەلەفۆنێکی بۆ بکە. مممم. خۆ ژمارەی تەلەفۆنەکەیت هەڵگرتووە؟

کەوچکەکەی دانایەوە و جارێکی دیکەش دەستی کردەوە بەقاقای پێکەنین. بەم دوا پێکەنینە کەمێ ئیزعاج بووم. لە دڵی خۆم وتم)

بەخوا کابرایەکی بلّح و بێ هەستە. لەبەرئەوەی جۆن بنج و بناوانی ئەم چیرۆکەی نەدەزانی و نەشیدەزانی فڕێ دانی ژمارەی تەلەفۆنەکەی چەنێ کەوتۆتە سەرم. پێیم وت:

– نا، نایزانم، بەڵام ئاسانە دۆزینەوەی. تەلەفۆنی دایکیم هەیە.

جارێکی دیکەش دەستی کردەوە بەپێکەنین.

– برۆ تەلەفۆنی بۆ بکە و داوەتیشی بکە، با بێت بیزەنسۆن ببینێ. کیژان حەز بەسەفەر و سیاحەت دەکەن.

هەندێ لە قسەکانی جۆن ڕامام. لەبەرئەوەی بەتەواوی لە دەردی ئەو عیشقە چاک نەبووبوومەوە، هەر ختووکەدانێکی کەم بەس بوو، بۆ ئەوەی گڕ و گڵپەی ئەو عیشقە سەر لەنوێ سەر هەڵداتەوە. قەمسەڵەکەم کردە بەر و خۆم پێچپیپەوە و بەجۆنم وت: (هەر ئێستا دێمەوە).

چوومە خوارەوە. لە کابینەکەی بەرامبەر ئەپارتمانەکە، لە تەنیشت وێستگەی پاسەکان، تەلەفۆنم بۆی کرد. زۆر بەدڵخۆشییەوە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، بەڕاستی سەرم سوڕما و ناتالی وا بەپەرۆشەوە حەزی دەکرد بزانێ چی دەکەم و بۆچی ئەم چوار ساڵە بەتەواوی هەواڵم نازانێ، منیش پێم وت (کە قوتابی هونەرە جوانەکانم، ئێستاش وا لە پۆلی سێیەمم). ئەویش پێی وتم، (دەزانی منیش حەز دەکەم بێمە فەرەنسا و لە بەشی دیکۆری ناوماڵ لە قوتابخانەی هونەری بخوێنم. بیستوومە لە پاریس قوتابخانەیەکی گرینگ و بەناوبانگ هەیە. دەمەوێ بێمە ئەوێ، تۆش ڕانومایم بکەیت). ئەم هەواڵە، شاگەشکەی کردم. لە دڵی خۆمدا وتم، ئەگەر ڕاستیش نەکات، ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە و دەیەوێ لێم نزیک بێتەوە پێم وت: (کەواتە بۆ نایەی سەرێک لە بیزەنسۆن بدەیت. دەزانی ژنێڤ لێرەوە زۆر نزیکە).

ئەویش هەر خێرا فیکرەکەی قبووڵ کرد و وتی: (تەلەفۆنم بۆ بکەرەوە و بۆ ئەوەی پێت بڵێم کەی دێم، تاکو مەوعیدێک دابنێین. (دوای چوار ساڵ زۆر بەئاسانی دەمی ئاخاوتن کرایەوە و زۆر بەسادەیی پێکەوە کەوتینە دوو. لەسەر مەوعیدی تەلەفۆنێکی دیکە تەلەفۆنەکەمان داخست. زۆر بەدڵخۆشی دەرگای کابینەکەم لە دووی خۆم داخست و خێرا سەرکەوتمەوە.

گەڕامەوە لای جۆن و ویستم ئەنجامی تەلەفۆنەکەی پێ ڕابگەیەنم جۆن لە چێشتخانەکە خەریکی نان خواردن بوو. لاقە مریشکێکی سوور کردبووە و قاپێ برنجی لێنابوو و بەشلەوە دەیخوارد و هەروەها شووشەیەک شەڕابیشی دانابوو. هێشتا مامۆستا چینیی و ڤیەتنامییەکە نەهاتبوونەوە. هەر یەکەیان بەزەمالەی یەک ساڵی هاتبوون.

هەردووک لە وڵاتەکەی خۆیان مامۆستای زمانی فەرەنسی بوون. جۆنیش ئینگلیزییەکی زۆر باشی دەزانی و فەرەنسییەکەی خراپ نەبوو. هەندێ جاریش هەر بۆ کەشخەیی یەک



دوو وشەی ئینگلیزی دەترنجاندە قسەکانییەوە. لاسایی زمانی دەوڵەمەندە پێست سپییەکانی ئەفریقای دەکردەوە.

هەر منی بینی، بەپەنجە ئاماژەی بۆ کردم و چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد و پێی وتم:

– نەموت! نەموت! کوڕە من دەیناسم. تەلەفۆنی دوای چوار ساڵ هەر وابەخۆڕایی کۆتایی نایەت،

– ڕاستت کرد. ناتالی کچەکەی جاران نییە. خوێن گەرم و ڕۆح سووک دیاربوو، لە کاتی قسەکردنیش هەستم دەکرد زەردەخەنەیەکی لەسەر لێوەوە و ددانە وردەکانی دەردەکەون.

– ها. هێشتا وەکو عاشق دەدوێی؟ دەزانی کامێرۆنەکان ئەم دوای نیوەڕۆیە گەیشتنە کرووس (کرووسیش دەزگایەکی ڕەسمی بوو کاروباری قوتابیانی ڕێک دەخست).

ئەمەی بەپێکەنینەوە وت پاشان کەوچکێکی لە پڵاو برنجەکە دا و خستییە دەمییەوە و دەستی بەجاینی کرد. زۆر بەلەززەتەوە نانی دەخوارد. منیش گەڕامەوە ژوورەکەم، ژوورێکی بچووکی قوتابییانە. مێزێک بۆ نووسین و خوێندنەوە، چرایەکیشی لەسەر داندرابوو قەرەوێلەیەک و دوو ئەسکەمبیل. ژوورەکان نابووت بوون. دەستم دایە کتێبێکی کاندنیسکی لاپەڕکانم هەڵدەدایەوە و بیریشم هەرلە گفتوگۆی تەلەفۆنەکە بوو...

## III

سلاوم لە دوو قوتابی کرد کە لە پێش ئەتوولییەکە ڕاوەستابوون. چووم و دەرگای سنووقە میتاڵە لاکێشەییە درێژکوڵەکەم کردەوە و فڵچە و ئەدەواتی ڕەسمم دەرهێنا. ماوەی یەک دوو مانگ دەبوو خەریکی بەرهەمێک بووم، شتێکی ئەوتۆم نەکردبوو، توویبە ڕەشەکەم ڕژاندە سەر تابلێتەکە و هەندێ سوور و شینی تۆخم تێکەڵ کرد؛ لەگەڵ ڕۆنی تەرابەنتین هەموویم تێکەڵ کرد و ڕەنگێکم گرتەوە، سەرەڕای ئەوەی شین و سوریشم تێکەڵ کردبوو، هەر ڕەش دەچووەوە، لە ڕاستیدا ڕەشێکی قەترانی بوو. فڵچە ئەستوورەکەم دەرهێنا و تابلۆکەم سادە ڕەش کرد؛ بوو بەمۆنۆکرۆم. تەواو ڕەش بوو بەڵام تەواو نەبووبوو، نەشمدەزانی بۆچی تەواو نەبووە ڕەشێکی دیکەم گرتەوە، کەمۆکەیەک سوورایی لێیەوە چرووسکەی دەهات. بۆ ماوەی چوار سەعات، هەموو ئەو سەر لە بەیانییە خەریکی ڕەشکردنی ڕوخساری تابلۆکەم بووم.

نیوەڕۆ داهات و چوومە چێشتخانەی قوتابیان، کۆمەڵێ برادەری قوتابی لەسەر مێزێک دانیشتبوون، چوومە لایان ژاکلین، کیژێکی جوان بوو، لە پۆلی چوارەم بوو، خەڵکی شارۆچکەی دۆڵ بوو، دیار بوو ئەم سەر لە بەیانییە لە ئەتوولییەکە بینیبوومی:

– دەکرێ ئەو ڕەشەی کە تۆ لێی بگەڕێی وجوودی هەبێت؟

لەولاوە ژان کلۆد بەپێکەنین و کەمێک بەتەوزیشەوە وەڵامی دایەوە:

– ئاسانترین ڕێگا بۆ ئەوەی خۆت لە کۆسپی هونەریی قوتار بکەی، ئەوە دروستکردنی مۆنۆکرۆمە!

منیش هاتمە وەڵام، وەکو ئەوەی وەڵامی هەردووکیان بدەمەوە:

– خۆدزینەوە لە چی؟ پاشان، من لەوە ناگەڕێم شتێکی نوێ بدۆزمەوە، بەڵکو هونەر بۆ من تەنها خۆ بەتاڵکردنەوەیە لە پۆخڵەواتی ژیان.

– دیارە زۆر فرۆید دەخوێنیتەوە؟



ئەم پرسیارە ژان کلۆد کردی.

– دیارە وشەی بەتاڵکردن، بیری بۆ فرۆید ڕاکێشای؟

– نا نا، هەر لە شێوەی ئیشکردنت دیارە.

– چوزانم... ناشمەوێ باسی هونەر بکەم.

دەستم کرد بەنانخواردن. ئەوان لە نێو خۆیانا دەستیان بەقسە کردەوە.

ژان کلۆد دەیوست درێژە بەبیرکردنەوەکانی بدات. کەمۆکەیەش ڕیشی دەرچوو بوو، دەست و پلی باش نەشووشتبوو، هێشتا بۆیاغی ڕۆنی پێوە بوون. سەیری ژاکلینی کرد و چەتاڵەکەشی بەدەستەوە وەکو فڵچە ڕاگرتبوو:

– گرفتی هونەریی ئیمڕۆ لەوەدا خۆی نادۆزیتەوە کە فیگەر نەکەین، بەڵکو چۆن ئەو فیگەرانە بکەین. فیگەر دژی هونەر نییە، هەموو تەجریدێکیش گرەو ناباتەوە. گرینگ ئەوەیە کە نابێت تابلۆ چیرۆکێکی تایبەت بگێڕێتەوە، نابێت سەرد بێت و باسی شتێک بکات. وەکو هەر هەموو هونەری سەدەکانی ناوەند، بەڵکو تا سەردەمی ڕاپەڕین و بەشێکی زۆری سەدەی نۆزدەمیش یا ئەوەتا خۆیان بەئاییەنەوە، ئەوەتا خۆیان بەئەفسانەوە خەریک دەکرد و دەیانویست بەهونەری تەشکیلی حەکایەتێکمان بۆ بگێڕنەوە. هونەری ڕاستەقینە دەبێت خۆی ئەفسانەی خۆی دروست کات. باسی خۆیمان بۆ بکات.

ژاکلین لەم خاڵەیا لەگەڵ ژان کلۆدا نەبوو:

– بۆ هەمیشە هەر دەبێ زمانێکی ڕۆمانسییانە بەکاربهێنین بۆ ئەوەی باسی هونەری پلاستیکی بکەین.

– چونکە هێشتا هەر ڕۆمانسین. تۆ بۆ وا دەزانی، لە ڕۆمانسییەت ڕزگارمان بووە.

– ئەی تۆ بۆ پەیکەرەی دەستەکەت کرد. من باس بەفیکرە شاراوەکەی پشتەوەی دەکەم، بیرم بۆ تەزووە نهێنییە دەچێت کە پاڵی پێوەنای بۆ ئەوەی پەیکەری ئەو دەستە زەبەلاحە بکەیت. ئایا فیکرەی دەست، فیکرەیەکی ڕۆمانسی نییە!

مەبەستیش پەیکەری دەستێک بوو کە ژاکلین کردبووی و زۆر گەورەبوو، نە لە ژوورەکەی جێی دەبووەوە نە لە پەیمانگاش دایناببوو، بردبوویە ماڵی دایکی. دایکیشی بەژنێکی زۆر حەزباز دەچوو، پتەو بوو، زۆر لە خانمە قەرەجەکانی ئەندەلووسیی دەکرد.

عەسرانێکی یەکشەمە لەگەڵ ژاکلین چووینە دۆڵ، سەرەتا سەرمان لە ماڵەکەی پاستۆر دا، پاشان پیاسەیەکی ناو ڕەزەکانی دۆڵمان کرد. پایز بوو، گەڵای مێو وردە وردە ڕەنگی ژەنگیان لەسەر دەنیشت و دیمەنی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو. پاشان چووینە ماڵی دایکی بۆ ئەوەی چایەک بخۆینەوە و ئەو ڕۆژە بوو کە پەیکەری دەستەکەی پێ نیشان دام. بەقوڕە سوور دروستی کردبوو و پاشانیش لە کورەکەی مەعهەد سووری کردبووەوە. دەستێک بوو پەنجەکانی زۆر گرژ و پەرتوبڵاوبوون. کاتێک کە ئەو دەستەم بینی هیچ شتێکی پی نە دەوتم، بەڵام سەرنج ڕاکێشیش بوو.

نانەکەم خواردبوو، سێوێکی سەوزم بەدەستەوە گرتبوو، بەدەسەسڕێکی کاغەز دەسڕییەوە و سەیری ژاکلینم کرد و پێم وت:

– لە زۆر بابەتی حەساس، کێشەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا قووت دەبێتەوە. هونەری ئێمە بۆ ئێوە هەمیشە هەر وەکو فولکلۆر سەیری دەکرێت. من لەمەدا لەگەڵتانام، چونکە مێژووەکانی سەرهەڵدانی هونەری تەشکیلی جیاوازە. ڕوانیینەکان دەگۆڕێن. با باسی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی نەکەین، چونکە وا دەزانن کە من بەرگرییەکی کوێرانە دەکەم. با باسی ئەفریقیا بکەین. ئایا هونەری ئەوان جێی مشتومڕە؟ ئەگینا گەورەترین هونەرمەندی ئەورووپا نەدەکەوتە ژێر کاریگەریی ئەم هونەرەوە. خۆ ئەوان لە دیدە نیگایەکی دیکەوە لە هونەر تێدەگەن. ئەوان هونەر بۆ پێشانگا ناکەن، بەڵکو هونەر بەشێکە لە ژیانیان، ئەوان لەگەڵ هونەر یا هەندێ جار لەناو هونەردا دەژین.

قەپێکم لە سێوەکەم دا.

ژان کلۆد هاتە وەڵام:

بلا بلا بلا، هونەر بەرهەمە، چەقەچەق نییە.

بەتووڕەییەوە سینییەکەم هەڵگرت و بەقەپ گرتنی سێوەکەم بەپەلە گەڕامەوە ئەتوولیەکە.

لە ڕێگاش بیرم لەو قوتابییە فەرەنسییانە دەکردەوە. پارەیەکی زۆر دەدەنە کتێب و فلچە و ڕەنگی بەها و ڕۆژی یەک دوو سەعات لە دەوری مێزی نانخواردن هەر خەریکی قسەکردنن و لەوچە دانن. خۆیان بەگۆگان و سیزان دوگاس و نازانم کێی دیکەش ناگۆڕنەوە.



لە ڕاستیدا کەسێکم نەدەدۆزییەوە قسەی لەگەڵ بکەم، هەندێ جار لە چایەخانەکەی گرانڤێل کاک عەزیزم دەبینی. دیموکراتی ئێران بوو، دە پانزە ساڵێک دەبوو ژن و مناڵەکەی جێهێشتبوو، ناوبەناو نامەیان بۆ دەنارد ژنەکەی شووی کردبووەوە و مناڵەکەشی ئەوکات تەمەنی شانزە حەڤدە ساڵان دەبوو. کاک عەزیز لەگەڵ پیرەژنێک دەژیا، لەم دواییە ژنەکەی خانوویەکی کڕیبوو و کاک عەزیزیش هەموو شەوێک لەگەڵ ئێرانییەکانا ویسکی دەخواردەوە و بەسیامەستیی دەگەڕایەوە تا ڕۆژێکیان ژنە فەرەنسییەکە بەیەک وشە بەتەواوی دڵی کاک عزیز دەشکێنێ و بەو نیوە شەوە جانتاکەی دەپێچێتەوە و دەچێتە لای بەهرۆزی هاوڕێی. یەک دوو هەفتەی دیکەی لە پلانواز خانوویەک بەکرێ دەگرێ و بەتاقی تەنها دەژیا. ڕادیۆیەکی بچووکی هەبوو، ئەریەلی تایبەتی بۆ دروست کردبوو و لە درزی پەنجەرەکەوە بەرزی کردبووەوە بۆ ئەوەی شەپۆلی دنیای دوور بگرێت، تا گوێی لە ڕادیۆی دەنگی کوردی واشنتۆن بێت. چەندین ساڵیش بەسەر ژیانی پێشمەرگایەتیا تێپەڕی بوو، بەڵام هەر جارێک باسی ئەو ڕابردووە نزیکەی دەکرد، هەندێ جار هەر بەپەنجە ئاماژەی بۆ پەنجەرەکەی دەکرد و جا باسی قووتەی شاخێک بوایە، کەندرێک بوایە یا باسی لە دۆڵێک یا گوندێکی بکردبایە، ئەوە وای دەزانی لە پشت پەنجەرەکەوەیە. یا هەندێ جار، سەرەڕای ئەوەی مەسافەی پێنج شەش هەزار کیلۆمەتریشی لێوە دوور بوو، دەیوت: (کوڕە قووتەی فلان، ئا ئەوەی پشتەوە). کاک عەزیز تەنها هەر بەجەستە لە بیزەنسۆن دەژیا، ئەگینا سەرتاپای هەست و شعوور و بوونی لە وڵاتەکەی خۆی بوو.

هەندێ جار تەلەفۆنمان بۆ یەکتر دەکرد و ئێوارەیەکمان پێکەوە دەبردە سەر. چەند جارێک پێم دەوت: (بۆ ناڕۆیتەوە سەرێک لە کوردستان بدەیتەوە، ئێرانییەکان عەفوعامیان دەرکردووە) ئەویش لە وەڵامدا پێی وتم: (بەگوێم کردی، تەلەفۆنم بۆ سەفارە کرد، وتیان ئەگەر لە کردەوەکانت پەشیمان بیتەوە، ئەوە پاسەپۆرتت دەدەینێ و بەمۆڵەت دەتوانی سەر لە نیشتمان بدەیتەوە) ئەویش بەتوڕەییەوە تەلەفۆنەکە دادەخات و دەڵێ: (نیشتمان بۆ ئێوە، من هەرگیز پەشیمان نابمەوە).

بەحەسرەتەوە دەیوت: (کێ عەفوی کێ دەکات. ئەوان دەبێ داوای عەفوو لە ئێمە بکەن. ئەوان گوند و شاریان سووتاندووین، ئەوان ئینسانەکانمانیان تێکداوە). هەمیشە یەکترمان بگرتبایە، ئەوە باسەکان دەگەیشتنەوە سەر سیاسەت. زۆر جار کاتێک لەگەڵ پەناهەندە کوردەکانی دیکە کۆدەبووینەوە، جا چ لە ژنێڤ بوایە، چ لە پاریس، چ لە

ولاتێکی دیکە، زۆر جار باسی سیاسەتیش دەگەیشتە بنبەست لەو هەموو پەناهەندانەی کە لەوماوەیە بینم تەنها بەهرۆز نەبێت کوڕە دەوڵەمەندێکی سنەیی بوو. هەمیشە قسەیەکی بسمارکی دەوتەوە و دەیوت: (دەوڵەت دۆستی نییە، تەنها هەر بەرژەوەندی هەیە و بەس، ئێمەش تا دەوڵەتمان نەبێت، دۆستمان نابێت). (منیش زۆر جار بێدەنگ دەبووم، چونکە ئەوەی ڕاستی بێت من زیاتر خەریکی جیهانەکەی ناوەوەی خۆم بوو. باسی ئەو مەوزووعەشم لە لای کەسیان نەدەکرد.



## IV

دەبوایە ئەو ئێوارەیە تەلەفۆن بۆ ناتالی بکەم. دەوروبەری سەعات هەشتی ئێوارە گەڕامەوە بەشی ناوخۆ. بەشی ناوخۆ لە سەنتەری شارەوە بەپاس چارەکە سەعاتێک دوور دەبوو. لە بنەڕەتدا، ئەم گەڕەکە بۆ ئەو کرێکارانە دروست کرابوو، کە دوای شەڕی دووەم لە مەغریب و جەزائیرەوە بۆ کرێکاریی هاتبوون. یا ڕاستر شێف و خاوەن کار و موقاویلەکان دەچوونە ئەو ولاتانە و بەدوای کرێکاری هەرزان بەهادا دەگەڕان، کۆیان دەکردنەوە و دەیانهێنان، بەخەونی گەورەوە هاتن و بەخەونی بچووکەوە دەژیان. لاوە بێکارەکانی مەراکیش و ریبات و جوتیارە ڕاکردووەکانی قەراغ سەحرای گەورەیان کۆدەکردەوە و ئەوانیش سەرەتا بۆ شەش مانگ، یا بۆ ساڵێک دەهاتن، پاشان شەش مانگ بوو بەشەش ساڵ و شەش ساڵیش بوو بەبیست و سی و هەر نەگەڕانەوە باوەشی زێدی خۆیان. مەبەستی سەرەکی لە دروستکردنی ئەو گەڕەکە ئەوەبوو کە ئەو حەمکە کرێکارانەی کە بەرەچەڵەک لە شوان و جوتیارە عارەب و بەربەرەکانی ئەفریقای باکوور پێکهاتبوون، تێکەڵی کۆمەڵگای بورژوازی شاری بیزەنسۆن نەبن و هێمنی ئەو بورژوازانە تێک نەدەن. بۆیە لە دەرەوەی شار ئەو خانووانەیان بۆ دروست کردبوون؛ بەڵام دوای بیست سی ساڵ، پلانواز بووە بەشێک لە شارەکە و بەشێکی زۆری باڵەخانەی شەقامی شامپانیاش کرابووە ئەپارتمانی قوتابیان.

هەموو ساڵێک، قوتابییەکی زۆر لە کیشوەری ئەمەریکا و ئاسیا و ئەفریقاوە دەهاتن. زۆربەیان بۆ فێربوون و تەواو کردن و دەوراتی خۆبەهێزکردنی زمانی فەرەنسی دەهاتن. هەروەها قوتابی بەشە زانستییەکانی دیکەشی لێبوو. لە هەققەت، شەقامی پلانواز هەر بەدەواری ڕەبەندان دەچوو. دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێش و تایبەت بوو، دەیان زمان و کولتوور و ڕەنگ و عەقڵییەت لە یەک گەڕەک، بەڵکو لە یەک شەقامدا پێکەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد.

زۆر باسی بەشی ناوخۆم بۆ ژاکلین کردبوو، چونکە ئەو ژوورێکی لە شەقامی ئەرنست ڕێنان گرتبوو، ژوورێکی بچووک کاتی خۆی شوێنی ڕاگرتن و بەستنەوەی ئەسپ بوو.

خانوویەکی دەروازە گەورەی هەبوو، کەوتبووە ناو چەقی شارە کۆنەکەوە، دەکەوتە دامێنی کاتێدرالەکەوە. زۆربەی زۆری ئەو خانووانە دەروازەکانیان بۆ گالێسکە و عارەبانچی دروست کرابوو و جادەکانیش زۆر بەرین نەبوون، تەنها جێی تێپەڕینی یەک ئۆتۆمبێلی لێ دەبووەوە حەزی دەکرد بێت سەر لە بەشی ناوخۆ بدات، چونکە باسی ئەوەم بۆ کردبوو کە سودانی و ڤێتنامی و کۆریایی و یابانی و سەریلانکی و کامیرۆنی و تورک و خەڵکی جیبۆتی و دورگەی سێشێل و گوادولووپ و مارتینی و هتد دەهاتێ. زۆر جار لە یەک ماڵدا دانیشتوانی چوار یا پێنج کیشوەر کۆدەبوونەوە، خەڵکی دە دوانزە وڵاتی جیاواز بەیەکەوە دادەنیشتین. بۆن و بەرامە و بەهاراتی جیاوازیش ئێواران لە چێشتخانەی ئەپارتمانەکانەوە بەرز دەبووەوە. ئەو ئێوارەیەی ژاکلین هات نۆرەی قوتابییە چینییەکە بوو کە چێشتمان بۆ لێنێ، چونکە هەموو شەممەیەک دەبوایە یەکێ خواردنێکی تایبەتی وڵاتەکەی خۆیمان بۆ دروست بکات. وێڕای ئەوە چێژی خواردنێکی تایبەتی دەکەین، بواریشمان بۆ دەڕەخسێ بۆ ئەوەی یەکتر زیاتر بناسین و پێکەوە قسە بکەین. ژاکلین زۆر حەزی لەو پەپکە سوورەیە بوو کە قوتابییە چینییەکە کردبووی، جۆرە نانێک بوو کە لە مەنجەڵی زۆر تایبەت دروستی دەکرد پەپکەسوورەبوو بەهەڵم دروست کرابوو. بەڵام کەس نەبوو زۆر حەز لەو شرووبە بکات کە قوتابییە ڤێتنامییەکە بەتایبەت لەگەڵ خۆی هێنابووی. کاتێ بەساردی بیخواردایە، ئەوە تەنها هەر بۆنی ماسی هەبوو، بەڵام کاتێک بکوڵایەوە ئەوە دەتوت لەناو مەنجەڵەکە کەلاکی سەگێکی تۆپیو دەکوڵێ. تکامان لێی کرد کە ئەو شرووبە تەنها هەر بەساردی بکاتە نێو چێشتەکەیەوە، چونکە کەسمان تەحەمولی ئەو بۆنەمان نەدەکرد. منیش هەر بۆ پێکەنین پێم وت: (من دۆستی هەموو میللەتانی دنیام، بەڵام هەروەزیی لەگەڵ لووتیان ناکەم).



# V

دەرگام کردەوە، قوتابییە چینییەکەم بینی، ئەویش تازە هاتبووەوە، چای لێدەنا. سڵاوم لێ کرد. وتی:

– چایەکی سەوزی سایگۆن ناخۆیتەوە؟

– نا سوپاس، هەرئێستە لە گرانڤێل قاوەیەکم خواردەوە.

دەستم بۆ باغەڵم برد، کارتێکی تەلەفۆنم لە گیرفانمدا دەرهێنا و جانتاکەم لە سەر بۆفیەی مەتبەغەکە دانا و خێرا چوومەوە خوارەوە. دڵم کەوتە خورپە. دەبێ چی بڵێ، ئایا دێت یا نەء؟ لە شەقامەکە پەڕیمەوە، سەرنجی کابینەکەم دا، یەکێکی دیکەی تیابوو، خەریکی تەلەفۆن کردن بوو، چاوەڕوانم کرد. نمەیەکی باران لەسەرخۆ دەباری، بەناچاری چوومە ژێر کەپری پاسەکەی تەنیشت کابینەکە و سەیری پۆستەری ڕیکلامەیەم کرد کە لە دیوی ژوورەوەی کەپرەکە هەڵواسرابوو. چاوم بڕیبووە پۆستەرەکە و خەیاڵیشم لەلایەکی دیکە بوو، لە پڕ گوێم لە (ئەسەلاموعەلەیکە)ی زۆر فەسیح بوو، ئاوڕم دایەوە، سەیرم کرد سەللال بوو. منیش هەر لەسەر نەبرەکەی ئەو وەڵامیم دایە: عەلەیکەسلام ورەحموتوڵڵا و بەرەکاتوهو.

گەیشتە ژێر کەپرەکە و دەیوست دابەزێتە ناو شار. سەللال یەمەنی بوو. دەموچاو ڕەقەڵەیەک بوو، دانگڕ، ڕیشێکی تەنکی هەبوو، لە بەشی زمانەوانی، لەژێر چاودێری مامۆستایەکی میسری، خەریکی ئامادەکردنی نامەی ماستەر بوو. هەروەها پێش نوێژیشی لە مزگەوتەکەی بیزەنسۆن دەکرد. کوڕێکی دەم بەخەندەی گۆشەگیر بوو. زۆر بەزەحمەت دەهاتە دوو، کەمیش قسەی لەگەڵ هیتران دەکرد.

من بەبۆنەی قوتابییە چینییەکە دەمناسی، وا بزانم پێکەوە دەرزیان هەبوو، یەک دوو جار سەری لە ئەپارتمانەکەمان دا و داوای نۆتی لە قوتابییە چینییەکە دەکرد. پێکڕا چای سەوزیان دەخواردەوە. خەڵکی مەئرەب بوو، ڕەنگ و ئادگاری عەرەبە کۆچەرەکانی هەبوو. لە مەڕ لەکسیکەوە بابەتێکی ئامادە دەکرد. زۆریش بەشانوباڵی مامۆستاکەیدا هەڵیدەدا و دەیوت ئیبراهیم عەللامەیەکە بۆ خۆی. بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دەبوایە یا لەو

ڕیکلامەیە ورد بمەوە یا هەوڵی ئەوە بدەم سەللال بهێنمە قسە، دووەمم هەڵبژارد:

– عەللامەکە چۆنە؟

سەرەتا تێنەگەیشت، پاشان هەڵیدایەوە:

– مەبەست لە مامۆستا ئیبراهیمە، بەڕاستی زمان پاراوە. کورە ڕەخنە لە بینڤینیست دەگرێت و بەتەرجەمەکانی قورئاندا چۆتەوە، ڕەخنەی لە زۆربەیان گرتووە. دەزانی چەن جار قورئان تەرجەمەی فەڕەنسی کراوە؟

– چەند جار؟

– دوانزە جار، دوانزە جار دایکی کتێب وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی.

– ئەی باشە، بەم ئێوارە درەنگە بۆ کوێ دەچی؟

– قامووسەکەم لە لای تۆنی دەهێنمەوە. ئەم شەو دەبێ ماددەیەک لەمەر لەکسیکی (پێ ڕەشەکانی) جەزائیر ئامادە بکەم.

– مەبەستت لە فەرەنسییەکانی جەزائیری پێش سەربەخۆییە.

– بەڵێ. دەزانی ئەوان وشەگەلێکی عارەبیان لەگەڵ خۆیان هێناوەتە نێو زمانی فەرەنسییەوە.

– ئەمە شتێکی سروشتییە، سەدەیەک، سەدە و نیوێک کەم نییە.

– نا برای خۆم، ئەمە پەیوەندی بەکاتەوە نییە. ئەمە مەسەلەیەکی سەرمەدییە، ئەی نەتبیستووە خودای تەعالا دەفەرموێ: (نحن له لحافظون).

منیش هەر بەعارەبی وەڵامم دایەوە:

– أنتم أم ارجل السود.

کابراکەی کابینەکە دەرگاکەی کردەوە و ڕۆیشت. منیش خواحافیزیم لە سەللال کرد. لە دڵی خۆمیشا بیرم دەکردەوە باشە سەللال و زانستیان وتووە. ئەو لە قوونەوە لە شت دەکۆڵێتەوە. قوتابی ماستەرە و سبەینێ دەبێتە مامۆستا لە زانکۆی سەنعا.

کارتەکەم تێکرد و سەماعەکەم هەڵگرت و ژمارەکانم لێ دا، دامخستەوە. جارێکی دیکە کارتەکەم دەرهێنا و سەر لە نوێ تێمکردەوە و سەماعەکەم خستە سەرگوێ و



ژمارەکەم لێدا. جارێک، دوو جار، سێ جار، هەڵیگرت:

– ئەوە تۆی ناتالی! وا دیارە لە ماڵی! چۆنی؟

– زۆر باشم. ئەی تۆ چۆنی

– ok.

– کەی نیازتە سەرمان لێ دەی؟

– نازانم... بەڕای تۆ کەی بێم باشە؟ ڕەنگبێ ئیشت زۆر بێ. چ ڕۆژێکت پێ باشە؟

– سێ شەممەی داهاتوو باشە؟

– زۆر باشە، دووشەم ئێوارەکەی، تەلەفۆنێکت بۆ دەکەمەوە تا بزانم سەعات چەن دەگەی؟

– زۆر باشە، چیت بۆ بهێنم؟

– هیچ. با با، دەتوانی پاکەتێ شوکولاتەی جنێڤم بۆ بهێنی. دەزانی کامانە؟ سێگۆشەکان، سێگۆشەکان، سێگۆشە درێژکۆڵەکان، بەڵام بەمەرجێ وەکو ئەوەی نیپال تفت و تیژ نەبێت.

سەرەتا نەیزانی ئاماژە بۆ چی دەکەم، پاشان تێگەیشت و وتی:

– ئا ئا ئا.

دەستی بەپێکەنین کرد.

– باشە، لە بیرم ناچێت... دەی تا ڕۆژی دووشەم.

سەماعەکەم خستەوە جێگاکەی خۆی و کارتەکەم ڕاکێشا و ملپێچەکەم باش ئالاندە ملم و کابینەکەم جێهێشت. هەستم کرد هەواڵی مزگێنییەک ڕۆ دەچێتە گیانمەوە. بۆ چەند ساتێک دنیام بەتەواوی فەرامۆش کرد، هیچ شتێک لە پێش چاوم وجوودی نەما. یا بەمانایەکی دیکە وجوود لە پێش چاوم سووک دەبوو وەکو تۆپەڵە پەمووی بەرەو حەوا بەرزدەبووینەوە. ئاوازێک لە بنی دنیاوە دەهاتە بەرگوێم، بەکورتی جارێکی دیکەش عیشق جڵەوی گرتەوە دەست و منی یەخسیریش ملکەچی فەرمایشەکانی بووم. هەستم کرد، ئاسمان شینە و نمە چییە ناکەوێتە سەر شەقام و سەللالیش هەندە گەلحۆ نییە کە لەوە پێشتر بیرم لێ کردبووە و (پێ ڕەشەکانی ئەلجەزائیر)یش مافی ئەوەیان هەیە بەوشەی

عارەبی زمانی فەرەنسی دەوڵەمەند بکەن و هەروەها ئەوەشم لە لا سەقامگیر بوو کە مامۆستا ئیبراهیم عەللامەیەکی بێ هاوتایە و قوتابییە چینییەکە فەرەنسییەکی ڕەوان دەئاخفێ و جۆنیش حەز دەکات بەیانیان بەلاقە مریشکی کوڵاو قاوەڵتی بکات، تەنانەت بۆنی شرووبی ماسییەکەش هەند ناخۆش نییە، هەموو شتێک لەبەر چاوم شیاو و گونجاو و سروشتی بوو، تەنانەت نەمزانی چۆن لە جادەکە پەڕیومەتەوە و کلیلەکەم لە گیرفان دەرکردووە و خەریکی دەرگا کردنەوەم.

پێش ئەوەشی دەرگاش بکەمەوە، دەنگی مۆسیقایەکی بەرز لە تەسجیلەکەی ژوورەوە بەرز دەبووەوە. دەرگام کردەوە و چوومە ژوورەوە.

جۆنم بینی، بەتەنها لە سالۆنەکە سەمای دەکرد و بەزەوقەوە چەپڵەی لێ دەدا. بەبێ ئەوەی هەستی بەهاتنە ژوورەوەی من کردبێ. لە ڕاستیدا غەرقی جیهانەکەی خۆی بوو و ئاگای لە دەرەوەی خۆی نەمابوو. دەنگە بەهێزەکەی تۆنی تاینەریش هەموو ئەپارتمانەکەی داگیرکردبوو. منیش قەدەرێک سەرنجم دایێ و...

– ئەوە چیتە جۆن؟ زۆر بەکەیف دیاری!

هەر بەسەماکردنەوە و ئاوڕێکی لێ دامەوە و بەپێکەنینەوە:

– شازادەی کامیرۆن هاتووە، شازادەی شازادان.

لەبەرئەوەی جۆن سێیەم ساڵی بوو لە شەقامی شامپانیا دەژیا و هەموو ساڵێکیش پێشوازی لە قوتابیانی کیشوەری ئەفریقا دەکرد. بەتایبەتی کامیرۆنییەکان. چونکە ئەوان هەموو ساڵێک بەزەمالەی وەزارەتی پەروەردە، بۆ ماوەی نۆ مانگ دەهاتنە دانیشگای فرانش کۆنتی؛ هەمیشەش بیست تا سی قوتابی دەبوون. جۆن هەر لە مانگی نۆوە ئیتر چاوەڕوانی دەکردن، ئەوانیش زۆر جار لەبەر ڤیزە و ئیجرائاتی جیاواز کۆتایی مانگی دە، هەندێ جاریش کۆتایی مانگی یانزە دەگەیشتنە بیزەنسۆن. ئەمە ببووە عادەتی حەسەنیش، حەسەن قوتابی بەشی سۆسیۆلۆژیا بوو، حەوتەمین ساڵی بوو، هێشتا هەر لیسانسەکەی تەواو نەکردبوو کە تەنها بەسێ ساڵ تەواو دەبێت.

ئەویش هەر کاتێک بیزانیبایە قوتابییە سودانییەکان دێن، دەچووە وێستگەی شەمەندەفەر و پێشوازی لێ دەکردن. ئەم خووە بەڕاستی خووی قوتابییە تەمەڵەکان بوو. حەسەن، کوڕێکی کۆسەی درێژی لاواز بوو، بەژنی زیاتر لە سۆماڵییەکان دەچوو.



سمێڵێکی تەنکیشی شاشی هەبوو. چوار پێنج کچە سوودانی دەدایە دوای خۆیا و بازاڕ و سوپەرمارکت و دەزگا دەوڵەتییەکانی پێ دەناساندن. دەزگای کرووس و پرێفێکتوور و ڕیستورانی کانۆ و ئەوەی مێژڤان هتد. ئەم کارەی زۆر بەوریایی و لێپرسراوییەوە دەکرد، بەبێ ئەوەی کەسیش ئەم کارەی پێ ڕاسپاردبێ، کردبوویە پیشەی خۆی.

بەڵام جۆن، بەشێوەیەکی دیکە پێشوازی لە کامیرۆن دەکرد. هەر بۆ هەمان ئێوارە هەر هەموویان بۆ شەربەت و چا خواردنەوە داوەت دەکات، لە ڕاستیشدا لە شەربەت و چا خواردنەوە تێدەپەڕی. بەم بۆنەیەوەش جۆن قاتە سپییەکەی دەردەکرد و هەر لە چێشتەنگاوەوە خەریکی ئوتووکردنی پانتۆل و کراسەکەی دەبوو، سەری دەشووشت و پشت ملی دەتاشی و بۆن و عەتری لە خۆی دەدات.

سەرەڕای هەموو شتێ، پێڵاوە نووک باریکەکەی بۆیاغ دەکرد و چەوری دەکرد و تا چرووسکەشی لێ هەڵدەستێنایە هەر دەیسڕییەوە. گۆڕەوییە تەنکەکەشی دەکردە پێ. ئەم خووە، کەشێک بوو جۆن بیری لە هەموو وردەکارییەکانی دەکردەوە، دەسەسڕێکی ئاوریشمی درۆزنانەشی دەخستە گیرفانی سەرەوەی چاکەتەکەی و بۆینباغیشی ڕەنگاوڕەنگی بەتەبیعەتیشی دەبەست. زۆر بەپێچەوانەی حەسەن، ئەو دەتوت تازە لە حوشتر کەوتۆتە خوارەوە و زۆر کێویانە (عەجەب)ی دەدایە دوای خۆی و دەچوو لە کابینە ئەلەکتریەکەوە چوار وێنەی فەوری پێ دەگرت و هەر خۆشی پێنج فرەنکییەکی دەکردە کونەکەوە و بەپێکەنینەوە بەعەجەبی دەوت: (سەیری ئەو چوارگۆشەیە بکە. مەجولێرەوە. یەک دەقە نابات!) پاشان دەیدایە تریقەی پێکەنین و دەستی عەجەبی دەگرت و هەر دووک وەکو دوو مناڵ بەرامبەر بەئاوێنەی کابینەکە ڕادەوەستان تا چوار وێنەکە دەکەوتنە خوارەوە. کاتێکیش ڕەسمەکان دەکەوتنە خوارەوە، خێرا عەجەب دەستی بۆ درێژ دەکردن، هەر زوو حەسەنیش بەهەردوو ناولەپی دەیکێشایە سەر هەر دوو چۆکی خۆی و بەتریقەی پێکەنینەوە پێی دەوت: (ڕاوەستە! ئێستا ساشوارەکە وشکی دەکاتەوە. ڕاوەستە خۆ ئێرەش خەرتووم نییە) بەڵام کاتێک جۆن پێشوازی لێ دەکردن، زۆر دیبلۆماسییانە مامەڵەی لەگەڵ دەکردن. من هەستم دەکرد لە سالۆنی باڵیۆزخانەی لیبریام. یا هەندێ جاریش وەکو سەرۆکی هۆزێک، بەرامبەر بەیەکێکیان بەنەوازشەوە دەچەمییەوە و دەیوت:

(Je suis tout a fait daccord avecvous, Monsieur) واتە (گەورەم من سەد لە سەد تەبام لەگەڵ ئێوە) یا دەستی کچێکیانی دەگرت و دەچەمایەوە و پشتی دەستی زۆر بەناسکی

دەگرت و ماچی دەکرد. لە ڕاستیدا ئەم ڕەفتارە، واتە (بێزمان) هی بورژوازییە فەرەنسییەکان بوو، ئێستاش لە هەندێ ناوەندی زۆر تایبەت نەبێت، ئەگینا مومارەسە ناکرێت، بەتایبەت لەناو قوتابیان کە بەسروشت لەو قۆناغەی ژیاندا دژ بەدابونەریتی باو دەجەنگن، نەخوازەڵا دابونەریتێک کە هی سەدەی نۆزدەهەم و هەژدەهەمیش بێت، بەڵام بەنیسبەت کچە قوتابییەکە جۆرە ئینتیمایەکی بورژوازیانە بوو، بۆیە ئەویش کەمۆکەیەک بەنەوازشەوە بۆ جۆن دەچەمییەوە و هەر وای دەزانی ئیتر ئەمە ڕەفتاری فەرەنسییەکانە.

جۆنیش زۆر بەکەشخەیی دەستی کچۆڵەکەی بەرەڵا دەکرد و هەر بەچەماوەیی و بەرێزی جەنتلمانێکەوە دەکشایەوە، بۆ ئەوەی پیلانەکەی هەر لە سەرەتاوە هەڵنەوەشێتەوە، دەچووە لای خانمێکی دیکە، یا ئاوڕی لە کوڕێکی دیکە دەدایەوە. بەنیسبەت منیشەوە، تا سنووری تراژیدیا کۆمیک بوو، بەڵام هیچم نەدەوت و حەزم دەکرد بەشداریی ئەو شانۆگەرییانە بکەم. پاشان دەچوو دەستی کوڕێکی دەگوشی و دەیوت (ها برای ڕەشتاڵەم چۆنی، دەنگ و باسی وڵاتی گەرم لە چی دایە؟). هێشتاش ڕستەکەی تەواو نەکردبوو، چاوی لە خانمی خانمان دەگێڕا. لە ڕاستیدا، جۆن ئەکتەر بوو، بەڵام ئەوەشی دەزانی ئەم کەشە پێویستە و بەشێکیشە لە سوننەتی ژیان. دەهاتە تەنیشتم، دەیچرپاندە بناگوێم: (کوڕە وەرەوە سەر تەختەی شانۆ، چی دەکەی لەناو ئەو سپێکتاتۆرانە). مەبەستی بینەران بوو، دەیدایە قاقای پێکەنین.

ئەوەی کە جێی سەرنج بوو لای ئەو پێست ڕەشانە، ئەوە بوو کە بەرامبەر بەیەک خوێنیان دەجووڵا و شتێک تیایانا دەوروژا لە سەرووی ئاستی نەتەوایەتییەوە بوو. هەڵبەتە من باسی دەرەوەی وڵات دەکەم، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا، مێژووی کۆلۆنیالی وەکو چەمۆڵە بەسەر بیچمی خۆیان و وڵاتی داگیرکراوەوە دەبینی. لەناو خۆشیان زۆرجار بەنووکتە باسی فەرەنسییەکانیان دەکرد.

هەر چەندە جۆن خەڵکی لیبریا بوو، پەیوەندی لیبریاش لەگەڵ ئەمەریکادا زیاتر بەتینە، بەڵام مێژووی دێرینی ئەم وڵاتانە لە زۆر خاڵدا یەک دەگرنەوە. کێ ناڵێ ئەو خوێنەی کە لە دەمارەکانی جۆن دەگەڕێ تێکەڵی خوێنی ئەفریقییەکی دیکە نەبووبێت. کێ ناڵێ، خوێنی یەکێ لەو کۆیلە ئازاد کراوانە نییە کە لە ئەمەریکاوە گەڕاونەوە لیبریا! کێش ناڵێ باپیرە گەورەی ئەم نەبووە کە بەسەرپشتی پاپۆڕانەوە کە بەسەر ئوقیانووسی ئەتلەسییەوە تێپەڕنەبووبێت و ئەو سەفەرە ئاوییە گێژ و وێژی نەکردبێت و لە یەکێ لە کێڵگەکانی



شەکرەوە، جارێکی دی هەڵنەهاتبێت!

جۆن هەر خەریکی سەمای خۆی بوو، منیش بەگاڵتەوە پێم وت:

– ئێ!!! کەی دەیبینی؟

– کەی دەیبینم!! هاهاهاهاها.

دەستی کردەوە بەپێکەنین.

– کورە تۆ ئاگات لە چییە. هەی کلۆڵ. ها ها ها ها.

دایە قاقای پێکەنین و بەدەوری خۆی دەخولایەوە. دەستی بۆ تەسجیلەکە برد و شریتەکەی گۆڕی، گۆرانییەکی دیکەی دەنگ ڕەشەکان بەرز بووەوە، لەسەر ڕیتمێکی خێرا، کۆرسێکیش دەیانلووراند: بمبمبمبم بامبا، بمبمبمبم بامبا بمبمبمبم بامبا بمبمبمبم بامبا.

– گوێ بگرە، هاوڕێی خۆشەویستم، گوێ لەم ڕیتم و ئاهەنگە بگرە.

سەمای دەکرد و هەر دوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و چەپڵەی لێ دەدات.

– گوێ لەم دەنگە گەرمە بگرە. تۆ هونەرمەندی، دە گوێ بگرە، ئا توخوا لەم دەنگەوە ڕەنگ هەڵناقوڵێ. ها هاهاهاهاها.

هەندێ جار جۆن ڕستەی هەندە شاعیرانەی دەوت و منیش بەتەوزەوە پێم دەوت: (وا بڕوات دەبیتە شاعیر) ئەویش بەنیمچە جدییەکەوە دەیوت: (من شاعیر نییم، من تینووی ئەو لەشە نەرمونۆڵانەم کە لە کیشوەری زەوقەوە هاتوون.)

منیش سەیری جۆنم دەکرد، چۆن ئەو لەشە گەورە ڕەشەی خستۆتە جووڵەوە، هەندێ قۆپچەی کراسە خەتخەتەکەشی ترازا بوو، سکی کەمێک دەرکەوتبوو، لەبەر عارەق مووە لوولەکان گرژ بووبوونەوە و وەکو وێرگوڵی ڕەش دیاربوون نەعلەکەی داکەند و بەپێی پەتی سەمای دەکرد و بەدەنگێکی ناخۆش دەستی کردە گۆرانی.

– ئای ئای خۆ شازادەی هەموو کامیرۆن لێرەیە. تۆش هەر بەعاشقی بمێنەوە. ها ها ها ها.

لیبریاش لە ناو گەرمەی شەڕی ناوخۆ بوو. سێ ساڵ زیاتر بوو، نە ژنەکەی بینیبوو، نە کوڕ و کچەکانی، نەشیدەویست نۆستالژیا خەمۆکی بکات، نەشیدەویست چرکەیەک چییە

له دەستی خۆی بدات، منیش پاڵم دابووە قەد دیوارەکە و لە تەنیشت دەرگای ژوورەکەم ڕاوەستابووم و سەیری جۆنم دەکرد، گوێم لە دەنگی کلیلێک بوو، قوتابییە ڤێتنامییەکە بوو هاتە ژوورەوە، سەیری جۆنی کرد و ئێوارە باشی کرد. جارێکی دیکە سەیری جۆنی کردەوە پاشان بەبزەیەکەوە لێم نزیک بووەوە:

– چی ڕووی داوە؟ زەماڵەکەیان بۆ نوێ کردۆتەوە، یا چی...؟

– کوڕە زەماڵەی چی، کامیرۆنییەکی دیکەی گرتووە.

پاشان هەندێ وردەکاری دیکەم بۆ گێڕایەوە.



## VI

ئێوارە، سەعات دەوروبەری حەوت، لە وێستگەی بیزەنسۆن چاوەڕێی ناتالیم دەکرد. ئەگەر بێت و ڕێگرێک یا تەگەرەکیان نەیەتە پێش، شەمەندەفەرەکانی فەرەنسا بەجۆرێکی سروشتی دواناکەون. چوومە ناو وێستگەکەوە، سەرەتا سەیری تابلۆی هاتن و چوونی شەمەندەفەرەکانم کرد، شەمەندەفەرێک سەعات حەوت لە دۆڵەوە دەگاتە بیزەنسۆن. لە شۆستەی ١ ڕایدەگرێ. وێستگەی بیزەنسۆنیش بچووک بوو تەنها چوار هێڵی شەمەندەفەری تیابوو و کاتێکیش لەسەر هەر شۆستەیەکیش چاوەڕێت بکردبایە، سێ شۆستەکەی دیکە دەبینرا. چوومە سەر شۆستەی١ و کات ناکاتێکیش سەیری سەعاتە هەڵواسراوەکەم دەکرد. سەیری ئاراستەی دۆڵیشم دەکرد. ئێستا ناتالی لە تەنیشت پەنجەرەیەک دانیشتووە و سەیری دەرەوە دەکات، دەبێ بیر لە چی بکاتەوە...

لە پڕێکدا بەمایکرۆفۆن، خانمێکی وێستگەی شەمەندەفەر ئەوەی ڕاگەیاند کە شەمەندەفەری دۆڵ کە لە پاریسەوە دێت، دوای چەند لەحزەیەک دەگاتە شۆستەی ژمارە یەک و تکایە لە قەراغ شۆستەکە دوور کەونەوە. لە دوورەوە گڵۆپەکانی شەمەندەفەرەکەم بینی وردە وردە هێواشی دەکردەوە و لە وێستگەکە نزیک دەبووەوە خەڵکێکی زۆر لەسەر شۆستەکە بوون. هەبوون بۆ سەفەر هاتبوون، هەشبوون بۆ پێشوازی کردن لەسەر شۆستەکە چاوەڕێیان دەکرد، هەشبوون هەمیشە کردبوویانە عادەت لە دەوری وێستگەکان ژیان دەبەنە سەر. ئەم ساتانە هەمیشە موچڕکێکی سەیرم تیا دروست دەکەن، سەفەر هەمیشە هەنگاوێکە بەرەو مەجهوول.

شەمەندەفەرەکە وردە وردە هێواشی کردەوە و ڕایگرت. یەک دوو جابی لە شەمەندەفەرەکەوە دابەزین و خەریکی کۆنترۆڵکردن بوون، مەبەست سەیری ڕاست و چەپی خۆیانیان دەکرد و ئاگاداری دابەزین و سەرکەوتنی موسافیرەکان بوون. ئەوانیش دادەبەزین و بەڕاست و چەپدا بڵاوەیان لێ دەکرد. منیش سەیری ڕاست و چەپی خۆمم دەکرد و موسافیرەکان بەپەلە بەپێشما تێدەپەڕین. کچۆڵەیەکی جلوبەرگ سپیا، بەجانتایەکی بچووکەوە دابەزی بەرەو ڕووی چووم، بەئاستەم زەردەخەنەیەکی کرد، بەئاستەم لێومان نایە

سەر یەکتر.

ماچێکی هیشک جانتاکەم لێ وەرگرت:

– سەفەرەکەت چۆن بوو؟

– باش بوو، دوو جاران گۆڕیم، دەبوو لە دۆڵ نیوسەعات چاوەڕێ بکەم.

– نیو سەعات باشە، هەندێ جار سەعاتێک زیاتر دەبێ چاوەڕوان بێن، ئەمەش پەیوەندی بەکاتی گەیشتنی شەمەندەفەرەکانەوە هەیە؛ ئەو (TGV)یەی کە تۆ پێی هاتی لە پاریسەوە دێت، وا نییە؟

بەپێکەنینەوە:

– با. سەیرێکی کردم و:

– زۆر نەگۆڕاوی.

– تۆش.

سەیرێکی تری کردم.

– با با، کەمێ گۆڕاوی.

سەیری پەنجەکانیم کرد، ئەنگوستیلەکەی پەنجەم نەبینی. دەستیم گرت و سەیری پەنجە باریکەکانم کرد و پاشان کەمۆکەیەک لە چاوە کەسکەکانی ڕامام.

دەزانی ونم کرد. نایەتەوە یادم لە کوێ لە پەنجەم کردۆتەوە و نەمخستۆتەوە پەنجەم. سەیری دەستی منی کرد، ئەنگوستیلەکەی من، تاقانە بەپەنجەمەوە بوو.

ماوەیەک دوای گەڕانەوەی ناتالی، هەستم دەکرد ئەنگوستیلەکە تا دێت ئەنگوستم دەگووشێ. ڕۆژێکیان چوومە لای عەتارە تورکەکە، کەللەیەکی تا بلێی مەغۆلی هەبوو. لە دوکانەکەیدا، بەرووبووم و بەرهەمی تورکی دەفرۆشرا: پەنیری تورکی و زەیتوون و پاقلاوە و قووتووی بامیە و... هەروەها شتی دیکەی ڕۆژهەلاتیشی دەفرۆشت. منیش زۆر جار، ئێوارانی یەکشەممە دەچوومە لای، چونکە دوکان و بازاڕی دیکە هەمووی دایاندەخست.

عەسرانێک قوتوویەکی یەک کیلۆیی بامیەی تورکیم بەدەستەوە بوو، لەگەڵ کیسەیەک نیسک و هەردووکیم دایە دەستی بۆ ئەوەی نرخەکەیانم پێ بڵێ. سەیرێکی دەستی کردم و وتی:



– ئەو ئەنگوستیلەیە زۆر پەنجەکەت ناگووشێ. ئەگەر دەتەوێ بەمشار بۆتی دەبڕمەوە، چونکە خراپە و هاتوچۆی خوێن سست دەکات.

کەی دەتەوێ، وەرە بەدوو دەقە بۆتی دەبڕم.

یەکشەممی دوایی، هەر بەپیاسە بەرەو دوکانەکەی چووم، زەکی و مەولوودیش بەرامبەر بەدوکانەکەی ڕاوەستابوون زەکی کوردێکی تورکیا بوو، خەڵکی مەرعەش بوو. ئەگەر سەرقاڵ نەبوایە، دەهاتە دوکانی تورکەکە ڕادەوەستا، چونکە خۆی هەر بەتەنیشتەوە دوکانێکی گەسی هەبوو. مەولوودیش خەڵکی (تیزی ئوزوو) بوو، لە بەربەرەکانی جەزائیر بوو. قوتابی بەشی مێژوو بوو. گەیشتمە بەردەم دوکانەکە، سڵاوێکم لێیان کرد، یەکسەر دوکاندارەکە زانی بۆچی هاتووم، چووە پشتی دوکانەکە و مشارە ئاسنەکەی هێنا و دەستمی نایە سەر تەختەکەی پێشی و دەستی کرد بەبڕین. ئەگەر یەکێک لە دەرەوە ئێمەی ببینایە، یەکسەر دەیوت هەمیسان عارەبەکان خەریکی دەست بڕینن. تورکەکە ئەنگوستیلەکەی گرتە دەست و سەیری نقێمەکەی کرد و وتی:

– ئەسڵە، وانییە؟

– ئۆخەی!! لە پەنجەم دەرمهێنا. لێم وەرگرت و خستمە گیرفان.

– دیارە دیارییەکی شیرینە وا دەیخەیتەوە گیرفانت.

ئەو ئەنگوستیلەیە چیرۆکی خۆی هەبوو. لە هیندوستانەوە بەدیاری بۆ ناتالیان هێنابوو، دەیوت لە تەنیشت پەرستگایەکی بازاڕی کەلکوتا کڕاوە. ئەو کەسەشی کە دیاری کردبوو، کەسێکی زۆر ناسراو نەبوو، کابرایەکی هیندی بوو، هەموو شەممەیەک لە گۆڕەپانەکەی پلانپالێ، لە سەنتەری شاری ژنێڤ کەپرەکەی هەڵدەدا و بخوور و گوارە و ئەنگوستیلە و بازنگ و پەڵپەلە و موورووی ڕەنگاوڕەنگی نیمچە کیشوەرەی هیندیی دەفرۆشت. ناتالی زۆرشتی لێ کڕیبوو، ئەویش هەر بەدیاری دابوویە ناتالی و وتبووی ئەم ئەنگوستیلەیە موفەڕکە. بەتایبەت لای زێڕنگرەکانی کەلکوتا دروست کراوە.

– ئەی چۆن! ئەم ئەنگوستیلەیە موفەڕکە موفەڕک.

– بەداخەوە. بەڵام ئەنگوستیلە لە گیرفان موفەڕکییەکەی نامێنێ، دەبێ لە پەنجە بێت.

– لای ئێوەیە وایە.

– ئەمەم لە نەنکم بیستووە، جا نازانم ڕاستە یا نا. بەڵام شتیش هەروا لە خۆڕاییەوە ناوترێت.

– کوڕە ئەم خورافاتی پڕوپیرەژنە و لە دەوری ئەنگووستیلەش دەیان حەکایەت و چیرۆکی هەمەچەشنە هەیە.

– بەهەر حاڵ، زۆر سوپاس قارداش.

زۆر سوپاسی دوکاندارە تورکەکەم کرد و کەمێکیش لەگەڵ مەولوود و زەکی ڕاوەستام. مەولوود کوڕێکی سپیلکەی باڵا بەرز بوو، دەموچاوێکی منداڵانەی هەبوو. لە تەمەنی چوار ساڵییەوە لە فەرەنسا دەژیا. باوکی وەکو کرێکار لە شەستەکان هاتبووە فەرەنسا و لە ناوچەی مۆنبیلایار لە کارخانەی بیجۆ ئیشی کردووە. پاشان ژنەکەی و کوڕ و کچەکانی دیکەی هێناوە. مەولوود دەیگوت (من باوکم ناناسم. هەمیشە هەر لە باخەڵی دایکم بوومە و لە نێوان دایک و خوشکە گەورەکەم گەورەبوومە؛ لە هەققەتدا خوشکە گەورەکەم بەخێوی کردووم. لە تەمەنی چوار ساڵە، کاتێک هێنامیانە فەرەنسا، ئینجا باوکی خۆمم ناسی. بەڵام هەمیشە بەجەختەوە، بەڵکو بووبووە جۆرە وەسواسییەک بۆی، دەیوت من کوڕەزای عومەر موحووشم. زوهدی خەڵکی چیایی هەبوو، کراوەیی خەڵکی دەوری حەوزی ناوەڕاست و زیرەکی بەربەرییەکانیشی هەبوو. بەڵام عەشقی کچێکی عارەبی وەهرانی گەیاندبییە قەراغ دێوانەیی مەجنوون. وەهرانییەکە ناوی فاتیمە بوو، کچی پارێزەرێکی کۆنخوازی ملهوڕ بووە. بەنیسبەت مەولوودەوە، فاتیمەی دەموچاو پان، پێست سپی و کەمێ نوورانی، دەچووە سەر کچانی ئەهلی بەیت و دەیوت نووری کچی پێغەمبەرانی هەیە. مەولوود لە سێکوچکەی خۆشەویستی دەژیا.

سێکوچکەی خۆشەویستیش واتە شونخوونیی ئەشکباران. کوچکەی سێیەم عەلی لیبی بوو، تاقە فەیلەسوفی سەحرای لیبیا بوو، لە مەڕ برودۆمی ئەنارشییەوە نامەیەکی دکتۆرای ئامادە دەکرد.

عەشقی فاتیمە گەیشتە بنەبەستێکی دیوار هەڵزناو، مەولوودیش هەر لە داخا سەری خۆی هەڵگرت و چوو بۆ پاریس بەو نیازەی پلیتێکی دوورگەی گوادولووپ ببڕێت و بڕوا چەند هەفتەیەک لەو دوورگەیە بمێنێتەوە و عیشقی فاتیمە لە عەقڵ و شعووری دەربهێنێ.

ئەمە ڕەوتی ڕومانسییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوو، کاتێک عیشق یەکێکی بگەیاندبایە



قەراغی خەرەند، ئەوە یەکسەر دەچوونە کەعبەی عیشقی ئەو سەردەمە، واتە شاری ڤینیسیا. بەڵام ئیمڕۆ ڤینیسیا لە بن دەستە و هەوارێکی ئێگزۆتیک نییە، بۆیە مەولوود دەیویست بەتەواوی کیشوەری ئەوروپا تەی کات و بچێت لە خۆی لە ئاو و هەوای دوورگە دووردەستەکان هەڵکێشێت و خۆی پاقژ کاتەوە. شەیدایی مەولوود هەندە بەهێز و بەتاو بوو، نەیوێرا لە هەوارگەی یار دوورکەوێتەوە. دوای ئەوەی لە پاریس گەڕایەوە، باسی ئودیسێەکەی خۆی بۆ دەکردم. ڕەنگ پەڕیو و چاو ئەبڵەق، دەتوت ئەجندەی عیشق دەستی لێ وەشاندووە و دەیوت: (کوڕە وەخت بوو شێت بم. دەزانی کاتێک لەناو میترۆکانی پاریس گوزەرم دەکرد و سەیری بنمیچ و تاقی میترۆکانم دەکرد، عەلی و فاتیمەم دەبینی وەکو یەک لەش وابوون، بەئاسمانەوە هەڵواسرابوون، یەک لەسەر ئەویتر). (ئەی بۆ نەچوویت بۆ گوادولووپ، قەول نەبوو بچێیتە گوادولووپ؟) (کوڕە ترسام لەوەی ڕێگای گەڕانەوەم لێ ون بێت. ئەوەی کە لەناو میترۆکانی پاریس بینیم بەس بوو.) مەولوود لەو ڕۆژانە وەکو دێوانە وابوو، عەشقی فاتیمە تەواو لە کەللەی دابوو بەتایبەتی کاتێک گومانی ئەوەی دەکرد کە فاتیمە بۆتە دۆستی عەلی لیبی. بەتوڕەییەوە دەیوت: کوڕە عەلی بەدووە. نامەی دکتۆرا لە بارەی فەلسەفەوە ئامادە دەکات، بەڵام هێشتا ئینتیمای بۆ عەشیرەتەکەی زیاترە وەک بۆ کوڕی فەیلەسوفان. هەروەها ئەوەشی وت: (باشە عەلی تۆ لەکوێ، برودۆن لە کوێ، ئەوێکی ئەنارشیت و تۆی قەبەلی). بەڵام مەولوود نەچووە گوادولووپ و گەڕایەوە بیزەنسۆن و یەک دوو هەفتە خەریکی ئەوە بوو لێوی خۆی لە لێوی فاتیمە جیاکاتەوە، چونکە دەیوت: (هەست دەکەم لێوی ئەوە بەسەر لێومەوە).

مەولوود تەقەمووسی شەخسییەتی فاتیمەی کردبوو، لەشی خۆی لە هی ئەو جودا نەدەکردەوە. ئەمە ترازان و هەڵوەشانەوەی زاتی مولوود بوو. مەولوود وەکو هەموو زەرڕەیەکی دیکە، لە گەردووندا بەبێ (من) دەژیا. کاتێک دەستی بەدەم و لێوی خۆی دەبرد، هەستی دەکرد دەست لە دەم و لێوی فاتیمە دەدات. هەمیشەش دەیوت (من کوڕەزای عومەر مەحووشم. دایە دەمەوێ لێت دوورکەومەوە).

ماوەیەکی زۆر نەگەڕایەوە سان ڤیت، نەچووەوە لای دایکی، بۆ ئەوەی منە هەڵوەشاوەکەی خۆی دروست کاتەوە.

مەولوود خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵ زەکی. مەولوود زۆ حەزی دەکرد لەگەڵ بێگانەکانا قسە بکات. لەناو ئەواندا بەشێکی ون بووی خۆی دەدۆزییەوە، ئیتر ئەو کەسە کورد بوایە

یا تورک، بەربەری بوایە یا عارەب.

تەوقەمان کرد و دەمم ئاراستەی مەولوود کرد:

– ئێستا خەریکی چیت مەولوود؟

ئەویش پێ دەچوو لە نەخۆشییەکەی فاتیمە چاک بووبێتەوە.

– لە تاقیکردنەوەی کاپێس دەرچووم. ئێستا مامۆستام لە ئامادەی تەکنیکی. بەڵام دەڕۆم بۆ باشوور. دەمەوێ لە حەوزی ناوەڕاست نزیک ببمەوە. من بەچکەی ئەوێم. من لە سێ توخم دروست کراوم: هەتاو و ئاو و با. ئەم سێ توخمە سەرەکییەی دەوری حەوزی ناوەڕاست.

بەڵام ئاگری لەبیردەچووەوە کە هەموو کیانی داگیر کردبوو.

زەکیش گاڵتەی بەم ئەنتیلێکتوێلە دەهات و پێی دەکەنی و دەیوت:

– کوڕە بڕۆ کچە بەربەرێکی چیاکانی لای خۆتان بێنە، بەڕۆنی زەیتوون گەورە کرابێت و کچێکی حەڵاڵزادە بێت. هەر وەکو خۆم.

کچی ئاپۆی خۆم هێنا، هی گوندی خۆمانە. پەرفێکت!

مەولوودیش بەلچ خوارکردنەوەوە دەیوت:

– ناچیح نییە دەزانی بۆ من، کچێکی باش ئەوەیە کە بەتەواوی لە دایکمم دوورخاتەوە. گرینگ نییە، عارەب بێت، بەربەری بیت یا فەرەنسی. بەڵام بەیەک مەرج مەغریبی نەبێت.

زەکی بەواقوڕمانێکەوە:

– باشە بۆ مەغریبیان چییانە پسمام؟

– محەممەدی برام لە جەهەننەمدا دەژێت. ژنەکەی مەغریبییە، بەتەواوی ڕایکیشتوەتە لای دایک و خزم و کەسی دایکی کچەکە.

محەممەد شەخسییەتی خۆی بەتەواوی ون کردووە، ژنی مەغریبی پیاو دەخەسێنن. دایکم هەمیشە دەڵێ، محەممەدەکەم گۆڕاوە، کوڕەکەی من کوڕەکەی جاران نییە. خۆزگە کوێرایم دادەهات و حەمەکەی خۆمم قەد وا نەدەبینی.



دە دەقەیەک لە گەڵیانا ڕاوەستام و خواحافیزیم لێ کردن. لەگەڵ خواحافیزیدا مەولوود پێی وتم:

– لەم یەک دوو ڕۆژە دێم سەرێکت لێ دەدەم.

کاتێ سەرنجم دا ئەنگوستیلەکەی ون کردووە، غەمێکی تەنک، بەڵام قورس گیانمی تەنی. (ڕاست دەکات، دەبێ ونی کردبێ، یا بەئەنقەست فڕێی داوە و بۆ ئەوەی ئیتر بیر لە من نەکاتەوە. باشە ئەگەر ونی کردبێت، ئەمە کەمتەرخەمی نییە. کەمتەرخەمی یانی چی!!)

ئا لەو لەحزەیە، منیش حەزم دەکرد ئەنگوستیلەکەم ون کردبایە، هەستم کرد لەسەر پەنجەم قورسە و لەشی گران کردووم. هەستم بەدڵتەزینێک کرد. سەرەتایەکی قورس دەستی پێکرد.

پێ دەچوو ناتالی دڵی خۆش بێت، بەبێ دەنگیی بەپێپلیکانەکانا هاتینە خوارەوە. دوو ڕێگا هەبوو بۆ ئەوەی لە شەقامەکە بپەڕینەوە: یەکەمیان بەژێر زەمینا تێدەپەڕی، ئەوەی دیکەشی بەتەنیشت باخچە بازنەییەکەدا. ئێمە بەژێرزەمینەکەدا بەرەو وێستگەی پاسەکە چووین. بەدوو جادەدا پەڕینەوە تا کەوتینە سەر شەقامی گشتی. کەپری پاسێک بەرامبەر بەکۆشکێکی خنجیلانە، تاقە خانووی شەنگ بوو لەو گەڕەکە. پێ دەچوو لە بیست و سییەکانی سەدەی ڕابردوو دروست کرابێت. باخچەیەکی جوانی هەبوو، درەختەکانیش بەتەمەن دیاربوون. بورجێکی تایبەتیشی هەبوو، بەبورجی سەدەکانی ناوەندی دەکرد. قەد چرایەکم نەدەبینی داگیرسابێت. کۆشکێکی سەرسامکەر دیاربوو.

لەژێر کەپری چاوەڕوانیی، لە تەنیشت یەکتر ڕاوەستاین. حەزم دەکرد ئەو شتێک بڵێت، حەزم دەکرد گوێم لە ئینتیباعی بێت. هیچی نە دەوت و سەیری بەرامبەری خۆی دەکرد، واتە سەیری کۆشکەکەی بەرامبەر و سەیری باڵەخانەی وێستگەکەی دەکرد کە ئەریشتەکتوورێکی زۆر تایبەتیش نەبوو. وردە وردە هەندێ لە موسافیرەکان دەهاتنە ژێر کەپری پاسەکە و چاوەڕوانیان دەکرد. پاس دەهات و موسافیر دادەبەزین و موسافیر سوار دەبوون. هەندەی نەبرد پاسەکەی ئێمەش هات. وتم:

– سواری ئەم پاسە دەبین.

– ژمارە چوار.

سواربووین. کەمێ باسی گەڕەکی پلانوازم بۆی کرد و بەکورتیش باسی بەشی ناوخۆم بۆی کرد. لەناو پاسەکە شوێنی دانیشتنیش هەبوو، بەڵام هەر بەپێوە ڕاوەستاین. جار بەجارێ سەیری دەرەوەی دەکرد. ئاوڕێکی لێ دامەوە و وتی:

– کەواتە لەگەڵ قوتابی دیکەدا دەژیت؟

– ئەپارتمانەکەی ئێمە هی چوار کەسییە، واتە لەگەڵ سێ قوتابی دیکە دەژیم، یەکێکیان ڤێتنامی و دووەمیانیش چینی و سێیەمیان خەڵکی لیبریایە، ناوی جۆنە. دەزانی لە ١٩٩٠، وڵاتەکەیان لە شەڕی ناوخۆ دایە. جۆن خەڵکی مۆنرۆڤیایە. پێ دەچێ نەشگەڕێتەوە وڵاتەکەی.

– سوودبەخشە.

– لە ڕاستیدا، دەزانی من قەد بیرم نەدەکردەوە کە دەست بەخوێندنی هونەر بکەم و بێمە بیزەنسۆن و لە شەقامی شامپانیا بژیم.

– سەیرە! بۆچی ناوی شامپانیایە.

– لەو گەڕەکەی من دەژیم، هەر شەقامە و ناوی شارێک یا ناوچەیەکی فەرەنسای هەیە. شامپانیا پێش ئەوەی ناوی خواردنەوەیەکی فەرەنسی بێت، ناوی ناوچەیەکە لە فەرەنسا کە بەترێیەکی تایبەت ناوبانگی دەرکردووە کە شامپانیای لێ دروست دەکەن. هەر وەکو کۆنیاک، ناوی خواردنەوەیەکی دیکەیە و لە هەمان کاتیش ناوی ناوچەیەکیشە. بەڵام توخوا کێ دەزانی کۆنیاک ناوی ناوچەیەکە؟

– لێت داوە. لە شەقامی شامپانیا دەژیت.

– ڕاستە بەڵام من حەزم زیاتر لە شەرابی سووری بۆردۆیە.

ناتالی پێکەنی:

– من حەزم لە شامپانیایە.

ئا بەم شێوەیە قسەمان دەکرد تا گەیشتینە پلانواز، لە پاسەکە دابەزین و هەر یەکسەر دەستم بۆ پەنجەرەکەی سەرەوە درێژ کرد و وتم ئەوەش ژوورەکەی منە. لە جادەکە پەڕینەوە و دەرگاکەی خوارەوەم کردەوە و بەپەیژەکانا سەرکەوتین:

– لە دوا نهۆم دەژیم.



بەزەردەخەنەیەکەوە:

ڕیازەیەکی باشیشە!

– دەزانی بەئەنقەست ئەم باڵەخانانە چوار نهۆمن، چونکە ئەگەر پێنج بوونایە، ئەوە دەبوایە ئەسەنسۆر دانێن. بەم شێوەیە کەمتر تەکلیفی کردووە.

ناتالی بەپێکەنینەوە وتی:

– ئای کەپیتالیست!

گەیشتینە نهۆمی چوارەم.

– ئەمەش ئەپارتمانەکەمانە.

دەرگاکەم کردەوە و مەتبەغەکە بەدەستی لای ڕاست بوو، جۆن و تیها خەریکی چێشت لێنان بوون. سڵاومان کرد و ناتالیم پێشکەش کردن. جۆن بەزۆڵییەکەوە سەیری کردم وتی:

– خانم بۆ شەقامی شامپانیا بەخێر بێیت، ئێوە نەناسراو نین لە لامان.

ناتالیش دەستی تەوقەی بۆ ڕەوانە کرد و بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:

– سوپاس.

تیهاش، ئەویش هەر لە مەتبەغەکە بوو، خەریکی شووشتنی قاپوقاچاغەکانی بوو، دەستی بەخاولییەک سڕییەوە و زۆر بەئەدەب و ڕێزی ڕۆژهەڵاتی دوورەوە دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد و وتی:

– بەخێر بێن و پێخۆشحاڵم بەناسینتان.

بەناتالیم وت:

– تیها، مامۆستای زمانی فەرەنسییە و لەوەتەی لێرەشە خەریکە ڤێتنامیم فێر دەکات. زمانێکی زۆر سەرنج ڕاکێش و تایبەتە. دەزانی زمانێکی مۆنۆسیلابە!

– مۆنۆسیلاب!

– ئا ئا هەر وشەیەک تەنها یەک برگەی هەیە و بەس. وەکو تی، تا، تو، توو، تین، تان، هەر برگەیەک واتایەکی هەیە و هیچ پەیوەندیشیان بەیەکەوە نییە!

– خۆ ماناکانیان دەزانی؟

– ئا ئا، نووسیومە، وا لە دەفتەرەکەم دایە. دەتەوێ ژوورەکەم ببینی؟

جۆنیش بەهێواشی پێی وتم:

– هەر ئێستا دێت، کورە هەر ئێستا دێن. مەدامزێمسیو.

تێگەیشتم مەبەستی کێ بوو. ئاهەنگی تەعاروف دەست پێ دەکات. قەبیلەکەی جۆن ئەم ئێوارەیە داوەتن.

دەرگای ژوورەکەم کردەوە و ناتالی وتی:

– کێ دێت؟

منیش دەستم بۆ ناو ژوورەکەم درێژ کرد وتم:

– ئەمەش قەسرەکەی منە.

ناتالی هەر بەپێوە سەیری ژوورەکەمی دەکرد. پەنجەرەکەی کردەوە، وردە وردە تەمی ئێوارە لە شەقامی شامپانیا کۆدەبوونەوە.

– بیزەنسۆن شارێکی جوانە؟

– ئەم ئێوارەیە پیاسەیەک دەکەین، شەوی بیزەنسۆن ببینە؛ بەیانیش پیاسەیەکی دیکە دەکەین، بەرۆژیش دەیبینین. ناوچەیەکی کۆنە، پێی دەڵێن (فرانش کۆنتێ)، دەزانیێ یانی چی؟

– هەڵبەتە وشەیەکی کۆنە؟

– فەرەنسی کۆنە. فرانش واتە ئازاد و کۆنتێش بەواتای ناوچە یا شار دێت. واتە شاری ئازاد، واتە شارەزاد.

– لە دەستی کێ ئازاد کراوە.

– تا سەدەی شانزەم ئەم شارە لە ژێر دەستی مەملەکەتی ئیسپانیا بووە.

– ئمممم.

– شارەزاد شتێکت دەخاتەوە یاد؟

– دەتەوێ چ بڵێیت، بیزەنسۆنیش بەغدایە و تۆش شارەیاری؟ چیرۆکی ڕۆمانسی و



ڕۆمانتیکەکەی ژنێڤت دێتەوە یاد؟

کەمێ بەتەریقییەوە پێکەنیم.

– شتێک دەخۆیتەوە؟ سەلاجەی قوتابیانیش تەنها هەر بیبسی و ئاوی پرتەقاڵ و هەندێ جاریش بیرەی تیایە، ئەگەریش حەز دەکەی چایەک دەخۆینەوە؟

– باشتر نییە، پیاسەیەکی ناوشار بکەین؟

– زۆرچاکە.

خەریک بووین خۆمان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچینە دەرەوە ناتالی چووە حەمامەکە، منیش کلیلەکەم بەدەستەوە بوو و لەپێش دەرگای ژوورەکەم چاوەڕێیم دەکرد، لە زەنگ درا. دەرگا کرایەوە لە پڕێکدا گوێمان لە دەنگە دەنگ و زەنا و غەڵبەغەڵب و پێکەنین و دەنگی هاتنە ژوورەوە و ورشەی کراس و چەپڵە لێدان بوو. کامیرۆنییەکان بوون، هەر هەموویان لە سالۆنەکە کۆبوونەوە، کاتێکیش ناتالی لە حەمامەکە دەرهات، تووشی حەپەسان هات، دەبوایە بەناویانا تێپەڕێ، واتە بەنێوەند بۆنوبەرامە و ڕەنگ و ورشەی کراسەوە تێپەڕێ تا بگاتە لای من. دەستیم گرت و بەرەو دەرگای حەوشە هەنگاومان نا، جۆن خەریک بوو بەخێرهاتنی لێ دەکردن و چاوی بەئێمە کەوت کە نیازمانە بچینە دەرێ، بەدەنگێکی هەراش وتی:

– ئەمانەش هاوڕێمن. وەرن هاوڕێیان. با بەیەکەوە ئەم ئاهەنگی بەخێرهاتنە ساز بکەین. ئەم جەژنە بەهاتنی خانم ناتالی دەبێتە دوو جەژن و دوو ئاهەنگ. هاهاهاها. دەستی کردە پێکەنین. ئاهەنگی بەخێرهاتنی ئەو شازادانەی کامیرۆن و بەخێرهاتنی شازادەی ژنێڤیشە.

ناتالی سەیری منی کرد، وەکو ئەوەی سەر لە هیچ دەرنەکات. بڕوای نەدەکرد ئەم کیژە جوانانە ببینی، هەموویان بەکراسی ئاڵاو واڵاوە، مێزەری ڕەنگین، لە قوماشی بەهادار، شاڵی فراوانی ئاوریشم نیوەی شانوپیلیانی داپۆشیبوو. کاتێکیش دەجوڵانەوە ورشەی ئەو قوماشە نایابانە لە یەکتر دەخزین و چرووسکەی لێوە دەهات. بۆنی عەتری کیشوەری گەرمیش بەناو سالۆنەکەیا پەرشوبڵاوەدەبووە. یەکێکیان لە هەموویان بالا بەرزتر و شەنگتر و بەدەنگێکی ساف و بێ گرێ قسەی دەکرد و بەچاوە ڕەشە قەترانییە گەورەکانییەوە سەیری ئێمە و ئەوانی دیکەی دەکرد. مێزەرێکی نارنجی تێری لەسەر

نابوو، ڕیشاڵەکانی لە پشتەوە هەندێ لە ملی داپۆشیبوو، یەک دوو تیلی ڕەنگ زەردیش لەناو مێزەرە نارنجییەکەیەوە دەرهاتبوون، دەتوت کڵپەیەکە و لە تەوقی سەرییەوە بەرز دەبێتەوە؛ سوخمەیەکی تەنگی شینی ئاسمانیشی لەبەر بوو، پەراوێزەکانی بەداوی زێڕین دوورا بوون، ڕاست و چەپ تێکهەڵکێش کرابوون، قۆپچە وردەکانیش بەقوماشێکی شینی تۆختر دەور درابوو، دوو ڕێز بەرامبەر بەیەک، تلیشێ لە سینەی دەرکەوتبوو: ڕەنگی قاوە بەشیرەوە. تەواویی جوانیی ژنێک لەو فەزا تەنگە کۆبووەوە. کراسەکەش تا بەرەو خوارتر دەچوو، فراوان و فش دەبووەوە، ڕەنگی خوماریی هەبوو، لە ئاوریشمێکی دەگمەن دروست کرابوو. لە ناوەندی ساڵۆنەکە ڕاوەستا بوو و دەستەخوشکەکانیشی لە دەوری کۆبووبوونەوە و بەئیعجابەوە سەیریان دەکرد. دوو چاوی فراوان و ڕوون، دوو لێوی ئەستوور و حەشەری، لووتێک کەمۆکەیەک شۆڕ، شەهوانی، میزاجی دەدایە ئەو لێوە تەڕانەی کە ڕەنگێکی تێریان هەبوو، خاڵێک دەکەوێتە ژێر لێوی، خاڵێک تا بلێیی ڕەش، کەمێ کاڵی دەدایە پیستە ڕەشەکەی، پێستێکی بێ گەردی هەبوو، هەر لە پێستی مێوی مانغا دەچوو. پێ دەچوو هەر ئەوبێت شازادەی شازادەکان.

جۆن خەریک بوو ئێمەی گل دەدایەوە، قوتابییە ڤێتنامییەکەشی نارد بۆ ئەوەی لە ئەپارتمانەکانی بەرامبەر و ئەوەی خوارەوە، ئەسکەمبیل کۆ کاتەوە، چونکە ئەوەی هەبوو بەشی ئەو هەموو کەسەی نەدەکرد. ئەسکەمبیلەکان، بەلاکێشەیی لە ساڵۆنەکە دانران و مێزەکەش کە لەناوەند داندرابوو، خرایە پاڵ پەنجەرەکە و بەسفرەیەکی سپی کاغەزین دایانپۆشی، شەربەت و بیرە و شەراب و ڤۆدکا و جین و ویسکی لەسەر دانرا، هەروەها کەنەپەی جۆراوجۆر (جۆرە سەموونێکی چوارگۆشە و سێگۆشەی بچووکن، خواردنی تایبەتی هەمە چەشنەی دەخرێنە سەر) لەسەر هەندێکی کاڤیار و ماسییە سوورەی دەریای باکور، لەسەر هەندێکیش مایۆنێز و نیوە هێلکە کوڵاوی کەرت بوو و وردە پەنیریشی خرابووە سەر، دانرابوو. هەموو زۆر بەجوانیی و ئەندازیاریی ڕازاندرابوونەوە. لە نێوان کەنەپەکانیش لەناو قاپی پلاستیک، فستق و بادەم و گەنمەشامی برژاو و جۆرەها پسکێتی شۆڕی چەشنی چیلکە لە نێوان شووشەکان داندرابوون. وردە وردە کچە عازەبەکان دەچوونە سەر ئەسکەمبێلێک و خانمانە دادەنیشتن. ئێمەش گەیشتبووینە بەر دەرگا و خەریکی ڕۆیشتن بووین، جۆن گەیشتبووە تەنیشتمان زۆر بەهێز پیلی گرتم و سەیری هەردووکمانی کرد و وتی:



– بەگیانی پاکی دارستانەکانی ئەفریقیا نابێت بڕۆن.

ئەم ڕستەیە لە زاکیرە هەرە قووڵەکانی جۆنەوە هاتە دەرێ. ڕستەیەکی شاعیری بوو، بەڵام پێش شاعیریش بێت، ئەنیمی بوو.

ڕستەیەک بوو، ڕۆحی دەخستە بەر گژوگیا و دار و بەردەوە. پاشان بەزمانێکی دیکە، تکای لێ کردین:

– بەبێ هیچ پرۆتۆکۆلێ، فەرموون لەگەڵمان دانیشن و شتێک بخۆنەوە.

منیش سەیری مێوانەکەی خۆم کرد و پێم وت:

– چ دەڵێیی؟ دانیشین یا دەتەوێ بڕۆین؟

– حەز دەکەی با هەندێک دانیشین.

تا هێزی تیابوو، جۆن هەردوو ناو لەپی بەیەک دادا و، وتی:

– بەخێربێن. هەر هەموو بەخێرهاتن. ئیمشەو ئاهەنگی ئاهەنگەکانە.

دە دوانزە کچ دەبوون و قوتابییە ڤێتنامییەکەش نەیدەزانی لە کوێ دانیشێ و لە کوێش بەپێوە بوەستێت. نەیدەزانێ لە چ سووچێ جێی خۆی بکاتەوە. دوو قوتابی ئەفریقیش لەگەڵ کچەکان هاتبوون. ئەوان لە پەڕەوە، بەیەکەوە دانیشتبوون. جار نا جارێ دەستیان بەپێکەنین دەکرد، بەتایبەت کاتێک جۆن ڕستەی فەرەنسی و ئینگلیزی تێکەڵ دەکرد.

جۆن خۆی شەربەتی دەبەخشییەوە. پەرداخی پلاستیکی پڕ شەربەتی دەدایە ئەو کچە جوانانە. پاشان هەندێ جینی تێکەڵی ئاوی پرتەقاڵ کرد و هێنای بۆ ئێمە، یەکێکی دایە دەست ناتالی و ئەوەی تریشی دایە من و وتی:

– ئەمە جین و ئاوی پرتەقاڵە. نۆشتان بێت.

پاشان دەستی نایە سەر دوگمەی تەسجیلەکە و شریتێکی بۆب مارلی خستە سەر. ناتالیش سەیری ئەو کچانەی دەکرد کە تەمەنییان لە نێو بیست و بیست و پێنج ساڵ دەبوو، بەڵام لەو جلوبەرگە فش و ڕەنگاوڕەنگانە بەخانمی پێگەیشتوو دەچوون، بەڕوونییەوە سەیری یەکتریان دەکرد، بەبوێرییەوە قسەیان دەکرد. هەمووشیان بەفەرەنسییەکی زۆر ڕەوان قسەیان دەکرد، زۆر جار لە فەرەنسییەکان جوانتر قسەیان دەکرد. ئەم کیژانە، لە ڕاستیدا ژن بوون، زۆر لە خۆ ڕازی بوون. ئەوەی زیاتر سەرنجی منی

دابوو دەنگیان بوو: زۆر ساف و بێ گرێ. سەرەڕای ئەوەی حەرفی (r)یا بە(ر) تەلەفووز دەکرد، نەک وەکو فەرەنسییەکان کە بە(غ) تەلەفووزی دەکەن، نەک تەنها هەر نەشاز نەبوو، بەڵکو نەغمەیەکی شیرینی دەدایە زمانی فەرەنسی و دەیخستە گۆرانییەوە. بەتایبەت کاتێک وشەیەکی لەبیرچووەوە دەوترا و دەکرایە ڕستەیەکی زۆر ئاسییەوە، هەندەی دیکە زمانی فەرەنسی خۆش دەکرد. لە ڕاستیدا، ئەوان زمانی فەرەنسییان لە بێژنگ دەدا و دەیانوتەوە، سیحریان دەدایێ. هەندێ سەرنجم دەدا و هەستم دەکرد زمانی فەرەنسی لە جۆگەلەی دارستانەکان هەڵدەکێشن و کاتێک حەرفێک دەوترا و ئاوێکی سازگاری لێوە دادەچۆڕی، هەر حەرفێک بەشیعر بارگاوی دەبوو، دەبووە نەغمە و ئاوازێکی پاراوی لێ دەتکا.

چرای سالۆنەکە کوژابووەوە، دەیەها مۆم داگیرسابوون، ئەو مۆمە بۆنخۆشانەی کە لەگەڵ توانەوەیاندا بۆن و بەرامەیەکی تایبەتی دەبەخشییەوە. مۆمی ڕەنگاوڕەنگ بوون. کاتێک کچێکیشیان هەڵدەستا و بۆ ئەوەی پەرداخێ شەربەت یا بیرەیە بێنێ، لە ڕێگای چرای مۆمەکانەوە، هەیکەلێکی سێبەری بەهەیبەت لە قەد دیوارەکەی پشتەوە دروست دەبوون. وردە وردە جین و بیرە ئاو و هەواکەی ساز دەدا، دەنگی گڕ و کەرخەکەی بۆب مارلی، تیشکی مۆمەکان و ڕوخسارە ڕەشەکانی ئەو ژنە جوانانە کە هەندێ جار تیشکی مۆمەکە لایەکییانی دادەگیرساند، تاریکی و ڕەشیی و تیشکی نارنجی تێکەڵ دەبوون. ورشەی ئەو جلوبەرگانەی کە لە خەزی ئەسڵی دروست کرابوون، دەتوت ورشەی درەختە ئیستواییەکانە و لە پەنجەرە گەورەکەشەوە، تەمی گەڕەکی پلانواز تا دەهات ئەستوور تر دەبوو، دەتوت شەو خەریکە دروست دەبێت، شەوێکی تایبەت. ئەو چەند درەختەی کە لە باخچەکەی دەرەوەش بوون، ئەو کەمە گەڵایانەی کە بەسەر لقەکانەوە مابوونەوە، لەگەڵ چلە ڕووتاوەکان هەندێکیان لەناو تەمەکە توابوونەوە هەندێکیشیان نووکەکانیان دیار بوو، بەردەوامییەکی ئەو کەشە بوون، کە وردە وردە لە سالۆنەکەی ئێمە دروست دەبوو. دەرەوە سەرەڕای سەرما، دەتوت بەردەوامییەکی سروشتی گەرماکەی ژوورەوە. نەمدەزانی چۆن، لە هەندێ ئێوارەی تایبەتی وا دا، هەموو بەرجەستەیەک ژیانی دەچێتە بەر، هەموو ماددەیەک سوزەی تێ دەچێ و هەموو توخمێک دەکەوێتە جوولە و ئاو و هەوای سیحرێکە خەریکە دەزێ و دنیا بۆ چەند ساتێک دەبووژێنێتەوە و ڕۆحی سەرەتایی دەچێتەوە بەر ژیان. ئۆخژنێکی سەیری دەبەخشییە من، بۆیە هەندێ جار نغرۆ دەبوومە نێو ڕامانێکی سادەوە، لە هیچ فەلسەفەیەکیشەوە سەرچاوەی وەرنەدەگرت. بەسادەیی هەستم دەکرد،



دنیا ئیمڕۆ لە دایک دەبێ.

جۆن هەڵسایە سەر پێ و چوو داوەتی ئیزابێلی کرد بۆ ئەوە پێکرا سەما بکەن. ئەویش بەنازێکی تایبەتەوە هەڵسایە سەر پێ، سەیرێکی دەستەخوشکەکانی کرد و چاوێکی لە یەکێکیان داچووقاند و لێوێکی قورچان و هەردووک چوونە ناوەندی سالۆنەکە و دەستی یەکتریان گرت و سەمایەکی سلۆیان کرد. لەسەر ڕیتمێکی هێواش، لە پشتەوەش لە تەسجیلەوە، دەنگی تام تام، تەپڵی کیشوەری ئەفریقیا بەرز دەبووە. ڕیتمێکی هێواش بوو، بەڵام بانگەشەی جموجۆڵێکی تایبەتی دەکرد. پێکڕا هەردووک دەخوولانەوە جۆن وەکو لە خۆبایی، سەیری بنمیچی دەکرد و دەیویست بەئاستەم بۆنی ئەو عەترە بکات، کە شازادەکەی کامیرۆن پرژاندبوویە سەر کراس و بنملی و تک تک دەڕژایە خوارەوە. لە مێزەرە نارنجییەکەشیەوە هەندێ گوڵینگ شۆڕبووبوونەوە. جۆن چاوەکانی دادەخست و بۆنی دەکرد و پاشان هەردوو دەستی بۆ کەمەری برد وەکو شەپۆلی دەریا خۆی دەکێشایە ئەم لاوە ئەو لای ئەو جەستە گەرمەی کە هێشتا گەرمایی وڵاتی کامیرۆنی تیا بوو. ئەویش لەسەر ئیقاعێکی تر دەیویست جۆن بەرەو ئاواز و میلۆدییەکی دیکە ڕاپێچێ. شریتێکی دیکەیان خستبووە سەر تەسجیلەکە، ئەمجارەیان تەنها گوێمان لە دەنگی تەپڵ و دەهۆڵ دەبوو، لەسەر ڕیتمێکی خێراتر، تا دەهاتیش خێراتر دەبوو. هەستم بەدەیان، بەڵکو سەدان پێخواس دەکرد، لە دەوری ئاگرێکی جۆشدراو، دەمامکیان لەسەر ڕوخسارە و گۆرانی دەڵێن و کەشێکی ئەفسووناوی دروست دەکەن، دەنگەکان ڕۆ دەچنە قووڵایی دارستانەکان و جارێکی دیکەش گوێمان لە زایەڵەی دەنگەکان دەبێتەوە، ئەم زایەڵانە تێر و تەسەلی ئەفسوونن و جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە، بەڵام بەجیاوازیی دەگەڕێنەوە. سەمای سلۆ بوو بەکۆ سەما.

کچێکیان داوەتی قوتابییە ڤێتنامییەکەی کرد، ئەویشیان هەر بەزۆر هێنایانە ناو جەرگەی سالۆنەکەوە. نەیدەزانی سەمای ئەفریقایی بکات، هەندێ خۆی ڕاوەشاند، بەڵام پێی دەچوو، بیەوێ بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی. دوو قوتابییە ئەفریقاییەکە هەڵسان، هەر یەکە و دەستی کچێکی گرت و خۆیان نووساندە لەشییانەوە و دەستیان بەسەما کرد. جۆن ئاوڕی لە من و ناتالی دایەوە و بەدەم و لووت ئیشارەتێکی زۆر تایبەتی کرد، وەکو ئەوەی پێمان بڵێ (وەرنە ناو سەماوە، چییە ئەوەندە لەو لاتەریکییە بن!)

منیش بەناتالیم وت ، دەتەوێ هەندێ سەما بکەین، ئەویش لە وەڵامدا وتی: (حەز

دەکەم بچین پیاسەیەکی شارەکە بکەین).

وتم (با هەندێکی دیکە دانیشین، ئینجا پیاسەیەکی دەرەوە دەکەین). نەمزانی بۆچی ناتالی حەزی نەکرد لەوێ بمێنێتەوە. ئەم ئێوارەیە چ بۆ من چ بۆ ئەو تایبەت بوو، سەرەڕای ئەوەی هەردووکمانیش ئاهەنگ و جەژنی ئەفریقایمان بینیبوو، بەڵام ئاهەنگی وا عەفەوی و هی خەڵکانێک هەر دوێنێ پێیان ناوەتە سەر خاکی فەرەنسا و هێشتا گەرموگوڕی و شەهوەتی دنیای ئەوێیان پێوەیە، دیاردەیەک و دیارییەکی دەگمەن بوو. ئەم ئاهەنگە لە پێناوی سەیرکردن نەبوو، سپێکتاکل نەبوو، ئەمە ئاهەنگێکی تایبەتی جۆنە، ئاهەنگە بۆ ئەوەی خۆت ڕۆڵی تیا ببینی، کەس نەهاتووە بۆ ئەوەی سەیری ئەویتر بکات، هەموو هاتوون بەشدار بن، هەر بۆیە، هەموو سنوور و ڕێگر و بەربەستەکان دەشکێنرێن، ئەمەش لە پێناوی پێشکەشکردنی لەززەتێکی کاتیی بوو بۆ لەش. جۆن لەم ئاهەنگانەدا، هەموو ساڵێک زۆر لێزانانە، یەکەم میوەی وەرزی عیشق و خۆشەویستی لێ دەکردەوە. ئاهەنگی وا بەهیچ جۆرێ دەستکردیی پێوە دیار نییە، ڕاستە لە شوێنێک و ساڵۆنێکی موتەوازیعی بەشی ناوخۆ دەکرێت، بەڵام پاراویی ئەم ئاهەنگە گەلێ لەو ئاهەنگانە بەچێژ و بەزەوقتر بوو کە بەئەنقەست دەیانەوێ کولتوور و مۆسیقای ئێگزۆتیکی ئەفریقایی پێشکەشی فەرەنسییەکان بکەن. لە هەمووشی خۆشتر ئەوە بوو، کە ئێمە هەموو بێگانە بووین. ناتالیش، هەرچەند فەرەنسی زۆر بەباشی دەزانی، سەرەڕای ئەوەی خۆی ئەڵمانیزمان و بوو، هەروەها لە وڵاتێکی دیکەوە هاتبوو، ئەویش وەکو ئێمە بێگانە بوو، ڕەنگبێ لە هەموومانیش بێگانەتر ئەو بووبێت!

حەزم دەکرد ناتالیش هەڵسێتە سەر پێ و بەو جلوبەرگە ڕەشە جوانەیەوە، بەو لەش و لارە باریکەیەوە، بەو قژە بلێسییەوە، دەستەکانی بۆ بنمیچی ساڵۆنەکە بەرز کاتەوە و نووکی پێڵاوە وردەیلەکانی بچەقێنێتە سەر مۆکێتە پلاستیکییەکە و بالێیەکی ناسکمان پێشکەش کات. یا ئەوەتا بیر و بیرکردنەوەکانی بۆ چەند لەحزەیەک لە عەقڵ و شعووری داماڵێ و ڕەشیی جلوبەرگەکەی تێکەڵی تیشکە تاریکەکانی مۆمەکان بکات و لەگەڵ ڕیتمی سەرەتاییانە هەڵپەڕێت و بانگی منیش بکات بۆ ئەوەی وردە وردە خۆ نغرۆ کەمە ناو ئەو ئاهەنگ و سەما نوێیانەی کە پێویست ناکات کۆد و دەستوورەکانی فێر بین. یاسا و دەستووری ئەم سەمایانە تەنها هەر جەستە خۆی لەکاتی خۆیدا دەیانئافرێنێ، سەمای لەشە لەگەڵ ڕیتمی تام تام. جۆرە ئاوێتە بوونی لەش و مۆسیقایە. خۆ ناتالی، بەباشی



دەیتوانی لەم ڕووەوە تیۆری خۆیم پێ بڵێت. بەڵام سەیری دەکرد و بەس. منیش جار بەجار سەیری چاوەکانیم دەکرد، سەیری ڕوخساریم دەکرد، سەیری لەشیم دەکرد، نیگای تێکەڵی ئەو تاریکییە دەبوو، تیشکی مۆمەکەش جلە ڕەشەکانی کاڵ دەکردەوە، بەڵام نەمدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە و چۆن لەم ئاهەنگە کتوپڕە تێ دەگات. نەمدەزانی ئایا پێی خۆشە یا نەء، دەیبزوێنێ یا نەء! ئایا دەیەوێ بچینە دەرەوە لە پێناوی ئەوەی بەیەکەوە بین، یا چێژ و ئاهەنگ و لەززەت بینی زیاد لە پێویست، خەمۆکی و غەمباری دەکات. پێ دەچوو، ناتالی تا سنوورێکی دیاریکراو، دیاریکراو و بەس حەز لە لەززەت و خۆشی بکات، پێ دەچوو کاتێک پاڵ بەلەززەتەوە دەنێن تا سنووری توانەوە لەناو شەهوەت و خۆشی و لەززەت، هەست بەگوناه لە بیرەوەرییە قووڵەکانی ببووژێنێتەوە. بڕوام بەمە نەدەکرد، چونکە هەرگیز ناتالی، باسی ئاینی لە لا نەکردم، هەرگیز هەستم بەوە نەکرد کە هەستکردن بەگوناهی یەکەم، لە ناواخنی شعووری ناتالی هەبووبێت. بەڵام ئایا من ڕۆچووبوومە ناو هەست و نەستە هەرە شاراوەکانی ئەو شازادە سیاپۆشە؟

ئەوێک حەزی لە مۆسیقا بوو، حەزی لە کەلتووری دنیای دیکەش هەبوو؛ سەفەرەی بۆ نیپال لەبەرئەوە نەبوو، لە نزیکەوە کولتوور و نەریت و شێوەی ژیان و ژینگەی هیتران ببینێ! باشە لەبەرچی نایەوێ، بۆچی چەند ساتێک، بۆ چەند ساتێک و بەس، ئێمەش، هەردووکمان هەڵسینە سەرپێ و خۆمان بنووسێنینە قەد یەکتری و بخوولێینەوە. منیش هەر دوو دەستم لە کەمەرە باریکەکەی بئاڵێنم و سکی بنووسێنمە قەد سکم و بۆنی ملی بکەم، بۆنی ئەو گەندەمووانە بکەم کە دەتوت ڕەگەکانی لە میسکاو هەڵکێشراون. ناو لەپم، نەخێر قامکە بیژییەکانم، ئەوانەی هەمیشە دەکەونە داوی لەززەتی جەهەننەمی، وردە وردە بساومە بناگوێ و بەنووکی پەنجەکانم، حەسرەتی گەندەمووکان بسڕمەوە، ئاه و ناڵەی ئەو مووە تەمەن کورتانە ڕابماڵم. جارێکی دیکە، با دواجاریش بێت، هەر قەیناکە دەستی ڕاستم ورت دەمە ناو سەرچاوەی لەززەتێک کە سەرچاوەکەی ژان و پەرکەمە، بۆ ئەوەی ئەم دەستە سیحراوییانەی من، سبەینێ، بەدیار ئەم لەشە هیشک هەڵگەڕاوەمەوە ئێشک بگرن. نازانم چۆن باسی ئەو سەمایە بکەم، کە نەمانکرد.

دوو جنی ترمان خواردەوە و ماڵئاوایمان لەو ئاهەنگە کرد کە نەماندەزانی کەی کۆتایی دێت، بێگومانم کە ئەم ئاهەنگانە کۆتاییان نایەت، دەمەو بەیانیش کاتێک دێینەوە، پەرداغە باغەکان لەسەر قەبرغە کەوتوون، شووشەکان هەر هەموویان، یا زۆربەی زۆریان

بەتاڵ بوونە، بۆنی دوکەڵی جگەرە و بۆنوبەرامەی ئەو هەموو خواردنەوە ڕۆحییانە و عەترە تایبەتییانەی وڵاتی کامیرۆن، بەڵکو هی هەموو ئەفریقیا تێکەڵی یەکتر بوونە، بێدەنگییەک بەسەر ساڵۆنەکەیا ڕاشکاوە. بێدەنگی!! نەخێر، ئاهەنگەکە گواستراوەتەوە ژوورەکان، جۆن لەگەڵ شازادەکەی خۆی دایە. هەردووک، دۆشەکەکەیان هێناوەتە خوارەوە، چونکە جێی ئەو دوو لەشە زلە لەسەر ئەو قەرەوێلە یەک نەفەرییە نابێتەوە، ئەو دوو لەشە سیاهە، ئەو دوو لەشە گەرمە، ئەو دوو لەشەی شەو پیرۆزبایی لێ کردوون و دەمێکیشە خەون بەیەکترەوە دەبینن، وەکو چڵ و ڕەگی درەختە ئیستواییەکان تێکئالاون و چۆڕاوگەی ئەڤین و عیشق و لەززەتیش بەتەنیشتیانە چۆڕەی دێت. درەختی ئیستوایی هەمیشە هەر ئارەقاوین، لەشی ئەو ڕووکە گەڵاپان و ئەستوورانە، دڵۆپە شێ وەکو دەنکە قەزوان لە سەریان کۆدەبێتەوە.

مۆسیقایەکی کزیش لە تەسجیلەکەوە بەرز دەبێتەوە، زۆر کز وەکو ئەوەی دەنگێک بێت لە دەرەوە بڕژێتە ئەو ژوورە تاریک و تنۆکەوە، دەنگێک بێت لە نێو ئەستوورایی تەمە چڕەکانەوە، لە دنیایەکی دیکەوە بخزێتە ژوورەکەی ئەوانەوە. شازادەش بەزمانە حەشەرییەکەی هەموو لەشی جۆن بلێسێتەوە، هەر لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەر، هەندێ جاریش وەکو دوو ئەڵقە زمانیان لە یەکتر گیر بکەن و بەحەسرەتەوە بیانەوێ وەک یاریی و جەنگی زیندەوەرانی دەریا یەک ئەوی تر قووت بدات. یا وەکو ئەفسانە سەرەتاییەکان بچنەوە ناو لەشی یەکتر و ببنەوە ئینسانی یەکەم. جۆنیش، بەناو لەپ، نەوازش لەگەڵ ئەو جەستە تاریکە بکات، لە هەر بستەلەشێک گوڵێکی دەگمەن بکاتەوە. تەنها بەنووکی پەنجە و ناو لەپ ئەو لەشە فراوانە بەسەر کاتەوە: ئێرە قۆرتاییەکانی ناوکە، سەرچاوەی حەزە، ئەولاتر، نێوان سمت و گژوگیا ڕەشەکانی موحیبەت، کانگای بوورانەوەیە، ئەولای تر تەلارە گۆشتنەکانە، ترۆپکی حەوانەوەن، گومەتە نەرمونۆڵەکانیش بەرەو بەرزاییەکان دەڕۆن و بەیداغی ڕەحتبوونیان هەڵگرتووە، تاکو پشتەوەی ئەژنۆش، شۆڕبوونەوەیە، شۆڕبوونەوەیە بەرەو هەلاکەت، بەرەو نیرڤانا: ئا لەو قۆرتاییانە نەوازش خۆشە تا پووزە تورتەکان و ئیتر قوولەقاپ و پێیەناسکەکان و پەنجەی پێیەکانە کە هەرس دەست لێدانێکیان تەزوویەک بۆ شعوور و هەست دەنێرێ، هەر نەوازشێک لە حزووریان بلێسەی حەزێک لە تەوقی سەر دەکاتەوە. ئیتر هەر حەزە ، گڕ دەگرێ، هەر لەززەتە و دادەگیرسێ و هەر چۆڕاوگەی ئەڤینە و دەبێتە چراخان...



ناتالی دەستی بۆ جانتا ڕەشە بچکۆڵەکەی برد و سەیرێکی منی کرد، منیش سەیرێکی جۆنم کرد و چاوێکیشم لە ئیزابێل داگرت و پێم وت: دڵخۆش بووم بەناسینیت و یەکتر دەبینیەوە. (ناتالی زۆر ئۆتۆماتیکییانە جانتاکەی بەدەستەوە گرتبوو و پێی دەچوو داڵغەیەکی قووڵ بردبێتییەوە. دوا تەماشای سەماکەرانی کرد و خواحافیزی لێ کردن). دەستێکم نایە سەر شانی و قەبیلە نازەنینەکەمان جێهێشت.

نهۆم بەنهۆم بەپێپلیکانەکانا دەهاتینە خوارەوە، وردە وردە دەنگی ئاهەنگەکە کزتر دەهاتە بەرگوێمان. دەرگاکەی خوارەوەمان کردەوە و تەمێکی چڕ و ئەستوور شەقامی شامپانیای داگیر کردبوو. دوو کچمان بینی، دەستی یەکتریان گرتبوو و بەحریکەحریک لە شەقامەکە دەپەڕینەوە و دەچوونە ئەپارتمانەکەی بەرامبەر. گەیشتنە تەنیشتمان، یەکێکیان هات و لە من نزیک بووەوە و داوای ئاگری لێ کردم.

ئەوی دیکەشیان جگەرەیەکی بەسەر لێوەوە بوو. چەرخەکەم دەرکرد و جگەرەی هەردووکیانم داگیرساند. سوپاسیان کردین و دەستیان بەپێکەنین کردەوە و دەستی یەکیان گرتەوە و لەناو تەمە چڕەکە ون بوون.

ناتالی تەماشایەکی منی کرد و چاوە سەوزەکانی وەکو دوو کانگای فسفۆڕی وابوون چرووسکەیان تێ کەوتبوو، حەزم دەکرد بیگرمە باوەش. گەیشتینە ژێر کەپری پاسەکە. هەندەی نەبرد پاسەکە هات. سواربووین. تەنها هەر چوار پێنج کەس لە پاسەکەدا بوون. ژنێک و پیاوێک، تەمەنیان چل، چل و پێنج ساڵ دەبوو، لە تەنیشت یەکتر دانیشتبوون، هەر دووک فوول مەست بوون. پیاوەکە ڕیشێکی هەفتەیەکی دەرچووبوو، ژنەکەش قەمسەڵەیەکی مۆری لەبەر بوو. پیاوەکە دەستی کردبووە ملی ژنەکە و جاربەجار بەچرپە شتێکی پێ دەوت و ماچێکی دەکرد. ژنەکەش پێی دەچوو زیز بووبێت و نەیدەهێشت پیاوەکە ماچی کات. دوای چەند وێستگەیەک دابەزین. لە جادەکەش پەڕینەوە هەر چەقەچەقیان بوو. ئێمەش گەیشتینە گۆڕەپانی سان پیار. دەستی لای ڕاستمان وەرگرت، وردە وردە بەشەقامی لاگران ڕوو دا سەرکەوتین. بەناتالیم وت:

– دەزانی لاگران ڕوو، مەبەستم ئا لەم شەقامەیە کە من و تۆی لێین، کاتی خۆی ڕێگا و بانی ڕۆمانەکانیش بوو! ئێرەش کەوتبووە ژێر دەستی ڕۆمەوە.

– تۆ شتێک نییە سەرنجی نەدەیتێ!

– کچێ ئاخر، شتێکی سەیرە! تۆی ئەڵمانیزمان، منێک خەڵکی خڕی خاسە، لەوپەڕی دنیاوە هاتووم، لەم شارە یەکتر ببینینەوە و بەجادەیەکیش پیاسە بکەین کە کاتی خۆی پێچکەی گالێسکەی ڕۆمانەکانی بەسەرا خوولاونەتەوە. ئەو بەرزاییە دەبینی، ئەوەی کە بەچرا و ڕۆشنایی دەوردراوە؟ ئەو قەڵایە. هی سەدەکانی ناوەندە حەزدەکەی سبەینێ دەچین لە نزیکیشەوە دەیبینین.

وردە وردە بەشەقامی لاگران ڕوودا سەردەکەوتین، دنیا بەتەواوی ساردی کردبوو. دەستیم گرت و خۆم لێی نزیک کردبووەوە و شانم بەرشانی دەکەوت. گەیشتینە کۆتایی شەقامەکە، ئیتر بن بناری قەڵایە. بەدەستی لای ڕاست، ماڵی ڤیکتۆر هۆگۆ بوو، بەدەستی چەپیش، هەر بەرامبەر ماڵەکەی هۆگۆ، ماڵی (دوو برای ڕووناکی)یە. پلاکێکی برۆنزی هەڵواسرابوو، وێنەی هەر دوو براکەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو و مێژووی لە دایک بوون و چەند ڕستەیەکی لەسەر نووسرابوو؛ ئەو دوو برایە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سیحری سینەمایان داهێنا. لە ڕاستیدا، ئەم ناوە زۆر لایق بەو دوو برایەیە، گەیشتبووینە تەنیشت ماڵی ڤیکتۆر هیگۆ و بەناتالیم وت:

– ڤیکتۆر هۆگۆ بەڕێککەوت خەڵکی بیزەنسۆنە!

بەڕێککەوت؟

– ئا ئا، دەزانی باوکی جەنەڕالی لەشکری فەرەنسی بوو، لەشکریش وەکو دۆم وان، هەر ماوە و لە شوێنێکن. لە گۆڕەپانی گرانڤێلیش هەیکەلێکی نابووتیان بۆ دروست کردووە. هەر بەهای ڕێککەوتنێکی هەیە و بەس. با لێرەوە با بدەینەوە، لەو پشتە چەند بارێکی خۆشی هەیە، بچین کەمێ خۆمان گەرم بکەینەوە و شتێکیش بخۆینەوە.

– حەز ناکەی سەر قەڵاکە بکەوین؟

– تۆ لای خۆت سەرمابردەڵەی، بەڵام ئەگەر حەز دەکەی با بڕۆین. ئێمڕۆ تەمە ئەگینا لە سەرەوە شاری بیزەنسۆن زۆر جوان دیارە.

ڕووباری (دوو) وەکو مرواری چرووسکەی دێت.

گەیشتینە کۆتایی شەقامەکە، ئیتر چڵە کۆڵانی لێ جودا دەبێتەوە، بەگەڕەکەکەی دەوری قەڵادا پەرت دەبنەوە؛ کۆمەڵێ دامودەزگای ئایینی لێیە کۆڵانێکیشی بەدەستی چەپدا، ئیتر دەبێتە پێپلیکانە و پاشانیش دوو ڕچەی لێ جیا دەبێتەوە: یەکێکیان پەیژەیەکە



بەردڕێژکراوە، ئەوەی دیکە قیرتاوە، بۆ ئۆتۆمبێل و بۆ پیادەش دەشێت. ئێمە جادە قیرتاوەکەمان وەرگرت، چونکە ڕۆشنتر و ئاسانتریش بوو بۆ سەرکەوتن، لە پێشەوەش کاتێدرالەکی گۆتیک بەرزبۆتەوە، لە پێشەوەی قەڵاکە دایە. پێش ئەوەی بگەیتە قەڵاکەش دەروازەیەکی ڕۆمانی لێیە، لە ڕاستی پاشماوەی دەروازەیەکی گەورەیە. ئیتر تا دەگەیتە شوورەکانی قەڵا درەختی سنۆبەر و درەختی دیکە بەحەوایا بەرزبوونەتەوە. لەم ساڵانەی دوایی، بەپرۆژەکەتەری سپی، دەوری شووراکەیان دا، ئیتر کاتێک لە خوارەوە دەتڕوانییە قەڵاکە، هەر هەموو شووراکە بەپەڵەی تیشکی سپی ڕووناک بۆتەوە، کاتێکیش تەم لەو نێوەندە کۆدەبێتەوە، ئەگەر لە خوارەوە سەیری قەڵاکە بکەیت، هەر بەکۆشکێکی گەورەی هەڵواسراو دەکات؛ گەلێ ئەفسوونبەخشە. ڕووباری (دوو) لە شێوەی گوارەیەک، یا لە شێوەی ئەڵقەیەکی دانەخراو تەوقی شارە کۆنەکەی داوە.

(شار و ڕووبار دوو دەستەخوشکن. منیش خەڵکی میزۆپۆتامیام، واتە وڵاتی دوو ڕووبار. باشە بۆ شارەکانی ئێمە نەکەوتوونەتە سەر ئەو دوو ڕووبارە، باشە ئەمە ڕێکەوتە یا سیاسەتە. ئێمە پەستراوینەتە دەشتایی و چۆڵەوانی و بن بناری چیا سەرکەشەکان!!)

بەدەم سەرکەوتنەوە، جار ناجارێکیش ئاوڕمان دەدایەوە، چراکان لەناو تەمدا چڕبووبوونەوە و وەکو مانگی بچووک بچووک خەرمانەیان دابوو. تەواو سەرکەوتبووین؛ بێگومان دەروازەی قەڵا بەم نیوەشەوە داخراوە، بەڵام هەوایەکی ساردی تەندروست، نمەی شێی هەبوو، لەسەر دەموچاومان دەنیشتەوە. چ سەرمایەکی خۆش بوو. هەر دووک، لە تەنیشت یەکتر ڕاوەستاین و سەیری خوارەوەمان دەکرد، دەستم ئاراستەی گەڕەکی پلانواز کرد و وتم: (ئەوەش شەقامی شامپانیایە)، تەنها هەر ئاراستەکەی تەواو بوو، ئەگینا گەڕەکی پلانواز بەنوێژ نیوەڕۆژێکی سایەقەی ساماڵیش، لە قەڵاوە دیارنییە.

چەند لە حززەیەک وا لە تەنیشتی یەکترەوە ڕاوەستابووین و سەیری خوارەوەمان دەکرد. دەستم بۆ دەستی ناتالی برد، وەکو ئەوەی چۆلەکەیەک بگرمە دەست وابوو؛ بەئاستەم دەستیم گووشی، کەمێک چاوەڕوان بووم بۆ ئەوەی بزانم ئایا ئەویش هەر بەدەست وەڵامم دەداتەوە! زۆر حەزم لەو پێشەکییانە بوو، حەزم دەکرد پێش ئەوەی بەتەواوی لە ئامێزی بگرم، سەرەتا با دەستمان، بەدوو قۆڵی بکەونەوە گفتوگۆ، ئەو دوو دۆستە قەدیمەی جاران با یەکتر بناسنەوە و بۆنی یەکتر بکەنەوە. دەستی ئەو وەکو چۆلەکەیەک وابوو کە تازە بەتازە مرداروە بووبێت، جووڵەی تیا نەمابوو، بەڵام هێشتا گەرم بوو، وەکو بڵێی هێشتا

رۆحی تیا مابێت. نەخێر! خاو لەناو چنگی من دۆش دامابوو، تاساو، یا بوورابووەوە؛ نە دەکەوتە زمان و نە دەجوولا. ئەمجارەیان، بەئاسپایی ناولەپم بەسەر پشتی دەستیا هێنا و بەناو لەپ یەک بەیەک جومگەی پشت دەستیم بەسەر دەکردەوە. خۆشییەک بەر ناو لەپم دەکەوت، جومگەی سەر پشت دەستی ئەویش، وەکو گردۆکە، یا ڕەشماڵۆکە، یا تەپۆلکە وابوون، ختووکەی ناو لەپمیان دەدا. ناتالیش لەسەرخۆ، زۆر بەئاستەم چووە نێو گەمەی جومگەکان و بەهێواشی، وەکو ئەوەی بازنە بچووک بچووک لە ناولەپم بکات، یا چەند هێڵێکی هیلۆگرافی بنووسێت. شتێک بوو نە دەخوێندرایەوە، ڕاڤە نەدەکرا، تەلیسمێک پێم شی نەدەکرایەوە. پاشان ڕاوەستا. ئەمجارەیان بەنووکی پەنجەی شایەتمان نەوازشم لەگەڵ دەستی کرد. وەڵام نەبوو. چۆلەکەکە گیانی دەدا و بەتەواوی چوبووە قۆناغی مردار بوونەوە. بەهەر دوو دەست، هەردوو شانیم گرت و ڕوویم کردە خۆم و سەیری چاوە جوانەکانیم کرد. بەئاستەم ڕووناکی گڵۆپە شیرییەکەی پشتمانەوە، لایەکی دەموچاوی ڕۆشن کردبۆوە و لایەکی دیش بەئاستەم لێوارەکانیم دەبینی. ئەویش سەیری دەکردم. هەر هەموو وشەکانی دنیا لەسەر نووکی زمانم کۆبوونەوە و تەنها حەرفێکیشی لێوە پەیدا نەدەبوو! باوەشم پێیاکرد، ئەویش گرتمیە خۆی. نەمدەزانی چی بڵێم! ئای لەم لەحزانە! ڕستەی (خۆشتم دەوێ) چەند بێ مانا دەهاتنە بەر گوێم، هیچ ڕستەیەکی دیکەشم نەدەدۆزییەوە بەبەرابەری ئەو ڕستەیە بوەستێت، هەندە پووچ و ڕاستەوخۆ نەبێت. (لە هەققەت ڕەنگبێ کارەساتە گەورەکەی من ئەوە بووبێت کە لە ڕاستەوخۆیی هەڵهاتبێتم) بێدەنگ بووم. ئەویش هیچی نەوت، سینەم نووساندبووە قەد سینەیەوە، هەستم بەلێدانی دڵە بچکۆڵەکەی دەکرد. نازانم ئەم باوەش لێدانە گەرمی دەکردینەوە یان نا بەڵام بەم بێدەنگییەش نەدەکرا لەوە زیاتر درێژە بخایەنێ. ئەم باوەش لێکدادانە تەنها هەر بەقسە، بەوشە بەڕستە ، گرینگ نییە سروشتی ئەو ڕستانە چۆنن و چین، نەک تەنها دەتوانن واتایەک بدەنە ئەم لە ئامێزگرتنە، بەڵکو ئیدامەی پێ بدەن. بەڵام بەمەرجێ ڕستەی زۆر ڕاستەوخۆ نەبن، نەبنە ئاخاوتنێکی دووبارە بووەوەی سواوی بێ تام. گرینگ نییە، با ڕستەی زۆر ئاسایش بن، تەنها ڕستەی بێ ڕۆحی ڕۆمانسییانە نەبن. بۆ نموونە حەزم نەدەکرد پێی بڵێم (ئێستا هەموو دنیا لە پرخەی خەودان، تەنها من و تۆ نەبێت!) یا پێی بڵێم (ئەوە وا دوای چوار ساڵی دیکەش، چارەنووس ئەوەی بۆ نووسینەوە کە یەک بگرینەوە!) یا پێی بڵێم (ناتالی، لەبن دنیاش بیت هەر دەتدۆزمەوە!) یا هەر بەکورتی و سادەیی پێی بڵێم (دەزانی شەوێکی زۆر خۆشە!)



ئەم بێدەنگییە و هیچ نەدۆزینەوەیە تەنها بەرەو یەک ڕچەی دەبردین، یا ڕاستر بەرەو یەک ڕچەی دەبردم، ئەویش ئەوە بوو: کۆتایی هێنان بوو بەو باوەشلێکردنە؛ کەواتە دەبێ جارێکی دیکە دەستی بگرمەوە و سەیری شاری بیزەنسۆن بکەینەوە. ئەویش هیچی نەدەوت.

ئاخر دەبوایە من شتێک بڵێم، چونکە من دەسپێشخەری ئەم کردەیە بووم، دەبوایە من شتێکم بوتایە! هیچم بۆ نەدەهات، سەیری تەمم دەکرد و نیگام ڕۆ دەچوونە نێو ئەستوورایی ئەو تەمە چڕە، بەڵام وشەیەک چییە نەیدەتوانی لە نووکی زمانمەوە بێتە دەرێ و کۆتایی بەو دیمەنە دراماوییە بهێنێ. تەم وەکو ماسکێ ڕوخساری هەردووکی داپۆشیبووین، دوو ماسکی ئەستووری مەعدەنی، دوو کون بۆ دوو چاو و هیچی تر. لە شوێن دەمیش، تەنها هەر بەقەڵەمێکی ڕەنگیی، وێنەی دەمێکی تراژیدی کرابوو، وەک کەوانێکی سەر بەرەو ژێر، بەخێچی بەرەو خوارەوە شۆڕبووبووە. دوو کونیش بۆ گوێ: هەندێ جار گەڵای دارێک دەکەوت، ورشەیەک لە نێو چڵەکانەوە لە دایک دەبوو، دەنگێک لە نێو درەختەکانەوە بەرز دەبووەوە، ئاخێکم هەڵکێشا و دەتاسام. سروشت بەزمانە ساکارەکەی خۆی هاتبووە زمان، قسەی دەکرد و حیکایەتە بازنەییەکانی خۆی دەگێڕایەوە و منیش وەکو ئەوەی گرێ کوێرەیەک لە گەرووم بدرێ، وشەیەک نەبوو بێتە سەر زارم.

وەکو شەو بێدەنگ بووین. نیگەران نەبووم، بەڵام حەزم دەکرد ئەم شەوە بەماچ و دەست لە مل یەککردن بڕازێنمەوە، دەمویست سەرەتای ئەو شەوە بکەمە سەرەتای پەیوەندییەکی دوور و درێژ. یا هەر نەبێت دەروازەیەک بخەمە سەرپشت کە بڕوانێتە داهاتوو. بیرم لە داهاتوو دەکردەوە بۆیە لەحزە ئێستاییەکان وەکو لم بەنێو قامکانمەوە دەڕژانە خوارەوە. لە ناخەوە حەزم دەکرد پێشەکییەک بۆ ئەم چیرۆکە بنووسم، سادە بێت، بەڵام پتەو، ئینسانی بێت و بەبڕیاری هەردووکمان دەرگا بۆ ئیحتیماله جوداوازەکان بکاتەوە. ئەگینا ئەم تەلاشەی من بەچی دەچێ، بۆچی دوای چوار ساڵ ویستم جارێکی دیکە ناتالی ببینمەوە، ئایا هەر بۆ زاخاوڕشتن بوو یا بۆ ئەوەی حەز و ئارەزووەکانم لە یەک بۆتەدا بتوێنینەوە. بۆ ئەوە بوو جارێکی دیکە ئەشک و شەونخوونی و ئازار کەڵەکە ببەستن و منیش شەوان لەسەر ڕایەخی ژیلەمۆ بەرمە سەر، یا ڕایەخێک لە گەڵا و چیلکەی دار و بەسەر پشتی زەلکاوەکاندا، بەویستی ڕەوتی با، بەرەو کەنارە جیا جیا و نەناسراوەکان بەرێت؟ ئەم

خەون و ئارەزووانە مەبەستی ناخی من بوون. ئەی ئەو دەبێ مەبەستی چی بووبێت، وا دوای چوار ساڵ، لە ژنێڤەوە بێتە بیزەنسۆن؟ هەر بۆ ئەوەی بمبینێ و بەس؟ ئایا لە قووڵایی نا- هۆشیاریی ئەو کیژە سیاپۆشە پلانێک نەبوو دەیویست خۆی بئاڵێنێتە پلانەکەی من. یا ئەوەتا پلانەکەی ئەو لە قووڵایی ناهۆشیارییەوە سەرچاوەی وەردەگرت و لە نێو تاریکایی سادیزمدا نەخشەسازی بۆ دەکرا! ئەم لێکدانەوەیە مومکین نەبوو، ئەوێکی ڕۆح سووک وەکو پەپوولە، چاو خومار و خەواڵووی ڕەشپۆش وەک شەنگەخەونێک، چۆن دوای چوار ساڵ دابڕان، جارێکی دیکە ئەو ئارەزووە شەوە زەنگییەی تیا سەرهەڵبداتەوە و کپیی مار و سامیی ئازار و مەرگی هەبێت!! ئەی دەبێ ئەو تەلیسمە چی بووبێت کە منی سەرسام کردبێت و نەمتوانیبێت سەر لەو ئارەزووە سەرشێتانە دەرکەم؟ یا هیچ شتێک لە گۆڕێ نییە، دنیایەکە من بۆ خۆم لە مێشکمدا دروستی دەکەم و لە هزرمدا دەیهۆنمەوە و خۆم دەرهێنەر و ئەکتەرم. خۆم تەختەی شانۆ و بینەرانم، هەر خۆم چاوم و هەر خۆمیش دیمەنم!

هەمیشە لەگەڵ ناتالی دەبوایە وریای جەستەی خۆم بم، بەو مەبەستەی کە بۆ ماوەی دوور و درێژ ڕۆ نەچێتە دنیای داڵغەبازی و سەرەنگوون نەبێت لە جیهانی ئەندێشەبازی. دەمویست خۆم بۆ ئێستا خڕ کەمەوە و خۆم تەسلیمی هەنووکە بکەمەوە، بەڵام ئەفسووس، هەمیشە داوێک نهێنی و خەیاڵ و هەست و نەستی جڵەو دەکردم و شۆڕ دەبوومەوە ناخی خۆم. بۆیە بەهێز دەمویست جارێکی دیکە بەپەیژەکانا سەرکەومەوە و بێمەوە ئاستی واقیع. بیرم لە دەستە چکۆڵە شیرینەکانی کردەوە و دەستیم گرت و پێیم وت:

– حەز دەکەی با دابەزین.

ئەویش بێ دەنگ. وردە وردە بەپێپلیکانەکانا شۆڕ دەبووینەوە. تەنها دەنگی پێڵاوەکانمان نەبێت، ئەگینا گوێمان لە هیچ دەنگێکی دیکە نەدەبوو، کەسمان هیچمان نەدەوت. بێ دەنگییەک بوو شەپۆلی دەدا، شەپۆلێکی ئارامبەخش و دەیەها شەپۆلیشی هاجانە دڵ و دەروونیان دەتەنیم. منیش گوێم لە دەنگی پێڵاوەکان گرتبوو، چوار پێڵاو بەڕیتمی جیاواز دەکەونە سەر چەمەنتۆیە شێدارەکە و هەندێ جاریش زیخێک، خرچەیەک پەیدا دەکات. (بۆ ئەوەی بزانی دوو کەسی پیاسەکەر تا چ ڕادەیەک پێکەوەن، ئەوە تەنها سەیری هەنگاوەکان و ڕیتمی شەقاوهاوێشتنیان بکە، گوێ لە شلێپەی پێڵاوەکانیان بگرە، ئەوجا دەزانی تا چ ڕادەیەک ئەم دوو پیاسەکەرە بەدڵ و هەست بەیەکەوەن. گوێ لە ئیقاع



و ڕیتمی پێڵاوەکانیان بگرە، ئەو زمانحاڵی تەواوی پیاسەکەرانە). گوێم لە هەنگاوە لە سەرخۆکانی خۆمان ڕاگرتبوو. حەزم دەکرد ئەو لە جیاتی ئێمە قسان بکات، چونکە من نەمدەزانی چی بڵێم، نەشم دەزانی ئەو بیری لە چ دەکردەوە. ئایا ئەویش لەناو هەمان گێژاو دابوو، یا بۆ ئەو پیاسەیە، پیاسەیەکی زۆر خۆشە و تووشی نیگەرانی نەهاتووە. دەمویست لەم خەیاڵەیان دڵنیا بم، بۆ ئەوەی بزانم، ئەو چۆن بیر دەکاتەوە، ویستم تەنها شتێک بدرکێنم، بۆ ئەوەی گوێم لە نەغمەی دەنگی بێت. نەغمەی دەنگ بەس بوو بۆ ئەوەی بزانم هەست و شعووری ئەو چۆنە. زۆرجار تەنها درکاندنی حەرفێ، وشەیەک، ڕستەیەک کەشی زیهنیی ئەوم بۆ ڕوون دەبووەوە. ئەمەش ئاسان نەبوو، بەتایبەت بۆ یەکێکی وەکو ئەو، چونکە ئافرەتێک بوو زۆر چووبووە ناواخنی خۆیەوە. هەرچەندە بڕواشم نەدەکرد کە ناتالی پراتیکی هیچ خۆراهێنانێکی ڕۆحانی ڕۆژهەڵاتانە بکات، بەڵام بەسەر خۆیا زۆر زاڵ بوو، لەو کەسانە بوو کە دەیتوانی هەست و جۆش و خرۆشەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات و بیانشارێتەوە. وابزانم ئەمەش کلتووری جێرمانییە. هەندێ جار هەستم دەکرد لەناو نێرڤانایەکی تایبەتی دەژێت، کەشێک بوو وەک بڵێی تەنها هەر خۆی لە ڕێگای خەم و ئازارەوە هەڵی هێنجابێت. لە ئازار و ماندووبوونی بەردتاشێک دەچوو، کە مایەی ژیانی ئەوە بووبێت قەڵەم بکێشێتە گابەردێک و بیەوێ پەیکەری جوانیی بدۆزێتەوە کە گومانی ئەوەی نەبیت کە لەناو ڕۆحی ئەوبەردەدا کرۆشکی داوە، وەکو هەموو پەیکەرتاشە بلیمەتەکان، کاتێک سەیری گابەردێکیان کردووە و لێی ڕاماون، پەیکەری نازدارێکی دۆشداماویان بینیوە، لەناو ڕۆحی بەردەکەدا پەیکەری جوانییان بینیوە کرۆشکەی داوە. ئەمە ماندووبوونی سیزیف نییە، چونکە ئەو ماندووبوونە تەنها لۆچ دەخاتە نێو لۆچەکانی دیکەی تەوێڵەوە و ئاگرێکیش لە هەناو دەکاتەوە. ماندووبوونەکانی ناتالی بووبوونە مایەی هێمنییەکی ڕۆحی کە شەپۆلەکانی بەئاسانی دەگەیشتنە تەنیشت ئەو کەسەی کە لێیەوەی نزیک بووایە. منیش زۆر جار هەستم پێی دەکرد، هەندێ جار حەوانەوەیەکی ناوەکی دەدامێ: شەپۆلێک بوو خۆی دەساوییە دەموچاوم. پێم وت:

– پیاسەیەکی خۆش بوو.

– جەوێکی سارد و خۆشە.

– با بچینە قاوەخانەکەی گرانڤێل، لە گۆڕەپانی سان پیارە، قاوەخانەیەکی خۆشە،

شتێکی گەرم بخۆینەوە.

– با بڕۆین، بۆ کوێ دەڵێی «من» دوات دەکەوم.

نەمدەزانی ئایا ناتالی بەئەنقەست، یا لەبەر ساویلکەیی بوو، هەندێ جار و لە بارودۆخێکی تایبەتی وادا، ڕستەی هەندە مولتەبیس و دووفاقەی دەوت، نەمدەزانی مەبەستی چییە! بێدەنگییەکەی سەر قەڵا، ئەو باوەش لێدانە، ئەو دەست لە دەستییە و ئێستاش پێم دەڵێ: (با بڕۆین بۆ کوێ دەڵێی «من» دوات دەکەوم). ئایا نەدەبوو لەسەر قەڵا، کاتێک سینەم نووساندبووە قەد سینەی، ئەو ڕستەیەم پێ بڵێت بۆ ئەوەی ئیتر قەد بەرەڵای نەکەم و هەندەی دیکەش بینووسێنمە لەشی خۆمەوە. ئەو ڕستەیە بەس دەبوو، بۆ ئەوەی هەردوو باڵم بئاڵێنمە قەد کەمەری و پاشانیش، هەردوو دەستم بەرەو لاملی بەرز کەمەوە و هەر دە پەنجەمیش ڕۆ بچێنمە نێو قژە خاوەکەی و پاشان بەهەردوو ناو لەپ ئەو لا و ئەو لای لاجانکی بگرم و بەلێو گاز لە لێوە باریکەکانی بگرم! ئێستا، ڕستەی وا چ بایەخێکی هەیە؟ ئەم ڕستەیە بەباڵندەیەکی جوانی کێوی دەکرد کە لە قەفەزێ بەند کرابێت. باڵندەیەکی سیحریی، بەڵام توانای فڕینی لێ زەوت کرابێت. ڕستەیەک بوو لە سیاقی خۆی ترازا بوو. هیچ بایەخێکی نەبوو. کات و شوێن گرینگن بۆ ئەوەی وشەیەک، بزاوتێک، ئاماژەیەک، لێوقرتانێک، لچ خواردنەوەیەک واتای کۆمپلێتی خۆی هەبێت، کاتێک کات لە شوێنی خۆی دادەماڵرێ، ئیتر گشت ئەو وشە و ڕستانە بێ بایەخ دەبن و وەکو مێوی کاڵ لە درەختێکەوە دەکەونە خوارەوە.

لە کاتی هاتنە خوارەوەماندا، دەستی لای ڕاستمان وەرگرت. شەقامێک بوو هاوتەریب لەگەڵ شەقامی لاگران ڕوو دەوەستا؛ شەقامی دی مارتلۆ بوو. لە سەرەتای شەقامەکە بووین، ئەو شەقامەی کە دوای سێ ساڵی دیکە، بۆ ماوەی چوار ساڵ ئاپارتمانێکم تیایا بەکرێ گرت. هەروەها هاوتەریبیش دەکەوتە پشتەوەی ماڵەکەی ڤیکتۆر هیگۆوە. من لە خانووەکەی مەدام بۆلار بووم، ئەو بێوەژنەی کە ڕوخساری وەکو مۆمی سپی وابوو؛ ئەو لە سەرەوە، لە نهۆمی یەکەم دەژیا، منیش لە نهۆمی زەمینی، دوو پشیلە و سەگێکی ڕەگەزی بێرژێ ئەڵمانی هەبوو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەستم دەکرد، تەنهایی دەیتاشێ، هەر بۆیە چووبووە ناو گرووپی «تێموان و دو ژاڤا»وە. مادام بۆلار ئینجیلی لەژێر ڕۆشنایی تەفسیرەکانی ئەم گروپە دەخوێندەوە. بەگوێرەی ئەوان ئاخر زەمان هەموو ڕۆژێک بەژێر پەنجەرەکانمانا تێدەپەڕێ. هەندەش نابات خوا مەسیحمان بۆ دەنێرێ و مەملەکەتی یەزدان



دنیا ئاوەدان دەکاتەوە. ئەم گروپە یەکێ بوو لەو گروپانەی کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە گەیشتبووە ئەوروپا. لە هەموو شوێنێک لایەنگیر و موبەشیریان هەبوون و هەن. لە لاتەریک ترین گوندی لامانچا بینیانمەوە، کە ماوەی دوو هەزار کیلۆمەتر لە شەقامی دی مارتلۆوە دوور بوو. لە گۆڕەپانەکانی ڕۆتردام و لە پشت کلێسای سان باولۆ، لە گەڕەکی کۆن لە زوریخ، لەسەر قوتەکانی غەرناتە، لە هەیوانەکانی بەرشەلۆنە، لەسەر ئۆتۆبانەکانی نێوان مەدرید و سەراگۆس، لە زۆر شوێنی دیکەش دەبینران.

زۆر بەڕێکەوت مەدام بۆلارم ناسی: ئەو عەسرانەی کە لە دوکانێک فۆتۆکۆپیم دەکرد، چاوم بەپارچە کاغەزێک کەوت کە لەسەری نووسرابوو: خانوویەک بۆ کرێ. ژوورێک و ساڵۆنێک و مەتبەغێکی هەیە، کەوتۆتە شەقامی ٨ی دی مارتلۆوە. عادەتەن، ژمارەی تەلەفۆن دەنووسرێت، بەڵام لەسەر ئەو پارچە کاغەزە تەنها هەر ناونیشانەکەی نووسرابوو. یەکسەر دوای فۆتۆکۆپی کردنەکە چووم بۆ ئەوەی خانووەکە ببینم. لە زەنگم دا، مەدام بۆلار لە ئەنترەفۆنەکەوە قسەی لەگەڵ کردم. پێم وت: «هاتووم چاوم بەخانوەکەتان بکەوێت و لە فلانە شوێن چاوم بەفیشەکەتان کەوتووە». زۆر بەسڵەمینەوە قسەی لەگەڵ کردم. پاشان دەرگای لێ کردمەوە. من ئەو ڕۆژە هەر بەڕێکەوت کراس و پانتۆڵێکی ڕەشم لەبەر بوو، یەکسەر وتی: «خۆ کاسوولیک نیت». منیش لە وەڵامدا وتم: «نەخێر». هیچی دیکەم نەوت، ویستم هەر بایی پرسیارەکەی ئەو وەڵام بدەمەوە. دەترسام شتێکی زیاد بڵێم و بیکاتە پەڵپ و خانووەکەم نەداتێ. ئەو پرسیارە یەکسەر زۆر شتی بۆ ڕوون کردمەوە. یا ئەوەتا ڤینی لە ئایینییەکان دەبێتەوە، یا پرۆتستانتێکی موتەتەریفە، یا جوولەکەیە، یا مولحیدێکی تەواوە. بەڵام هیچیان دەرنەچوو: یەکێ بوو لە لایەنگیرانی «تیموان ژیواڤا». نیو سەعاتێک پێکەوە قسەمان کرد. بەری نەدەدام، ئا لەمەوە بۆم دەرکەوت، سەرەڕای ئەوەی کە براکەی لە نهۆمی ئەرزی دوکانێکی هەبوو، بەڵام ئافرەتێک بوو تا بڵێی تەنها. هەروەها وتی: «خانووەکە کۆتایی مانگ بەتاڵ دەبێت»، بەڵام من حەزم دەکرد هەر چۆنێ بێ چاوێکم بەخانووەکە بکەوێت. لە گیرفانی کراسەکەی کلیلێکی دەرهێنا و دەرگای خانووەکەی بۆ کردمەوە. خراپ نەبوو. هەتاو زۆر بەئاستەم دەیگەیشتێ، ئەویش لە درزێکەوە، لە پەنجەرەی مەتبەغەکەوە، بەهار و هاوینان، تەنها دەمەو عەسران بۆ ماوەی یەک دوو سەعات گورزە تیشکێکی لاکێشەیی باریک دەهاتە ژوورەوە.

تا ئەو ڕۆژەی کە کلیلەکەی دامێ و کۆنتراکەی پێ ئیمزا کردم، ماڵەکەیم نەدیبوو. کاتێ

چوومە ژوورەوە، بۆنی ئاژەڵ دەهات. بەماڵی ئەو پیرەژنانە دەچوو کە بەتێپەڕینی کات، بۆنی جوراوجۆر لەسەر مۆکێت و قەنەفە و مێز و کەرەسەکانی دیکەی ناوماڵ کۆ دەبێتەوە. هەستت دەکرد توێژی کاتە و بۆنیان گرتووە. پیرەژنێکی زۆر تەنها بوو. ڕەنگ پەڕیو، سارد، هەستم نەدەکرد کە خۆشیی لە ژیانا هەبێت. دوای ئەوەی کلیلەکەی دامێ وتی «دڵخۆشم کە ئێوە دێنە ئێرە بەڵکو کەمێ بەختیاریی لەگەڵ خۆتانا دەهێنن».

بەڵام زۆر درەنگتر زانیم کە مەدام بۆلار لایەنگیری تایفەی تیموان ژیوڤایە. ئەمانە گرووپێکن و یاوەرەکانیان هەمیشە هەر دوو دوو پیاسە دەکەن. کراسی سپی و پانتۆڵی بۆر و زۆرجاریش جانتایەکی شانیش دەدەنە کۆڵیانا، لە جادە و بانەکانی ئەورووپا چاومان پێیان دەکەوێ. بەدبەخت و هەژار و لێقەوماو و بێکار و تەنها و گرت دەکەنەوە و دەیانەوێ لەشکرێکی خواپەرستانی لێ پێک بهێنن و ئامادەیان کەن و لەسەر پێ بن بۆ سەرهەڵدانی مەسیح؛ بۆ ئەوەی بەگەرمیی و مەحەبەت و میهرەبانییەوە پێشوازی لێ بکەن. بەیانیان، دەمەو نیوەڕوانان، ئێواران لە دەرگات دەدەن، کاتێک دەرگاشیان لێ دەکرێتەوە، بەدوو قەسەی خۆش ماڵئاواییان لێ دەکرێت. هەر بەدوو فریشتەی کلۆڵ دەکەن. تۆش کەمجار بواریان دەدەیتێ بێنە ژوورەوە. ئەوانیش تەحەمولی فریشتەیان هەیە، لێشیان تووڕە بیت، جوێنیشیان پێ بدەیت دەریشیان بکەیت هەر بەڕێز و ئیحترامەوە ماڵئاوایت لێ دەکەن و هەندەش نابات جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە و لە دڵی خۆیان دەڵێن: «ئەمانە بەرخی خودان، گومڕا بوونە، جوێنیان دەبێتە کەفارەتی گوناهەکانمان». بۆیە زۆربەی کات هەر بەڕێوەن، وەکو بڵێی ڕیازییاتی ڕۆحی لە بیابانەکاندا بکەن، بەدوو فریشتەی گەوجی سەر لێ شێواو دەکەن، ئەوانیش هەمیشە ڕوخساری ڕەنگ پەڕیو، دەڵێی پێ دەنێتە زەمینێکی غەریبەوە، دەڵێی لە ئەستێرەکانی دیکەوە دابەزیونەتە خوارەوە.

ئا لە ساڵۆنەکەی ئەو ماڵەیا بوو تابلۆکەم هەڵواسی، مەبەست لە تابلۆ ڕەشەکەم بوو، مۆنۆکرۆمەکە. دە دوازدە ڕۆژ دەبوو تەوام کردبوو، یا بڕوام دەکرد کە تەواو بووە، لەسەر ستاندەکە دامنابوو و پارچە خامێکی سپیشم دابووە سەریا. یەکێ لە ئێوارەکانی بەهار، تازە دارستانەکەی تەنیشتی ماڵەکەم وردە گەڵای گرتبوو، هاوڕێیانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و چەند هاوڕێیەکی دیکەم داوەت کرد بۆ ئەوەی خامەکەی لەسەر ڕوو هەڵماڵم. لەو ماوەیەدا بوو کە گەنج و قوتابیان، بەکچ و کوڕیانەوە دەچوونە سەر



چیمەنەکەی گوێی ڕووباری دوو و بیرەیان دەخواردەوە و لە تەپڵێیان دەدا و خۆیان دادەیە بەر هەتاو، کە ئێوارەش دادەهات ئاگریان دەکردەوە و تا بەرەبەیان لە دەم ڕووباری دوو ڕایان دەبوارد. ئەو برادەرانە تا عەسرێکی درەنگ لەدەم گوێی دوو بوون و پاشانیش ڕژانە ماڵەکەی من. منیش پێشوەخت چووبووم لە «گران مەگەزان»، شەراب و ڤۆدکا و بیرەم هێنابوو و لە ماڵەوەش سانگرێم گرتبووەوە. دە پازدە کەس دەبووین، پەنجەرەکەمان لەبەر دوکەڵی جگەرە کردبووەوە و هەر کێیەک بەسەر شۆستەکەشا تێپەڕیایە، ئەوە لەبەر دەنگی مۆسیقا و ژاوەژاو سەیرێکی دەکردین. مۆسیقایەکی کلاسیکی لە قەوانەکەوە و مۆسیقایەکی غەمگینیش لە تابلۆکەی منەوە بەرز دەبوومەوە. زۆر شتمان وت و کەمیش باسی تابلۆکەم کرا. لە هەقیقەت بەهیچ جۆرێ بۆ ئەوە داوەتم نەکردبوون کە بەباڵای تابلۆکەما هەڵدەن، بەڵکو چاوەڕێی توانج و تەوزیشم دەکرد. چونکە چێژی زۆربەی زۆریانم دەناسی. یەک دوو برادەریش کە هیچ پەیوەندییان بەهونەرەوە نەبوو، داوەتم کردبوون؛ حەزیان دەکرد بێن و بەڵکو چاوباشقالی لەگەڵ کیژە ئازادەکانی پەیمانگا بکەن. یەکێکیان پەناهەندەیەکی ئێرانی بوو، لە زەمانی شا، زەمالەی خوێندنی بۆ دەرچووبوو، یەک دوو ساڵ خوێندی و ئیتر سلبیاتی شۆڕشی ئیسلامی بەسەر ئەوا شکایەوە، زەمالەکەیان بڕی و ئیتر نەگەڕایەوە ئێران و ببڕای ببڕ مازەندەرانە خۆشەویستەکەی خۆی نەبینییەوە. پەناهەندەیی تەواو بێزاری کردبوو، بەڵام ڕۆح سووک و کوڕێکی زۆر عەنتیکەش بوو. نوکتەی دنیای لە لا بوو، بەتایبەت سەبارەت بەجمهوری ئیسلام و مەلا عەمامە ڕەشەکان. باسی ئەوەی دەکرد کە شاعیرێکی گەورەیان بەنەسەب بلووچی بوو، لە یەکێ لە وڵاتەکانی باکووری ئەورووپا پەناهەندەیە. ئەوەشی لێ نەشاردینەوە کە هەڵبژاردنی وڵاتی سوێد تەنها لەبەر ئەوە بووە کە لە ئەنجوومەنی خەڵاتبەخشانی نۆبل نزیک بێتەوە. بۆ زۆربەی ئێرانییەکان گەورەترین شاعیری هاوچەرخیان بووە، بەڵکو هەندێک هەبوون دەیاندایە پاڵ کەڵە شاعیرانی وەکو سەعدی و حافز. ئەویش وەکو زۆربەی شاعیران، حەزی دەکرد هەمیشە ناوی لە ناوان بێت. لە ناخی خۆی بیری لە نووسینی شیعرگەلێک دەکردەوە کە زیاتر تەڕ و پاراو بێت، بەڵکو ئیرۆتیکیش بێت، بەڵام قەزییەی بلووچ وەکو پەردەیەک وابوو، نەیدەهێشت بەسەراحەت ئەوەی لە دڵی دایە دەرببڕێ. لە لایەکی تریشەوە، دەیزانی ئەو لە چەرخێک دایە، قەد بەشیعری ئیرۆتیکی ناوبانگ دەرناکا. سەرەتا لە تاران بوو بەزمانێکی ڕەمزیی شیعری دەهۆنییەوە، کاتێکیش گەیشتە تاراوگە بەبێ پەردە دەیویست قەزییەکەی بەدنیای ئازاد بناسێنێ. بەڵام گەورەترین کۆسپ، ئەوەبوو

که له فارسی زیاتر زمانێکی دیکەی نەدەزانی، یەک دوو وشەی سوێدی و دوو ڕستەی ئینگلیزی فێر بووبوو. بەڵام کافی نەبوون بۆ ئەوەی باس لە گڕ و کڵپەکانی خۆی بۆ بێگانەکان بکا. بۆیە لە سەفەرەکانی هەمیشە موتەرجیمێکی هاوڕێی لەگەڵا بوو، بەقسەی ئەو هاوڕێ ئێرانییە موتەرجیمەکەی دوازدە زمانی دەزانی. پێش ئەوەی بەیەکجاری بگەڕێتەوە وڵاتەکەی لەلایەن «مێزۆن دو لا پویەزی» لە پاریس کۆڕێکی شیعریی بۆ ساز دەکەن، پێشوەختیش چەند کۆپلەیەک لە شیعرەکانی تەرجەمەی فەرەنسی کرابوو.

هاوڕێی ئێرانی دەستی بردە گیرفانی پانتۆڵەکەی و چەند کۆپلەیەکی بەفەرەنسی بۆ خوێندنەوە. یەکێ لە کۆپلەکان ئەوها دەستی پێ دەکرد:

مەرەکەب

لە قوتوویەکەوە پەڕەمووچێ سەیری دەکردم،

لەنێو دەفتەرێ شیعرێ گیانی دەدا،

لەسەر ڕەفەکانیش کورتە چیرۆکێ: دەک بۆتان بمرم

شیعرێکی دیکەی وابوو:

بەڕوو

بەڕوویەک کڵاوەکەی بزر بوو،

دارستان غەم دایگرت،

سوێسکەیەکیش زیت، هەڵفڕی،

گەوە دڵی دەدایەوە،

توترکێکیش خۆی لەسەر کراسەکەم گیر کرد،

منیش کڵاوی قەڵەمەکەم داکەند و شیعرێکم تێیگرت.

زۆر بەئیعجابەوە باسی ئەو شاعیرە بلووچەی دەکرد. دەیوت: کاتێک خۆی و موتەرجیمەکەی دەگەنە پاریس، لە فڕۆکەخانە بێرنارد لیڤی فەیلەسووف و چەند ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی پاریسی چاوەڕێیان دەکرد. هێشتا دانەبەزی بوو، چەند چرکەیەک تەماشای ئاسمانی پاریس دەکات و قژە خاوەکەی کە با دەیجوڵاندەوە و برۆکانی



لەیەکدا و ویستی ئینفیعالاتی خۆی پیشان بدات. لە چەند لەحزەیەکدا، بیری لە حەلقە ئەدەبییەکانی پاریس کردەوە، بیری لە بۆدلێر دەکردەوە و بەچ دەردەسەرییەکەوە سەری نایەوە، بیری لە نووسەرە بەناوبانگەکە کرد، مەبەست فیکتۆر هیگۆ بوو، لەبەر خۆشەویستی ڕادەبەدەری بۆ ئەو نووسەرە هەر بەفیکتۆر بانگی دەکرد و دەیوت: «سێبەری فیکتۆر بەسەر یەک سەدە ڕاکشاوە. سێبەری فیکتۆر بارستانی نییە، سێبەری فیکتۆر ڕووناکییە».

یەک دوو دڵۆپە فرمێسک لە چاوانی قەتیس بوون کاتێک لە پێپلیکانەی فڕۆکەکە هاتبووە خوارەوە. بێرنار لیڤی دەستی دەگوشی و سەیری یەکێ لە کامێراکان دەکات: «ئیمڕۆ پاریس لە لەحزەیەکی پڕ لە شکۆدا دەژێت و بەخێرهاتنی شاعیری گەورەی بلووچستان دەکەین». موتەرجیمەکەش تەرجەمەی دەکات و ئەویش دەستێک بەقژە خاوەکەیدا دەهێنێ و بۆینباغەکەی توند دەکات و دەڵێ: «گەلێ شەرفەمەندییە بۆ ئێمە، پێ دەنێینە سەر خاکی ئازادی، سەر خاکی شۆڕش، یەکەمین و گەورەترین شۆڕش لە سەرتاپای گۆی زەمین لەسەر ئەم خاکە ڕووی داوە». بەڕستەی گشتی و لە سیاقی زۆر جیاوازدا دەکرێ بەکار بهێنرێت، بەو جۆرەی هەمیشە خۆی ڕزگار دەکرد. کاتێکیش بۆ ئێوارەکەی شیعرەکانی دەخوێنێتەوە، نزیکەی پەنجا شەست کەسێک کۆبووبوونەوە. بەشێکی دۆستی بلووچ بوون، بەشێکی هەر لەبەر فزوولییەت هاتبوون، بەشێکی دۆستی «مێزۆن و دو لا پۆیەزی» بوون، بەشێکیشیان حەزیان لە شیعر بوو، بەشێکیشیان ئەو ئێوارەیە نەیاندەزانی چی بکەن. وا بزانم یەک دوانێکیان لەوەوە پێش گوێیان لە میللەتی بلووچ و شیعری بلووچستان بووبوو. دوای کۆڕەکە دوو ڕۆژنامەنووس داوای لێ دەکەن چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ساز بکەن. لەگەڵ موتەرجیمەکەی بردیانە پەنایەکەوە:

– پاریس چتان پێ دەڵێ؟

– «دایکی هەموو شارانە».

– ئایا ئەدەبی فەرەنسی تەرجەمەی بلووچی کراوە؟

– ئێمە بەمناڵی بۆدلێر و ئەنتۆنیۆ ماچادۆمان خوێندۆتەوە.

ڕۆژنامەنووسەکە پێی سەیر بوو ئەنتۆنیو ماچادۆ و بۆدلێر پێکەوە باس دەکات، بۆیە حەزی کرد پرسیاری هۆی ئەم لە تەنیشت دانانە بکات:

– مەبەستان ماچادۆی ئیسپانییە؟

– بەڵێ، بەڵێ. بەنیسبەت ئێمەوە ئەدەبی ئەوروپی یەک ئەدەبە. ئەویش ئەدەبی ئازادییە.

ڕۆژنامەنووسەکە خەریک بوو کەمۆکەک لەم تەعبیرە زۆر گشتییانە بێزار دەبوو، بۆیە ویستی کەمێ تایبەتمەندانەتر پرسیاری لێ بکات:

– پێ دەچێ جەنابت، لە شیعرەکانتان زۆر ڕەمزی چیا بەکار دێنن. ئایا هۆیەکی تایبەت، هۆیەکی ئۆنتۆلۆژی بۆ ئەم بەکارهێنانە هەیە؟

دەمی خستە پشت گوێی موتەرجیمەکە و بەدەنگێکی زۆر نزم پێی وت: «ئەرێ مەبەست لە ئۆنتۆلۆژی چییە؟ موتەرجیمەکەش کەمێ داما، نەیزانی چۆن ئەم وشەیە تەرجەمە بکات. دەزووڵە عارەقەیەک بەنێو شانیا فێنک فێنک داچۆڕێ. ئەویش نەیزانی چۆن تەرجەمەی بکات. وتی:

– ڕەنگبێ مەبەست لە سەرەکی بێت!

شاعیرەکە، جارێکی دیکە، تەماشای موتەرجیمەکەی کردەوە و بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

– چونکە بلووچستان چیای لێ نییە. شیعری من هەمیشە باس لەو شتانە دەکات کە نیمانە. چیا ڕەمزی ئازادییە و ئازادیشمان نییە.

جارێکی دیکەش دەستی کردەوە بەپێکەنین. ڕۆژنامەنووسەکەش بۆ ئەوەی جەوێکی سەغڵەتکەر دروست نەکات، ئەویش لەگەڵ شاعیرەکە دەستی بەپێکەنین کرد.

ئەو برادەرە ئێرانییە. زۆرجار باسی ئەو شاعیرە بلووچییەی بۆ دەکردم و هەمیشە لەسەر پارچە کاغەزێکیش یەک دوو شیعری بۆ دەهێنام، بەفارسییەکەی دەیخوێندەوە و منیش سەیری نوسخە فەرەنسییەکەیم دەکرد. لەبەردەم ئەو دڵخۆشیی خۆمم دەردەخست، بەئەرکیشم دەزانی لایەنگیریی خەباتی بلووچییەکان بم، بەڵام شیعری زۆر دەشتەکی بوون، بەفەرەنسی بوکولیکی پێ دەوترێت، لە سەدەکانی ناوەند باوی هەبوو. بەڵام حەزم دەکرد بزانم ئەو شاعیرە گەرمەسێرە چی لێهات لەو بەستەڵەکی باکورە، بۆیە هەمیشە پرسیارم لە هاوڕێیە ئێرانییەکەم دەکرد و هەمیشە باسوخواسی نوێی ئەوی لا بوو. پێ دەچوو شاعیرەکە زۆر بێزار بووبێت و خەڵاتی نۆبڵی زۆر دوور بەدەست دەبینی،



چاوەڕوانی ئەرەی دەکرد، جنسییەکەی بدەنێ و وەکو ڕۆژئاواییەک بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. ئەو ڕۆژەی کە لە فڕۆکەخانەی تاران دادەبەزێ، پاسەپۆرتە ڕۆژئاواییەکەی بەدەستەوەیە و لە پۆلیسەکە نزیک دەبێتەوە و یەکسەر بەپۆلیسەکە دەڵێ: «اغا من فرنگی استم».

برادەرەکەی دیکەشم عەزیز بوو، تەمەنی پەنجا ساڵێک دەبوو. خەمو خەفەت بەتەواوی هاڕی بووی. ئەو زۆر جار ئامۆژگاری دەکردم و دەیوت: «کوڕە تۆ دەست ڕەنگینی، بەس ئەوەندە تابلۆی ڕەش بکە. کورد دەڵێ دەست ڕەنگین، ناڵێ دەست ڕەش. هەی نەگبەت، دیمەنی دڵڕفێنی چیاکانی لای خۆمان بکە. کوڕە هەر نەبێ تابلۆی جاجم و بەڕەکان بکە، فەرەنسییەکان حەز بەشتی ڕەنگاوڕەنگی دنیای ڕۆژهەڵات دەکەن کاک عەزیز گیان، من هونەرمەند نیم، نەگبەتم، نەگبەت، دەزانی یەعنی چی نەگبەت؟ ناتوانم شتی دیکە بکەم. هونەرمەند ئەو کەسەیە، ئەوەی بیەوێ بتوانێ بیکات، من ئەمەم لە دەست نایەت و ناتوانم. بەم سەراحەتەوە لەگەڵ فەرەنسییەکان نەمدەویست قسە بکەم، چونکە شارەزایان بووم، لەگەڵ ئەوەی دەبوایە تەمسیل بکەم. دەبوایە خوێنتاڵ و ڕەزاگران خۆمیان پێ نیشان دەم. ئەو ئێوارەیە کاک عەزیز زۆر بەئیعجابەوە سەیری منی دەکرد و دەیویست بەفەرەنسییەکان بڵێت: «سەیری کەن! ئێمەی کورد بلیمەتی وامان هەیە کە کەس سەر لە ئیشەکانی دەرناکات». ئەو کەم قسەی دەکرد، هەر گوێی دەگرت ئەگەر باس بگەیشتایەتە سیاسەت و بەتایبەتیش سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەند، ئەوە خۆی قووت دەکردەوە و شتێکی لێ هەڵدەکڕاند، بەڵام کاتێک مەوزووع، مەوزووعی نیشتمان و پێشمەرگایەتی بوایە، ئەوە سەرەتا بەچیرۆکی شەخسی خۆی دەستی پێ دەکرد. زۆریش بەشانازییەوە دەیوت: (je suis Kurde monsieur). واتە «بەڕێز، من کوردم».

شەقامی ٨ی دی مارتلۆمان تەی کرد، لە سووچەکەی دەستی ڕاست، حەوزێکی زۆر جوانی لێ بوو، لە شیکلی هەیکەلی ڕۆمانی تاشراو بوون، پەیکەری دوو منداڵی خەپە بوون، جەڕەیەکیان بەدەستەوە بوو، دەمەکەیان غل کردبووەوە و ئاوی لێوە دەڕژایە ناو حەوزەکە. بەدوو پرۆژەکتەری شیریی ڕەنگیش، ڕووناک کرابوونەوە. بەقامک ئاماژەم بۆ جەڕەکە کرد و ناتالیش بزەیەک گرتی. ئیتر بەرەو قاوەخانەکەی گرانڤێل شۆڕ بووینەوە:

– ناتالی، خۆ سەرمات نییە؟

– با کەمێک.

– هەر ئێستا دەگەینە قاوەخانەکە و خۆ گەرم دەکەینەوە.

– من حەزم لە شکۆلاتەیەکی گەرمە.

– بەڕاستی فیکرەیەکی عەزیمە.

گەیشتینە بەردەم قاوەخانەکە، هێشتا دایان نەخستبوو؛ چووینە ژوورەوە. لەسەر مێزێکی دوو نەفەریی، بەرامبەر بەیەک دانیشتین، پڕی کوڕ و کچی هەرزەکار بوو، دەیانخواردەوە و قسەیان دەکرد و پێ دەکەنین، دەستیان لە ملی یەکتر گیر دەکرد و ماچی یەکتریان دەکرد. گارسۆنەکە بەرە و لای ئێمە هات:

– چیتان دەوێ؟

– دوو شوکۆلاتەی گەرم.

دەستمان هەڵدەگلۆفی و خۆمان گەرم دەکردەوە. زەردەخەنەیەک لەسەر لێوی ناتالی بوو، پێ دەچوو شتێکی پێ بێت:

– بەڕاستی پیاسەیەکی زۆر خۆش بوو. من حەزم لەم پیاسانەیە، بەتایبەت لە شەوێکی وا ساردا و لەوەش تایبەت تر، دەمێکە تامەزرۆیەکی تایبەتم هەبوو: حەزم دەکرد لە شەوێکی تەماوی ئەنگوستەچاودا، بەشەقامی شارێکدا پیاسە بکەم کە قەد لەوەو پێش نەمبینیبێ. کاتێکیش گەیشتینە قەڵا، هەستم کرد، ئەم خەونەم هاتە دی. لە هەققەتیشدا نازانم ڕەگی ئەم تامەزرۆیە لە کوێیەوە هاتووە. هەستیشم دەکرد لەسەر ئەستێرەیەکی دیکەم. بێ دەنگ، هەستم بەکێشی خۆمیش نەدەکرد، چ لەززەتێکی مەزنی پێ دەبەخشیم! هیچم نەدەبینی، ئەمەش گەلێک دڵخۆشی دەکردم، بەچاوی خەیاڵ شتەکانم دەبینی.

– سبەینێ پیاسەیەکی دیکە دەکەین. دەشتوانین بچینە ناو قەڵاکەوە. باخچەی ئاژەڵانی لێیە، هەرچەندە زۆر گەورە نییە، بەڵام ئاژەڵی دەگمەن و جوانی لێیە. دوو شێر و دوو پڵینگ و چەندین جۆرە مەیموونی ئاسیا و ئەفریقیا، هەروەها دوو گورگی چاو هەڵمەتیی، شین وەک بلێسەشی لێیە. زۆرجار بەتایبەت دێم بۆ بینینی ئەو دوو گورگە. گورگم زۆر خۆش دەوێ، مێژوو گەلێ غەدری لێ کردوون. گەلێکیش لە سەگ ڕەسەن ترن. شوێنێکیش بۆ باڵندە و ماسی تەرخان کراوە؛ هەروەها بۆ زیندەوەرانی شەوانیش شوێنێکیان تەرخان کردووە، تاریک و تنوکە. کاتێک دەچیتە ئەو شوێنە، جیهانی شەو و ئەو جانەوەرانە زیندوو دەبێتەوە. ئەی مۆزەخانەکە؟ ئا لەبیرم چوو باسی ئەو



مۆزەخانەیەت بۆ بکەم، مۆزەخانەیەکە تایبەت بەهۆلۆکۆستی جوولەکانی شەڕی جیهانی دووەمە، بۆ یەکەم جار کاتێک چوومە ئەو مۆزەخانەیەوە دوای دەرهاتنم وڕ و گێژی کردم، بەڕاستی نامەوێ جارێکی دیکە بچمە ژوورەوە. بەڵام ئەگەر تۆ حەز دەکەی، دەتبەمە پێش دەرگاکەی و من لە دەرەوە چاوەڕێت دەکەم.

گارسۆنەکە دوو شکۆلاتەکەی هێنا. پێش ئەوەی دەست بکەین بەخواردنەوەی، بەناولەپ گرتمان بۆ ئەوەی ناولەپمانی پێ گەرم بکەینەوە.

– با بزانین. با بزانین سبەینێ چی بۆ هەڵگرتووین!

– باشە.

بێ دەنگییەک...

– دەزانی چوار ساڵ زۆرە. دەزانی ئەوە چوار ساڵە یەکترمان نەبینیوە.

– خۆ جارانیش کاتێ لە ژنێڤیش بوویت، یەکترمان زۆر نەدەبینی.

– ڕاستە، بەڵام قەد چوار ساڵی نەخایاند و کاتێکیش بمانویستبایە دەمانتوانی یەکتر ببینین. توخوا وا نییە؟

–

– تکا دەکەم بەهەڵە لێم تێ نەگەی: گەلێ دڵم خۆشە بەوەی کە ژنێڤم جێهێشت. دەزانی لە دوا ڕۆژەکانی شاری ژنێڤ، هەستم بەوە دەکرد کە ئەکتەرێکم و لەسەر تەختەی شانۆ ڕاوەستابێتم و دوا دیمەنیش کۆتایی هاتبێت و بینەرانیش ڕۆیشتبێتن و منیش هەر وا بەبێ هۆ مابێتمەوە. هەموو لەحزەیەک زۆر بەبێمانایی بەبەردەمما تێدەپەڕی. ترسی ئەوەشم لێ نیشتبوو، کە دەرگام لێ دابخرێت و ئەو شەوە هەر وا بەتەنها بەسەر تەختەی شانۆوە بمێنمەوە. هەستم دەکرد ئەگەر لەسەر تەختەی شانۆ بەجێم بهێڵن بۆگەن دەبم.

ناتالی بەپێکەنینەوە:

– لە بەینی خۆمان بێت کەمێکیش موبالەغە دەکەی!

– موبالەغەی چی! ئەمە شعوورم بوو، بڕواش بکە، بۆگەن دەبووم... بڕوا بکە.

– ئەی ئێستا. وا دیارە ئێستا ژیانت زۆر پڕ مانایە؟

– مانا... کەم تا زۆر. ئیش دەکەم. هەر ئەمەیە مانا دەداتە ژیانم. ئەگەر بەمەش بڵێین

ئیش... سبەیش کاتێک دەگەڕێمەوە ولاّت لێم دەپرسن ئەوە قەرنێکە چیت لەگەڵ خۆت بۆ هێناوینەتەوە؟ منیش لە باولەکەم کەتەلۆگێک دەردەکەم و مۆنۆکرۆمەکانیان پێ نیشان دەدەم. دەشزانم ڕەنگە ببمە جێی قەشمەری هەر هەموو قەوم و قیلەکەم.

– ولاّت؟

بێ دەنگییەک.

– ولاّت! بەلاّم پێ دەچێ ولاّت هەمیشە پرۆژەیەکی موئەجەل بێت. چیتر بلّێم؟

– ئەی تۆ (حەزم دەکرد پێی بلّێم "ئەی تۆ حەیاتەکەم") بەچییەوە خەریکی؟

بەنەبرەیەکی نویترال وەلاّمی دامەوە:

– سکرتێری پارێزەرێکم. کابرایەکی زۆر بەڕێزە و هەر لەوێشەوە فێرە شامپانیا خواردنەوە بووم.

بێ دەنگییەک...

– ئەی کەواتە بۆ دەتەوێ بچیتە پاریس؟

– دەمەوێ شتێکی دیکە بکەم. هێشتا گەنجم و ئیشی سکرتارییەتم پێ دەکرێ، بەلاّم کاتێ تەمەنم دەبێتە چل و بەرەو ژوور، ڕەنگە زەحمەت بێت، تەحەمولی فرمانی نابەجێ ناکەم، هەرچەندە ئەم قسەیە پارێزەرەکەی من ناگرێتەوە. کاتێک سنفی یەک و دووی ناوەندی بووم، خەونم بەوەوە دەبینی کە ڕۆژێک دابێ هونەری دیکۆرسازی بخوێنم. بەڵکو ئەم خەونە منداڵییەم بێتە دی!

ئەو ئێوارە تایبەتە، وەکو چەندین ئێوارەی تایبەتی دیکە، لە شوێن و جێگای جیاواز، بەلاّم ئەو جارەیان لە قاوەخانەی گرانڤێل، وەکو دوو کەس وابووین کە تازە یەکتر بناسن. من و ناتالی هەمیشە لە سفرەوە دەستمان پێ دەکردەوە. کاتێک یەکترمان نەدەبینی، ماوەکان سەرتاپای پەیوەندییەکەمانی ئەگەر نەسڕابایەتەوەش، ئەوە بەبێ هیچ گومانێک دەهێنایەوە ئاستێکی زۆر سادە و سەرەتایی، سڕی دەکرد و دەیهێنایەوە ئاستی نائاشناییەکی بێ تام. بەڵێ!! ناوی یەکتر پێ دەزانین، دەزانین لەوەوە پێش یەکترمان بینیوەوە و تا ڕادەیەکیش حەز دەکەین یەکتر بناسینەوە. بۆیە دانیشتنەکان زۆر بەیەکتریان دەکرد و نەدەکرد. ئەو جارەیان، کەمێ جوداوازتر بوو، چونکە چوار ساڵ ماوەیەکی کەم نەبوو، بەتەواوی کاری خۆی لەسەر ئەو پەیوەندییە کردبوو، ئەو زەمەنە ئەکتیفە هەر



بەجرجێکی دەکرد و ڕۆژ بەڕۆژیش خەریکی کرۆژتنی ئەم پەیوەندییە بێت. بەلاّم چ بەنێک، بەنێکی ناسک و باریک. قەد ڕووی نەدا، عەفەویانە و بەسادەیی قسە لەگەڵ یەکتری بکەین. تاقە ڕستەی عەفەویانەم وتبێ: ئەوە یەکەم ڕستە بوو کە یەکەمجار ناتالیم بینی: «ئاگاداری ڕەوتت بە». ئیتر هەر بۆ ئێوارەکەی کە کاتێ دەعوەتی لای خۆمم کرد، وشەکان بەشێوەیەکی سروشتی دروست نەدەبوون و وەکو مێرووولەیان لێ دەهات و خاو خاو. دوای یەکتر دەکەوتن، وەکو ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر نەبووبێت. ڕەنگە هەر بۆ ئەم هۆیەش بووبێت کە داوەتەکەی قووڵ نەکردبێتم.

ژوانەکانمان، وەکوو تاقە گوڵاڵکی کرچ و کاڵ وابوون، هەریەکە و بەڕەنگینی خۆیەوە، لە کەندڕێ، لە کەنداڵێ، لە قۆرتێ. لە دەم هەردێ، لە کزرە ڕێگایەک، لە لێواری شۆمێ، لە قەراغ پەرێزێ، لە بەردەم کارێزێ، کەوتبێ. هەر ژوانێک، لە دیمەنە دەرەکییەکەی شەنگیی و جوانیی لێ دەتکێ و لە ناواخنیشیدا وەکو ژەقنەبووت تاڵ بوو. ڕووە دەرەکییەکەی دیارییەک بوو بۆ جیهان و ناوەڕۆکەکەشی ڕۆحم گلی دەدایەوە.

جارێکیان دەمگەیاندەوە ماڵ، ئێوارەیەکی درەنگ بوو. حەزیشم دەکرد ئەو نێوانە قەد کۆتایی نەیەت. حەزم دەکرد مەسافەکان دەست لە ملی ئەبەدییەت بکەن. وەکو دوو ماری ئاشقە و باشقە، چرکە سرت و کەمخایەنەکان لە ناوقەدی هەمیشەیی بئاڵێن. شینیی دەریا بێت و بڕژێتە گەرووی ئاسمانا. دەمویست و دەمویست و زەمەنیش وەکو دەنکە لم وابوون، دەکەوتنە کەمۆڵەی بۆشاییەوە. ویستم بەڕستەیەکی مێتافۆر تەعبیر لە خۆشەویستییەکەی خۆم بکەم، پێم وت: «دەزانی تۆ وێنەیەکی بەنیسبەت منەوە، وێنەیەک!» تەنها هەر خۆم و بەس دەمزانی چ دەڵێم. زۆرجار هەموو ژیانم، بەڵکو هەموو وجوودم دەئالاّندە وێنەیەک، یا وێنەیەک هەموو بوونمی دەئالۆزکاند. وێنەیەک و بەس، دنیا وەکو شریتێکی وێنە وابوو و لەیەکدی ترازا بوون. هەر وێنەیەک بەتەنها لە بووندا تەجەلای دەکرد. یا ئەوەتە وجوود لە وێنەیەکی تاقدا کۆ دەبووەوە و دنیای دەرەکی دەسڕییەوە و مەحفی دەکرد. ئا ئەمە تراژیدیایەک بوو نەمدەتوانی خۆمی لێ قوتار بکەم. دوای چەندین ساڵ، ئای کە ساوێلکە و نابەڵەد و گەلحۆ خۆم دەهاتە پێش چاو. هەموو لەززەت و شەهوەتی دنیام لە وێنەیەکی موجەڕەددا دەبینی. موتلەقم تەجرید کردبوو، ئەویش منی تیرۆ دەکرد. ڕاستییەکی وجوود منی تەجرید کردبوو. نەمدەزانی ڕەگ و ڕیشەی ئەم تەئەمولاتە فەلسەفییە لە کوێ سەرچاوەی وەرگرتبوو. ئایا دیارییەکی تاراوگە

بێت. ئەشکەوتێکی هێمن و گەرم بێت و بتوانم خۆمی تیا بشارمەوە و بەرگری لە بوونە دەغەزەراکەم بکەم؟

دەبێ مەبەستم چ بووبێت لەوەی کە کچێکی شۆخ و جوان، لە گۆشت و ئێسقان، لە سۆز و میهرەبانی، بکەمە وێنەیەک و تەنها هەر بەوێنەیەکی بچوێنم! خۆم بەڕۆمانسییەکی گەوج دەهاتە پێش چاو، هەر کەمۆکەیەک لەو دوو فریشتەیە جوداواز بووم کە ئۆقیانووسی ئەتلەسیان بۆ ئەوە بڕیوە جارێ بۆ هاتنی مەملەکەتی یەزدان لێدەن. منیش جارم بۆ گواستنەوەی واقیع لێ دەدات و دەمویست بیگەڕێنمەوە نێو ئیدیال. دەمویست واقیع لە سەختی و ناهەمواری ڕابتەکێنم و ڕۆحی جاویدانیی بکەمە بەر و لە دەستی مەرگ و تەفاهەتی ژیان قوتاری بکەم. بەڵام خۆشەویستی، هەر وەکو زمانی کوردیش زۆر بەجوانی قەوارەی پێداوە و کردوێتی بەمادده، واتە ویستنی خۆشییە و گەڕانە بەدوای لەززەت و مومارەسەکردنێتی. زۆر بەپێچەوانەی عیشقەوە کە ڕەگ و ڕیشەکەی تەنها هەر لە شەیدایی و سەوداسەریی دایە. عیشق وێنەیەکە لە زیهندا، خۆشەویستیش، مومارەسەی خۆشییە لە جوگرافیای لەش. لەش نەک جەستە، چونکە جەستەش دیسانەوە، سێبەری فیکرەیەکی موجەڕەد لە دەور خۆ کۆدەکاتەوە.

دوای ئەوەی شکۆلاتەکەمان خواردەوە، هەندێک دانیشتین و هەندێک قسەمان کرد، پێش ئەوەی قاوەخانەکەش داخەن، پێشنیاری ئەوەم بۆی کرد کە بچینە بارێک کە کەوتبووە ئەوبەر ڕووبارەکەوە، شوێنێکی تایبەت بوو، زۆربەی ئێواران گرووپێکی جاز دەهاتن و مۆسیقایان لێ دەدا. ناتالی فیکرەکەی بەدڵ بوو. دەرچووینە دەرەوە و دەستی چەپمان وەرگرت و هەر بەپێ بەسەر پردی ڕێپوبلیکدا تێپەڕین. خەڵکێکی زۆر کەم بەدەرەوە بوون. بارەکە لە قاوەخانەکەوە هەر تەنها سێ سەد مەترێک دوور دەبوو. ژوورەوە تاریک بوو، هەندێ گڵۆپی کز دەسووتان، دەرگامان کردەوە و چووینە ژوورەوە. چووینە قوژبنێکەوە و دانیشتین. داوای بیرەیەکی سپیم کرد و ئەویش داوای بادەیەک شەرابی کرد. لە قوژبنەکەی ئەوبەریش گیتارژەنێک و پیانۆژەنێک و ساکسەفۆن ژەنێک دەمێک بوو مۆسیقایان لێ دەدا، سەریان دەلەقاند، دەتوت حاڵیان گرتووە. گیتارژەنەکە قژی پاک تاشیبوو و پیانۆژەنەکە پیاوێکی زۆر بەخۆ بەشانوشەوکەت بوو و ساکسەفۆن ژەنەکەش کابرایەکی پێست ڕەش بوو و، لە تەنیشتمانیشەوە کابرایەک بەتەنها دانیشتبوو و بیرەی دەخواردەوە، پیرەمێردێک بوو. سەیرێکی ئێمەی کرد و بەسەر لەقاندن بەخێرهاتنی لێ



کردین. منیش هەر بەسەر لەقاندن وەڵامم دایەوە، ڕووی کردەوە سەر شانۆکە و لەسەر ڕیتمی مۆسیقاکە دەستی بەسەر لەقاندن کردەوە من سەرەتا وا تێگەیشتم حەز دەکات، کەمێک ئەو تەنهاییەی بڕەوێنێتەوە و حەز دەکات قسەمان لەگەڵ بکات، بۆیە منیش هەر بەئیشارەت پێم وت: «ئەگەر حەز دەکەن فەرموون، وەرنە سەر مێزەکەی ئێمە» ، ئەویش هەر بەئیشارەت کردنەوە وەڵامی دامەوە: «نا شوێنەکەی خۆم باشترە، حەز دەکەم گوێ بۆ ئەم مۆسیقایە هەڵدێرم» . بەناتالیم وت:

– دەزانی کاتێک لە ژنێڤ بووم، زۆرجار دەچوومە ئەو بارەی کە وەکو دوورگەیەک وابوو، دەزانی کامە؟ ئەوەی کە دەکەوتە ناو ڕووباری ڕۆنەوە، ها ئەوەی نزیکی مەیدانی لا مۆنێ بوو.

– ئا ئەوێ. گەلەرییەکیشی لێ بوو، تابلۆی پێشڕەویی تیا عەرز دەکرا.

– بەخوا شتی پووچیان عەرز دەکرد.

– بۆ؟ هەندێ جار تابلۆی جوانم تیا دەبینی.

من ئەو شەوە چەند بیرەیەکم خواردەوە و ئەویش تەنها هەر دوو بادە شەرابی کۆت دوو ڕۆنی خواردەوە. وتیشی «هەرچەندە من زۆر حەز لە شەراب ناکەم، بەڵام شەرابی فەرەنسی خۆشە» . منیش باسی شەرابی ژوورای سویسریم بۆی کرد و وتم: «دەزانی ئەگەر ڕۆژێک بیری سویسرا بکەم، ئەوە تەنها هەر بیری ئەو شەرابە سپییە دەکەم کە لەقەد بنارەکانی ژوورا دەگیرایەوە» . ئەویش پێکەنی و وتی: «مەبەستت شەرابەکەیە یا خەڵکی ژوورایە؟» دەمزانی مەبەستی چی بوو، بەڵام من نەمویست لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم. ناتالی ئەو شەوە ویستی کەمێک باسی پاریسم لەگەڵ بکات. مەبەستی ئەوە بوو مەوزووعی سەفەرەکەی خۆیم بۆ باس کات. سەرەتا لە تەلەفۆن زۆر بەگەرمییەوە باسی کرد، پاشان تا دەهات بەساردییەوە باسی ئەو پرۆژەیەی دەکرد. وتیشی: «ئایا زۆر جار سەفەری پاریس دەکەم و ئایا هاوڕێ و برادەرم لە باریس هەن؟» منیش باسی کامەرانم بۆی کرد. پێ دەچوو زۆر گوێی بۆ شل نەکردبێتم، بۆیە درێژەم بەقسەکانم نەدا. تا درەنگێ، واتە تا سەعات دوو و نیو کە کاتی داخستنی دەرگای بارەکە بوو، هەر لە بارەکە دانیشتبووین و هەوڵی ئەوەم دەدا داوەکان پێکەوە گرێ بدەمەوە و یا هەر نەبێ سەری یەکێ لەو داوە ئاڵۆزەکاوانە بگرمە دەست، ئەفسووس! ئەوەی من هەوڵی دروستکردنیم دەدا، ئەو بەبێ مەبەست تێکومەکانی دەدا.

هەر بەدەستی ئەو بەرەوە، گازینۆیەکی لێبوو، جێی ڕۆلێت و مەکینەی یاریی بوو، هەر لە بەرامبەرەکەشی تەکسی لێ دەوەستان، پەڕینەوە و بەتەکسییەک گەڕاینەوە بەشی ناوخۆ. گەیشتینەوە بەرامبەر باڵەخانەکەمان: ١٧ شەقامی شامپانیا.

سەرێکم هەڵبڕی و تەماشای پەنجەرەکەم کرد، پێ دەچوو ئەپارتمانەکە لە خەوێکی کەستەکی دابێت، یا هەر وەکو فەرەنسییەکان دەڵێن خەوی کۆتەرەی دار. بۆنی ئەلکۆل وەکو توێژێک بەسەر بەرجەستەکاندا یخ لێ کەوتووە. دەستی ناتالیم گرتبوو و لە شەقامەکە پەڕینەوە و دەرگای خوارەوەم کردەوە، چوار نهۆم سەرکەوتین و چووینە ژوورەوە. بۆنی دوکەڵی جگەرە تێکەڵ بەبۆنی ئەلکۆل ببوو. بێ دەنگییەک باڵی بەسەر ساڵۆنەکەیا کێشابوو. پەنجەرەی ساڵۆنەکەم تۆزقاڵێ کردەوە بۆ ئەوەی تاکو بەیانی هەوای خاوێن ئەم بۆنە ڕادەماڵێ. چووینە ژوورە بچووکەکەی منەوە. چاوێکم بەژوورەکەما خشاند، هەروەکوو ئەوەی ئەمە یەکەمجار بێت ژوورەکەی خۆم ببینم. حەزم دەکرد ژوورێکی فەراحم هەبوایە، سیسەمێکی دوو نەفەریش لە ناوەند ژوورەکە بوایە. حەزم دەکرد ئەم مێوانداریيەتە بەوپەڕی لوکس و کەشخەییەوە بۆ بەخێرهاتن و پێشوازی کردنی ناتالیم تەرخان بکردبایە. حەزم دەکرد دوو پەنجەرەی گەورە، بیانڕوانیایەتە چیمەن و حەوز و فوارە لەبن نەهاتووەکان. سبەینێش هەتاوی کۆتایی ڕەشەمە، لە درزی پەردە تەنکەکانەوە تیشکێکی هێمن و نەرمی بگەیاندایەتە سەر سیسەمەکە و لەشە ناسکەکەی ناتالیی لە خەو هەڵساندایە و بەگزنگێکی نوێ، بەیانی باشی لێ بکردبایە. حەزم دەکرد هەر وەکو خەونە سەرەتاییەکان گیا لەژێر سەرینەکانمانەوە شین بوایە، جۆگەلەی جریوەش بەتەنیشتمانا خوڕەی بهاتبایە. لە کۆتاییدا حەزم دەکرد ئەم خەونێک بوایە، نەک شەوی پێش دوا شەو! بەتەریقییەکەوە سەیری ناتالیم کرد و هەر دوو شانەکانم بەئاسپایی هەڵتەکاند و هەردوو دەستەکانیشم بێ دەسەڵاتانە وەکو کوڕەکەی مەریەم بەم لاو ئەولای خۆما داچەقاند و پێم وت:

– تاقە چارەسەر ئەوەیە کە پێکەوە لەسەر ئەم قەرەوێلەیە بنووین. ئەویش بێ سڵەمینەوە وەڵامی دایەوە:

– زۆر باشە.

بەرەو جانتا بچووکەکەی چوو و نووشتایەوە و زریزەکەی ڕاکیشا و کردییەوە. قاتە بێجامەکەی لە جانتاکە دەرهێنا و وەکو تەرمێکی مردوو خستبوویە سەر هەردوو پەلی و



بەرەو ڕووی من گەڕایەوە و لچێکی خوار کردەوە. منیش چوومە دەرەوە. ئەمەم بەهەل زانی و چووم دانم شت و کاتێکیش گەڕامەوە، ناتالی بێجامەکەی لەبەر کردبوو و بەڵام گۆرەوییەکانی دانەکەندبوو.

پێ دەچوو ماندوو بێت، ماندووی سەفەرەکە و ماندووی ئەم شەوە درێژەش! چووە ژێر بەتانییەکە و ویستی چاو لەیەک نێ. ئەدی ئەمن چۆن بتوانم چاو لەیەک نێم! دوای ئەوەی هەر بەپاڵکەوتنەوە، چەند ڕستەیەکمان لەگەڵ یەکتر گۆڕییەوە، شەوباشی لێ کردم و نغرۆ بووە نێو خەونێکی شیرینەوە. شیرین هەر وەکو خۆی.

ئەوە شەوە هەر گینگڵم دەدا. کاتێک کچێک لە تەنیشتت بخەوێ و دەسپێشخەری شەوباشت لێ بکات، ئەوە مومکین نییە شەوێکی باش بەریتە سەر. بەتایبەتی لە سیاقێکی وادا. شەوباشی چی. ژەهراو بوو گیرایەوە، یا زەقنەبووت بوو؟ ئەو شەوە بیرم لە زۆر شت دەکردەوە. بیرم لە سنووری نێوان مەحاڵ و مومکین دەکردەوە. بیرم ئا لەو خاڵە ڕەشە دەکردەوە کە هەمیشە دەبووە پانتاییەک و تاقە گۆڕەپانەکەی خۆم و خۆمم بەتەنها تیا دەدۆزییەوە. چ جەنگێکی کوشندە بوو بەرامبەر بەپەروانەی ئاسیاوەکان بەرپام دەکرد!

ئەمجارەیانیش، دیسانەوە خۆم زۆر بەتەنها دەهاتە پێش چاو و سێبەری وێنەیەکیش وا لە تەنیشتم دایە، بەڵام تا چاویش بڕ دەکات دوورە.

دووریی و نزیکی دوو جەمسەر بوون ڕژابوونە یەکترییەوە. دوو ڕووی یەک شت بوون. دوو دووریی یەک مەسافە بوون. دوو دژە بوون، بەیەکەوە نەبوایە هەڵیان نەدەکرد. ئەم دوورییە، ئەم ماوەیە، ئەم مەسافەیە، بەهیچ شتێک نەدەپێوران، تەنها بەئازار و شەونخوونی و ئەشک نەبێت. تا ئەو تێگەیشتم کە تەنها ئاخ هەڵکێشان پێوەری ڕاستەقینەی ئەم مەسافەیەی نێوان من و ئەو لەشە ناسکەیە کە ڕۆ چۆتە نێو خەوێکی سادەوە. سادە! تەنها ئاوەڵناویی پڕ بەپێستی ئەوە خەو بوو کە خودا بەدیاری پێشکەشی چاوە جوانەکانی ناتالیی کردبوو.

ئافرەتێک وا لە تەنیشتم دایە، ڕاکشاوە، لەش پێگەیوو، تەنها هەر بێجامەیەکی گوڵدار نەبێت وەکو کاژی هەرزەکاریی، شەوان دەیکاتەوە بەر، ئەگینا ئافرەتێکە وەکو هەڵووژەیەکی پێگەیوو، یا ئەگەر جوانتر وەسفی بکەم، وەکو دەنکە ترێیەکی ڕەش، لەو دەنکە ترێ ڕەشانەی کە توێژێکی سپێتی وەکو پۆدرەی بەسەرەوەیە ئەگەر پەنجەی بخەیتە سەر جێپەنجەت بەسەرەوە دەمێنێ. ئەگەریش بەدوو پەنجە ئەو دەنکە ترێیەش هەڵگری و

بیخەیتە سەر زمانت و هەر بەزمانیش بەرزی کەیتەوە تا بەر ئاسمانی مەلاشووت دەکەوێت و پاشانیش لە نێوان کاکیلەی دابنێیت و بەئاستەم بیتەقێنی و شیرینی و مزرییەک وەکو نارنجۆک لە دەمتا دەتەقێتەوە و دیواری ژوورەوەی زارت بەڕەنگی خۆماری و بەتامێکی تایبەت ئاوەڕشێن دەکات. چ تامێکی کورتخایەن، وەکو تریشقەی لەززەتی هەورێ، دنیا بۆ چەند چرکەیەک ئاوس کات!

سەیری ناتالیم دەکرد و بەو دەنکە ترێ ڕەشەم دەچواند. دەنکە ترێیەکی نوستوو، دەبێ خەون بەچییەوە ببینی؟ ئای هەتاوێکی گەش و گەرم تا ئێستا لەناو ڕۆحی هەڵنەهاتووە؟ قەد لەوەوە پێش ناتالیم ئا بەو جۆرە نەبینیووە. وەکو ڕوەکێکی وا بوو، وەکو چڵە لاولاو، گەشەی دەکرد و نەشونمای دەکرد و دەگەیشتە سنوورە بێ کۆتاییەکانی جەستەم.

بیرم لەوە دەکردەوە کە چەند شازادانە لە پێپلیکانەی شەمەندەفەرەکەوە دادەبەزی و نەرم نەرم، پێڵاوە سووکەکانی هەر ئەوەتەی دەکەوتنە سەر زەمین. چ سیحرێ بوو جەستەی ناتالیی بەو شێوەیە بەرز دەکردەوە. سەیریم دەکرد و بیرم دەکردەوە کە ئەو ئێوارەیە، بەتایبەت لە قاوەخانەکەی گرانڤێل، لە باری مۆسیقاکە، چەندێ جوان بوو، بەو فانیلەیەوە کە لە کەتانی ڕەش دروست کرابوو، چوار ڕیز قۆپچەی وردی مۆر بەرامبەر بەیەک و پانتۆڵێکی تەنگ و ناسک کە سمت و پووزی بەتەواوی گووشی بوو، کردبوویە بەر. هەر وەکو پەیکەرێک وابوو کە لە مەڕمەڕی ڕەش تاشرابێت. خۆی لەناو قاپووتێکی تەنکی ڕەش دەپێچییەوە و وەکو مامزی کێوی هەنگاوی دەنا و ڕەوتی دەکرد، ئا بەجۆرێک ڕەوتی دەکرد، لە پشتەوەی چمکی قاپووتەکەی بەم لاو ئەولادا دەلەرییەوە و ناوەوەشی پڕ با دەبوو؛ بەچارۆگەی بەلەمێکی دەکرد کە لە پێش چاو ون دەبێت و ئاسۆی ئاویی هەڵیلووشێ.

ئەو شەوە بووبوومە دێوانە، یەک دوو جار هەڵسام و لە دوورەوە تێمدەڕوانی. لە سەرخۆ هەناسەی دەدا، برژانگە باریک و درێژەکانی، هێشتا کلی دوێنێ شەوی پێوە بوون، سێبەریان بۆ ئەو دوو چاوە فراوانە کردبوو کە هەستم دەکرد ڕەنگبێ خەون بەدنیایەکی دیکەوە ببینن. چەرچەفە سپییەکەش بەئاستەم لەشی داپۆشیبوو، تەنها هەر لایەکی لەشی داپۆشیبوو و بەس، لایەکەی دیکەی کەوتبووە سەر عەرزەکە و لۆچەکانی سێبەر و تاریکییان دروست کردبوو. تەنها هەر لە گڵۆپەکەی شەقامی شامپانیاوە ڕووناکییەکی کزی زەردباو دەهاتە ژوورێ کەتیشکی زەردباو و تاریکیی ژوورەوە بەشێوەیەکی پلەیی



تێکەڵ یەکتر دەبوون. گوێم لەبۆ بێدەنگی لەشی هەڵدەیرا. بێ دەنگییەک بوو باسی بێ دەسەڵاتی منی دەکرد.

بیرم لەوە دەکردەوە ئێمەی ڕۆژهەڵاتی کاتێک پێ دەنێینە سەر ئەم کیشوەرە، گەورەترین ترازانمان، ترازان نییە لە شوێن، بەڵکو ترازانێکە لە چەرخ، لە سەردەم، لە قۆناغەکانی سەردەم. هەستم دەکرد نیوەی گیانم لە چاخەکانی ناوەندەوە هاتووە، نیوەکەی دیکەشم، بارستایی گشت سەدەکانی دوای ئەوی هەڵگرتووە. بۆیە، کاتێک چاوم کردەوە، ئینجا شتەکانم بینی: عیشقێک سەوداکەر، هەر لە هی فەرهادی دەکرد، لە هی دێوانەی جاف، یا لە هی کوڕەکەی ملەوەح، لە هی تریستانی باکور دەکرد، بەهی لاسێک دەچوو، بەکورتی ڕەگوڕیشەکەی وا لە زەمینێکی دوور ئاو دەخواتەوە، کاتێک دەمویست تیۆریانەش تەعبیر لەو خۆشەویستییە بکەم، ئەوە پەنام دەبردە بەر کەلەپووری هاوچەرخ، ماددیانە شیتەڵم دەکرد، فرۆیدیانە ڕاڤەم دەکرد، زۆر جاریش دەمدایە پاڵ سەدمە لە بن نەهاتووەکانی نێوان شارستانییە جوداوەزەکان. بەڵام هەموو کارتەکان تێکەڵ دەبوون. ئەوەی کە قەد لێی تێنەگەیشتم ئەوە بوو کەعاشق ناتوانی باسی عیشق بکات.

بۆیە ئەو شەوە نەنووستم، بیرم لە خۆم دەکردەوە و دەموت (باشە بۆچی دەبێ گیرۆدەی شتی وا بم؟) ڕستەکەی کاک عەزیزم چەندین جار بەخەیاڵ دەهات کە زۆرجار پێی دەوتم (کاکی خۆم، وەکو دارای ئامۆزامت لێ نەیەت؟) کاک عەزیز وەکو حەکیمێکی شەرقی، تەعلیمییانە هەندە ئەو ڕستەیەی لە لام دووبارە کردبووە و ڕۆژێکیان خۆم پێ نەگیرا و لێم پرسی: (ئەرێ ئەو دارای ئامۆزایەت کێیە وا هەندە باسی دەکەیت و منی پێ بەراورد دەکەی؟) بۆ ئەوەی پرسیارەکەم زۆر زەق و ناقۆڵا نەکەوێتەوە، ئەوەشم پێی وت: (بڕوا بکە کاک عەزیز، ئەم پرسیارەم لێ نەدەکردی، بەڵام بەشێکی هەڵاتنیشم لە ژنێڤ هەر لەبەر ئەوە بوو کە هەمیشە پەناهەندەکوردەکان لەبەر لووتم قووت دەبوونەوە و بەئامۆژگاری نابەجێ و بێتام بەتەواوی بێزاریان کردبووم لە هەموو شت ناقۆڵا و ناهەموارتر ئەوەیە کە گوێت لە ڕەخنە و ئامۆژگاری پەناهەندەی فاشیل بێت. لە سەرووی هەمووشییەوە، بەڵکو لە هەمووشی سەیرتر پەناهەندە خۆی بەخاوەن پەناهەندە دەزانێ بەڵام بڕوا بکە کاک عەزیز مەبەستم تۆ نیت و باشیش دەتناسم، دەشزانم دڵت وەکو کاغەزێکی سپی ساف و بێ گرێ و گۆڵە، حەزیش دەکەم باسی ئامۆزایەی خۆتم بۆ بکەی.)

کاک عەزیزی سنەیی، بەدرێژی کەوتە گێڕانەوەی نەک تەنها بەسەرهاتەکانی دارا،

بەڵکو چیرۆکی ئەو خێزانە پەروازەیەی بۆ گێڕامەوە کە زۆر نموونەیی بوو. دەیوت باپیری دارا کە مام غەفووری چەمەزەردەیی پێ دەوترا لەگەڵ باپیرەی من برا بوون؛ ڕۆژێکیان مام غەفوور لەگەڵ ئاغای گوندەکانی سنە دەبێتە مشتومڕیان و ئاغاش هەڕەشەی لێ دەکات، ئێوارەیەکیان دوو پیاو بەتفەنگەوە دەکوتنە سەر ماڵی مام غەفوور، خۆشبەختانە مام غەفووریش زووتر ئاگادار کرابووەوە، ئەگینا هەر ئەو شەوە کەوڵیان دەکرد. ئیتر هەر بەو شەوە هەڵات و دوای چەند ڕۆژێکیش خۆی دەگەیەنێتە خزم و کەسەکانی کە لە هەڵەبجە دەبن. ئیتر مام غەفوور ببڕای ببڕ ناگەڕێتەوە ناوچە و زێدی خۆی و لەوێ ژن دەهێنی و باوکی دارای دەبێ کە مام شەریفی دەروازە زەردیان پێ دەوت. ئەم دارایە لە کۆتایی هەفتاکان بەشی هونەرە جوانەکانی لە بەغدا تەواو کرد. لە هەقیقەتدا، چووبوو خۆی لە مۆسیقا ناونووس بکات، جێ نەمابوو، ناوی خۆی لە تەشکیلی نووسی.

بۆ شەڕی ئێران و عێراقی بەسەرا نایەت، دارا فیرار دەکات و خۆی دەگەیەنێتە لای ئێمە، من ئەوکات هێشتا لە سنە بووم و چەند هەفتەیەکیش لە ماڵی ئێمە دەمینێتەوە و پاشان سەری خۆی بۆ هەندەران هەڵدەگرێت و ماوەیەک لە ئیتالیا دەبێت، پاشان دەچێتە پاریس. لەوێش لە مۆنمارتەر خەریکی پۆرتریت و ئیشی هونەری دەبێت، وەزعی ماڵی و دارایی زۆر باش دەبێ. یەک دوو جاریش هاتە بیزەنسۆن سەری لێدام. منیش تازە هاتبوومە ئێرە، وا بزانم هەر ساڵێک دوای دەرچوونی دارا منیش تووشی چارەنووسی خۆم هاتم و تووشی ئەم پەرتەوازیە و ئاوارییە بووم. بڕواش دەکەم، خێزانەکەی ئێمە دوعای لێ کرابێت هەموو ناوچەوان سیانزەین. هەر لە مام غەفوورەوە بگرە تا دارا، زەلامیان تیا نەبوو، ڕۆژگار کەڵبەی خۆی لێ گیر نەکردبێت. سەرەتا، وامان زانی، ئەم دارایە ئیستسنایە، چونکە سەرەتا زۆر بەکارامەیی بەخت یارییەوە دەرکەوت، خۆ ئەو هەر لە سەرەتاوە وەکو من بەدبەخت و سیاچارە نەبوو؛ ئەو دەست ڕەنگین بوو، دەست ڕەنگین! بڕوا بکە لەو مۆنمارتەرە تاقە هونەرمەندێک بوو کە هەموو خەڵکی ڕێزیان لێ دەگرت، تەنانەت چینی و کامبۆجییەکانیش خۆشیان دەویست. هەر تەنها بەسەیرکردنێک، بەسەیرکردنێک و بەس پۆرترێتی ئەو سایحانەی دەکێشا، دەقاودەق وەکو خۆیانی دروست دەکرد. ئەدرێس و ناونیشانی نیوەی دانیشتوانی سەر ئەم زەمینەی لە لا بوو. خەڵکی دەناسی لە نیویۆرک دادەنیشتن، خەڵکی دەناسی لە کەبێک دادەنیشتن، کوڕە خەڵکی دەناسی دوورگەی مانگەوە هاتبوون! پیاح کە دەست ڕەنگین بوو! (ئەمەی زۆر بەئیعجابەوە وت) کوڕە ژیانی ئەم دارایە هەر وەکو حەکایەتێک کۆتایی هات. سودفە لە



پاریس تووشی کچە ئیسپانییەک دەبێ، دوای دەکەوێ، وابزانم خەڵکی سانتیاگۆ دەبێت، دوای دەکەوێت و گیرۆدەی ئەو کچە دەبێت، ئیتر لەو ڕۆژەوە هیچ ئاگاداری نین. برادەرەکانی گەلێ پێیان وت، کوڕە دانیشە و سەری خۆت بەفەتارەت مەدە، فایدەی نەبوو نازانین چی بەسەر هات و لە کوێی ئەم دنیایە گیرساوەتەوە ئای بۆ ئەو بەسزمانە! نە نامەی هات، نە ئەدرێسێکی دەزانین، نە برادەرەکانی هەواڵێکی لە بارەوە دەزانن. وابزانم ئەو کچە بەتەواوی مێشکی تێک دا. ئەمە ڕەنگبێ نووشتەی قەرەجەکانی غەرناتەی بووبێت! یەک دووجار چوومە پاریس و هاوڕێیەکانیم بینی، سەرەتا چوومە لای سالاری عەبە. کاک سالار زۆر برادەری بوو. کوردی دیکەی زۆر دەناسی، بەڵام زۆربەی ئێواران لەگەڵ سالار دەیبردە سەر. سالاریش لە کۆتایی حەفتاکانەوە لە پاریس بوو. بەخوا ماڵکاول بوو، ئەویش دەست و پێ سپی بوو.

کاک عەزیز زۆر بەوردەکارییەوە بەسەرهاتەکەی دارای بۆ دەگێڕامەوە، بۆیە منیش حەزم دەکرد بزانم ئەم چاخناوەندییە چی لێهات، بۆیە لێم پرسی:

– ئێ چیان پێ وتی و ئەوان، مەبەستم لەو کاک سالارەیە، ئایا شتێکی لەو بارەوە پێ وتی؟

لەوەتەی کاک عەزیز لە بیزەنسۆن بوو، تەنها هەر دوو جار چووبووە پاریس، ئەویش بەدوای سۆراغی ئامۆزاکەی. ئەوانەی کەمیش سەفەر دەکەن، زۆر بەوردییەوە سەفەرەکانیان دەگێڕنەوە، حەزم لە جۆری گێڕانەوەکەی بوو، بەلەززەتەوە دەیگێڕایەوە و سووکە لەهجەیەکی سنەییشی هەبوو. کاتێک پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە ئایا سالار هیچ هەواڵێکی دابووێ، کاک عەزیز بەم جۆرە باسی سەفەرەکەی دووەمی کرد:

بلیتم بڕی و چوومە پاریس، گەیشتمە وێستگەی گار دوو لیۆن، هەر گەیشتم و نەگەیشتم زرینگ زرینگ تەلەفۆنم بۆ کاک سالار کرد؛ ئەویش خوا قبووڵ ناکا زۆر پیاوانە، هەندەی نەبرد لە بەردەمم قووت بووەوە. کتێبێکی زلی بەژێر باڵەوە، دەتوت تازەبارە ڕیشی چەند ڕۆژێکیشیی دەرچووبوو، جگەرەیەکیشی بەسەر لێوەوە بوو. بەتەلەفۆن پێم وتبوو کە چاکەتێکی قاوەییم لە بەرە و سمێڵم ماشوبرنجە و قژم لە پێشەوە ڕووتاوەتەوە و شوێنی برینێکیش لەسەر تەوێڵم دایە (هەر بۆ پێکەنینیش پێم وت: بیر لە ئەتواری خراپ نەکەیتەوە، شوێنی چەقۆ و مەقۆ نییە، بەمناڵی لەسەر خەرمان لە جەنجەڕ بەربوومەتەوە)، هەر بۆ نیشانەش ڕۆژنامەیەکی لیبراسیۆن بەدەستەوە دەگرم، نا نا

دەیخەمە سەر سینگم. ئەویش پێکەنی و وتی (بەساقە گوێی مەدەرێ، دەموچاوی کوردان بەئاسانی دەناسمەوە.)

سەماعەکەم دانایەوە و لە تەنیشت کابینەی تەلەفۆنەکە وەک ڕیشۆڵەی تۆقیو هەڵتووتام، نیو سەعات زیاتری پێچوو، لەگەڵ کوڕێکی دیکە پەیا بوو، ئەویتریان حەمەی مەعاریفیان پێ دەوت. گەنجێکی کورتەبنەی زۆر گورجوگۆڵ. لە ئاواییەکەی ئێمە بەکەسانی وایان دەوت گزگل. دەم هەراش، دەتوت چاپخانەی قووت داوە و دەیەوێ دنیا بەقەپاڵێک لووش دات. لە دوورەوە بینیمن، کاک حەمە کەمۆکەیەکیش لە پێش سالارەوە هەنگاوی هەڵدەنا. خۆ لەوەو پێشتر یەکتریشمان نەبینیبوو، بەخوای زۆر بەزیتییەوە چاوی گڕ دەدا، لە دڵی خۆم وتم بەخوا هەبێ و نەبێ ئەوە خۆیەتی. هەر کە چاوی پێم کەوت بەسالاری وت (ئەرێ ئەوە خۆی نییە؟) منیش ڕۆژنامەکەم توند نووساندبووە سینگمەوە بەرەو ڕوویان دەچووم، سڵاویان کرد و سالار وەکو ناسیاوێکی نزیکی باوەشی لێدام وکاک حەمەشی پێ ناساندم. کەوتینە ڕێ بەبێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ دەچین! (با بڕۆین بۆ قاوەخانەی سان بێرنار، چونکە مەوعیدمان لەگەڵ بەهزاد هەیە.)

لە ڕاستیدا، ئەمە ڕێککەوتێک بوو بۆ خۆی، نە من سالارم لەوەپێش بینیبوو، نە حەمەش لەوەوە پێش بەهزادی بینیبوو، نە منیش بەهزادم دەناسی، ئەم حاڵاتانەش زۆر ڕوو دەدات، هەمیشە کوردێک ئاوارە کوردێکی ئاوارەی دیکەی وەکو یەدەک پێیە. ئەمە خووی کوردانە قەد حەوسەڵەیان بەتەنیایی ناکرێتەوە. وەکو مەفرەزەی بچووک بەژێر میترۆیەکانا دێن و دەچن.

ئێمەش مەفرەزەیەکی سێ نەفەری، گار دوو لێوئمان گورج بەجێ هێشت و چوینە خوارەوە و میترۆمان وەرگرت. هەموومان کەمۆکەیەک پەشۆکابووین. زۆر قەڵەباڵغ بوو، بۆنی شێ و پیسایی دەهات. سێ جار میترۆمان گۆڕی و لە شاتلێ دابەزین کاتێک کەوتینەوە سەرزەمین، بەقووڵی هەناسەم هەڵدەکێشا و پێیانم وت (بەخوا من ناتوانم لەم پاریسە بژیم، تەنها لەبەر تەنگە نەفەسییەکەم نییە، پییاح قەڵەباڵ و ئیزعامە). بەم قسەیەی من، حەمە مەعاریف دایە قاقای پێکەنین دەستی نایە سەر شانم و وتی: کاک عەزیز ئێمە لە ناو قەلبی عەولەمە دەژین عەولەمە، هێشتا لەکوێتە برای خاسم! (کاک سالاریش جەغدی لەسەر کرد) پاریس بەڕۆژ دوانزە ملیۆن کەسی تیا دەژێ، ئەمە یەعنی بەلایەن کەم شەش ملیۆن ئۆتۆمبێل، هەزاران میترۆ، هەزاران پاس، بەکورتی هەر دوکەڵە و



بەرزدەبێتەوە. ئەمەش حەزارەتی ڕۆژئاوایە، مەئزەقەی کۆمپلێتە هاودەردەکانم. بەدەم قسەکردنەوە بووین گەیشتینە قاوەخانەکەی سان بێرنار و چووینە ژوورەوە. کوڕێک لە قوژبنێک دانیشتبوو، خەریکی خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەک بوو، هەر ئێمەی بینی کەمێ سەری قووت کردەوە دەستی بۆ هەڵبڕین و لێی نزیک بووینەوە. بەهزاد بوو، تەمەنی لە نێوان بیست و پێنج و سی ساڵێک دەبوو، لە ئەنیستیتوی کورد، لە کتێبخانەکە ئیشی دەکرد. ئەسکەمبیلێکمان نووقسان بوو، داوای لێبوردنم لەو پیرەژنە کرد کە بەتاقی تەنها بەرامبەر بەبەستەنییەک دانیشتبوو، ئەسکەمبیلەکەم هەڵگرت و هێنام. کاک سالار سەرەتا بەهزادی بەکاک حەمە ناساند و وتی: (ئەمە بەڕێز کاک حەمەیە، ڕۆشنبیرترین کوردە لەم ئەوروپایە، ئەوە باسی کوردستان هەرمەکە. کاکە حەمە، ئەمیش بەهزادی خۆمانە، لەناو کوردان بە بەهزاد ژورنال ناوبانگە، ئاگای لە لاپەڕترین هەواڵە کە لەسەر کورد نووسرابێت، گاردیان و فرانس سوار و پاریماچیش دەخوێنێتەوە. لە ناو پیاو و ژنە گرینگەکانی دنیا دەزانێ کێ ڕەچەڵەکی کوردە و کێ ڕەچەڵەکی کورد نییە. دەڵێ بیژار، سەماناسی فەرەنسی کوردە،باپیرەی ڕۆبێرت حوسێن خەڵکی چەمچەماڵ بووە، باوکی زولفەققار عەلی بۆتۆ کورد بووە، گوندێکی کوردان لە ئەفغانستان هەیە ناوی گۆڵدەرەیە و (هەموو دایانە پێکەنین). پاشانیش بەمنی ناساند و بەبەهزادی وت: ئەمەش ئامۆزاکەی دارایە، قەییمترین پەناهەندەی ئەم ئەوروپایەیە. جارێکی دیش هەموویان دایانەوە قاقای پێکەنین و بێدەنگییەک و ئیتر کاک سالار کەوتە مەحت کردنی کاک بەهزاد و وتی: کاک بەهزاد تا بڵێی کوڕێکی بەڕێز و ڕۆشنبیرە. هەموو بەیانییەک، گشت ڕۆژنامە فەرەنسییەکان بەسەر دەکاتەوە، هەر چ بابەتێکیش لەمەڕ کوردانەوە نووسرا بێت دەیبڕێ و بەفۆتۆکپییەکەی ئەنیستیتوو گەورەی دەکاتەوە و لەسەر مێزی کتێبخانەکە دایاندەنێ، وەکو زەخیرەی پەناهەندان، ئەفکاری گەلێ گرینگ و موهیمی هەیە.

کاک حەمەی مەعاریفیش، خۆی پێ نەگیرا. هەستم کرد کەمۆکەیەک ئەمەی بەتەوزەوە وت:

– ئێی؟

بۆ ئەوەی درێژە بەقەسەکەی بدات، جارێکی دیش هاتەوە قسە:

– هەر هەموو ڕۆژێ؟

ئەویش زۆر خوێنگەرمانە:

– ڤیگارۆ، لومۆند، لیبیراسیۆن، فرانس سوار، کەنار ئەنشێنێ، چوزانم هەر هەمووی دەخوێنێتەوە.

کاک عەزیز زۆر بەئیعجابەوە باسی ئەو چاوپێکەوتنەی ئەو عەسرانەی دەکرد. درێژەی بەقسەکانی دەدا:

{دەزانی حەمە مەعاریف لە ڕاپەڕینەکە بەشداری کردبوو. پاشان لە کۆڕەوەکە چووبووە ناو خەڵکی و شیعری بۆ خوێندبوونەوە و بانگەشەی بۆ کردبوون کە بگەڕێنەوە و نیشتیمان بەجێی نەهێڵن. هەروەها وتبووی لەگەڵ چەند کەسێکی دی، هەڵمەتمان بردە سەر ئەمنە سوورەکە و زیندانییەکانمان دەرکرد و پیانیشمان وت: «فەرموون برا ئازیزەکانمان، ئێوە ئازادن. لە ئیمڕۆش بەدواوە خەمی داپڵۆسین نەما».

سالاریش دەمێک بوو وڵاتی جێ هێشتبوو، حەزی دەکرد زیاتر گوێی لە حەمە بێت، بۆیە دەیوت:

– باشە کاکە حەمە، ئەی ئەمنەکان دەستیان نەکردەوە.

– دەست کردنەوەی چی!! کوڕە هەر هەموویان ڕایان کردبوو. چونکە فشارێکی زۆریان بۆ چووبوو. ئەمەش بەدوو شێوە دەکرێ لێکدرێتەوە: یەکەمیان پەیوەندی بەوەهمی تەمەن درێژی قەمعەوە هەیە، دووەمیشیان یەکاویەک پەیوەندی بەتەمەن کورتی قەمعی وەهمەوە هەیە.

لەولاوە بەهزاد، بەتەواوی گوێی ڕاگرتبوو و پەنجەی کەڵەی نووساندبووە قەد لاجانگی و وەکو ئەوەی لەم دوا ڕستەیەش تێ نەگات، پاشان دەمی ئاراستەی سالار کرد:

– کاک سالار، لە دوا لاپەڕەی فیگارۆ ئیمڕۆ شتێکی سەرنج ڕاکێش نووسرا بوو.

کاک سالاریش هەر کە گوێی لە وشەی فیگارۆ بوو، لچێکی خوارکردەوە و وتی:

– فیگارۆ!! ڕاستەوە! ئێی باشە چی نووسرا بوو؟

– بابەتێک بوو لەسەر ڕیالپۆلیتیک، بەکورتی نووسرابوو لە ڕیالپۆلیتیک بەدەرەوە هەر هەموو فشەیە.

هەرچەند حەمەی مەعاریف ئاگادارییەکی باشی وەزعەکە بوو، لەو بارەیەوە سەرنجی تایبەتی خۆی هەبوو، بەڵام لەم زاراوەیە تێ نەگەیشت. بەڵام لە خەیاڵیا، بیری بۆ وشەی



(ڕیال) چوو کە واقیع دەگرێتەوە و (پۆلیتیکیش) سیاسەت دەگرێتەوە، بەڵام ئەو دوو وشەیە بەیەکەوە واتە (واقیع سیاسەت) نەیدەزانی مەبەست چییە، بەڵام خۆی بۆ نەگیرا:

– هەموو واقیعێک سیاسەتی خۆی هەیە، یا ڕاستر بڵێم، هەموو واقیعێک سیاسەتی خۆی دەوێ، یا سیاسەتی خۆی دەسەپێنێ، کەواتە ئێمەش، مەبەستم کوردە، پێویستمان بەواقیعی سیاسی خۆمانە و دەبێ جەخت لەسەر گشت بنەما ئەساسییەکانی بکەین. ڕەنگبێ هەبن بپرسن چۆن. منیش بەسەریحی وەڵامیان دەدەمەوە و دەڵێم: چۆن و مۆنی ناوێ: ئێمە ئەگەر لە خۆمانەوە دەست پێ نەکەین کەس دەسمان ناگرێت.

(بەهزاد لچێکی خوار کردەوە وەکو ئەوەی دانیشتوان تێ بگەیەنێ کە ئەم خیتابە هی چەپەکانی شەست و حەفتایە، بەڵام هیچی نەوت).

حەمە مەعاریفیش بۆ ئەوەی ڕستەکەی ئەو تەواو کات وتی:

– مەعریفەش دەسەڵاتە و دەسەڵاتیش مەعریفەیە.

بەڵام وەک بڵێی سالار دەیویست زیاتر باسی گرتنی ئەمنە سوورەکەی بۆ بکرێت، بۆیە دەمی ئاراستەی حەمە کردەوە و وتی:

– کاکە حەمە، ئەی کاتێک زیندانییەکان بەربوون چیان کرد؟

پێش ئەوەی کاک حەمە جگەرەیەک داگیرسێنێ، جگەرەی پێشکەشی ئەوانی دیکە کرد: فەرموون، فەرموون بیدەنە بایە، دنیا هەندە نایەنێ. دەستی کردەوە بەبابەتەکەی:

– کاتێک خەریکی شکاندنی دەرگاکانی زیندان بووین، بەبیرم دێت، سەمەدی ئایشە و چالاکی قادر پێپەتی و شەوکەتی ئەوڕەحمان و زۆربەی زۆری برادەرانمان لە گەڵ بوون، من یەکسەر بیرم لەو گشت بەڵگەنامانە دەکردەوە کە دەستیان بەسەرا بگرین و نەفەوتێن.

کاک سالار زۆر بەپەرۆشەوە وتی:

– ئێ بەڕاست چیتالن لێ کردن؟

– کاکە حەمەش زۆر بەساردییەوە:

– هەمووی کۆکرایەوە و ئاودیو کرا، تەسلیمی دەرەوە کرا. ئاخر توخوا ئەمە کەم دەماخی ناگرێتەوە؟ ئاخ ئاخ! مێژووی خۆمانمان تەسلیمی دەرەوە کرد. بیرم لە شاعیرانی کۆن دەکردەوە، هەر بۆ نموونە، مەلا حەمدوون خۆکەمبینابوو، بەڵام وەسفی سەفەربەلکی

کردووە لە دە چاوساغ زیاتر شتی بینیوە، ئەمانەی ئیمڕۆمان، مەبەستم سیاسییەکانمانە، کوڕە هیچ نابینن؛ کوێرن کوێر! کاتێکیش زیندانییەکان بەڕەڵاکران، ئەوانیش هاتنە پاڵ ئێمە و دروشمی وەک «ئازادی بۆ گەل، ئازادی بۆ گەل»یان دووبارە دەکردەوە هەروەکو دەزانن زیندانی و بێکار گەورەترین لەشکرن. ئەوانیش هاتنە پاڵ ئێمە. لەو ڕووەوە نیتشێی عەزیم فەرموودەیەکی هەیە، بەڕاستی هەر لایەق بەخۆیەتی.

سالار بەواقوڕمانەوە:

– مەبەستت نیتشێی خاوەن زەردەشتەکەی خۆمان نەبێت؟ توخوا چی فەرمووە؟

– دەڵێ جەنگ شتێکی ئاسانە، بەڵام ئاشتی ڕاگرتن ماندووبوونی دەوێ.

سالار حەزی دەکرد، حەمە مەعاریف زیاتر باسی زیندان شکاندنەکەی بۆ بکات، بۆیە وتی:

– ئەی دوایی؟

چۆن، ئەی دوای!

کەمێک ماتەمینی دایگرت و سەری شۆڕکردەوە و بێ دەنگ بوو. جگەرەکەی لەناو تەپڵە کریستالەکەی بەتوڕەییەوە کوژاندەوە و کەوتەوە قسە:

– ئەی نازانن چ ڕووی دا دوایی؟ کۆڕەو دەستی پێکرد، خیانەتمان لێ کرا. ئەمەریکا خیانەتی لێ کردین. هاوکێشەی دەسەڵات تووشی لاسەنگی هات. من لەو ڕۆژانە بیرم لە تەحلیلێکی جیددی دەکردەوە. بیرم لەوە دەکردەوە دەبێ، چمکە کۆمەڵایەتی و ئەبستمییەکان لە ژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی هاوچەرخ بخوێندرێتەوە. هەروەها بیرم لە جالییەی کوردی دەکردەوە و بەخۆم دەوت ئاخ ئەگەر ئێستا لە ئەوروپا، لە ئەمەریکا، لە کەنەدا کەسانێکمان دەبوو خەمیان لێ بخواردینایە، قەد ڕۆژمان نەدەگەیشتە ئەم ڕۆژە. کوا... کێمان هەیە؟

لەم فەرەنسا گەورە و گرانە، ئەندامی جێگیر لە نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتی تەنویر و شۆڕش، وڵاتی زانست و هونەر، وڵاتی دانتۆن و ڕۆپسپێر، وڵاتی ڕۆسۆ و ڤۆلتێر، ئاخ! باشە کوان مەسئوولەکانی کورد لە دەرەوە؟ قەرارم دا بێمە فەرەنسا. نەک بۆ ئەوەی ببمە مەسئوول، نەخێر بەڵکو دەبێ جالییە دروست کەین لۆبی وەکو جوولەکەکانی ئەمەریکا، ببینە وەرەقەی زەغت. ئەوروپا جێی بڕیارە سیاسییەکانە نەک کوردستان. خۆ ئێمەش هیچ



بەهیچ نەکەین، ئەوە ڕۆڵەکانمان دەبنە شت، سبەی دەچنە ناو کۆمەڵگای ئەورووپاییەوە، دەبنە سیاسەتمەدار، دەبنە پەرلەمنتار، دەبنە بیزنێس مان، بەکورتی و کرمانجی دەنگی کپکراوی کورد دەگەیەننە دنیا.

بەهزاد هێدی هێدی سەری بۆ دەلەقاند و هەر دوا بەدوای وشەی جوولەکەکانی ئەمەریکا، وتی:

– دەزانی ڕاگەیاندنی فەرەنساش لە ژێر دەستی جوولەکەکانە، دەزانی ناسینی جوولەکەیەکی فەرەنسی لە سەدان کاسولیکی فەرەنسی بەهای زیاترە، جا با پیرەژنێکی گۆچان لە دەستیش بێ، بەخوا هەر سوودی هەیە. بۆ نموونە خاوەن ماڵەکەی من پیرەژنێکی جوولەکەیە، زۆرجار سەری لێ دەدەم و باسی کوێرەوەری خۆمانی بۆ دەکەم. بەعەکسەوە ئەو پیرەژنانە عەتف و سۆزیان دەجوولێ. پیاو دەبێ عەقڵ بکاتە کار عەقڵ. هەروەها ئێمە دەبێ چەکی ئەعلامی بکەینە کار، ئیمڕۆ ئەعلام دنیا بەڕێوە دەبات.

بەهزاد کەمێ قوڕگی پاک کردەوە و جارێکی دیش هەڵیدایەوە:

– وەڵڵا ڕاست دەکات، کوڕە خەزینەکانیشیان بخەینە ژێر دەست هەر خۆمان قازانجەمانە!! پیاو دەبێ ئەم مێشکە بخاتە کار، توخوا وا نییە برادەران؟ با بێینە سەر مەوزووعێکی جیدیی: کاک حەمە، کاک سالار چی دەڵێن، تۆش کاک عەزیز ئەگەر حەز دەکەی بەشداریمان بکە... چ دەڵێن گۆڤارێکی زانستی دەربهێنین. گۆڤارێکی مەنهەجی بێت. من سەرپەرشتی تەرجەمەی گشت ئەو بابەتانە دەکەم کە بەیانیان لە ئەنیستیتو بەمەقەس دەیانبڕم. هەر لەوێ لە کاتی پشووی نانخواردن لەسەر کۆمپیوتەر تەرجەمەیان دەکەم.

باش نییە؟ ئینگلیزییەکەشی دەدەمە سەباح، ئەو ئینگلیزییەکەی پەرفێکتە.

حەمە کەمێ ڕاما، هەستی دەکرد، ئەم فیکرە لە بنەڕەتدا هی ئەو بووە و وا خەریکە یەکێکی دیکە پێشنیاری دەکات؛ بەڵام لەو ڕووەوە هیچی نەوت، بۆیە سەیری بەهزادی کرد و وتی:

– لەوە باشتر. کاتێ ئەم قسەیە دەکەی، تووشی ئینفیعال دێم، بەڕاستی گریانم دێت. سەیرێکی پەنجەرەکەی کرد و تفێکی قووت دا.

دەزانن بۆچی؟

لەو کاتە گارسۆنەکە هات و وتی «چی دەخۆنەوە؟» سالار دەمی ئاراستەی من کرد وتی «چی دەخۆیتەوە کاک عەزیز» منیش داوای بیرەیەکم کرد. بەهزادیش وتی «قاوەیەک»، کاک سالاریش قاوەیەکی داوا کرد و کاک حەمەش جگەرەکەی بەدوو پەنجە گرت و کەمێک لچی خوار کردەوە و وتی «ئون کەفێ میسێ» بەلەهجەی بێگانەیەک کە تازە گەیشتبێتە پاریس، داوای قاوەیەکی کرد و مژێکی تەواوی لە جگەرەکەی دا و دەستی کردەوە بەقسە.

کاکی خۆم حەمە کتێبێ بوو بۆ خۆی. شەو و ڕۆژ قسەی بکردبایە قەد ماندوو نەدەبوو. دەتوت کتێبەکانی لەبەرە، هەموو مەعریفەی شەرق و غەربی لەبەر بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ئیستیبدادییەوە ڕایکردبووە ڕۆژئاوای دیموکراسی و ئازادانە و ڕەخنەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەگرت. قسەی دەکرد و دەیوت:

– چۆن وا دەڵێین!! ڕاستە ڕۆشنبیری ئێمە ئیفلیجە، سیاسەتمان پێی شکاوە، سیاسەتمەدارمان بەدارشەقەوە نەبێ ناتوانن هەنگاو بنێن، نووسەرانمان قەڵەمکورتن، شاعیرانمان یا غەمگینن، یا ساویلکەن، یا لەبەر کەبت ڕایان کردووە، ڕۆژنامەنووسانمان هەر زمانی پیاهەڵدان دەزانن. کەلەپوورمان، هەموو کەلەپووری کوردیشمان لەسەر ڕەفەیەک جێی دەبێتەوە. دیوانی کەڵەشاعیرانمان ئەگەر بەخەتی ورد بنووسرێت، هەموو دیوانەکانیان دە پانزە لاپەڕە دەرناچن. باشە دەزانن بۆچی تووشی ئەم ڕۆژە ڕەشە هاتووین؟ دەزانن بۆچی، چونکە میرەکانمان (میر)یان نەخوێندبووەوە، مەبەستم لە مایچێڤیلییە. (مەبەستی میکاڤیلی بوو، کاک حەمەی مەعاریف دەیویست هەموو ناوێک وەکو لە زمانەکەی خۆی تەلەفووز بکات) ئەوەی دەڵێ دەبێ «شەلم کوێرم ناپارێزم بکەی تا دەگەیتە دەسەڵات». ئێمە دەبی هەموو گرێکوێرەکانی مێژوومان شی بکەینەوە، دەزانم حەز دەکەن پێتان بڵێم چۆن! پێتان ناڵێم، دەبێ ئێوەش تەلاش بدەن، هەوڵ بدەن، ئێمە دەبێ ئا لێرەوە، ئا لەسەر خاکی کیشوەری کۆنەوە دەتوانین ڕۆژهەڵات زیندوو بکەینەوە و بیبوژێنینەوە و بەنجە هەزار ساڵییەکەی جەستە پەرکەمبووەکەی خاوکەینەوە.

منیش چەندین ساڵ پێشمەرگایەتیم کردبوو، دەمزانی ئێمە لە چ واقیعێک داین و لە هەققەتیشدا هەندێ وشەم بەدڵ نەبوو و هەستیشم دەکرد کە کاک حەمە زۆر بەسەتحی باسی کولتووری ئێمەی دەکرد و زۆر بەسووکیشەوە باسی خۆمان دەکات، بۆیە زۆر بەڕێز و ئەدەبەوە بەکاک حەمە مەعاریفم وت:



– ئەی باشە کاکە حەمە بۆ دوای ڕاپەڕین جەنابت وڵاتت جێ هێشت؟ چەندین ساڵ بوو، دوای خوێنڕشتن و شەڕ و کوشتار و شەهیدێکی زۆر، بەبێ ئەوەی باسی لێ قەوماوی وەکو ئێمە و ماڵ کاولبوونی هەزاران کەسی بێ تاوان بکەین، چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کە ڕۆژێک میللەت بڵێت نەء و ڕاپەڕێت، کەچی جەنابت هاتووی، سەرەڕای ڕاست گۆیی و خوێنگەرمیت، دەتەوێ میللەتمان لەم پاریسە قەڵەباڵغەوە بۆ ڕزگار بکەیت. لەگەڵ ڕێزم بۆت بەڵام مەجالم بدەرێ با ترحیوێکت بۆ بکەم. من ڕەنگە وەکو ئێوە خوێنەوار نەبم و ناوی ئەو حەمکە کەسەش نەزانم کە ئێوە شتتان لە باریانەوە خوێندۆتەوە، ناوی زۆربەی زۆریشیانم قەد بەرگوێ نەکەوتووە، بەڵام وەکو کوردان دەڵێن «مانگە شەویش هەر سەر لە ئێوارەوە دیارە». لە دڵی خۆشم دەموت: ئاخر من بۆچی هاتم و تووشی چی هاتم. هەروەها ئەمەشم پێ وت:

– کاک حەمە دەتەوێ کوردستان بەگۆڤارێک، تەنها هەر بەگۆڤارێک و بەس، ئا لەم تاراوگەیەوە، مەبەستم ئا لەم ڕۆژئاوایەوە ڕزگار کەیت؟

کاک حەمەش، بەهێمنی و ڕێزەوە ویستی قەناعەتم پێ بکات، بۆیە وتی:

– هاوڕێی خۆشەویستم ئازیزم، مێژووی هیجرەتی کورد لە سەدەی نۆزدەمەوە دەست پێ دەکات. ڕەنگە بڵێی «ئۆهۆ هەمیسان مێوژ و مێژوو و گێڕانەوە دەستی پێ کردەوە» بەڵام هەموو لێقەومانێکی کورد، بەشەپۆلێ هیجرەت دەستی پێکردووە: ڕوخانی میرنشینی بەبە، شاعیران هیجرەتیان کرد، هەرەسی حەفتا و پێنج، هیجرەتی پێشمەرگە بوو، شەڕی ئێران و عێراق هیجرەتی سەربازی فیرار بوو، ڕاپەڕین و شەڕی دووەمی کەنداویش میللەت بەتەواوی هیجرەتی کرد، واتە دوا هیجرەت. هیجرەت و کورد مورادیفی یەکترین. ئەمەش دوا هیجرەتە چ خەتایەکی منی تێدایە، ئاخر ئەمە قەدەری ئێمەیە و منیش بەر ئەم شەپۆلە کەوتووم. بەڵام با ئەوەشت پێ بڵێم هیجرەتی من لە پێناوی سنوور دانانە بۆ هیجرەتەکان، بۆ ئازارەکان، بۆ مەخاز و مەشققەتی ئینسانی کورد. لە ڕەحمی ئەم هیجرەتەوە میللەت لە دایک دەبێ!!! بەڵێ دەگەڕێینەوە، ئەم بەڵێنەم بەرامبەر بەزات و کەرامەتی خۆم ئاراستە کردووە، گەڕانەوە بەڵێ، بەڵام نەک بەدەسبەتاڵی، بەڵکو دەبێ گەڕانەوەی من، چاکترە بڵێم گەڕانەوەی ئێمە وەکو بوومەلەرزەیەکی لێبێت. دەڵێم ئێمە چونکە من تەنها نیم، ئێمە کۆمەڵەیەکین لە هەموو کیشوەرەکانی دنیا لایەنگیرمان هەیە سەدان هەن کە ناوی حەمە مەعاریفیان نەبیستووە بەڵام دەزانم لایەنگیرمانن. ئێمە

هاوڕێین، بەڵام بەرژەوەندی باڵا لە پێش بەرژەوەندییە ئینسانییە کورتخایەنەکانەوەن. بەڵام ئەوەش دەزانم کە من بەتەنها نیم. ئێمە دەروێشی ڕێگای ئازادین و درووشمانیش «بیری ئازاد، تەعبیری ئازادە». دەمانەوێ گەشە بەلۆبی کوردی بدەین.

مەسئوولە کوردەکان لە ئەوروپا بەتەواوی کاروباری کوردی ناخەنە پێش ڕای جیهانییەوە. دە فەرموون، دە ئاخر فەرموون کێتان لەم فەرەنسایە هەیە؟ ئەوەی بێ توانایە دەمی هەراشە و بەپەرۆشە بۆ میللەت، ئەوەشی بەتوانایە تەنها بیر لە خۆی دەکاتەوە. دەردی تاقمچێتی ئێرەشی گرتۆتەوە. بەڵێ گۆڤارێک دەتوانی ئاوڕ لە گشت ئەم نووقسانیانە بداتەوە. لێرە ئازادین و بەباشی دەتوانین هەر چییەکمان بوێ بیلێین. دوور لە چاوی حەسحەس و سیخوڕ، لەسەر ئەم خاکە ئازادە، فیکری ئازادی کورد دەبێ گەشەی پێ بدەین.

منیش بەکوردی و کرمانجی پێم وت: کاکی خۆم، هەر خۆتان دەینووسن، هەر خۆتان دەیخوێننەوە. بەڵکو دەبێ پارەی پۆستە و یەک دوو عانەشی تێکەن و بڵێین ئەمەش حەقی خوێندنەوەتانە. تکام ئەوەیە ئەم ڕستەیەش لە بەندە قبووڵ کەیت و بێتەوە یادت کە عەزیزی سنەیی خاوەن ئەو ڕستەیەیە.

حەزم نەکرد زیاتر بەدوای ئەم کێشەیەدا بچم، لێی بێدەنگ بووم و بیرەکەم خواردەوە و دەمم کردە کاک سالارم و پێم وت: نەچین خەمێک لە دارا بخۆین؟ کاک حەمە مەعاریف و بەهزادمان لە قاوەخانەکە جێ هێشت. دەرچووینە دەرەوە و کاک سالار وتی: با سەرەتا بچینە مۆنمارتەر، سەرێک لە هونەرمەندان بدەین، حەتمەن کامەران، مەبەستم کامەرانی هاوڕێیەتی، ئێستا هەواڵێکی پێیە. میترۆمان وەرگرت و لە گەڕەکی باربێس دابەزین. باربێس چی، گەڕەکی عارەب و ئەفریقییەکانە، بازاڕێکی تێکەڵوپێکەڵی ڕۆژهەڵاتانەیە، ڕۆژهەڵاتیش بۆ فەرەنسیان لە باکووری ئەفریقیاوە دەست پێ دەکات و کۆتایی نایەت؛ بەڵکو ئەفریقیای ڕەشیش دەگرێتەوە. قاچاخچی و حەشیشە فرۆش و خەڵکانێکم بینی لەسەر شۆستەکە بەپێوە وەستابوون، زنجیر و سەعات و ملوانکەی دزراویان دەفرۆشت. هەستم کرد، بیزەنسۆن لە چاو پایتەخت تەنها هەر شارۆچکەیەکی لاتەریک و گچکەیە. کاک سالار پێی وتم: ئامۆزا لێرە ئاگاداری جزدانەکەت بە، ئا لەم ناوە پیاو بەکاڵی قووت دەدەن. هەروەها منیش پێیم وت: ئەرێ ئەو کاکە حەمەیە، خەون نابینێ؟ باسی ئەودیوم بۆ دەکات! ئەودیوی چی و حاڵی چی. ئەو بەڵگەنامانە وان لە بۆڵدر، دەزانێ بۆڵدر لە



کوێیە؟ لە ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمەریکایە و لە ژێر ڕکێفی وەزارەتی خاریجییە. ئەودیو! کوڕە دوو ملیۆن و نیو بەڵگە بوون! (ئەویش لە وەڵامدا وتی) گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە، بەخەونێکی گەورەوە کوردستانی جێ هێشتووە. ئێمەش سەرەتا وا گەرموگوڕ بووین، دەمانویست لە ماوەیەکی کەم شتێکی زۆر گەورە ئەنجام بدەین، ئیتر وردە وردە هەر کەسەو لای خۆی وەکو چلوورە توایەوە. سەرەتا وەکو کۆمەڵ دەردەکەوتین، هەندەی نەبرد، هەر کەسە و بەتەنها بەدیار خەمی دوورە وڵاتی خۆیەوە دانیشت. خۆ خۆتیش دەزانی ئەم ئەوروپایە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەبێ ئەوەی کەسێکیش هەستی پێ بکات، بەبێ ئەوەی کەسێکیش پێت بڵێت، کاری خۆی دەکات و وەکو ئاسنی سوورەوە بوو، دەتچەمێنێتەوە. بەڵام هەموومانی وەکو یەک نە چەماندۆتەوە. هەست دەکەم ئەم تاراوگەیە، منی نە چەماندۆتەوە، بەڵکو لە ناوەوە ئیشی لەسەر کردووم، ناوەوەمی هەڵکۆڵیوە، لە دەرەوە بەپیاوێکی تیکسمڕوا و بەخۆ دەچم، بەڵام لە ڕاستیدا، ناوەوەم کرۆکە، وەکو سێوێکم کرم ناوەوەی خواردبێ.

من ئەوە دە دوانزە ساڵە لێرەم، تۆش، وا بزانم هەر دە دوانزە ساڵە لێرەی، دە توخوا سەیری گشت ئەو کەسانە بکە کە لەگەڵ ئێمەدا هاتوون. چیان بەچی کرد. تاراوگە هەموو ساڵێک، لەگەڵ هاتنی بابا نوێڵ، سەرو ماسک دەداتە پەناهەندەکان، دەیداتە موهاجیرەکان، بەو حیسابە بێت، ئێستا من و تۆ دە دوانزە دەمامکمان لەسەر ڕوخسارە، نەخۆمان دەناسینەوە نە هیتران دەماننناسنەوە. هەر کەسەو بەنەوعێ گۆڕاوە. ئەم ئەوروپایە ئەندێشەیە. ئەو هونەرمەندانە دەبینی، مەبەستم هونەرمەندە کوردەکانە، دەستیان فرۆشتووە. کوڕە لە دەستیش زیاتر. بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی هەڵەبجە، لەسەر کرینی لافیتەیەک لە نێوان خۆیانا کردیانە چەقەچەق و لایان گران بوو سەد فرەنک بدەن. من کە ئەمەم بینی خوام نەما. توخوا بەسەرکردنەوەی ڕۆژی شەهیدان بەوجۆرە بێت، نەکردنی چاکتر نییە. با ئەو ڕۆژە هەر کەسەو لە ماڵی خۆی دانیشی و ویژدان بکاتە ئاوێنە و سەیری خۆی بکات. بەخوا ئەمە بەسە. هیچیشی تێ ناچێت!

با باسی خۆمیش بکەم، بۆ ئەوەی نەڵێی هەر باسی خەڵکی دەکات. من نەخوێندنەکەم تەواو کرد، نە سنعاتێکیش فێربووم. دەزانم من تازە هیچ. لە کوردستان دەیانوت فڵان سفری دوای فاریزەیە. من سفری دوای سفرم. تۆ باشە لەو فابریکەیە ئیش دەکەی و تەقاعودییەکت بەردەکەوێ. من تەنها یەک ڕێم لە پێشە، خەباتکردن، خەبات لە پێناوی

کورد و کوردستان. دەشزانم کاک حەمە کەمێ میسالییە، بەڵام شتی پێیە، وریایە، زۆر گەرم و گورە و وا بەئاسانیش سارد نابێتەوە. ڕەنگبێ ئەو لە ئاسنی حەوجۆش دروست کرابێت، کاک عزیز با شتێکت پێ بڵێم: نەکەی کەس لە خەو هەڵسێنی، چونکە پەشیمان دەبنەوە. ئاخر دەبێ دان بەوەشا بنێن، کاکە حەمە لاوێکی موسەقەفە. ئێمە پێویستمان بەخەڵکی وایە. خۆزگە بەر هیجرەتی پێشوو دەکەوت. «ئەمەی کەمێک بەتوانجەوە وت.» هەردووک لە کۆڵان و جادەکانی پاریسا ڕێمان دەکرد. ملمان شۆڕکردبووە خوارەوە و سەیری پێشی خۆمانمان دەکرد. قورس قورس ڕێمان دەکرد. خەمی سەدانساڵمان هەڵگرتبوو. لەشمان لە پاریس بوو، بەڵام ڕۆحمان، نازانم لە کوێ بوو، لە هەورەمان یا لە سەقز یا لە پێنجوین، یا لە قەد پاڵەکانی باوەنوور بوو، چوزانم... لە شوێنێکی دیکە بوو، هەردووک سەیری شەقامە بەردرێژەکانمان دەکرد و گوێمان بۆ ئازاری یەکتر شل کردبوو.نەمدەویستیش لە زۆر شت ڕایگرم و نارەزایی خۆم دەربڕم، نازانم تەمەن بوو هیلاکی کردبووم، یا حیکمەتی پیریی بوو و هەمیشە لە دڵی خۆم دەموت: «قەیچێکە با وا بیرکاتەوە».

گوێم بۆی قوڵاغ کردبوو. دوو گوێ لە ڕاستیدا، لەناو ئەم قەڵەباڵغییە، ئەم دوو گوێیە دیارییەکە. هەرچەندە زۆر شتیش نەدەچووە عەقڵمەوە، بەڵام بێدەنگیم هەڵبژاردبوو. تا دەهاتیش شەقامەکە بەرەو بەرزایی دەچوو، تا گەیشتینە ناردەوانەکان و ئیتر دەبوایە سەرکەوین. جار نا جارێک نارەزایی خۆمم دەردەبڕی و دەموت: بەخوا ژیان لەم شارە دوکەڵاوییە سەختە. کاک سالار دەیویست دڵم بداتەوە: دەزانی لە مۆنمارتەرەوە هەموو پاریسمان لێوە دیارە؟ دە توخوا وەرە... دەڵێی تازە بەتازە لە سنەوە هاتوویت، دەخۆت کەمێ گورج و گۆڵ کە، لای خۆت پێشمەرگایەتیت کردووە. ڕێکردن ڕیازەیە. دەی برام پڕ بەسینە هەوا هەڵمژە.

منیش زۆر بەنادڵییەکەوە وەڵامم دایەوە:

– هەوای چی و حاڵی چی. ئەمە دوکەڵی ئەگزۆزە!! کوڕە جارانیش گەنج بووم. پاشان ئینسان لە پێناوی شتێک ماندوو بێت ، هەست بەماندووبوون ناکات.

– کەواتە دیارە ئەم سۆراغ کردنەت بەفشە وەرگرتووە؟ خۆ داراش ئامۆزاتە!

– بەفشە وەرم نەگرتووە. بەڵام توخوا ئەمەش ئامانجێکی پیرۆزە ئاخر خۆی کابرایەکی بێ مێشک بوو. نازانم بۆچی خۆم لە خوت و خۆڕاییەوە تووش کرد!



نووکی پەنجەی شایەتمانی لە شانم دا و وتی:

– سەیرکە ئەویش سەکری کویرە «Sacre coeur» ) ، ئامۆزا سەیری ئەو بینا زەخمە بکە.

منیش عارەقم کردبوو و داوام لێی کرد کە پشوویەکە بدەین. پێم وت:

– کاک سالار من تەنگە نەفەسیم هەیە تەنگەنەفەسی، با کەمێ لەسەر خۆ ڕێ کەین.

کاک سالار هێواشی کردەوە و ئیتر لەسەرخۆمان سەرکەوتین. چارەکە سەعاتێک زیاتری خایاند تاکو گەیشتینە سەرەوە. پێش ئەوەشی بگەینە گۆڕەپانەکە، یەک دوو کاریکاتۆریست یەخەیان گرتین و دەیانویست عەکسمان بکەن. لە گۆڕەپانە بازنییەکەش، دەیان پۆرترێتیستی لێبوو، لەو پێنجەسەد مەترە دووجایە، دەیان ڕەگەز و زمان فەرەنگی جیاوازی لێبوو. گەیشتینە ناوەند گۆڕەپانەکە و کاک سالار چووە لای کابرایەک تەمەنی سی، سی و پێنج ساڵ دەبوو و و سڵاوی لێ کرد و بەچرپە شتێکی پێ وت، ئەویش یەکسەر لێم نزیک بووەوە و تەوقەی لەگەڵ کردم و سەری ڕادەوەشاند و حەیف حەیفی بوو. پێش ئەوەی پرسیارێکی لێکەم، وتی: (کاک عەزیز، حەیف، سەد حەیف). ویستی داوەتی قاویەکمان بکات، بەڵام سەری زۆر قەڵەباڵغ بوو. پێ دەچوو کاک هادیش هیچ هەواڵێکی دارای لەلا نەبێت. گەڕاینەوە. کاک سالار چووە لای یەک دوو هونەرمەندی دیکە و هەواڵی دارای لێ دەپرسین، یەکێک بەقەشمەرییەوە وتی: کوڕە لە بێ مێشکییە گەڕان بەدوای دارا. دارا ئێستا لە باوەشی شازادەکەی خۆیەتی، ئەوەی بیری لێ نەکاتەوە ئێوەی قورمساغن. بەگوێی برای خۆتان دەکەن کورتترین ڕێگا دەگرن و دەگەڕێنەوە ماڵ و حاڵی خۆتان. حاااا

منیش بەخۆم دەوت: ئەمە چ جیهانێکە! کەس خەم لە کەس ناخوات! پێ دەچوو دوای کڵاوی بابردوودا کەوتبم. هەستیشم زۆر بەماندوو بوون دەکرد. ئەوێمان جێ هێشت و چووینە بەر سێبەری کڵێساکە، سەرێکم هەڵبڕی قایەی سپی بووتا حەلحەلەی ئاسمان بەرز ببووەوە. لە سێبەرەکەی زێتر شتێکی دیکە فێنکی پێ نەبەخشیم، پشوویەکمان دا و ئیتر لەوێوەوە جارێکی دیکە بەرەو پاریس شۆڕبووینەوە، بەناو بازاڕ و دوکانی جەزائیری و مەراکیشی و مۆریتانییەکانا تێپەڕین. من بەتەواوی شەکەت بووبووم، بۆیە بەکاک سالارم وت ئەم شەو لات دەمێنمەوە و سبەینێ دەگەڕێمەوە بیزەنسۆن. کاک سالاریش زۆر بەسەراحەتەوە وتی: نازانم دەزانی یا نا، من تەنها هەر ژوورێکم هەیە، دەچینەوە لای خۆمان، لای خۆمانی چی، کوردانە لێی دەخەوین و تەواو.

کاک سالار لە پلاس دو کلیشیێ، ژوورێکی هەبوو، لە نهۆمی حەوتەم و پەیژەی کارەبایشی نەبوو، دەژیا. هەر ئەو ڕۆژە دەمەو عەسر، لەسەرخۆ هەر بەپێ گەڕاینەوە لای کاک سالار. لە ڕێگاش لامان دایە سوپەر مارکتێک و قووتوویەک تەماتە و سپاگەتی و بوتڵێ شەراب و بوتڵێ وێسکیمان کڕی. لە فلکەکەی لای ماڵیان بامان دایەوە و کەوتینە سەر کۆڵانێکی بنبەست، وەکو حەوشەیەک وابوو، ئەم لاو ئەولاشی، خانووبەرە و بالکۆن و پەنجەرە بوو، بەسەر پەنجەرە و بالکۆنەکانیشەوە تەناف ڕیز کرابوون، کراس و بانتۆڵ و بێجامە بە بەتاڵی شۆڕبووبوونەوە. قەدەرێک ڕامام، ڕۆحێکی ڕۆژهەڵاتانەی سرفم بەدی کرد، هەوایەکی سنە بەرلووتم کەوت، هەوایەکی نوستەلژیانە بوو، لە ناخمدا پەنگی خواردبووەوە. کاک سالار دەستی بۆ دەرگاکەی درێژ کرد و ئەویش سەرێکی هەڵبڕی و بەزەردەخەنەیەکەوە: (لە حەلحەلەی ئاسمان دەژیم، بەڵام وا تێنەگەی تەلاری سوڵتانەکانە، لە ژووری بۆن دەژیم.) مەبەستی لەو ژوورانە بوو کە کاتی خۆی بورژوازەکان، لە نهۆمی سەرەوە بۆ خزمەتکارەکانی خۆیانیان دروست دەکرد، ئێستاش تەنها پەناهەندە و موهاجیری تیا دەژێت. منیش لە وەڵامدا پێم وت: (لە پاریس ژووری بۆنیشن دەست کەوێت هەر پاشای. کاتی خۆی هاوڕێیەکم هەبوو لە ماڵی پیرەژنێکی بەڕەچەڵەک جوولەکەی پۆرتەغالی بوو دەژیا، ژوورێکی بەکرێ دابوو پێی، لەگەڵ مشک و جرج و سیسارک دەژیا. کاتێک پیرەژنەکە بهاتبایە بۆ کرێ وەرگرتن، مشک و جرجەکان خۆیان دەشاردەوە. کاک سالار دەستی کردە پێکەنین و پێی وتم: (دەی کاک عەزیز خۆت بۆ سەرکەوتن ئامادە کە، هەم دیسان بەرزبوونەوەیە.) بەپێپلیکانێکی تەنگ و تاریکدا سەرکەوتین، بڕوا بکە تا گەیشتمە نهۆمی حەوتەم هەر وەخت بوو هەموو ئازای گیانم بتوێتەوە. نامەوێ ڕەخنە لە ژوورەکەی بگرم، چونکە هەر بەژوورە پەڕپووتەکەی خۆمی دەکرد: کومبارێک نەدەزانرا کاتی خۆی چ ڕەنگێکی هەبووە، پەڵەی قاوە تەڵخی کردبوو، قەرەوێلەیەک و سەلاجەیەکی بچووک و تەلەفزیۆنێک و دووشێک بەئاستەم جێگای لەشێکی تیا دەبووەوە، بێ پەنجەرە، تەشتێکی بچووکیش بۆ ئاودەست و یەک دوو ڕەفەی کتێبیش.

پێ دەچوو کاک سالار دڵی بەژوورەکەی خۆش بێت. لەم دنیا پانوپۆڕە تەنها بیست مەتری دووجا شک دەبات. چووە بەردەم پەنجەرە بچووکەکەی کە هەر لە تاقێکی دەکرد، بێ پەردە، پەنجەرەکەی کردەوە و بانگی کردم: (وەرە وەرە کاک عەزیز لێرەوە سەکرێ کوێرمان لێوە دیارە.) هەڵبەت مەبەستی کلێساکەی مۆنمارتەر بوو. منیش وردە وردە،



داڵغاوی بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیشتم و هەردووک وەکو دوو زیندانی سەرمان لە یەکتر نزیک کردەوە و سەیری دەرەوەمان دەکرد.

[چوار چاو بەرەو بەرزاییەکانی مۆنمارتەر نیگای دەکرد. لە دوورەوەش شتێکی بچووک دیاربوو. وا بزانم لەو پاریسە پانوپۆڕە کاک سالار تەنها دڵی بەو پەنجەرەیە خۆش بوو. ئەوەش ڕاستە، چونکە سەدان، بەڵکو دەیان هەزار گەشتیار و گەڕۆک و سایەح و توریست، لە کیشوەرەکانی دیکەوە دێنە پاریس، بۆ ئەوەی لۆڤەر و نۆتردام و سەکری کوێر ببینن. ئەویش بەبێ ئەرک و ماندوو بوون، پەنجەرەکەی دەکردەوە و قوببەی «دڵی پیرۆز دەبینێ». منیش بەخۆمم دەوت بەڕاستی حەیفە ئەو پەنجەرە لە ڕووی کاک سالار دابخرێت، تاقە کلاوڕۆژنەیە بەرەو بەهشتی دەرەوە.]

دوا بەدوای ئەو سپێکتاکلە خۆڕاییە، کاک سالار بەرەو سەلاجە کوڵەکەی ڕۆیشت و لە فرێزەرەکەی قاڵبێ سەهۆڵی دەرهێنا. هەر لەگەڵ دەستیشیا دوو پەرداغی هێنا و لەسەر مێزە کورتە بنەکە دانان و کلۆبەفرەکانی هاویشتە پەرداغەکانەوە و قوڕ قوڕ ویسکی تێکرد.

پەرداغێکی دایە دەستم و ئەوی تریش بەدەستی ئەوەوە، قوونی پەرداغەکانمان لە یەکتر دا و هەر دووک پێکەوە (چین)ێکام کرد و قومێکی باشم لێی دا. دوای قومێکی دیکە، کەمۆکەیەک حەسامەوە، هەستم کرد ماندوو بوونی ئەو ڕۆژگارە پاریسییە خەریکە لە لالووتەکانمەوە دەردێن. دوای قومێکی تر:

– ئەرێ کاک سالار شریتی خۆشت هەیە؟

– با ماملێکەی بخەینە سەر. دەزانی برازاکەشی لێرەیە؟

– توخوا.

شریتەکەی خستە سەر و دەنگێکی خۆماڵی لە ژوورێکی بۆن، لە گەڕەکی لاکلێشیێ، لەناو جەرگەی پاریس بەرز دەبووەوە. وردە وردە بەدەم گوێگرتنەوە، یادەوەری و گوزارشت و بیرەوەرییە جوداوازەکان؛ یەک بانگێشەی ئەوی دیکەی دەکرد و زۆرجاریش ڕووداوەکان پەیوەندییان بەیەکترییەوە نەبوو، دەمانگێڕایەوە. حەکایەتی ڕاستەقینە و چیرۆکی گێڕاوەی کە لە دەمی فلانەوە بیسترا بوو، جارێکی دیکە و دە جاری دیکەش دەبیسترێ و دەگێڕدرێتەوە؛ تاقە کەلەپووری ئێمەی پەناهەندەبوو، هەمیشە بەگێڕانەوەیان عەهد و

پەیمان لەگەڵ نیشتیمانە قەپێنراوەکەی خۆمان نوێ دەکەینەوە لە ناواخنی هەموو حیکایەتەکانەوە، دوو جمکە خوشکی تراژیدیا و کۆمیک بوون، هەندێکی پیاوی لەبەر پێکەنین دەکردە دوو لەتەوە، هەندێکی دیکەش ئینسانی تووشی دۆش دامان و خەمۆکی دەکرد.

ورده ورده بەدەم قسەکردنەوە، نیوەی بوتڵە ویسکییەکەمان خواردەوە. سالار باسی زۆر شتی بۆ کردم، لەسەر هەمووشییەوە باسی شکستی خۆی دەکرد، لەو باسکردنە هەستم دەکرد باسی زۆربەی زۆرمان دەکات، بەتایبەتی هەستم دەکرد دەقاودەق باسی من دەکات.

کاک سالار پیشەیەکی ئەوتۆی نەبوو، تەمەنی لە چل بەرەوژوور، هەندێ جار ڕۆژنامەی دەفرۆشت و هەندێ جاریش خۆی بەیارمەتیدانی پەناهەندانی دیکەوە خەریک دەکرد. لەو ستاژەوە بەرەو ئەو ستاژە دەچوو. حەزی دەکرد لەگەڵ پەناهەندە تازەکان ئیش بکات، چونکە دەیوت «کاتێک تازەکان دەبینم، خۆمم دێتەوە یاد، کاتی خۆی هەستم دەکرد تەمەن هەتا هەتایە و ئەوروپاش دەروازەیەکە تا دێت بەرەو ڕووی بەهەشتی تر دەکرێتەوە. حەز دەکەم لەگەڵ کوردە تازەکان دابنیشم و قسەیان لەگەڵ بکەم، زیاتر گوێیان لێ بگرم، هەست دەکەم خەون و هیواکانم نوێ دەبنەوە و دەبووژێنەوە. سەیریان دەکەم و هێشتا بۆنی تەپوتۆزی وڵاتیان پێوەیە. بەڵام کاتێکیش ئێواران دەگەڕێمەوە ژوورەکەم، هەموو خەونەکانم لەم ژوورەدا حەپس دەکرێن و دەژاکێن».

منیش بەدرێژای باسی ژیانی خۆمم بۆی کرد، باسی بیزەنسۆنم بۆی کرد. باسی کوڕەکەی خۆمم بۆی کرد و پێم وت دەترسم جارێکی دیکە نەیبینمەوە. تەواو مەست بووبووین، بێدەنگییەکی قورس، لە پڕێکدا باڵی بەسەر ژوورەکەیا کێشا. زۆر بەو بێدەنگییانە دەچوو کە دوای مەستبوون، دوای ئەوەی هەرکەسە و هەموو ناخی خۆی هەڵدەڕێژێ و لە پڕێکدا هەست بەبەتاڵی دەکات، بەتاڵییەکی کوشندە، قوڕس، بێ مانا، بێ ویژدان، بێ ئەمەک، بێ هۆ چوقەرە دەکات و هەموو وجوود پێشێل دەکات و دەیخنکێنێ. بەڵام لە پڕێکدا گوێمان لە قیژەیەک بوو، قیژەیەکی بریندار ئەو گۆمە مەنگە و پووچەی ئێمەی شلۆقاند. بەتەواوی ڕاچەڵەکیم و زۆر ئۆتۆماتیکیانە بەکاک سالارم وت:

– ئەرێ کاک سالار ئەوە قیژە نەبوو وا کەوتە بەرگوێم؟

کاک سالاریش هەر وەکو هیچ شتێک ڕووی نەدابێت، بەزەردەخەنەیەکەوە وتی:



– هیچ نییە کاک عەزیز. ئەوە هاوسێیەکەمە. توخوا سەعات چەندە؟

هیچ پەیوەندییەکم لەو نێوانە نەدۆزییەوە.

– بۆ مەبەستت چییە، بۆ چ پەیوەندییەکیان بەیەکترەوە هەیە؟

هەر خۆی سەیری سەعاتەکەی سەر تەلەفزیۆنەکەی کرد و وتی:

– دە خۆیەتی. هەموو ئێوارەیەک، دەوروبەری سەعات یانزە، مێردە سەرخۆشەکەی دێتەوە و دەیکاتە شەڕ لە گەڵی. شەڕی چی!

مەبەستت دەست دەکات بەدارکاریکردنی ژنەکەی، هەموو ئێوارەیەک ئەمە ئەتوارییانە. هەموو شەوێک ژنەکەی دەگەیەنێتە لێواری مەرگ و بۆ سبەینێش ئاشت دەبنەوە. دەمێک لێم ببووە گرێ، پاشان تێگەیشتم. هەردووک بێکارن، ئاخر ئەگەر وا نەکەن، ڕەنگە بێزاریی ورگیان هەڵدڕێ.

– فەرەنسین؟

– بەڵێ هەردووک فەرەنسین. ژنەکە خەڵکی ستراسبورگە، ئەلزاسییە و مێردەکەشی وا بزانم لە پێ ڕەشەکانی جەزائیرە. بێ ئیشن منیش هەر وا بەگاڵتەوە وتم:

– کەواتە شتێک نییە لە دەرەوەی سنووری سروشت، ئەی کورد ناڵێ «شەڕ لە دەست بەتاڵی باشترە»

سەیری یەکترمان کرد و هەر دووک دامانە قاقای پێکەنین و قاقاکە بووە بەزریزە پێکەنینێک و هەردووک چاومان قەتیسی فرمێسک بوون، پێکەنینێک بوو خۆمان پێ ڕانەدەگیرا، پێکەنینێک بوو ڕۆ چووە قووڵایی شاری پاریس، پێکەنینی دوو پەناهەندەی کورد و گریانی ژنە ئەلزاسییەک و نەڕەی پێ ڕەشێکی جەزائیری لە پلاس دوکلیشێ بەرز بووەوە. وەخت بوو هەردووک هەناسەمان لەبەر ببڕێ.

***

کاک عەزیز بەدوای سۆراغی دارادا سەری خۆی بۆ پاریس هەڵگرت، نە شوێنپێی دارای هەڵگرت، نە هیچی تر، بەڵکو بەغەمێکی دیکەوە گەڕایەوە بیزەنسۆن. منیش بەکورتی و بەکوردی بەکاک عەزیزم وت: «کاکی خۆم، هەر کەسەو خاچی خۆی. هەر کەسەو چارەنووسی خۆی.»

کاک عەزیزیش لە من و لە دارا و لە کاک سالاریش چارەڕەشتر بوو. درەنگتر گوێم لە هەواڵی مەرگی کاک عەزیز بوو. ئەو لە ژووره گچکەکەی بەدیار ڕادیۆکەیەوە، گوێی لە دەنگی کوردی ڕاگرتبوو، نازانین، بەدیار گۆرانییەکی ماملێیەوە، یا بەدیار هەواڵێکی جەرگبڕەوە، سەکتەیەک دەیکوژێنێتەوە. دوای سێ ڕۆژ ئینجا زانییان کاک عەزیز مردووە، چونکە تەرمەکەی بۆنی کردبوو، بۆیە کاتێک هاوسێکانی پێیانی زانیبوو، بانگی ئیسعافیان کردبوو و دەرگایان شکاند و تەرمەکەیان دەرهێنا بوو. پەناهەندەکان لەناو خۆیاندا پارەیان کۆکردەوە تەرمەکەیان ناردەوە سنە. باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس لە تەرمەکەی کاک عەزیز خۆش بوو و لە گۆڕستانە گەورەکەی شاری سنە تەرمەکەیان ناشت. کوڕە گەورەکەی و ژنەکەی، هەر دووک بەبەرگی ڕەشەوە پێشوازییان لێکرد. من تاقە هاوڕێی کاک عەزیز بووم، منیش زۆر کەم دەمبینی، بەڵام دەتوانم بەبێ سێ و دوو، گشت نهێنییەکانی کاک عەزیز بدرکێنم. لە ڕاستیشدا تەنها سێ شت کاک عەزیزیان کوشت: تەنهایی، تەنهایی و تەنهایی.



## VII

نازانم سەعات چەند بوو؛ ڕۆژی دوایی کە چاوم کردەوە و سەیری تەنیشتی خۆم کرد، ناتالیی لێ نەبوو. قەدەرێک هەروا متەقم لەخۆ بڕی و سەیری بنمیچی ژوورەکەم دەکرد. کەرتە وێنە و کەرتە دیالۆگ و مۆنۆلۆگی دوور و درێژی بێ بڕانەوە خۆیان دەئاخنییە مێشکم و نەعلەتی جۆنم کرد. تا هێزم تیا بوو نەفرەتم لێی دەکرد و ئەوم بەسەبەبکاری ئەم ژوانە تاڵە دەزانی. هەستم دەکرد مێشکم، بەڵکو کەللەم هەندە قورس داهاتووە توانای ئەوەشم نییە لەسەر سەرینەکە لای دەم، دەتوت سەرم بەسەرینەوە بەستراوەتەوە. سەیرێکی دیکەی تەنیشتی خۆمم کرد، جێگا هەمیشە بەتاڵەکەی ناتالیم بەدی کرد. ئەو جێگایەی هەمیشە هەر بەتاڵ و هەمیشە هەر خەیاڵێکی داهێزراو پڕی کردۆتەوە، ئەو جێگایەی بەردەوام گەشە بەبەتاڵیی خۆی دەدات. سارد و سڕ، بەستەڵەکە ئاسا، موچڕک وەکو نوکە دەرزیلە دەئاخنێتە گیانم.

ئەگەر بێت و بڵێم لە خەو هەڵسابووم ڕاست نییە، چونکە ڕەنگە بەهەمووی چارەکە سەعاتێک، ڕەنگە نیو سەعاتێک خەو نەچووبێتە چاوم. مێشکم قاو و ماندوو بووم. نغرۆی خەیاڵات و نغرۆی داڵغەبووم، بەئاسپایی پشیلەیەک دەرگاکەم کرایەوە و ناتالی هاتە ژوورەوە، ئەو پێش من لە خەو هەڵسابوو و چووبووە حەمامەکە دووشێک وەرگرێت. سەیرێکی منی کرد و بەزەردەخەنەیەکی تەنکەوە و زۆر لەسەر خۆ هەر وەکو ئەوەی نەیەوێ لە خەو هەڵمسێنێ، ڕۆژباشێکی لێ کردم. منیش هەر بەبزەیەک وەڵامم دایەوە و سەیریم دەکرد.

ناتالی بەرەو جانتا بچووکەکەی ڕۆیشت و تاخمە ماکیاجەکەی دەرهێنا و لەسەر ئەسکەمبیلەکە دانیشت و ئاوێنە بچکۆڵەکەی گرتە دەستەوە و پشتی لە من بوو. منیش سەیری ئاوێنەکەم دەکرد: چاوێک، برژانگێک، برۆیەک، لێوێک، ڕوومەتێک، لایەکی دەموچاو، هەندێ تاڵەقژ، هەندێ جار دەکەوتنە بەرئاوێنە بچکۆڵەکە و منیش لێیان ڕادەمام. وردە وردە، بەقەڵەمێکی ڕەنگین، لێوە باریکەکانی مۆر دەکرد، مۆرێکی کاڵ، سێبەرێکی پەمەیی ئاوێتەببوو، لەگەڵ ئەو ڕیزە قۆپچە مۆرانەی کە بەفانیلە ڕەشەکەیەوە

بوون، وەکو سەروا هاوئاهەنگیان پەیدا کردبوو، برژانگەکانی کلرێژ کرد، برژانگە درێژە سیاکانی وەکو سترانی عەهدێکی دیکە، زۆر لە دوورەوە، لە لێوار و لۆچەکانی مێژووەوە دەکەوێتەوە بەرگوێم. سترانی شایەرانی بنارەکانی زەمەن بوون، هی سەردەمە بەسەرچووەکان، وەکو سێبەرێکی غەمگین دەرژانە رۆحمەوە.

لە ماکیاژکردن بووەوە و جزمەکانی هەڵکێشا و خەریکی بەستنی قەیتانەکانی بوو. هەر دوو سەری قەیتانەکەی بەدەستەوە گرتبوو و بەرەو سەرەوە رایدەکێشا و توندی دەکرد، بەگرێیەک کۆتایی پێ هێنا و ئاورێکی لێ دامەوە. دەتوت دەموچاوی لە نووراو هەڵکێشرابوو و بەچ چێژ و زەوقێکی زۆرەوە، ماکیاژی کردبوو، جۆرە شیعرییەتێک لە ئاوێتەکردن و پلەیی رەنگ و سێبەرەکان دروست بووبوون.

نەغمەیەکی حەزینیش، وەکو شەپۆلۆکەیەک بەرەو من دەهات، هەرچەندەم دەکرد نەمدەزانی لە چ شوێنێکەوە، یا لە چ زەمەنێکەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە. لێی ورد دەبوومەوە، ناتالی بەدوو دێر شیعری کلاسیکی دەچوو. رەنگ سەروای دروست کردبوو و جلوبەرگە هاو ئاهەنگەکەشی ریتمی دابووە لەشە باریکەکەی.

زەردەخەنەیەکی دیکەی بۆ کردم و وتی: (ئەرێ باش نووستی؟) دانە وردە مرواریییەکانی شینەیی و تەرپیی بوون، تێرخەو بوبوو. چاوەکانی پڕ رۆشنایی و حەوانەوە بوون، دەموچاویشی تا سنووری ئەفسوون پاراو بوو. منیش لە وەڵامدا:

– ئەگەر هەر هەموو تەمەن بنووم هەر تێر خەو نابم. من بەماندوویی هاتوومەتە دنیاوە.

بەنەبرەیەکی توانج ئامێزەوە:

– دە هەڵسە، کاتمان زۆر نییە. پێش ئەوەی بشگەرێمەوە با رووی رۆشنی ئەم بیزەنسۆنە ببینم. ئەوەی دوێنێ، بەو شەوە بینیم تەنها قژێکی ئاڵۆزگاو بوو، درابووە سەر جەستەی شارەکەیا.

کاتێک ئەم رستەیەی وت، بەرەو پەنجەرەکە دەرۆیشت و پەردەکەی هەڵدابووەوە و سەیری دەرەوەی دەکرد و پاشانیش ئاورێکی لێ دامەوە:

– تەمیش رەویوەتەوە و هەتاو هەڵهاتووە.

– باسی چ هەتاوێک دەکەی. هەتاوی شەرمنی زستان!

بەبێ ئەوەی نیازمان بێت، ئەو سەر لە بەیانییە بەزمانی ئیستیعارە دەدواین. هەر



چەندە ئەم جۆرە زمانە شتێکی دەگمەن نەبوو لە لای ئەو بەڵام هەندەی تر خەرەندی نێوانی فراوان دەکردین و هەندەی تر مەسافەکانی نێوانمانی دەکشاند.

لە ناخمەوە لەعنەتی ئەو جۆرە زمانەم کرد، بەڵام دوای چی، دەمێک بوو کار لە کار ترازابوو. ئەو شتەی کە رەنگبوایە فریام بکەوتایە، بێ ئامان لێم دوور دەکەوتەوە.

بۆیە ویستم بگەرێنەوە پلەی سفری واقیع:

– بلیتی گەرانەوەت بریوە؟

– تەبعەن! سەعات پێنج شەمەندەفەرم هەیە.

سەعات پێنجی زستانی بیزەنسۆنیش، واتە جارێکی دیکەش شەو. رۆژ بەتاریکی بەرەو رووومان دەبێتەوە و بەتاریکیش بەجێمان دەهێلێ. لەسەر نەبرەیەکی مێلانکۆلیکی، وەکو ئەوەی لە گەرووی منەوە دەرنەچن، پێم وت:

– باشە.

هەڵسام و کەمۆکەیەک لە ناوەندی ژوورەکە راوەستام و لە پەنجەرەکەیەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد و بەخاوی دەرگاکەم کردەوە و بەرەو حەمامەکە چووم و ویستم بەئاوێکی مەیلەو سارد دووشێک بکەم، هەستم کرد تەنها بەو جۆرە دووشانە دێمەوە ئاگا. دوو هەنگاوم هەڵنا، تووشی قوتابییە ڤیێتنامییەکە بووم، کیسەیەکی بەدەستەوە بوو دەگەرایەوە ژوورەکەی. ئێرەیم بەو قوتابییە مۆنۆسیلابییە برد، هەستم دەکرد تیها ژیانێکی ئاسایی وەکو ملیۆنان کەسی دیکەی سەر ئەم زەمینە هەبوو، هیچ شتێکی ئەوتۆشی نەبوو کە جێی ئێرەیی بردن بێت، بەڵام ئەو جۆرە ژیانە ئاساییە لای من زۆر قورس دەکەوتەوە. چەندین جار، کاتێک باسی ڤیێتنامی بۆ بکردمایە، دوای یەک دوو رستە، جزدانەکەی دەردەهێنا و وێنەی کوڕ و کچەکەی و هاوسەرەکەی نیشان دەدام. ئێوارەیەکیان بەدەم چای خواردنەوە، کورتەیەک باسی ژیانی خۆی بۆ کردم. لە قوتابخانەی ناوەندی لە قوتابخانەیەکی دەوڵەتی مامۆستای زمانی فەرەنسییە و ئێوارانیش سایق تەکسێتی دەکات. دەیوت: «لە ڤیێتنام کەس نییە بەیەک مەعاش بژێت». زۆربەی زۆری ئێواران کیسەیەک سپاگێتی ڤیێتنامی لێ دەنا، کیسەیەکی بچووک بوو، لەناو کیسەکەش دوو کیسەی تری تیا بوو، یەکێکیان جۆرە بەهاراتێکی زۆر تیژ بوو، ئەوەی تریش جۆرە شلەیەکی مەیلەو شیرین وا بوو. دوای ئەوەی لەناو مەنجەڵێک هەندێ ئاوی دەکوڵاند،

کیسەکەی بەتاڵ دەکردە ناو ئاوە کولاوەکە و دوای دوو دەقە، ژەمێک حازر بوو. نیوەڕوانیش لە چێشتخانەی دانیشگا نانی دەخوارد. ڕۆژباشمان لەیەک کرد و منیش چوومە حەمامەکەوە. سەیرێکی ئاوێنەکەم کرد، دڵم خۆش نەبوو بەبینینی بیچمی خۆم، ڕیشم تاشی و ددانەکانم شوشت و چوومە ژێر دووشە ساردەکەوە. سەرەتا زۆر سارد بوو، قیژەیەکم کرد و پاشان وردە وردە بەئاساییم زانی. خۆم سڕییەوە و جلوبەرگەکەم کردەوە بەر و گەڕامەوە ژوورەکە. بەناتالیم وت:

– حەز دەکەی پێش دەرچوون، قاوەیەک بخۆینەوە؟

– با لە دەرەوە قاوەیەک بەکرواسۆنەوە بخۆین.

چووینە دەرەوە. پیاسەمان کرد. گارد دۆم پێ نیشان دا، گارد دۆ، وەکو کۆڕنیش وابوو، بەدەم گوێی ڕووباری دوو، چیمەن و دارستان و شوێنی پیاسەی یەک شەمووانی خەڵکی شارەکە بوو، دەکەوتە خوارەوەی قەڵاکە و بەنیمچە بازنەیەکیش دەوری دەدا. لە خوارەوە دیمەنی قەڵا زۆر دڵڕفێنە، هەروەکو لە سەرەوەش ئەم چیمەن و سەوزاییەش فێنکایی دەبەخشێتە دەروون. زۆر لەو دیمەنانە دەکەن کە کوربێ کێشابووی، بەڵام گشت ئەو دیمەن و سەوزایی و شوێنی پیاسە و ڕابواردنانە بەبێتامم دەزانی، نەک تەنها بێتام، بەڵکو تامێکی تاڵیی دەلکاندە بن مەڵاشوومەوە. وەکو مەستێک، بەدەم خەونەوە ڕێ بکەم وابووم. بەسەر یادەوەرییەکانە ساتمەم دەکرد و ئێستایەکیش بەتۆپزی لە ژێر ڕکێفم خۆی دەقەپێنێ و هەموو وجوودم پڕ دەکات لە تامی بێ مانایی. قسە دەکەین بەبێ ئەوەی بەتەواوی گوێم گرتبێ، بێ دەنگیش دەبین، ئەوە ڕۆ دەچمە نێو ئەو چرکەساتانەی کە لە ڕابردوو ڕوویان دابوو، یا هەستم دەکرد ڕوویان داوە. ڕابردوویەکی ئۆبەژکەتیفانە نەبوو، خۆم دروستم دەکرد و دروستم دەکردەوە و تێکومەکانم دەدا و جارێکی دیش سەر لەنوێ بەجۆرێکی دیکە دروستم دەکردنەوە.

هەستم دەکرد، وا جارێکی دیکەش، ڕابردوویەکی سەخت و تاڵ لە ناوما دەبووژێنمەوە. حەزم دەکرد کات گوزەر بکات و شتەکان تێپەڕن و کاتیش وەکو گسکێ ئەم یادەوەرییە کۆبووانە ڕامالێ. دووشە ساردەکەی بەیانی، قاوە تاڵەکەی قاوەڵتی نەیانهێنامەوە ئاگا، لە ڕکێفی دەستی خۆم دەرهاتبووم. لە لایەکەوە حەزم دەکرد سەعات پێنج زوو بێت و بیگەینمەوە وێستگەی شەمەندەفەر و ماڵئاواییەکی هەتا هەتایی لێ بکەم. هەستم دەکرد چی دیکە بەرگری ئەم تەجرەبە تاڵە ناکەم، تا زووتر کات فەرامۆشیم بداتێ هەندە درەنگە.



بەڵام ئەم ژووانە دوا ژووان نەبوو، دەبوایە، جارێکی دیکە سەفەری شاری ژنێڤ بکەمەوە.

بۆ ئێوارەکەی گەیاندمە وێستگەی شەمەندەفەر. یەک دوو دەقە، لەسەر شۆستەکە بەیەکەوە ڕاوەستاین، هێشتا بەتەواوی بیست و چوار سەعات تێنەپەڕی بوو، هەستم دەکرد بارستاییەکی زۆر سەغڵەتکەر لەسەر ئەستۆم دایە. هەرچەندم دەکرد قسە نەدەکەوتە سەر زمانم و پیتێک چییە نەیدەویست بێتە سەر نووکی زمانم، تەنها حەرفێ، بێدەنگ وەکو بتێ لەگەڵ ناتالی لەسەر شۆستەی شەمەندەفەرەکە چاوەڕێم دەکرد. ئەو هەندێ جار وشەیەکی دەردەبڕی، شتێکی دەوت.

لە دوورەوە، شەمەندەفەرەکەم بینی وردە وردە نزیک دەبێتەوە و هێواشی دەکردەوە دیسانەوە ماچێکی تەنک، بەئاستەم لێومان بەر یەکتری کەوت، ماچێک بوو تامی ژەقنەبووتی هەبوو. پێش ئەوەی سواری شەمەندەفەرەکە بێت، پێم وت: «ئەمجارەیان نۆرەی منە. من سەرت لێدەدەم». ئەویش وتی: «هەر کاتێک دێی بەخێربێیت». نازانم بۆچی ئەو ڕستەیەم پێی وت؟ مەبەستی من چی بوو. دەمویست هەروا بەبێ ئامانج و بەبێ هیچ ئەنجامێک سەری خۆم بیەشێنم. چیم دەوێ؟ ئەی ئەو چی دەوێ؟ زیاتر ئەم پرسیارەی دوایی بوو سەغڵەتی دەکردم.

سواری شەمەندەفەر بوو، لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا تا مەکینەکەی کەوتە هەرەکەت؛ پاشان چوو لە جێگایەک بگەڕێ، منیش بەچاو دوای کەوتم و چاوەڕوانی دوا ڕاوەشاندنی دەستە بچووکەکانیم دەکرد. ئاوڕی لێ دامەوە، زەردەخەنەیەک و ماڵئاواییەکیش بەدەست، شەمەندەفەر فیشکەی کرد و وەکو مارێک بگەڕێتەوە نێو چیا و چۆڵەکانی ئەلب.

سەعات پێنج و یەک دەقیقەیە. یەک دەقیقە تێپەڕی، ئێوارەیەکی غەمگین لە قەراغ شەو دایە. ئا لەو لەحزە زۆر تایبەتانە، حەزم دەکرد شاعیرێک بام. نەک شاعیرێکی لادێیی، گۆرانی بەباڵای چیا و قووتەی ڕووتەڵە بڵێم، بەڵکو بچمە نێو دووڕێیانی هێڵە ئاسنەکە و تا هێزیش لە گەرووم دایە، گۆرانی بەباڵای تەنهاییدا بچڕم. سەیری ئاسمانی بێ دەنگ و ئێوارەی ملهوڕ و شەوێکی بێ شناسنامە بکەم، چۆن وەکو دەسەسڕێک دەیەوێ گریێیەک بەڵکو دەیەوێ گرێ کوێرەیەک لە قوڕگم بدات. شەڕێ بەرپا بکەم، لە نێوان ئەو لەحزە سەرکە بێتامانەی کە گەمارۆی ڕۆحم دەدەن، شیعرەکانم سترانێکی ئەبەدی بن و بیکەمە بەیداغی هەموو ئازارەکانی تاراوگە. شوێنێک نەبوو، بیکەمە گڵکۆی ئەم جەستەیەم، چرکەیەکیشم دەست نەدەکەوت تا بیکەمە کفنێ بۆ ئەم لەشەم.

ئا ئەو ئێوارەیە، تا بڵێی ئێوارەیەکی غەمگین بوو، حەزم کرد بگەڕێمەوە ئەتوولییەکەم. هەستم دەکرد شتێک هەموو بوونی دەهەژاندم، ناسروەتیمی دەگەیاندە ترۆپکی ڕاستەقینەی خۆی. گەڕامەوە، بەهەمان پێپلیکانەی دوێنێدا هاتمە خوارەوە وەکو شکستێ، وەکو بەفرێک هەرەسی هێنابێ، وەکو چارۆگەیەک ڕەشەبا دڕاندبێتی، وەکو گابەردێ بەرەو خەرەندەکان غل بێتەوە وێستگەکەم وەکو کەساسێ جێ هێشت. ئایا بگەڕێمەوە ژێر هەمان کەپری پاسەکەی دوێنێ، ئایا ئەمە لێک مارەکردنی لەحزە دژوارەکان ناگەیەنێ، ئایا ئەمە مازۆشتییەکی پڕ بەویستی خۆم نییە؟ نەخێر ناتوانم چاوەڕێی هیچ شتێک بکەم، هەموو گیانم نائۆقرەییە، هەموو بوونم ناحەوانەیە.

وەک هەراسانبڕاوێک هەنگاوەکانم هەڵنا و گورج بەپێپلیکانەکانا دەهاتمە خوارەوە: ئەوە دوا چڕبوونەوەی لەحزەکانی ئۆقرە نەگرتن بوو کە تیاما بەمست دەیکێشایە ڕۆحما.

دەبوایە بەناو بازاڕا تێپەڕیمایە، تابگەیشتمایە ئەتوولییەکەم. سەیری خەڵک و خوام دەکرد، بەڵام کەسم نەدەبینی، سەیری دوکان و هاتوچۆکەرانم دەکرد، کەسیشم لێوە دیار نەبوو، وەکو بەنگکێشێک وابووم، زەق زەق دەمڕوانی و دنیا لە پێش چاوم بورابووەوە.

گەیشتمە بەر دەرگای ئەتوولییەکە و پاڵێکم بەدەرگاکەوە نا چوومە ژوورەوە. چوومە بەرامبەر تابلۆ ڕەشەکەم ئەو تابلۆ ڕەشەی کە هەر تەنها تۆزقاڵێ شینایی و سوورایم تێکەڵ کردبوو. حەزم کرد بکەومە جەنگ لە گەڵی. بکەومە جەنگ لەگەڵ ئەو ئەژدەرە و ڕمەکانی منیش تەنها هەر فڵچەی دەم لووس بن. سەعات پێنج و نیو بوو، کەسی ئەوتۆی لێ نەبوو. تەنها دوو قوتابی نەبێ، لە سووچێکدا، یەکێکیان لەسەر کارتۆنێک دانیشتبوو، ئەوەی دیش بەپێوە وەستابوو، بەیەکەوە قسەیان دەکرد، وا بزانم لە مەڕ فەلسەفەی ئیستێتیکەوە لەوچەیان دەدا. ئای کە بەگەمژەم دەبینین. هەر جارێک دوو سێ قوتابی یەکیان بگرتبایە، ئیتر باس باسی هونەر بوو، ئەگەر یەکێکیش کارەکانیانی نەبینایە، وای دەزانی یەکێکیان پۆل کلێ و ئەوی تر کلیمت و یەکەکەی دیکەشیان پالاثیۆیە زاراوەی زل و پف دراو، لە ئەریستۆوە پیا دەهاتن تا هیگل نەدەوەستان، ئینجا بەکاوەخۆ باسی دوا تەزووە هونەرییەکانیان دەکرد. ڕۆژێکیان بەتوڕەییەوە بەپیارم وت، «چییە هەندە باسی هیگل دەکەی، کەمێ سەیری کارەکەی خۆت بکەی چاکتر نییە» ئەویش بێ سێ و دوو لە وەڵامدا وتی: «دەزانم هونەر بوو ئێوە تەنها ڕامانە؛ ڕامێنن، ڕامێنن تا هەتاو لە تابلۆکانتاندا چەکەرە دەکات»، ئەمەی زۆر بەتەوزەوە وت. منیش بەتوڕەییەوە بۆی چووم،



فڵچەیەکم توند لەناوچنگ گرتبوو، بۆی چووم و تا هێزیشم هەبوو کێشامە سەر قەپۆزی و هاواری کرد: هەی عارەبی پیس.

بێ ئەوەی سڵاو لە کەس بکەم، چووم سنووقەکەم کردەوە و کەرەسەکانم دەرهێنا تابلۆکە هیشکەوە بوو بوو. جارێکی دیکە ڕەنگم گرتەوە، ڕەشێک بوو، ڕەشێکی خمخانەیی، چرووسکە دەهات، ئۆقرە و دڵەڕاوکێ لە بادەیەکدا بوو، هێمنییەکی ڕووت ئاڵابووە شڵەژانێکی زکماک. بەفڵچە دەم پانەکە تێی بەربووم، بەهێزەوە فڵچەم ڕادەوەشاند دەمویست تەنها حەرەکەتی ڕاوەشاندن خۆی بسەلمێنێ و بەس. بەتوڕەیی و هێزەوە شەڕم لەگەڵی دەکرد. ئەویش نەدەهاتە زمان، پان، لووس، لە هەندێ شوێنێ بریقەی ڕەشایی لێ جودا دەبووەوە و هیچی دیکە. شەڕم لەگەڵ ئەو جەمادەدا دەکرد، حەزم دەکرد ئەویش وەکو کائینێک بکەوێتە زۆران لەگەڵم، حەزم دەکرد لێم هەڵگەڕێتەوە و بەڵکو بشقیژێنێ و هاوار بکات هەرکاتێک ڕمێکم ڕادەوەشاند چاوەڕێی ئەوەم دەکرد خوێنی ڕەش بەلا چاویا فیچقە بکات. جەنگی ڕەنگ بوو لەگەڵ ماددە.

لەناو ئەو وەزعە نا هونەرییە دابووم، گوێم لە خشپەی پێیەک بوو لێم نزیک دەبووەوە و لە پڕێکدا ڕاوەستا، حەزم نەکرد ئاوڕی لێ بدەمەوە، چونکە دەمزانی قوتابییەکی دیکەیە و خۆی بۆ توانجێکی ڕەخنەیی ئامادە کردووە. لە دڵی خۆیا دەڵێ «ئەمە بۆیاغ سەرف کردنە چەنی بەچەنە! یا دیسان هەر خۆیەتی، دەیەوێ ڕوخساری دنیا ڕەش کات» یا شتی بێ کەڵکی دیکە. من هەر بەردەوام بوو. لە پڕێکدا گوێم لە ڕستەیەک بوو «خۆزگە تۆ دنیات دروست دەکرد، ڕووباریش دەبوونە مەرەکەب». ئاوڕم لێی دایەوە موچڕکێک بەناو لەشی ئەو ڕستەیەدا تێپەڕی. سەبارەت بەهەوار و ناوچەکەم، ڕەنگبێ ئەم ڕستەیە ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بێت؛ دەیزانی من لە وڵاتی کوێرەوەرییەوە هاتووم، بەڵام نەیدەزانی ئەوەی من دەیکەم پەیوەندی بەوێوە نییە. ئیشەکەی من زۆر لەوە ئاسانتر بوو و پێویستی بەهەندە بیرکردنەوەش نەدەکرد. خۆ هەر لە ژنێڤەوە، بەتایبەت لە دوا ساڵەکانی ژیانم لەوێ، خۆم بەتەواوی لە وەهمی هونەر پاقژ کردبووەوە. زۆر خێرا، لە لوتکەی وەهمی هونەر هاتمە خوارەوە، ئەو بەرزایی و کیشوەرە بڵندانەم بۆ خاوەنە ڕاستەقینەکانی جێهێشت.

زۆر زوو لەوە تێگەیشتم کە هونەرەکەی من، درێژەپێدانی دنیای مناڵانەیە، تەنها هەر لەگەڵ مندا دەکەوێتە دوو، تەنها هەر بەرامبەر بەمن زمان دەگرێ و زمان هەراشە. هەر

کێیەک سەیری مێژووی پالێتەکەم بکات، تەنها هەر ڕەنگ دەبینێ: سەرەتاکان هەوڵێکی سیزیفانەیە بۆ ئەوەی دەزووڵە بزێوەکانی کازیوە بترنجێنمە نێو تابلۆکانم، دەمویست کازیوەی ڕۆژهەڵات ڕاکێشمە ژوورەکەم، پاشان بەدوای ڕەنگە هەمە چەشنە و سادەکانی ئاودا وێڵ بووم. چەندین شەو لەناو تابلۆشینەکانم دەخنکام، تا بەرەبەیان سەولّم دەدا، تا بگەمەوە کەناری ئامان، شین گەمارۆیان دەدام. شینی کاڵ، هی کانیاوە دەم تەڕەکان، شینی پیرۆزەیی، هی ڕووبار و گۆم، شینی ئۆقیانووس، ڕەنگی ڕەحم بوو. دەرگا و پەنجەرە دەبوونە ئاو، منیش وەکو قەرەجە سەرەتاییەکان، قەرەجەکانی پێش خەڵق، دنیای هیشکی ئەوان تەنها کەشتی و گەمی بووە. کاتێکیش یەزدان هیشکایی دروست دەکات ، ئەوان پەڕاگەندە و پەڕوازە دەبن، هەر بۆیە، پاچکەیان بۆ کەشتییەکانیان دانا و کردیانە کەرەڤان. لەو دوا قۆناغانەش، دنیای ڕەش بوو، داگیری دەکردم، ئەمجارەیان غەزوویەکی تەواو بوو، نەک تەنها دژ بەهونەرەکەم، بەڵکو، وەخت بوو ژیانم ڕاپێچێ. ڕەشایی ڕەنگ نەبوو، باهۆز بوو، دەیویست ڕام بماڵێ. هەر زوو ئەوەشم زانی، کە هونەرەکەی من شتێکی نییە سەرنجی هیتران ڕاکێشێ، دەمزانی نە لە خانەی تەجریدە، نە سەر بەرێبازێکی زۆر تایبەتیشە بۆیە منیش پێم وت: «نیازم نییە دنیا دروست بکەم، دەمەوێ لە دنیایەکەی خۆم هەڵبێم!» دایە قاقای پێکەنین. لە دنیایەکەی خۆت هەڵبێی! دەستم کردەوە ئیش کردن.

هەقی خۆی بوو پێبکەنێ. منیش هەقی خۆم بوو بەردەوام بم. دەمزانی من هیچ فەزایەک، هیچ دنیایەک، هیچ زمانێکی تەشکیلی دروست ناکەم. هونەری من ئەنجامی فەشەل هێنانە. ئەو ڕەشاییەی کە لەسەر پانتایی ئەو قوماشە بڵاوبۆتەوە، سەرئەنجامی هەموو شکستییەکانمە، ئەم دوافلّچانەش، هی دوا لەحزەکانی ژیانمە: ماڵئاوایی! بەڵێ ماڵئاوایی، هەموو ژیانم لە زنجیرە ماڵئاواییەک پێکهاتووە، بزووتنەوەیەکە دژ بەشوێن، هەمیشە لە سەفەردام و نەگەیشتوومەتە هیچ شوێنێ و ناشگەمە هیچ شوێنێ ڕەنگبێ گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتایی نوختە دانانێک بێت لە گشت ئەم ماڵئاواییانە.

نەمدەزانی یەک دوو ڕستە پێکەوەنێم و وەکو قوتابییەکانی دی، دەربارەی ئیشەکەم شتێک بڵێم. باشە ئاخر چی بڵێم. بۆیە بڕیارم دابوو، لە هیچ پێشانگایەک بەشداری نەکەم. گریمان، وێنەی ئەم دوا تابلۆیە و هی ئەوانی دیکەشم گرت و کردمە کەتەلۆگێک و بردمە گەلەرییەکان. ئەی ئەگەرخاوەن گەلەری کارەکەی پێ جوان بوو بەگەنی کرد و بەدوایا



ناردم تا بچم چاوم پێی بکەوێ و ئەی ئەگەر قسە هاتە سەرئیشەکانم، ئەی ئەو کات چی بڵێم؟ بڵێم هونەرەکەی من، سەرئەنجامی شکستی خۆمە ئەم ڕستەیە خۆ ئەگەر پیکاسۆ یا پالاثیۆ بیکردبایە، بایەخێکی دیکەی دەبوو، نەک لەبەر ئەوەی پیکاسۆ پیکاسۆ و پالاثیۆش وپالاثیۆیە، بەڵکو قسەی ئەوان هاوجووت لەگەڵ بەرهەمەکانیان دەوەستن. بەرهەمەکانی من لەگەڵ بۆچوونەکانم هاوتەریب نەبوون، بەڵکو زۆرجار دژی یەکتریش ڕادەوەستان.

تەنها بێدەنگ بوونم، بایەخ دەدەنە هونەرەکەی من، ئایا ئەم بێدەنگییەش دەکرێ لاڵم کات! بێدەنگ بوون یا پێکەنین بەقاقاوە: قاقایەکی هونەرمەندانە.

تاقە ڕەخنەگرم کاک عەزیزی نیمچە خوێندەوار بوو. کابرایەکی بەئەزموون بوو، بەڵام ئەزموونەکانیشی لە ڕێگای کتێب و متێبەوە نەبوو، بەکورتی کاک عەزیز ڕۆشنبیرییەکی کتێبی نەبوو، بەڵام خێرا سەری لە شتەکانی دەوروبەری دەردەکرد. سەبارەت بەمنیش، لە دەیدەنیگای خۆیەوە ڕاستی دەکرد، بەڵام تەنها هەر بۆ خۆی ڕاستی دەکرد نەک بۆ من. ئەوەی گرینگ بوو بۆ خۆم، دەمزانی ئەم ڕچەیەی من بنبەستە، دەشمزانی هونەرمەندیی وا نابێت، هەر لە خۆڕایش نەبوو لە ساڵی پێنجەم، پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ، بەیەکجاری وازم لە پەیمانگاکە بهێنم و هەر هەموو کارەکانم بسووتێنم؛ تەنها هەر دوو ئەکوارێل نەبێت. ئەو دوو تابلۆ بچووکەی کە لە بیرۆکەم دامناون و هیچم پێ ناڵێن، دوو ئاماژەن بۆ قۆناغێکی ژیانم نە بەئیعجابەوە سەیریان دەکەم، نە فڕێشیان دەدەم.!

ئەو ئێوارەیە زۆر بیرم دەکردەوە. بیرم لە خۆم، لە ناتالی، لە دنیا و لە هونەرەکەی خۆم دەکردەوە هەر هەموویم بەبێ کەڵک دەهاتە پێش چاو، هەستم بەشکستیی دەکرد حەزم دەکرد، مەقەسەکە توند لەناو چنگ بگرم و تا هێزم تیایە بیچەقێنمە لەشی تابلۆ بێ ڕۆحەکەم، شەقی کەم و کۆتایی بەو جەنگە نابووتە بهێنم. ئەوەم نەکرد، خۆم هێور کردەوە و وردە وردە دڵی خۆم دەدایەوە، تروسکاییەک مێشکی کەمێ ڕۆشن کردمەوە ئەویش ئەوەبوو، دوو سێ هەفتەی دیکە، دەڕۆم بۆ ژنێڤ و ناتالی دەبینمەوە.

# VIII

یەکێ لەو بەیانییانە، لەو بەیانییە بریندارانەی کە هەمیشە ژوانێکی حەقیقیم لەگەڵیدا هەبوو، کاتێک لە خەو هەڵدەستام یەکەم وێنە دەترنجایە مێشکمەوە، دەترنجایە هەموو شانەکانی لەشمەوە، وێنەیەکی قورس و لێڵی ئەو بوو، بۆیە زۆرجار درەنگ لە خەو هەڵدەسام.

یەکێ لەو بەیانییانە بوو، باران بەنمە دەباری، بارانێکی جارِسکەر، کۆتایی هەر نەدەهات. بارانی نەبڕاوەی فرانش کۆنتێ ساردی ژنێڤی نەبوو، بەڵام هەڵگری هەمان دڵەڕاوکێ و سەرچاوەی هەمان بێزاریی بوو بێزارییەکی کەمێ میتافیزیقییانە، بێزارییەکی فەرەنسییانە، بێزارییەکی ڤالا.

چاوم دەکردەوە، تامێکی مەیلەو تاڵ، لینجییەکی خەستیش بەمەلاشوومەوەیە، وەک بڵێی چرێشم قووت دابێت؛ بەئاستەم چاوم کردەوە، سەیرێکی بنمیچە ڕەقوتەقەکەم کرد، چاوێک بەو چوار پێنج کتێبە دەخشێنم کە لەسەر ڕەفەکەن، سەیری چرای مێزەکە دەکەم، سێ ساڵە هەمان دیمەن دووبارە دەبێتەوە، هەمان ڕۆتین، هەمان ڕەتابەت، هەمان ماددەی بەرجەستەی بێ گیان دەبینم هەموو ڕەنگەکان لە پێش چاوم تێکەڵ دەبن و سیا خۆیان دەنووێنن.

هەڵسام و قەمسەڵە موشەممایەکەم کردەبەر و پاکەت و شخاتەکەم پەستییە گیرفانم و بەتەمای ئەوە بووم بچم لە گارد دۆ پیاسەیەک بکەم. خۆم پێچایەوە، کە لە ئەپارتمانەکە نەبوو، بەپێپلیکەکانا دابەزیم و سنووقی پۆستەکەم کردەوە، پارچە کاغەزێکی نوشتاوەی بێ زەرفی تێدابوو، دوو قەد کرابوو، ڕامکێشا و یەکلام کردەوە. کاک عەزیز بوو دەیوست ببینێ. یەک دوو جاری دیکەش، بەهەمان شێوە، لە هەمان دەفتەر نیو لاپەڕەی لێ کردۆتەوە و بەهەمان شێوە دوو قەدی کردووە و فڕێی داوەتە سنووقەکەمەوە. ماڵەکەی کاک عەزیز، یا باشترە بڵێم ژوورەکەی کاک عەزیز زۆر دوور نەبوو. پارچە کاغەزەکەم هەڵگلۆفی و فڕێم دایە تەنەکەی کاغەزەوە کە لە خوار سنووقەکان دانرابوو. پڕۆژەی پیاسەکەم گۆڕی و هەر بەپێ بەرەو ماڵی ئەو چووم، ماڵەکەی دەکەوتە شەقامی لا



کۆلۆنی، لە نهۆمی دووەم دەژیا، پەنجەم نا بەدوگمەی ئەنتەرفۆنەکە، وەڵامی دامەوە (یا ئەڵا، ئەوە تۆی؟ دە سەرکەوە).

دەرگای لێ کردمەوە و هەر بەپێ سەرکەوتم. گەیشتمە بەر دەرگای ژوورەکەی، لە پێش دەرگاکە دەستێکی نابووە قەد چوارچێوەی دەرگاکە و پانتۆڵێکی بۆر و بلوزێکی فلتی بەدەست چنراوی لەبەر بوو، گۆرەوییەوەکانیشی هەر لە پێ بوو، ڕیشی کەمێک دەرچووبوو، منی بینی بزەیەکی کرد، بەڵام تا بڵێی ماندوو دیاربوو. دەستی کردە سەر شانم و فەرمووی لێ کردم و هەردووک چووینە ژوورەوە؛ بۆنی خەو، یا ڕاستر بۆنی ماندوو بوون لە ژوورەکەی دەهات. فزوولیانە چاوێکم بەژوورەکەیا خشاند و پێم وت:

– ڕێگام دەدەی پەنجەرەکەت بکەمەوە. کاک عەزیز دەبێ جار بەجار هەوا بگۆڕی. خۆ تۆ لە من باشتری لێ دەزانی.

لەسەر نەبرەیەکی زۆر نوێترال:

– دەزانم، دەزانم. دە توخوا بیکەوە.

جارێکی دیکە چاوێکم بەژوورەکەیا هێنا، تا بڵێی پەرپووت بوو، قاپ و قاچاغی چەند ڕۆژە نەشوورابوون، شووشە ویسکی و قوتووە بیرەی دەم هەڵپچڕاو کەوتوون و مەنجەڵێکیش لەسەر تەباغی غازەکە بوو، سپاگەتی پیا وشک بووبووە و چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەکیش کەوتوون.

بەدوو پەنجە چمکێ لە پەردە چڵکنەکەی هەڵدایەوە و قەدەرێک سەیری دەرەوەی کرد و وتی:

– دانیشە حەزم کرد بتبینم. زۆر ماندووم.

– خێرە کاک عەزیز؟

– خێر؟؟

بزەیەکی دیکەی کرد. دەستی کردە خوراندنی ڕیشەکەی و چووە حەمامەکەوە.

دەنگم تۆزقاڵێ هەڵبری بۆ ئەوەی گوێی لێم بێت:

– باشە ناتەوێ بگەڕێیتەوە لای ئێلێنا.

– جارێکی تر بگەڕێمەوە لای ئەو سۆزانییە. نا توخوا باسی شتی وام لە لا مەکە، پێم

بلّێ برۆ بۆ سەفارەتی ئێرانی چاکترە لەوەی پێم بلّێی بگەڕێوە لای ئەو بێ نامووسە. دە واز لەو مەوزوعە بێنە. ئەی تۆ چۆنی؟ خەریکی چیت؟ لەگەڵ نەققاشی گەیشتیتە کوێ؟

– خەریکی چی بم، خۆ تۆ لە من باشتر دەزانی. پەیمانگاکە تەواو کەم و خەریکی شتێکی دیکە بم. بەخوا منیش زۆر بێزارم، بەڵام ڕەنگبێ بێزارییەکەی من کەمێ لەوەی تۆ جیاواز بێت.

– باشە بۆ بێزاریی چەند نەوعی هەیە.

دەستم کردە پێکەنین.

– خەریکی شتێکی دیکە؟ وەکو چی؟

– چوزانم کاتێ وەختی هات باسی لێوە دەکەین، حەز ناکەی پیاسەیەک بکەین؟

– وابزانم هێشتا باران دەبارێت سەیرێکی دیکەی دەرەوەی کرد.

کەمێک بەڕامانەوە.

– دەزانی باران و خەڵکی بیزەنسۆن وەکو یەک وان.

– تەنها یەک جیاوازیان هەیە ئەویش ئەوەیە یەکەمیان تەڕە و ئەوی تریان وشکە. وا بزانم باران هێور بۆتەوە. خۆمان باش دەپێچینەوە و تەواو...

کاک عەزیز دەستی کردە پێکەنین، پێکەنینی یەکێکی زۆر داهێزرا و بێ تاقەت بوو، پێکەنینێکی خنکاو بوو، پێکەنینی خەمگینی بوو.

– لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا، چوار فەسلمان هەیە.

– دەبوایە ڤیڤالدی خەڵکی ئێرە بوایە.

– بۆ ئێمەش وا نین. ئەوەی ئێمە خراپتر، دەمێ دەم بەپێکەنین و دوو دەم دۆدۆنگین.

– دەی با بڕۆینە خوارەوە تۆش لە سەر قسە دانامێنیی.

کاک عەزیز دەستی کردە کۆخە کۆخ، بەپێپلیکەکانا دادەبەزین، دەرگای حەوشەمان کردەوە و بەرەو پشتەوەی پلانواز دەستمان کردە پیاسە کردن. پشتەوە سەوزایی و دیمەنێکی دڵڕفێنی هەبوو. لە دوورەوەش (چیای ڕەش) دیاربوو.

ئەو ڕۆژە کاک عەزیز زۆر بەدرێژی باسی ژیانی خۆی بۆ کردم، بەکورتی دەیوست یەکێ



هەبێت گوێی لێ بگرێ. ڕەنگبێ هەندە ئەم بەسەرهات و ڕووداوانەی لای هاوڕێ ئێرانی و ئەفغانییەکانی باس کردبێت، ئیتر ئەوانیش تاقەتیان چووبێت، هەندە گوێی لێ ڕاگرن؛ یا ئەوەتا کاک عەزیز گشت ئەو بەسەرهاتانەی لە باخچە نهێنییەکانی ڕۆحی حەشاری دابن. یا ئەوەتا دەیویست لای یەکێ ئەم باسانە بکات، وەکو ئەوەی کوڕێ گوێی لێ ڕاگرتبێ. بەسەرهاتەکانی کاک عەزیز وەکو بەسەرهاتی هەزاران بەڵکو سەدان هەزار پەناهەندەی دیکە وابوو، بەڵام ئەوەی کاک عەزیز فەرادەتی پێوە دیار بوو. لە هەمان کاتیشدا، بەنیسبەت منەوە، خەم و ئازاری ئەو لە هی یەکێکی دیکە کەمتر نەبوو، جا با ئەو کەسە لە بەرلین بێت، یا هانۆڤەر، لە ئۆسلۆ بێت یا لە بروکسل. ڕەنگبێ تاقە شت ئەوە بێت کە کاک عەزیز لە تەمەنی سی و پێنج ساڵە گەیشتبووە فەرەنسا، ئەو کاتە دوانزە ساڵ زیاتر بوو لە بیزەنسۆن بوو. دەبێ ئەوەش بوترێت کە پەناهەندە هەمیشە وا هەست دەکات درەنگ گەیشتۆتە مەقسەد. ئەوەی لە تەمەنی بیست ساڵان دەگات، حەز دەکات لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە لێرەبوایە، ئەوەی لە تەمەنی سی ساڵان دەگات حەزی دەکرد لە تەمەنی هەرزەکاریی بگەیشتایە، ئەوەشی لە تەمەنی چل ساڵە دەگات، ئەوە تا ماوە هەر ئاه و حەسرەت دەکێشێ، هەموو ڕۆژێکیش ئاه و حەسرەتەکانی قووڵتر و توندتر دەبن. کاک عەزیز لەم دواییانە هەر هەموو ژیانی بەچنگێ ئاهی دەکرد، لە گەرووی گەردوونەوە دەربێت و گەردێکیش نەبێت گوێی لێبێت. فەرەنسییەکی شڕ فێر بوو بوو، کاروباری خۆی پێ دەردەپەڕاند، بەڵام بۆ ئەو زۆر زەحمەت بوو تێکەڵی ئەو کۆمەڵگا نوێیە بێت. تاقە هاوڕێی، ئێلینا بوو، ئەویش تەمەنی پەنجا ساڵ بەرەو ژوور بوو. وا بزانم هەموو ڕابردووی لە تەجرەبەی ئەو پەیوەندییەدا کۆبووبووەوە و لە ناواخنی ئەو تەجرەبەیەش گەیشتە ترۆپکی خۆی و بەڕووی هەردووکییاندا تەقییەوە.

ئیلێنا، ژنێکی باڵا بەرزی سپیکەلانە، ناشیرین نەبوو، بەڵام جوانییەکی ساردی هەبوو، لە هی ئەو پەیکەرانە دەچوو، ڕیکوپێک، تەواو بووبێتن بەڵام ڕۆحیان نەچووبێتە بەر. پاشماوەی بزووتنەوەکانی شەست و هەشتی فەرەنسا بوو، دەشبێ، ژنی وا، لە ئەمستردام و ئاخن و بروکسل و ژنێڤ بێرنیش ببینرێن، چونکە شەپۆلی ئەو بزووتنەوەیە بەشێکی تەواوی ئەورووپای گرتەوە. ئەم بزووتنەوەیە، چەند سیمایەکی هەبوو، بەڵام سیما هەرە زەقەکەی کۆمەڵایەتی بوو.

ئیلێنا چەند هاوڕێیەکی هاو تەمەنی خۆی هەبوو، پێکرا دەچوونە سینەما و شانۆ و لە

خۆ پیشاندانەکانی چەپ و لایەنگیری بیری چەپی کۆمەڵگای فەرەنسیان دەکرد. بەڵکو لە هەموو خۆپیشاندانێک ئامادە دەبوون، بەڕاستی ئەم بەشدارییە بۆ «خۆ- پیشاندان» بوو. لە مەسەلەی هەڵوێست دەرچووبوو، بەنیسبەت ئەوانەوە ئەوجۆرە هەمیشە لە بردوو ژیانێک بوو. بەڵکو لە خووش بەدەر بوو، ئێستایان دەگوازتەوە ئەو ڕابردووە بەسەر چووانە و بەمە ئیدامەیان بەئێستا دەدا.

ئەو ژنانە، لەشیان لەبەر شالاوی لەززەتی سەرەتای حەفتاکان پەک کەوتبوو، یا سلیک بوو بوو. ئەو کات تەنها هەر لە مەنزووری سەربەستی تاکەکەسی بەرفراوانەوە دنیایان دەخوێندەوە. ئەم بۆچوونەش، تەنها هەر سیمایەکی ئەم ڕەوت و ڕێبازەی ئەو بزووتنەوەیە بوو، بۆیە کات بەسەر دەچوو و بزووتنەوە وەکو مۆدە ئاوا دەبوو. کاتێکیش هاتنەوە ئاگا، کەمۆکەیەک زەمەنی بەسەر چووبوو. لە ناقووسی زەمەنەوە گوێیان لە کاروانێک دەبوو باروبارگەی دەپێچییەوە، واتە ئەوان دواکەوتن تەمەنیش بەرەو ژوور هەڵکشابوو، بەتایبەتی تەمەنی ژن، بۆ کۆمەڵگایەکی ئیستهلاکی بۆ زۆربەیان ڕەخساندن و دامەزراندنی چوارچێوەیەکی خێزانی تا دەهات دوور دەکەوتەوە، هەر بۆیە لە پەناهەندە نەگبەتەکان زیاتر هیجیان بۆ نەمابووەوە. ئەوانەی باخەڵی هاوسەر و گەرموگوڕی خێزان و یا کەبتێکی مێژوویی بەسەر ئەستۆیانەوە بوو. ئەم کەبتە کۆمەڵایەتییە بینینی ئێستێتیکشی بەتەواوی لێ شێواندبوون وەکو نێچیریان لێ دەهات. بۆیە ئەو ژنانە وەکو لاشەخۆر بەدەوری ئەو دوورە ولاتیانە دەهاتن و دەچوون. لە هەمووشی سەیرتر، هەر دوو بەرە خۆی بەڕاوکەر دەهاتە پێش چاو، هەر ئەمە بوو پلەی ئەو تراژیدییایەی سووک دەکردەوە، هەر دوو بەرە وەکو لاشەخۆریان لێ دەهات، تەبیعەت و شەهییەی لاشەخۆریش تەنها بەرامبەر بەلاشەی لەوەپێش خوراو دەکرێتەوە.

لەناو گەرمەی بزووتنەوەکانی شەست و هەشتدا، ئێلێنا و هاوڕێکانی ئەو کات تەمەنیان لە نێوان هەژدە و بیست بووە، کەواتە لە تەمەنێکی زێڕین و لە سەردەمێکی زێڕیندا ژیاون، ئیتر ئەوان هەمیشە بەردەوام بوون لە مومارەسەکردنی ژیان بەهەموو وردەکارییەکانییەوە. لە باخچەی عەدەنی لەززەت ژیاون. نە سیدا کۆنترۆڵی خۆی دەسەپاند، نە سانسۆری کۆمەڵایەتی، بەڵکو «خۆشەویستی و ئاسایش و سەربەستی» دەبوونە سێکوچکەی پیرۆز بەڵام کۆمەڵگا، هەمیشە لە دەستوور و یاسا دەگەڕێت بۆ ئەوەی گەمەکان ڕێکخات، بۆیە بەهێمنی و شێنەیی شەمەندەفەری کات بەخێرایی بەتەنیشتیانا تێپەڕیوە و کاتێک چاویان کردۆتەوە و زۆربەی دابونەرێتەکان پووچ بوونەوە



و ڕەفتارەکانی ٦٨تیش وردە وردە گرژ بوونەوە و کۆمەڵگا گەڕایەوە سەر هەندێ عاداتی کۆن، شەپۆلی ئەخلاقبازی هاتەوە مەیدان. بەڵام ئەوان تەمەنیان لە چل بەرەو ژوورە، تازە زۆر شت کۆتایی هاتووە، کە دەشڵێم زۆر شت مەبەستم لە پرۆژەی ژن و مێردایەتییە، بۆیە لەو تەمەنە خەڵکانی وەکو کاک عەزیزیان هەر لە ئاسمان دەقۆزییەوە: کابرایەکی ڕێکوپێکی بێ ژن!

سەرەتا کاک عەزیز لەگەڵ ئێلێنا لە شوققەیەک دەژیان، پاشان ئێلێنا خانوویەکی کڕی و پێکڕا دەژیان، بەڵام وردە وردە، هەستیان بەوە دەکرد کە تەنها هەر لە بنمیچێک دەژیان، ئەگینا زۆر شتیان بەیەکەوە نەدەکرد، هەر کەسە و برادەری تایبەتی خۆی هەبوو. ئێلێنا هەمیشە هەر لەگەڵ پیلۆت و ئیزابێلا بوو، بەڕۆژیش هەردووکیان ئیشیان دەکرد، بەشەویش کاک عەزیز لەگەڵ هاوڕێ ئێرانی و ئەفغانییەکانی یان دەچوون خۆیان مەست دەکرد، یا دەچوونە گازینۆکە بۆ ئەوەی بەدیار مەکینەی قومارەوە بووەستن، چونکە تاقە مەکینەیە لە سەرانسەری ئەورووپا کە کات دەوەستێنێ، یا خەونێکی پووچت دەداتێ، یا چەند کاتێک بەسەر دەبەیت زۆر جاریش لەگەڵ ئێرانییەکان دەچوونە ڕیستۆرانی «دوو سوارچاکەکە» مەبەست لە چێشتخانەکەی فەخفووری ئەفغانی بوو، لەوێ دەیانخوارد و دەیانخواردەوە، زۆرجار خواردنەوەی خۆیانیان دەبرد.

ئەو عەسرە دوو سەعاتێک پیاسەمان کرد، بەتەواوی لە بیزەنسۆن دوور کەوتبووینەوە، هەردووک بەبێ ئەوەی پێی بزانین، ڕچەی ئەو دەشت و دەرە کەسک و پاراوەمان وەرگرتبوو، زۆر بەدرێژی کاک عەزیز باسی ڕابردووی خۆی و باسی پێشمەرگایەتی و باسی ژیانی خۆی لەگەڵ ئێلێنای بۆ کردم. لەو پیاسە کردنە، کاک عەزیز کەمێ خوێن بەدەمارەکانیا کەوتەوە گەڕان، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، کەمێ ڕۆحی کەوتەوە بەر، هەستم کرد لەگەڵ یەکێکی دیکە قسان دەکەم، هەستم کرد کاک عەزیز پێویستی بەهەوا گۆڕینە، پێویستی بەسەفەرکردنە، بۆیە پێیم وت:

– بۆ ناچیت هەوایەک بگۆڕی؟ سەفەرێکی چەند ڕۆژە خراپ نییە.

قەدەرێ بێدەنگ بوو پاشان:

– دەزانی لە ماڵی کەس ئیدارە ناکەم، حەز دەکەم هەر لێرە بمێنمەوە، یەکشەم لەگەڵ هاوڕێکانم دەچینە سەر سەرچاوەی (لالوو)، دەزانی ئاوێکی هەندە سازگار و فێنکی هەیە هەر دەڵێی کوردستانە، ئەگەر حەز دەکەی وەرە لەگەڵمان، تکە لێ دەدین، شەراب و بیرە و ویسکیش دەبەین. ئاغا، دە وەرە لەگەڵمان.

# IX

دەرگاکەم لە دوای خۆم داخست، دەرگایەکی ئاسنی ڕەشی زۆر قورس بوو، زۆر بەنایابی بەشیشە ئاسنینیەکان زەخرەفەی لێ دروست کرابوو. هەر بەکراوەیی بەجێم هێشت، پاشان لەسەرخۆ، بەڵام بەبارستاییەکی زۆرەوە لە دوامەوە داخرا. هەر وەکو فەرەنسییەکان دەڵێن، شەوێکی دیکەی سپیم بردە سەر، شەوێکی بەقەدەر بارستایی زەمین قورس و تەپخ بوو. ئەو سەر لە بەیانییە گێژ و جاڕس نەبووم، بەڵکو ڕوونبینییەکی زۆر تایبەت جەستە و بینایی داگیرکردبووم، بەیەکێک دەچووم، لە یەکێ هەیوانەکانی ئەسفەهان، ئێوارەکەی شەرابی فێنکی شیرازی خواردبێتەوە. نەخێر گەیشتبوومە کۆڵانە پێچپیدە و بنبەستەکانی ناگەهانی، بەڵکو نغرۆ بووبوومە نێو شەپۆلە هاجەکانی ئیغراییەکی لێڵ، ئیغرایەک ئینسانی تووشی نابەڵەدی دەکرد.

بۆ کوێ بڕۆم؟ کەی بگەڕێمەوە، سواری پشتی چ ئامێرێکی نوێ بم و لە ناو بزووتنەوەکانی بەتەواوی قووتم دات؟ چییە ئەم وەهمەی وەکو پاشکۆ دەمێکە ڕایدەکێشم!

بیرم لەوە کردەوە کە پێش ئەوەی بلیتی گەڕانەوە بۆ بیزەنسۆن ببڕم، با پیاسەیەک بەکۆڵانەکانی گەڕەکی ئاکاسیا بکەم، سەرێک لەو شوێنانە بدەم کە بانگەشە و زاکیرەی کۆست کەوتنەکانم دەبووژێننەوە، سەرم لە دوورگە بچووکەکە دا کە پەیکەری ڕۆسۆی لێ بوو، زۆر بێباکانە لەسەر ئەسکەمبیلێک دانیشتووە و پێیەکی ناوەتە سەر دەستەکتێبێ و بەدەستێکیش پەڕەمووچێکی پێیە ئەمە یانی چی؟

پاشان چوومە گەڕەکی کارووژ، بەبەردەم شەقامی مادلێنا تێپەڕیم، سەیری دوو پەنجەرەکەی جارانم کرد. پاشان چوومە باڕی شانوارەوە و داوای پەرداخێ ئاوی ساردم کرد، ئاوێکی تەزیو، نێوان هەردوو کوونە لووتی تەزاندم، پارچە کاغەزێکم لە گیرفان دەرهێنا و ویستم شتێک بۆ خۆم بنووسم. وەکو خۆداغکردن بێت، شتێک بێت، نووشتەیەک بێت لە خۆم، بۆ ئەوەی خوا ئاسەواری ئەم عەشقە ناهەموارەم لەبیرباتەوە، یەک دوو لاپەڕەم نووسی وەکو شیعر وابوو، شیعریش نەبوو، نە خاڵم بۆی دانا نە وێرگوڵ، وەکو زنجیرە ڕووناکییەک وابوو، لە نێوان پەنجەکانمەوە دەکەوتنە سەر کاغەزەکە هەر



بەغەمێکی ڕووتیان دەکرد، غەمێکی سووک، بێ مێژوو، بێ شەخسییەت، غەمێک بوو منەکەی کەوتبووە قووڵایی بیرە لە بیرچووەکانەوە، ئەو بیرانەی کە لە حەوشە فراوانەکان لێ دەدران، شەوان فریشتە و جنۆکە ئاویان تیا دەخواردەوە، پەری بەپەل، هەر کە ئێوارە ڕابشکایە دەستی یەکتریان دەگرت و هەڵدەپەڕان، باڵندە سپییەکانی شەویش، لە بەرزاییەکان، لەسەر گوێسوانەکان دەنیشتنەوە و بەرامبەر بەو دیمەنە دەحەپەسان. شتێکم دەنووسی، بڕوا دەکەم من خاوەنەکەی نەبووم، نازانم چ سرووشێک لە بەرزاییەکانەوە دەڕژانە کڵاوڕۆژنەی ڕۆحمەوە، نازانم هەرچەندە هەوڵ و تەقەللام دەدا، نەمدەزانی لە چ کانگایەکەوە، لە چ سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقووڵی، منێکی شەیدای ڕادەپەڕاند.

دەمەو ئێوارە، هێشتا هەتا دەریاچەی لیمانی دەچرووسکاندەوە، خۆم گەیاندە وێستگەی شەمەندەفەر، بەسەر پردی جمهوریدا تێپەڕیم، ڕیک و ڕاست لەسەر پردەکەوە دەرگای وێستگەکە دیاربوو چوومە بەردەم گیشەکە و، داوای بلیتی بیزەنسۆنم لێی کرد، پیاوێکی بەخۆ، بەڵکو تا ڕادەیەکیش قەڵەو بوو، بلیتەکەی دامێ و وتی «تا دۆڵ، لەوێ بیگۆڕە». سەیری لەوحەی کاتی دەرچوونم کرد، دوای دوو دەقە، شەمەندەفەرێکم هەبوو، بەهێواشی بەرەو شۆستەکە کەوتمە ڕێ، زۆر بەبێ موبالاتی هەنگاوم دەنا، ئارەزوومەند بووم کە ئەم هەنگاوانە، دوا هەنگاو بن لەو وێستگەیە. گەیشتمە سەر شۆستەکە، هەندەی نەبرد، (TGV)ێکی نارنجی وەکو سوورەماسی ڕایگرت: سرک و سفت و باریک.

سەیری بلیتەکەم کرد، فارغۆنی شەش و ژماری کورسییەکەشم (A7). سەرکەوتم. خەڵکێکی کەم لە فارغۆنی شەش هەبوون، جێگاکەی خۆم دۆزییەوە، لە نزیک پەنجەرەکە بوو، دەیڕوانییە دەستی ڕاست، بەئاراستەی دەریاچەکە، فارغۆنێکی کپ، بێ دەنگ، کتێبەکەی ڕۆلاند ژاکاری سوسیۆلۆژی سویسریم هاتەوە یاد، ناونیشانێکی سەیر، لێکۆڵینەوەیەکی کورت، خۆی لە سەد و پەنجا لاپەڕە دەدات؛ بەناونیشانی «تاراوگەی ناوەکی»، تابلۆیەکی هونەرمەندی ئینگلیزی، فرانسیس باکۆنیشی لەسەر بەرگەکەیە، پۆرترێتی «ژۆرژ دیەرە لە کاتێ دواندا»، ئەو تابلۆیە لە ساڵی ١٩٦٦دا ئەنجامی داوە. لەسەر لاپەڕەی یەکەم، مەبەست لەو لاپەڕەیەیە کە بۆ پێشکەش کردن تەرخان کراوە، وتەیەکی ساموێل جۆنسۆنی لەسەرە، نەک تەنها کورتکردەوەی خەسڵەتە دەرەکییەکی وڵاتێکی وەکو سویسرایە، بەڵکو دەکرێ لە ناوەرۆکیشدا بەخەسڵەتێکی شارستانییەتی ڕۆژئاواش بخوێندرێتەوە:

«لە گریمانێکی هەرە بەرچاودا، دنیا بەکۆکەرەوەی ئەفراد پێکهاتوون کە تەقەللای ئەوە

دەکەن بەختیارییەک بنوێنن کە هەستی پێ ناکەن».

سامۆێل جانسۆن

لە پێشەکی ئەم کتێبە، نووسەر دەنووسێ، بناغەی ئەم کتێبە لە پرسیارێکەوە دەسگیربوو. دەڵێ: «لە هاوینی ١٩٧٤، لە ناو شەمەندەفەری نێوان زوریخ و لۆزان بووم، سەرنجی فارغۆن- چێشتخانەکەم دا، شەست کەسێک، زۆربەیان پیاو بوون، خەریکی چێشت خواردنی ئێوارە بوون، هەر یەکە و بەتەنها مێزێک و چوار ئەسکەمبیلی داگیرکردبوو؛ بەبێدەنگی نانیان دەخوارد، بەبێ ئەوەی سەربەرزکەنەوە، گومڕا و غایب دیاربوون».

شەمەندەفەرەکەی هەرەکەتی کرد، هەندەی نەبرد شاری ژنێڤی تێپەڕاند، منیش لە پەنجەرەکەوە سەیری دەریاچەکەم دەکرد، وردە وردە دنیا تاریک دادەهات، فارغۆنێکی کپ، هەندێ سەغڵەتکەر، بایەکی کزیش لە دەرەوە وردە شەپۆلی لەسەر ڕووکەشی ئاوەکە دروست دەکرد، دەریاچەکەش بەمەنجەڵێکی زەبەلاح دەچوو کە قورقوشمی تیا بکوڵێنن، هیچ نەشئەیەکی جوانیی نەبوو؛ قوڵتی دەدا تا تاریکتریش دەبوو، دارستانە چڕەکانی دۆڵی ڤێڤێ و قووتەی شاخەکانی ئەلب و مۆنبلان دەردەکەوتن، هەستم دەکرد بەناو هەناوی بەستەڵەکێکدا تێدەپەڕم، یا بەناوەند تونێلێک کە لە سەهۆڵ دروستی کردبێ.

تەواو تاریک داهاتبوو، کاتێک لە سنوور پەڕیمەوە. نەمویست ئاوڕ بدەمەوە و ماڵئاوایییەکی پڕ نەفرەتم لەو شارە کرد، منیش غەرقی بیرکردنەوە و خەیاڵاتی دوێ شەو بووم یا چاکتر دوێ ئێوارە. لە خۆمیش دەپرسی، بۆچی گەڕامەوە ژنێڤ، ئەی سوێندم نەخواردبوو، جارێکی دیکە پێ نەنێمەوە سەر سنووری هێلڤێسیا. ئەی چەندین خەونی ئیشراقئامێزم نەبینی، هەموو جارێکیش پیرەمێردێکی ریش سپی، کەوایەکی تا ئاودامان سەوزی لەبەر، لە بەردەمم هەروەکو خدری زیندە قوت نەدەبووەوە و پێی دەوتم: «کوڕی خۆم، ڕۆڵەکەم، جارێکی دیکە مەگەڕێوە ئەو وڵاتە، لە دێری زەمانەوە نووسراوە، هەر کەسە و وڵاتێکی هەیە نەفرەتی لێ کردووە، دە مێژووی کەسان و کۆمەڵگاکان بخوێنەوە، دەبینی هەر کەسەو تەڵەیەکی لە وڵاتێک هەیە، مەگەڕێوە سویسرا کوڕی خۆم» هەموو ئەو سەر لە بەیانییانەی کە ئەو دەهاتە خەونمەوە، ڕۆژێکی خۆشنود بوو بۆم، گەلێ کاری سەخت و قورسم بۆ چارەسەر دەکرا، باشە بۆچی قسەکەیم شکاند، هەموو خەتاکانم دەخستە ئەستۆی خۆم.



بەڵام بەچی دەچێ، لە فەرمانی ئەو ریش سپییە دەرهاتم و دوێنێ ئێوارە گەڕامەوە وێستگەکەی ژنێڤ. هەر بەپیاسە بەرەو ٦٧ شەقامی لۆزان چووم، تەنها هەر پێنج دەقە لە وێستگەکەوە دوور بوو. سەعات دەوروبەری حەوت بوو، لەبەر دەرگای باڵەخانەکە بووم، ئەرێ بەچی دەچووم؟ بەشکسبارێک یا بەگومڕایەک؟ سەرێکم هەڵبڕی نهۆمی شەش، ئەپارتمانی ٨٩، خۆیەتی لە زەنگم دا، دەرگای خوارەوەی بۆ کردمەوە، داڵانێکی کەمۆکەیەک شێدار، چرایەکی کز دەسووتا، بەهەناوی لەرزۆک دەڕۆیشتم، گەیشتمە بەر دەرگا پەنجەرەدارەکەی ئەسەنسۆرەکە، دوو باڵی هەبوو، هەر دوو دەسکەکەیم گرت و بەرەو خۆم ڕامکێشان و چوومە ژوورەوە. ئەسەنسۆرێکی بچووک، تەنها هەر جێی دوو کەسی تیا دەبووەوە. لە ژوورەوەش، گڵۆپێکی سفر دەسووتا و فەزایەکی تەسک، هەرچەندە خۆ کلۆسترۆفۆبیش نەبووم، بەڵام هەستی دڵەڕاوکێیی تیا دروست کردم. لەسەر خۆ سەردەکەوت، وەکو زیندانییەکی کاتیی بەرزی دەکردمەوە. ئەسەنسۆرەکە ڕاوەستا، دوای دە دوانزە چرکە ئینجا دەرگاکە کرایەوە و پاڵم بەدوو باڵەدەرگا دارینەکەوە نا، ویستم بەزووترین کات بێمە دەرێ. دەرگاکەم کردبووە، گوێم لە دەنگێک بوو، ناتالی لە پێش دەرگا چاوەڕوانی دەکردم. قژی سوورێکی خەنەیی بوو و کراسێکی ئاڵ و پانتۆڵێکی ڕەشی لە پێ بوو، جووتێ گۆرەوی ڕەنگ تاریکی گوڵداریشی لە پێ بوو، لەسەر کومبارە لاکێشەییەکەی بەردەم دەرگاکە ڕاوەستا بوو.

کاتێک گوێم لە دەنگەکە بوو، سەرێکم هەڵبڕی، لە دووری مەترێک هەڵوێستەیەکم کرد، بۆ ماوەی چەند چرکەیەک وەکو ئەوەی زارەتەرەک بووبێتم وابوو، نازانم هی ئەسانسۆرەکە بوو، یا بینینی ئەو لە قوولایی ناخمەوە هەستم بەدوا لەحزەکانی ئەم پەیوەندییەش دەکرد. دوا ساتە ئاگرینەکان. لێی نزیک بوومەوە و ئامێزم بۆی کردەوە، ئامێزێک بۆ جەستەیەک کرایەوە چووینە ژوورەوە.

چاوێکم بەماڵەکەیا خشاند، سالۆنێکی فەراح دەیڕوانییە شەقامی لۆزان، قەنەفە و مێزێک، هەرچەندە زۆر دەستڕۆیی پێوە دیار نەبوو، بەڵام ماڵێک بوو تا ڕادەیەک ڕازاوە بوو. سەیرێکی ناتالیم کرد و:

- ماڵێکی ڕێکوپێک و گەورەیە.

- خراپ نییە. حەز دەکەی با بڕۆینە مەتبەغەکە، لەوێ بەئیسراحەت دادەنیشین و قسە دەکەین.

– باشه، وەکو دەتەوێ.

چووینە مەتبەغەکەوە، زۆر گەورە نەبوو، پەنجەرەیەکی بچووکی هەبوو دەیڕوانییە دیوی ژوورەوە، لە دەوری مێزە لاکێشەییە بچووکەکە دانیشتین. ناتالی هەر بەدانیشتنەوە دەستی بۆ سەلاجەکەی پشتی برد و بوتڵێ شەمپانیای بچووکی دەرکرد و سەیرێکی کردم و بزەیەکیش لەسەر لێوانی بوو، هەڵی پچڕی. دوو پەرداخی درێژکۆڵەشی هێنا و شامپانیا ساردەکەی ڕشتە بادەکەوە، کەفێکی ئاڵتوونی کەفوکوڵی کرد و زەنگوڵەی گازی سووک و وردیش بەرز دەبوونەوە. نەشئەیەکی زیندوو بوو لە لێوار ئەو دوو پەرداغە. بەدوو پەنجە کەمەر باریکەکەی پەرداغەکەمان گرت و پەنجەی کەڵەشمان نووساندە بنی پەرداغەکە و لە یەکتر نزیکمان کردەوە، بەنۆشی ئاگر هەڵماندا.

فێنکییەک و دەزووڵە تامێکی لیمۆ و تا ناواخنی کە پووشی کەمۆکەیەک تۆزاندەوە.

ئەو ئێوارەیە، تا درەنگێک هەر لە مەتبەغەکە دانیشتین، بەیەکیشەوە لازانیایەکمان لە فڕنەکە گەرم کردەوە و شەرابێکی کۆت دوو ڕۆنمان هەڵپچڕی و بەدیار مۆمێکەوە، نانمان خوارد، هەواڵی دەستە خوشکەکەیم پرسی، وتی:

– ماڵیان لە لۆزانە، چۆتەوە سەر لە دایک و باوکی بدات.

– ئەم عەسرە، پێش هاتنم، لە وێستگەی بیزەنسۆنەوە، بەتەلەفۆن قسەم لە گەڵی کرد.

– ڕاست دەکەی، لەسەر پارچە کاغەزێک هەواڵەکەی بۆ جێ هێشتووم.

ئەو ئێوارەیە ئەو زۆر قسەی کرد، باسی ڕابردووی خۆی بۆ کردم. ڕابردووی نزیک، واتە هی ئەو چوار ساڵەی کە یەکترمان تیا نەبینیوو.

هیچ پرۆژەیەکی ناوشارمان نەبوو، چونکە منیش فەرزەندی ژنێڤم. لەو شارە کاژی هەرزەکاریم کردە بەر و هەر لەوێش کاژی هەرزەکاریم داکەند، یا ڕاسترە بڵێم لەو شارە–ئۆردوگایە هەڵاتم.

بیرم لەو ساڵانەی خۆم دەکردەوە و پێم وت:

– ئەو شەوەت دێتەوە یاد کە هارمۆنیکام لە تەلەفۆن بۆ عەزف کردی؟ دەزانی چیت پێ وتم؟

– نەوەڵا بەباشی نایەتەوە یادم چیم پێ وتی؟



– وتت، هارمۆنیکا ئامێرێکی قورسە.

– دەزانی، کاتێ هارمۆنیکاکەم بۆ لێ دەدای، تەنها بیرم لە تۆ و عیشق دەکردەوە.

پێکەنی. هەستم کرد کە حەزی کرد گوێی لەو ڕستەیە بێت بەڵام لە پڕێکیشدا کەمێ غەمگینی بەڕوخسارییەوە دەرکەوت، زوو زانیم هی چییە! چونکە زۆرجار، بەزیز بوون ناتالیم جێ دەهێشت، بەڵام هیچیان ناگاتە ئەو شەوەی کە ناتالی لە ژوورەکەی من بوو، بەیەکەوە شیومان دەخوارد پاشان چووینە ژووری دانیشتن، لە ڕاستیدا هەم ژووری نووستن بوو هەم ژووری دانیشتن، دوو فەرشم دانابوو، ڕایەخێک و کتێبخانەیەکی بچووک و هەروەها ڕۆژهەڵاتیانە لە عەرزیش دادەنیشتین. لەو ئێوارە درەنگە، گوێمان لە مۆسیقا ڕاگرتبوو. سەیریم دەکرد، خەیاڵی عیشق مەستی کردبووم، مەستی عیشقیش جۆرێکە لە دێوانەیی. خەیاڵاوی بووم، حەزم دەکرد ئەو لەحزانە ڕابوەستن و منیش لەگەڵیا ڕابوەستم و لەناو یەکتر بتوێینەوە. نایژەنێکی فارسی ژوورەکەمی کردبووە بەهەشتێکی چکۆڵانە. ئای کە بەختیاریی بوو کە لەو بەهەشتە چکۆڵانەیە ڕۆحم بۆ یەکجارەکی دەرچووبایە و تێکەڵی دەنگی ئەو فلووتە بوایە، جار بەجاریش سەیری شۆخەکەی خۆمم دەکرد، ئەویش چاو خومار و خەواڵوانە، هیچم نەدەویست، تەنها ئەوە نەبێت هەر وا پێکەوە بین و بەس، هەرگیز ئەو لەحزانە بەپێی پێویست درێژ نەدەبوون و هەمیشەش لە ناوەند دەقرتان، دەقرتان و لە چاوترەکانێکدا ژوورەکەمیان دەکردەوە بەدۆژ، دۆژێکی وا لە هەموو لاوە حەزیا و ئەژدەها، کولاژدم و تۆپەڵە سەرمێکوتە لە پەنجەرە و دەرگاکەوە دەهاتنە ژوورەوە و بەر دەبوونە لاشەکەم، کە بەئاستەم هەناسەی دەدا، هەر تۆزقاڵێک ڕۆحی تیا مابوو. گوێم لە قیژە و هاواری ئەجندە لینگ ڕووتەکان دەبوو و باڵە چەرمییەکانیان دەکوتایە قەد ستۆری پەنجەرە داخراوەکەم و گوێم لە قاقای ئەهریمەنیش دەبوو، وەکو جرجی کلک ڕووت، لەژێر قەرەوێڵەکەمەوە سەریان دەردەکرد.

سەیری چاوە سەوزەکانی ناتالیم دەکرد، پاساری نیگام لە نێو ئەو قەرسیلە کەسکە نیشتبوونەوە، باڵە وردەکانیان لەناو تەڕوپاراوی ئەو کێڵگە ئەفسووناوییە دەشۆرد، خۆیان دەدایە بەر هەتاوێکی تیشک کەسکی هێمن و دەنووستن گوێیان بۆ مۆسیقایەکی ئیلاهی شل دەکرد، ئا لەو هەوارە میرغوزارییە پاساری نیگاکەم دەیانویست تۆزقاڵێ هێور بنەوە، تۆزقاڵێ سحریان بەرکەوێ، تۆزقاڵێ شۆڕبنەوە قووڵایی هەستە وریاکانی ئینسانییەت.

لەوێندەرێ دەمویست کاژی پەژموردەیی ڕابردووی سامناک دامالّم، بەڵام ناتالی لە پڕێکدا وتی: «دەبێ بڕۆم» ئەمە نە یەکەمین هەڵسوکەوتی ناتالی بوو نە دوا هەڵسوکەوتی بوو، هەمیشە هەستم دەکرد بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی دووفاقەی زۆر تیژی پێیە و تا هێزیشی تیایە لەززەتەکانم لەتوپەت دەکات، لەحزە هێورەکانم پڕ دەکات لە زەهر و گەندەڵیی. تا هێزی شک دەبرد، بەهێزێک تا بڵێی ئینسانانە، بەڵام موجەڕەد لە هەست و شعوور؛ ئەوجا ئەو لەحزە ناسکانەی منی دەکردە دوو لەتەوە و دەمبینی چۆن لەحزەکانم وەکو ئاژەڵێکی یەزدانی لەبەر دەمیا دەکەنە گیانەڵا و وەکو ڕیشۆڵەی بەربەیانی خەزان مردارەوە دەبن. لە ڕاستیدا، ئەم هەڵسوکەوتە کتوپڕانەی ناتالی ماندووی کردبووم، گەلێ ماندووی کردبووم. تێ نەدەگەیشتم، مەچەکیم گرت و بەتوڕەییەوە پێم وت «مەڕۆۆۆۆ».

ئەویش زۆر بەهێمنییەوە سەیری دەرگاکەی کرد و وەڵامی دامەوە، وتی: «دەبێ بڕۆم». مەچەکیم بەرنەدابوو، کەمێک بەلای خۆمدا ڕامکێشت و تا هێزم هەبوو زللەیەکم کێشایە بناگوێیا. دایە پڕمەی گریان، چاوە جوانەکانی غەرقی فرمێسک بوون، ڕۆحی من بوو هەنسکی دەدا. ڕۆندکی کەسک، لە کیشوەرە ئەفسووناوییەوە وەکو دەنکە مرواری دەکەوتنە ناو لەپی من، بێ وچان دەمویست فرمێسکەکانی بسڕمەوە و منیش لەگەڵیا دامە پڕمەی گریان. هەر دووک بەکوڵ دەستمان بەگریان کرد، بەڵام بۆ هەمان شت نەدەگریاین. من بۆ ئەو و بەختی ڕەشی ئەم عیشقە دەگریام، ئەویش هەموو بەسەرهاتەکانی ژیانی هەرزەکاریی لەناو هەناویا پەنگیان خواردبووە و لە پڕێکدا تەقین و بوونە ئەو زەنگوڵە گەرمانەی کە بێ ئامان بەناو لەپ دەم سڕینەوە. حەزم دەکرد ئەو دڵۆپە مرواریيانە بخۆمەوە و بیانخەمە ناو ئەو جەهەننەمەی کە دەمێک بوو لەناو دەروونم هەڵگیرسابوون، بوونمی کردبووەوە چنگێ ژیلەمۆ، نەمدەزانی چۆن چۆنی دڵی بدەمەوە و بەچ زمانێ لەگەڵی بدوێم.

تەوێڵی خستە سەر شانم و هەنسکی دەدا، لەگەڵ هەنسک دانیشا هەموو ئازاری بەدەنی دەهەژاند، هەستم کرد ئەم گریانەی ناتالی دەمێکە لەناو هەناوی پنگی خواردۆتەوە. دوای ئەوەی ژیرم کردەوە و هەڵسا ڕۆی، بەبێ قین ڕۆی، بێ ئاوڕدانەوە، زۆر بەئاسانی دەرگای کردەوە و چووە دەرەوە. لە هەقیقەت حەزم دەکرد بەغەزەبەوە سەیرم بکات، دەمویست جوێنم پێ بدات، بەڵکو دەمویست دەس بکاتەوە، هەر نەبێ پێش دەرگا کردنەوە بەتوڕەییەوە سەیرم بکات، نەخێر پێ سووک بەناردەوانەکانا چووە خوارەوە.



چ تەنهاییيەک ژوورەکەمی تەنی. دەمویست دەستی خۆم لە مەچەکەوە لێ کەمەوە، هەستم کرد ئیتر خاوەن دەستێکی بێگانەم. ئیتر ڕەنگبێ توانای ئەوەشم نەبێت تابلۆ بکەم! کێ لەم گوناهەم خۆش بێت؟ ئەو تەنگژەیە بەرهەمێکی لێ زا، تابلۆیەکی ئاوی بوو ناوی «ئەو کچەی دەگریێ»م لێ نا. تا بڵێی تابلۆیەکی دزێو و بلّح و چارەڕەش بوو. چۆڕاوگەی سامناکیی لێوە دادەچۆڕی، شانزە سەعات خەریکی ئەو تابلۆیە بووم، شانزە سەعات نووشتامەوە سەر ئەو تابلۆ بچووکە و تاکو هەستم کرد خشەی فڵچە ڕۆخی ڕۆحم دەمالێ، تا سنووری توانەوە، خۆم نووشتاندەوە. خۆم نووشتاندبووە سەر ڕابردوویەکی دۆزەخین، نووشتابوومەوە سەر ڕابردووی هەموو بەشەرییەت، تاکو گوێم لە گریانی فڵچەکانم نەبوو وازم لەو تابلۆیە نەهێنا. هەستم کرد جەمادەکانی دەوروبەرمیش دەگرین، کاغەز دەگریێ، مەرەکەب دەگریێ، پێنووسی خەڵووزەکانم دەگرین، ستاندەکەم ئەسرینی ڕەش دەڕێژێ. گشت بەرجەستەکانی ژوورەکەم دەگریان.

هەرچەند دوای ئەو بەسەرهاتە، ناتالی ببڕای باسی ئەو زللەیەی نەکرد، بێ گومانم لەوەی کە تا ماوە لە بیری ناچێتەوە و ئەویش خۆی بۆ تۆڵەیەک ئامادە دەکات. دەبێ چ تۆڵەیەک بێت؟ منیش بەپێچەوانەوە دەمویست ئەو لاپەڕەیە لە ژیانم هەڵوەرێنم، دەمویست بەگوێزانێکی تیژ و باریک ئەو لاپەڕە ناشرینە بکەمە دوو لەتەوە و پاشانیش بیسووتێنم. دڵیشم بەو تابلۆیە خۆش نەبوو. لە ڕاستیدا تابلۆ نەبوو، بەڵکو خۆ جەلدکردن بوو، خۆ پاککردنەوە بوو لەو گوناهە، تابلۆ نەبوو بۆ هەڵواسین، بەڵکو تابلۆیەک بوو منی هەڵدەواسی. ئەو تابلۆیەش ماوە. دەشزانم لای خۆمە، بەڵام نازانم لە کوێیە، نازانم لە بەینی کام هەگبە کاغەز و دەفتەرە بێ سوودەکانمە! بەڵام دەزانم چەندین شار و چەندین وڵاتم پێ کردوون. نامەوێ بەدوایا بگەڕێم، بەڵام ناشمەوێ فڕێی دەم. نامەوێ فەرامۆشی بکەم و ناشمەوێ لە بەرچاوان بێت. وەکو تەرازوویەک دەبێ ڕۆحم هەڵواسێ.

شەمەندەفەرەکە لە شاری لۆزان ڕایگرت، ژنێک هات و لە کورسییەکی تەنیشتم (N 7) دانیشت و پیرەمێردێکیش بەگۆچانێکەوە، لە دیوەکەی دیکە، چەند کورسییەک لێمەوە دوور بوو، بەرەو ڕووی ئێمە دانیشت. ژنەکە لەشێکی باریکەڵانەی هەبوو، زۆر کەڵەگەتیش نەبوو، کراسێکی شینی خامەکی لەبەر بوو، تەمەنی سی و پێنج تا چل ساڵ دەبوو، منالێکی کۆرپەشی لە باوەش بوو، بەئاستەم تەمەنی ساڵێک دەبوو. دوای دوو دەقە شەمەندەفەرەکە کەوتەوە گەڕ.

ژنەکە لە جانتاکەی گۆڤارێکی دەرهێنا، "ئەبدۆ" بوو، گۆڤارێکی هەفتانەی سویسرای فرەنسی زمان بوو، لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە، بەڵام منداڵەکە دەستی بۆ لاپەڕەکان دەبرد و لە کۆتاییی وازی لە خوێندنەوە هێنا و خەریکی کۆرپەکەی بوو. سەرم کەمێ هەڵبڕی، پیرەمێردەکە زەق زەق سەیری منی دەکرد، بەڵام نەمدەتوانی تەعبیری سیما و ڕوخساری بخوێنمەوە. برۆکانی ڕەنگ خورمایی بوون، تا ڕادەیەک درژ بوو، تەوێڵی پان و قژی لە پێشەوە ڕووتابووەوە، لووتێکی باریک و چاوە ڕوونەکانی وەکو دوو هەڵمەتی ئاگرین وا بوون، دەچرووسکانەوە. ڕیشێکی ئاوریشمی گوڵداری بەرە سینەی شۆڕ کردبووە. سەر و هەیبەتی لە چیاییەکانی ژوورا دەچوو، لە حەکیمێکی دەچوو، بەغەریبییەوە دەیڕوانییە ئاووهەوای فارغۆنەکە بەڵام بەبێ ئەوەی ساویلکەیی پێوە دیار بێت.

هەروەکو ڕۆلاند ژاکار لە کتێبەکەی ئاماژەی بۆ کردبوو، ئەویش لەو دوورگانە ڕادەما کە ئینسانی نێو فارغۆنەکە بوون. هەموو ئینسانی لەیەک دابڕاوی سەر دوورگەیەکین و شەمەندەفەریش زەریایەکە لە بزووتنەوە و هەڵاتن. ژنەکەی تەنیشتم هەستی نەدەکرد کە من وا لە تەنیشتیم، ئەوانی دیکە هەستیان نەدەکرد کە لە ناو فارغۆنەکە کەسانی دیکە هەن، خاوەن مێژوو و بەسەرهاتن. منیش دەمویست هەرچۆنێک بێت تەعبیرێک لە ڕوخساری ئەو چیاییە بقەپێنم، بزانم چی ڕازێک، چ پەنهانێک لە دوو توێی گیانی حەشاردراوە! ئەویش سەیری دەکردم، چاوی نەدەترووکاند. دوو چاوی سەوز، وەکو دوو بەردی ژێر کانیاوێکی فێنک و سازگار. لەملا و ئەولاشی، چەند هێڵێکی چرچولۆچ ڕچەیان بەرەو چاوەکانی کردبووەوە، بەئەندازیار و پەیکەرتاشی بلیمەت دەچوون.

ئاوڕێکم دایەوە، چەند موسافیرێکی دیکە نووشتابوونەوە سەر ڕۆژنامەکانیان، بۆ ئەوەی خۆیانی پێ پۆشاک بکەن، خۆیان بدزنەوە، خۆیان بپێچنەوە، لە دوورگەکەی خۆیان، خۆیان مەڵاس دەن و بەڵکو بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. سەیرێکی پێشەوەم کرد، چەند کەللەیەکی دیکەم بینی، ئەوانیش خۆیان لە پەشتەماڵی خۆ دزینەوە شاردبووەوە. هەستم دەکرد هەر کەسە و خەریکە شوورای بەهێز و ئەستوور لە دەوری خۆی هەڵدەزنێ. تەنها من و ئەو کۆرپەیەی تەنیشتم نەبێ، ئەو دەیەوێ لاپەڕەی گۆڤارەکەی دایکی لەتوپەت بکات و منیش ئارەزوویەکی تەواوم هەبوو، لە ناو شەمەندەفەرەکە خۆم ڕووت کەمەوە. چ شەرم و شوورەییەکە ئینسان خۆی ڕووت کاتەوە. خۆ تا سەدەی شانزەمیش، ڕووتایەتی نەنگی نەبوو، بەڕووتی دەنووستین. لە پێش هیتران خۆمان دەکردە بەر و خۆمان ڕووت دەکردەوە،



شۆڕەسوارەکان لە حەمامدا ژنان دەیانشۆردن. حەمامە گشتییەکان تەنها شوێنی خۆشووشتن نەبوو، بەڵکو شوێنی چاوپێکەوتنی کوڕ و کچی گەنج و بورژوا و لاهووتییەکان بوو، بەڵکو سۆزانی و عاشقانیش هەر لەوێ چاویان بەیەکتر دەکەوت.

ئینسانییەت تووشی ئینحیتات هات، هەر دوا بەدوای سەدەی شانزەمەوە، بەسەرهەڵدانی نەخۆشی سفلیسەوە، وردە وردە ئەم ڕەفتارە نەجیبزادەیە پاشەکشەی کرد، تا گەیشتە ڕادەیەک لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بووک و زاوا، کاتێ بۆ یەکەم جار یەکتریان دەبینی، خۆیان ڕووت نەدەکردەوە، چراکانیان دەکوژاندەوە و بەتاریکی مومارەسەی سێکسیان دەکرد، چ شوورەیی و نەنگییەکە! لە کۆتایی ئەمە سەدەی بیستەمیشە، ئینسان نەک تەنها بەجلوبەرگ ناڕازییە، بەڵکو دەیەوێ لەویتر هەڵبێت، لێی دوورکەوێتەوە، چاو و نیگا و تەماشا لە یەکتر هەڵدێن.

هەستم دەکرد لە ناو ئەو شەمەندەفەرە زیندانییەکم، زیندانییەکی بەرەڵا، زیندانییەکی ئازاد. وەکو ئاژەڵێکی ڕاچەنیو، سەیری ئەوانی دیکەم دەکرد، لە پیرەمێردە چیاییەکە بترازێ کەسێکی دیکە نەیدەبینیم، باشە کەواتە بۆ خۆم ڕووت نەکەمەوە. ئەوانی دیکە وەکو قاقلەجنۆکەن، هەرکە هەست بەکەمترین مەترسی بکەن، ڕادارکانیان بەرەو ناوخۆ ڕادەکێشنەوە، خۆیان دەکووتنە قۆزاغەکانیانەوە. من دەمەوێ لە قۆزاغەکەم دەربێم، بەڕووت و قووتی هەڵپەڕم، پاشان بڕۆم دەستی ئەو پیرەمێردە بگرم و پێکڕا لەناو فارغۆنەکە دەست بەسەما بکەین. چ ڕوو دەدات؟

هەستم کرد هەموو شتێکم لە دەست دا: زێد، نیشتیمان، هونەر، عیشق. چیم ماوە؟ هیچ. کەواتە با بەڕووت و قووتی بگەڕێمەوە بەشی ناوخۆ یا وەک تاراوگەیەکی ڕاستەقینە حەزم دەکرد ئەم شەمەندەفەرە جارێکی دیکە لە هیچ وێستگەیەک ڕانەوەستێت، زەمەن بسڕێتەوە و شوێنیش بکاتە شوێنەکان، حەزم دەکرد لەناو بزووتنەوەکانی خۆی بتوێنێتەوە دەرەوە تا دەهات تاریکتر دەبوو، دارستانەکان ڕەشتر، تەمومژی چیاکانی دەوروبەریش ئەستوور و قەبەتر، هیچم لێوە دیار نەبوو.

سەیرێکی کۆرپەکەم کرد، دەمویست کەمێ یاری لەگەڵ بکەم، جارێکی دیکەش سەیریم کردەوە، دایکی سەرێکی هەڵبڕی، چاوە سەوزە مەرمەڕییە پڕ کرێوەکانی بوون، وەکو کێردی شەختەیی دەموچاویان بریندار دەکردم. لە دوو چاو زیاتر هیچی دیکەم نەدەبینی، توانای ئەوەم نەبوو ئادگاری سیمای بخوێنمەوە، دەموچاوی شتێک بوو دەتوت لەژێر

ئاوێکی لێڵ دایە، نەدەبینرا، یا بەجۆرێکی تایبەت دەبینرا، خۆی دووپات دەکردەوە وەکو چەندین چینی ڕوخسار بوون، لەسەر یەکتر کۆبووبوونەوە، ئاوێکی لێخن و قوڕاوی بەسەر ڕوخساریا چۆڕەی دەهات، لە پێش چاوی من هەڵدەهات و غاری دەدا.

دەمویست هەڵبێم و خۆم لەو وێنەیە ڕابسکێنم، هەستم دەکرد ئیحتوام دەکا، قووتم دەدا، لە هەموو لایەکیشەوە چوارچێوەڕێژم دەکات.

شتێکم دەبینی، غەریب و ئاشنا بوو، دیار و نادیار بوو، لە نێوان حزوور و غیابدا، ئەو بوو، ئەویش نەبوو. توخمێکی ڕووت بوو بۆ هێڵنجدان و ڕشانەوە، ڕچەیەکی تەواو بوو بەرەو خەرەندی گێژبوون.

لە کوێم؟ هەستم دەکرد لە نا- کات و لە نا- شوێن دام، واتە شوێنێکی بەئیمتیاز بۆ دوور لە زێدان، هەموو ئەشکەنجە

میتافیزیکەکانی تاراوگە لەناو ئەو فارغۆنە بەرجەستەبوون، قەوارەیان دا بەخۆ، واتە گەیشتمە قەراغی هەڵوەشانەوە، قەوارەیان دا بەواتاکان، واتە ئیتر دەبێ لە نا- شوێنکاتدا بژیم، قەوارەیان دا بەواتای شارستانییەتی ڕۆژئاوا، واتە دوورگەکان ماون لە یەکتر دوور دەکەونەوە، قەوارەیان تا بەجەستە و گشت دەلالاتەکانی، واتە دەبێ لەناو تاریکی مومارەسەی عیشق بکەین.

سەیرێکی سەرەوەم کرد (N7) ژمارەی ئەسکەمبیلەکەی تەنیشتمە، کەوتمە نێو لێکدانەوەی شتە بێ سەر و شوێنەکان، دەمویست شتە پووچەکانیش بخوێنمەوە. حەرفی (N)، ئینسیالی ناتالی نییە؟ واتە حەرفی یەکەمی ناوەکەی نییە؟ ژمارەی (7) ئەو حەوت ناوە نییە کە ئافرەتەکەی تەلەکۆمنیاکسیۆن دامێ: ئاوڕێکی دیکەم لە ژنەکەی تەنیشتم دایەوە، ئەرێ خۆ ئەم ژنە ناتالی نەبێت. ئەم کۆرپەیەش دووەم مناڵی نەبێت. باسە ناتالی بۆ کوێ دەچێت؟؟ بەڵێ دەگەڕێتەوە بۆ «ڤیڤێ». نیو سەعات لە لۆزانەوە دوورە. هەندە نابات دادەبەزێ. ئەگەر لە ڤیڤێ دابەزی ئەوە خۆیەتی. بەخوا دەبێ خۆی بێت. لێی دەپرسم، دەستی دەگرم، ئەمجارەیان دەستی بەرنادەم، مەچەکی توند دەگرم، نایەڵم بڕوات.

ئەی ئەو پیرەمێردە کێیە؟ کابرای ڕیش سپی نییە. ئەرێ ئەو نییە کە زۆر جار دەهاتە خەونەکانمەوە و ئامۆژگاری ئەوەی نەدەکردم کە جارێکی دیکە نەگەڕێمەوە ژنێڤ. ئێستاش



وا چەند مەترێک لە بەرامبەرم دانیشتووە، ئایا نەهاتووە داوای حیسابم لەگەڵ بکات. چی پێ بڵێم؟ دەچم دەستە موبارەکەکانی ڕادەمووسم، پێیەکانی ماچ دەکەم، تکای لێ دەکەم و داوای لێبووردنی لێ دەکەم، داوای لێ دەکەم عەفووم کات. ئەو ڕاستی کرد، ژنێڤ نەفرەتێکی ڕاستەقینەیە و وا بەدوامەوەیە.

سەیرێکی پیرەمێردەکەم کردەوە. زەق زەق تەماشای دەکردم. هەرچەندم دەکرد بزەیەکی بۆ بکەم، بزە سەر لێوەکانم نەدەکەوت. ڕووخساری منیش وەکو قالبە سەهۆڵێکی لێ هاتبوو، بێ تەعبیر. وەخت بوو دەست بەقیژان بکەم و بڵێم ئا ئەمەیە «تاراوگەی ناوەکی». کێ فریای کێ دەکەوێت. هەستم کرد دەرکرام، توڕ هەڵدراوم، وەکو لاپەڕەیەکی هیچ لێ نەنووسرا، بدرێتە دەست منداڵێکەوە، بەکەیفی خۆی خەتی شەڕە پشیلەی لەسەر بکات، گلۆڵە هێڵی ئاڵۆزکاو، نە سەرەکەی دیاربێ نە کۆتاییەکەی. بووبوومە گلۆڵە بەنێکی هەڵگلۆفاو، تێکچڕژاوی، لێک ئاڵۆزکاوی بێ سەر و بن.

کاتێک سەعات دەوروبەری دەی شەو گەیشتمەوە بەشی ناوخۆ، وەکو ئەوەی لە زڕە خەوێکدا هاتبێتمەوە ئاگا، قوڕگم هیشک و حەزم دەکرد یەکێ ببینم. «باشە لەم بیابانەی کە فرانش کۆنتیی پێ دەڵێن، بچم کێ ببینم!» دەستم بۆ چەکمەجەی بیرۆکەم برد و دەفتەری تەلەفۆنەکەم دەرهێنا و لاپەڕەکانم هەڵدەدایەوە، یادگاری یانزە ساڵی تیابوو، بەڵام نەک بەنووسینی یاداشت، بەڵکو لە ڕێگای ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی جیاوازەوە. چاوم بەناونیشانەکەی ناتالی کەوت، مووچڕکێکی کوشندە هەموو گیانی تەنیمەوە. یەکسەر دەستم برد بۆ کۆرێکتورەکەی بەردەمم کە لەسەر بیرۆکە دانرابوو، شووشە بچووکەکەم توند لەناو چنگم گرت و ڕاموەشاند، ڕاموەشاند و پاشان قەپاغەکەیم کردەوە کە بەفڵچەیەکی بچووک کۆتایی هاتبوو. جارێکی دیکەش ڕۆمچواندە شووشە بچووکەکە و بەباشی فڵچەکەم نغرۆ کردە ناو شلەمەنییە سپییەکە و ناونیشانەکەی ناتالیم پێ سواغ دا. فووم لێ کرد و وردە وردە هیشک بووەوە، هەمان کردەم دووبارە کردەوە. توێژێ سپی، یادگارییە سیاکانی داپۆشی. بەتەواوی سڕیمەوە، سەیری ئەو پانتاییە سپییەم دەکرد کە چ بەسەرهاتێکی لە ژێرە. کێ دەتوانێ، سەیری ئەو پانتاییە سپییە بکات و مووچڕکێک بەلەشیا نەیەت. ئایا دەبێ چ مووچڕکێک بێت! ئایا تەنها مووچڕکی ڕۆحی پەروازەی منە کە پەلەقاژێتی بۆ ئەوەی سەر ئاو کەوێت، یا ڕۆحی پەروازی یەکێکی دیکەیە کە هەمیشە و بێ وچان دەچرپێنێتە بنا گوێما؟ وەڵام نەبوو!

کاتێکیش ڕۆح سۆی دەبێتەوە، حەکایەتەکانی خۆی دەگێڕێتەوە: حەکایەتی ئەندێشەن. ئەندێشەش دوو گورزە ڕەگی هەیە، گورزێکیان لە قوولاییی ئاو دایە، گورزەکەی دیشی لەسەر ڕووخساری ئاوێنە دایە. بۆیە، بەجەختەوە بیرم لەوەش دەکردەوە، ئایا ئەو ئافرەتەی کە ئێستا بەتەلەفۆن قسەم لەگەڵی کرد، تەنها هەر زایەڵەیەک نەبوو بێت کە لە ناواخنی وێنەیەکەوە هەڵقوولا بێت. چی بوو؟ وێنەیەکی سرکێ ناتالی بوو کە لەژێر فلچەکانمەوە دەهات و دەچوو، هەندێ جاریش دەهاتە زمان و هەندێ جاریش بێ دەنگ دەبوو، ئێواران وەکو مانگێکی گەش هەڵدەهات ، کاتی سپێدەش دەکەوتە نێو زەلکاوەکان. یا ئەوەتا دەنگی خۆم بوو، دارستانەکانی بن بناری ئەلب قووتی دەدا و وەکو زایەڵە دەگەڕایەوە و دەیچرپاندە بنا گوێم!

***

هەستم کرد لە خەوێکی قووڵدا هاتوومەتەوە ئاگا. دەمێکیش نییە پۆستەچییەکەی بەسواری پاسکیلە زەردەکەی زەرفە مووسەجەلەکەی دامێ. سەیری زەرفەکەم کرد. سەیرێکی دیکەی پشتەوەی زەرفەکەم کرد، سالار!!! باشە کێ ئەدرێسی منی داوەتە سالار؟ سەیری پوولەکەم کرد، دوو پوولی ڕەش و سپی بوون. یەکێکی وێنەی پیرەمێردێ بوو لەگەڵ کۆرپەیەک، ئەوی دیکە هی جووتیارێک بوو گالێسکەیەکی ڕادەکێشا! دەمی زەرفەکەم هەڵپچڕی، کاغەزەکەم لێ دەرهێنا، نامەکە تەنها هەر لە چوار پێنج ڕستە پێکهاتبوو. دوو هەواڵی تیابوو: یەکەمیان هەواڵی مردنی کاک عەزیز بوو، دووەمیشیان... قەد بڕوام نەدەکرد...

***

پیرەمێردەکە گەیشتبووە ئەو قۆناغەی کە سویسرای جێ دەهێشت. دۆش داماو تەماشای ڕابردووی خۆی دەکرد و بیری لە گوندە بچکۆلانەکەی خۆی دەکردەوە. ئەم ڕێککەوتە ڕایچەڵەکاندم. سەیری سەعاتەکەم کرد و دەستیم گووشی و بەپەلە دەرچوومە دەرەوە. دوو ڕاهیبەکەم بینی، گورج بەرەو سالۆنی نانخواردن دەڕۆیشتن و خەریکی ئامادەکردنی وەجبەی دووەمی نانخواردن بوون. منیش بەرەو پرستگاکە ڕۆیشتم، سەیری دەرگای شووشەبەندەکەی حەوشەم کرد و خەزوورم و پالۆمای هاوسەرم بینی لە دەوری ئەسکەمبیلە پێچکەدارەکەی «نەنە» دانیشتوون. لێیان نزیک بوومەوە و کاتێ منیان بینی هەردووک پێکرا:



– ئەوە لە کوێ بووی؟

– لای پیرەمێردێک، پیرەمێردێک لەو ژوورەیە، هەر هەموو شەڕی ناوخۆی بۆ گێڕامەوە.

– باوکی پالۆما کە ئیتیجاهێکی کەمێ ڕاستڕەوانەی هەبوو:

– کوڕە ڕەنگبێ خرەفاو بێ!

– بڕوا ناکەم، زۆر بەوردی ڕووداوەکانی لەبیر مابوو.

تەوقەم لەگەڵ «نەنە» کرد و ویستی ماچم بکات، خۆم نووشتاندەوە سەر ئەسکەمبیلەکەی، بۆنی نەخۆشخانەی لێ دەهات و بەچاوێکی زۆر زیتەوە سەیری کردم.

خواحافیزیمان لە «نەنە» کرد و سواری ئۆتۆمبێلەکە بووینەوە. حەڤدە هەژدە ساڵ، واتە منداڵیی و هەرزەکاریی، دە ساڵیش لە خانەی پیر و پەککەوتان. ئەمە تێکڕای ژیانی ئەو ئینسانەیە لە زێد و نیشتمانەکەی خۆی دەیباتە سەر. ئەرێ ئەمە دەبێ چ مانایەکی هەبێ؟؟؟

٢٠٠٣